حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی-کۆلێجی زمان- بەشی کوردی

# ستراتیژە کۆزمانەوانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا

نامەیەکە

**ئاسۆ عبدالرحمن کریم**

پێشکەشی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی- کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت

**پ.ی.د. شاخەوان جەلال حاجی فەرەج**

٢٠١٩ز ٢٧١٩ك ١٤٤١ھ

## ڕاپۆرتی سەرپەرشت:

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (**ستراتیژە کۆزمانەوانییەکان لەفێربوونی زمانی دووەمدا**)یە، کە خوێندکار (ئاسۆ عبدالرحمن کریم) بە سەرپەرشتی من لە بەشی زمانی کوردی-کۆلێجی زمان – زانکۆی سلێمانی ئامادەیکردووە، وەك بەشێك لە پێویستییەکانی بەدەسهێنانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.

ناو: سەرپەرشت: **پ.ی.د. شاخەوان جەلال حاجی فەرەج**

ڕێکەوت : / / ٢٠١٩

بە پێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە، پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو:

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت : / / ٢٠١٩

## ڕاپۆرتی لێژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن:

ئێمە ئەندامانی لێژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی (ستراتیژە کۆزمانەوانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا)خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکار (ئاسۆ عبدالرحمن کریم)) گفتوگۆمان لە ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری نامەکەدا کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی( ) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردیدا پێببەخشرێت.

**ناو: پ.د.ئەبوبەکر عمر قادر**

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت :  / ١٠ / ٢٠١٩

**ناو: پ.ی. د.ئومێد بەرزان برزو**

ئەندام

ڕێکەوت :  / ١٠ / ٢٠١٩

**ناو: پ.ی. د.کاروان عومەر قادر**

ئەندام

ڕێکەوت:  / ١٠ / ٢٠

**ناو: پ.ی. د.ئاڤێستا کەمال مەحموود**

ئەندام

ڕێکەوت :  / ١٠ / ٢٠١٩

**ناو: پ.ی. د.صباح موسی علی**

ئەندام

ڕێکەوت :  / ١٠ / ٢٠١٩

**ناو: پ.ی. د.شاخەوان جەلال حاجی فەرەج**

ئەندام و سەرپەرشت

ڕێکەوت :  / ١٠ / ٢٠١٩

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمان پەسند کرا.

ناو

ڕاگری کۆلێجی زمان

ڕێکەوت:  /  / ٢٠١٩

**پێشکەشە بە :**

- **خەرمانی تەمەنی دایك و باوکی خۆشەویستم.**
- **خوشك و براکانم.**
- **هاوژینی خۆشەویستم دایکی ( ئاڕاڵ و ئارسی).**
- **هەموو ئەو دڵۆپە بارانە سەوزانەی بارین و مردن، تا خونچەی زمانی گوڵی نەتەوە بژی.**
- **هەموو ئەو کەسانەی بە گیانی زانستی و ئەکادیمیانە ئەم تێزی دکتۆرایە دەخوێننەوە.**

**سوپاس و پێزانین بۆ:**

- بەڕێزان مامۆستایان و فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی و کۆلێجی زمانی زانکۆی سلیمانی.
- بەڕێز ( **پ.ی.د. شاخەوان جەلال حاجی فەرەج** )، کە به دڵسۆزی و بە زانستیانەوە، هەڵبژاردنی ناونیشانی نامەکە و سەرپەرشتکرنی نامەکەی گرتە ئەستۆ.
- بەڕێز (**پ.ی.د. کاروان عومەر قاردر**) لە سەرەتاوە، تا کۆتایی نامەکە، زانیاریی پێویست و گشتی دەخستەسەر خەرمانی نامەکە.
- بەڕێز (**م. ئارام عەلی عثمان**)ی هاوژینم، نووکی قەڵەمی نامەکەم بوو.

## لیستی زاراوەکان:

| زاراوەکانی زمانی ئینگلیزی | زاراوەکانی زمانی کوردی |
|---|---|
| Simplification | ئاسانکردن |
| Native Speaker | ئاخێوەری ڕەسەن |
| Language Acquisition Device (LAD) | ئامڕازی زمانپێژان |
| Production | بەرهەمهێنان |
| Input | تێکردە |
| Theory | تیۆری |
| Process | پرۆسە |
| Generalization Process | پرۆسەی داڕشتن و ئەبستراکتکردن (گشتگیریکرن) |
| Transfer Process | پرۆسەی گواستنەوە |
| Negative transfer | گواستنەوەی نەرێنی |
| positive transfer | گواستنەوەی ئەرێنی |
| Imitation Process | پرۆسەی لاسایکردنەوە |
| Simplification Process | پرۆسەی ئاسانکردن |
| Capital | پیتی گەورە |
| Universal | جیهان |
| Context | دەوروبەر |
| Output | دەرکردە |

| | |
|---|---|
| Repetition | دوبارەكردنەوە |
| Nonverbal language | زمانی بێدركاندن |
| Language Acquisition | زمان پژان |
| Verbal language | زمانی بەدركاندن |
| Second language | زمانی دووەم |
| First language | زمانی یەكەم |
| Error Analysis Theory | تیۆری شیكاری هەڵەیی |
| Punctuation | خاڵبەندی |
| Production Strategies | ستراتیژی بەرهەمهێنان |
| Communication Strategy | ستراتیژی گەیاندن |
| learning Strategy | ستراتیژی فێربوون |
| Teaching Strategy | ستراتیژی فێركردن |
| Analysis | شیكاری |
| Active | چالاك |
| Quantity | چەندێتی |
| Quality | چۆنێتی |
| Interference | چوونەناویەك |
| Interference Phonology | فۆنۆلۆژی(چوونەناویەكی دەنگەكان) |
| Interference syntaxes | چوونەناویەكی سینتاكسی |
| Interferences lexical | چوونەناویەكی فەرهەنگی |

| | |
|---|---|
| Interferences morphology | چوونەناویەکی مۆرفۆلۆژی |
| Interferences semantic | چوونەناویەکی واتاسازی |
| Hypothesis | گریمانەکان |
| Input hypothesis | گریمانەی تێکردە |
| Interactions hypothesis | گریمانەی کارلێکردن |
| Learning | فێربوون |
| Teaching | فێرکردن |
| Metacognitive | میتادرکپێکردن |
| proper noun | ناوی تایبەت |
| common noun | ناوی گشتی |
| Error | هەڵە |
| Reasons | هۆکارەکان |
| Memory | یادگە |

| لاپەڕە | ناوەڕۆك | پار و وەچەپارەكان |
|---|---|---|
| ٣-١ | **پێشەكی** | |
| ١ | ناونیشانی لێكۆڵینەوەكە | (٠-١) |
| ١ | ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە | (٠-٢) |
| ١ | گرنگی لێكۆڵینەوەكە | (٠- ٣) |
| ١ | سنور لێكۆڵینەوەكە | (٠-٤) |
| ٣-٢ | ناوەڕۆكی لێكۆڵینەوەكە | (٠-٥) |
| ٣٥-٥ | **بەشی یەكەم**<br>**فێربوونی زمان ( چەمك و تێڕوانیین )** | |
| ٦-٥ | فێربوونی زمان (چەمك و تێڕوانین ) | (١ |
| ٧ | چەمكی فێربوون | (١/١ |
| ٩-٧ | پێناسەی فێربوون | (١/١- ١ |
| ١٠-٩ | فێربوونی زمان | (١/١- ٢ |
| ١٣-١٠ | فێربوونی زمانی یەكەم (زمانپژان) | (١/١- ٣ |
| ١٣ | هۆكارەكانی فێربوونی زمان | (١/١-٤ |
| ١٥-١٤ | هۆكاری ناوەكی | (١/١- ٤-١ |
| ١٦-١٥ | هۆكاری دەرەكی | (١/١- ٤-٢ |
| ١٦ | جۆرەكانی فێربوونی زمان | (١/١- ٥ |
| ١٧-١٦ | فێربوونی زمانی بێدركاندن | (١/١- ٥-١ |
| ٢٠-١٨ | فێربوونی زمانی بەدركاندن | (١/١- ٥-٢ |
| ٢١-٢٠ | گریمانەكانی فێربوونی زمانی دووەم | (٢/١ |
| ٢٤-٢١ | گریمانەی تێكردە | (٢/١-١ |
| ٢٨-٢٤ | گریمانەی كارلێككردن | (٢/١-٢ |
| ٣٠-٢٨ | گریمانەی دەركردە | (٢/١-٣ |
| ٣١-٣٠ | گریمانەی كلتوری كۆمەڵایەتی | (٢/١-٤ |
| ٣٢ | بنەما گرنگەكانی گریمانەی كلتوری كۆمەڵایەتی | (٢/١-٤-١ |
| ٣٥-٣٣ | ڕێبازی كۆمەڵایەتی لە فێربوونی زمانی دووەمدا | (٢/١-٤-٢ |

| | | |
|---|---|---|
| | **بەشی دووەم**<br>**ستراتیژ و هەڵە زمانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا** | ١١٧-٣٧ |
| ٢) | ستراتیژ و هەڵە زمانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا | ٧٥-٣٧ |
| ١/٢) | ستراتیژەکانی فێربوونی زمانی دووەم | ٣٨-٣٧ |
| ١/٢-١) | ڕافە و گرنگی ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم | ٣٩-٣٨ |
| ١/٢-١-١) | ڕافەی ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم | ٤٠-٣٩ |
| ١/٢-١-٢) | گرنگی ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم | ٤١ |
| ١/٢-٢) | قۆناغەکانی ستراتیژی فێربوون | ٤٥-٤٢ |
| ١/٢-٢-١) | قۆناغی ڕێزمان و وەرگێڕان | ٤٢ |
| ١/٢-٢-٢) | قۆناغی بیستن و بینین | ٤٤-٤٣ |
| ١/٢-٢-٣) | قۆناغی ڕێزمانی جیهانی | ٤٥-٤٤ |
| ١/٢-٣) | جۆرەکانی ستراتیژی فێربوون | ٤٧-٤٥ |
| ١/٢-٣-١) | ستراتیژی فێربوون | ٥٥-٤٧ |
| ١/٢-٣-٢) | ستراتیژی گەیاندن | ٥٩-٥٦ |
| ١/٢-٣-٣) | ستراتیژی فێرکردن | ٦٤-٦٠ |
| ٢/٢) | هەڵە زمانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا (لە ڕوانگەی تیۆری شیکاری هەڵەییەوە | ١١٧-٧٦ |
| ٢/٢-١) | تیۆری شیکاری هەڵەیی | ٧٧-٧٦ |
| ٢/٢-١-١) | جیاوازی هەڵەی فێربوونی زمانی یەکەم و هەڵەی زمانی دووەم | ٧٨-٧٧ |
| ٢/٢-١-٢) | ئامانجی شیکاری هەڵەیی | ٧٨ |
| ٢/٢-١-٣) | کەموکورتییەکانی شیکاری هەڵەیی | ٨٠-٧٨ |
| ٢/٢-١-٤) | چارەسەرکردنی قۆناغەکانی شیکاری هەڵەیی | ٨٠ |
| ٢/٢-١-٤-١) | دەستنیشاتکردنی هەڵەکان وپەسنکردنیان | ٨٣-٨١ |
| ٢/٢-١-٤-٢) | ڕوونکردنەوەی هەڵەکان | ٨٤-٨٣ |
| ٢/٢-١-٤-٣) | ڕاستکردنەوە و چارەسەرکردنی هەڵەکان | ٨٥ |
| ٢/٢-٢) | لایەنی کارەکی تیۆری (سەرچاوەی هەڵەی زمانی) | ٨٦ |
| ٢/٢-٢-١) | ئەو هەڵانەی سەرچاوەکەی بۆزمانی یەکەم دەگەڕێتەوە | ٨٦ |
| ٢/٢-٢-١-١) | چوونەناویەکی دەنگەگان | ٨٨-٨٧ |
| ٢/٢-٢-١-٢) | چوونەناویەکی سینتاکسی | ٩٢-٨٨ |
| ٢/٢-٢-١-٣) | چوونەناویەکی مۆرفۆلۆژی | ٩٤-٩٣ |
| ٢/٢-٢-١-٤) | چوونەناویەکی فەرهەنگی | ٩٧-٩٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢/٢-٢-١-٥) | چوونەناویەکی واتاسازی | ٩٨-٩٧ |
| ٢/٢-٢-٢) | هەڵە پێشکەوتوەکان کە لە خودی زمانی دووەم بەرهەم دێت | ٩٩-٩٨ |
| ٢/٢-٢-٢-١) | زێدەڕەویی و گشتاندن بۆ هەندێك لەیاسا ڕێزمانییەکان | ١٠٠-٩٩ |
| ٢/٢-٢-٢-٢) | پێوانەی هەڵەی لەسەر یاسای پێشوو | ١٠٤-١٠٠ |
| ٢/٢-٢-٢-٣) | گریمانەی هەڵە | ١٠٧-١٠٤ |
| ٢/٢-٢-٢-٤) | نەزانینی یاساکان و بەهەڵە بەکارهێنانیان | ١٠٩-١٠٨ |
| ٢/٢-٢-٢-٥) | ڕاهێنان و بەکارهێنانی یاسا ڕێزمانییەکان بە شێوەیەکی کەموکوڕی | ١١٠-١٠٩ |
| ٢/٢-٢-٣) | ئەو هەڵانەی سەرچاوەکەی بۆ سروشتی زمانی زارەکی دەگەڕێتەوە | ١١١ |
| ٢/٢-٢-٣-١) | قۆناغی یەکەم (نەخشەی ئاخاوتن) | ١١٤-١١١ |
| ٢/٢-٢-٣-٢) | قۆناغی دووەم (جێبەجێکردن) | ١١٤ |
| ٢/٢-٢-٤) | ئەو هەڵانەی سەرچاوەکەی بۆ ژینگەی فێرکردن دەگەڕێتەوە | ١١٥ |
| ٢/٢-٢-٥) | ئەو هەڵانەی لە فێرکارەوە ڕوودەدەن | ١١٦-١١٥ |
| ٢/٢-٢-٦) | ئەو هەڵانەی بەهۆی پەرتوکی خوێندنگاوە ڕوودەدەن | ١١٧ |
| | **بەشی سێیەم**<br>**ڕاستاندنی کارەکییانەی هەڵەکانی فێرخوازانی زمانی دووەم**<br>**(داتای وەرگیراو)** | ١٩٣-١١٩ |
| ٣) | ڕاستاندنی کارەکییانەی هەڵەکانی فێرخوازانی زمانی دووەم<br>(داتای وەرگیراو) | ١١٩ |
| ٣/١) | پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم | ١٢٠- ١٣٥ |
| ٣/١-١) | پرۆسەی گواستنەوە | ١٢٢-١٢٠ |
| ٣/١-١-١) | پرۆسەی گواستنەوەی نەرێنی زمان | ١٢٥-١٢٣ |
| ٣/١-١-٢) | پرۆسەی گواستنەوەی ئەرێنی زمان | ١٢٦-١٢٥ |
| ٣ /١-٢) | پرۆسەی داڕشتن و ئەبستراکتکردن | ١٢٩-١٢٧ |
| ٣/١-٣) | پرۆسەی ئاسانکردن | ١٣٢-١٣٠ |
| ٣/١-٤) | پرۆسەی لاساییکردنەوە | ١٣٥-١٣٢ |
| ٣/٢) | شیکاری هەڵەیی هەڵەی فێرخوازان | ١٩٣-١٣٦ |
| ٣/٢-١) | هەڵەی نووسین | ١٤٩-١٣٦ |
| ٣/٢-٢) | هەڵەی فۆنۆلۆژی | ١٥٥-١٥٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣/٢-٣) | هەڵەی مۆرفۆلۆژی | ١٥٦-١٦٥ |
| ٣/٢-٤) | هەڵەی سینتاکسی | ١٦٦-١٨٠ |
| ٣/٢-٥) | هەڵەی واتاسازی | ١٨١-١٨٥ |
| ٣/ ٢-٦) | هەڵەی کلتوریی ( فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی) | ١٨٦-١٩٣ |
| | ئەنجامەکان | ١٩٥-١٩٦ |
| | سەرچاوەکان | ١٩٨-٢١٠ |
| | پاشکۆکان | ٢١١-٢٣٠ |
| | الملخص | أ |
| | Abstract | A-B |

# پێشەكی

## ١/٠) ناونیشانی لێكۆڵینەوەكە:

لێكۆڵینەوەكە بۆ (**ستراتیژە كۆزمانەوانییەكان لەفێربوونی زمانی دووەمدا**)تەرخانكراوە. هەڵە زمانییەكانی فێرخواز لە فێربوونی زمانی دووەمدا لە ڕوانگەی كۆزمانەوانییەوە لەسەر بنەمای شرۆڤەی ئەو هەڵە زمانییانە، بە پێی تیۆری شیكاری هەڵەیی كرۆكی سەرناوی ئەم لێكۆڵینەوەیەیە.

## ٢/٠) ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە:

بریتییە لە ( ئاماری شیكاری) و پرۆگامی (**RII**) و پرۆگرامی (**SPSS**) بۆ مەبەستی ئامارکاریی بەكارهاتووە و دواتر لە ڕوانگەی كۆزمانەوانییەوە داتا وەرگیراوەكان شیكار كراون.

## ٣/٠) گرنگی لێكۆڵینەوەكە:

گرنگی ئەم لێكۆڵنەوەیە لەوەدایە، لە ناوەندەكانی خوێندنی هەرێمی كوردستاندا، وانەی زمانی ئینگلیزی لە قۆناغەكانی باخچەی ساوایان و سەرەتایی، تا زانكۆ بە وانەیەكی سەرەكی دەخوێنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا فێرخوازانی زمانی دووەم لە ئاستی خوێدنی زانكۆیی بەگشتی و بەتایبەتی لە ئاستی كۆلیژ و بەشی دیاریكراودا، هەڵەی ورد و درشت و جۆراوجۆر لە فێربوونی زمانی دووەمدا دەكەن. ئەم لێكۆڵینەوەیە كار بۆ دەستنیشانكردن و خستنەڕووی ئەو هەڵانەی فێرخوازانی زمانی دووەم دەكات و دەیكاتە بنەمایەك بۆ ڕاڤەكردنی هەم هەڵەكان و هەم چۆنیەتی بەكارهێنانەوەی ئەم هەڵەكردنانە، بە مەبەستی دوبارە نەكردنەوەی لە فێربوونی زمانی دووەمدا.

## ٤/٠) سنوری لێكۆڵینەوەكە:

سنوری لێكۆڵینەوەكە تەرخانكراوە بۆ وەرگرتنی داتا لە فێرخوازانی قۆناغی (دووەم، سێیەم) و بەپێی پێویست فێركەر(مامۆستا)ی بەشی زمانی ئینگلیزی- كۆلیژی پەروەدە - زانكۆی سەڵاحەددین-هەولێر، بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠١٧- ٢٠١٨) و سنوری كۆكردنەوەی داتاكانیش بۆ ئاستە زمانییەكان دانراوە.

## ٥/٠)ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە، جگە لە پێشەکی، لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە. پاری یەکەمی بەشی یەکەم بۆ **فێربوونی زمان (چەمك و تێڕوانین)** تەرخانکراوە، تێیدا چەمکی فێربوون و هۆکارەکانی فێربوونی زمان و جۆرەکانی فێربوونی زمان باسکراون. لە پاری دووەمی بەشی یەکەمدا، گریمانەکانی فێربوونی زمانی دووەم کراونەتە بنەمای دەرخستنی هەڵەکانی فێربوونی زمانی دووەمی فێرخوازان، بۆ ئەم مەبەستە هەریەك لە گریمانەی تێکردە، گریمانەی کارلێککرخدن، گریمانەی دەرکردە، گریمانەی کلتوری کۆمەڵایەتی وەرگیراون و بەپێی پێویستی گریمانەکان نموونەی داتای وەرگیراوی فێرخوازانی زمانی دووەم ڕاڤە و شیکردنەوەیان بۆکراوە.

بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکە بۆ **ستراتیژ و هەڵە زمانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا**، تەرخانکراوە. لە پاری یەکەمدا ڕاڤە و گرنگی ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم و قۆناغەکانی ستراتیژی فێربوون و جۆرەکانی ستراتیژی فێربوون بە نموونەی پێویست خراونەتەڕوو، لە ڕێبازی جۆرەکانی ستراتیژی فێربووندا ( ستراتیژی فێربوون، ستراتیژی گەیاندن، ستراتیژی فێرکردن) داتای وەرگیراوی نموونەی فێرخوازانی زمانی دووەم و فێرکەر(مامۆستا) بە پێی هەڵبژاردنی جۆری ستراتیژ و چەندێتی بەکارهێنانیان ڕاڤەکراون. هەر لەم پارەدا جیاوازی لە نێوان ستراتیژی فێربوون، ستراتیژی فێرکردن کراوە.

لە پاری دووەمدا، هەڵە زمانییەکان لەفێربوونی زمانی دووەمدا (لەڕوانگەی تیۆری شیکاری هەڵەییەوە، شیکراوەتەوە. لەم پارەدا چەمکی شیکاری هەڵەیی ، جیاوازی نێوان هەڵەی فێربوونی زمانی یەکەم و هەڵەی فێربوونی زمانی دووەم ، ئامانجی شیکاری هەڵەیی ، کەموکورتییەکانی شیکاری هەڵەیی ، چارەسەرکردنی قۆناغەکانی شیکاری هەڵەیی، خراونەتەڕوو. هەر لەم پارەدا لایەنی کارەکی لە خۆدەگرێت، کە لایەنی کارەکی تیۆری ( سەرچاوەی هەڵەی زمانی) و ئەو هەڵانەی فێرخواز بۆ زمانی یەکەم و دووەمی دەگەڕێتەوە، بەشیکرنەوەی هەڵە، نموونەی داتاکانی فێرخوازانی دووەم باسکراوە. دواتر لە هەڵەی ئاستەکانی زمان و هەڵەی فەرهەنگی فێرخوازان کۆڵراوەتەوە لە داتای وەرگیراوی فێرخوازانی زمانی دووەم جۆر و شوێنی هەڵەکان دەستنیشانکراون.

بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەکە بۆ **ڕاستاندنی کارەکییانەی هەڵەکانی فێرخوازانی زمانی دووەم (داتای وەرگیراو)** تایبەتکراوە، کە بەشێکە بە شێوەی خۆتەرخانکردنی کارەکییانە، تەواوی بەش و پارەکانی ئەم تێزەی لەخۆگرتووە. لە پاری یەکەمدا، پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم، کە لەم پرۆسانە (پرۆسەی گواستنەوە، پرۆسەی داڕشتن و ئەبستراکتکردن، پرۆسەی ئاسانکردن ، پرۆسەی لاساییکردنەوە) پێکدێت، دەبنە بنەمای گشتی بۆ دیاریکردنی هەڵەکانی فێرخوازانی زمانی دووەم، بۆیە لە ڕوانگەی شیکاری

هەڵەییەوە داتای وەرگیراو شیکراوەتەوە. لە پاری دووەمدا، شیکاری هەڵەیی هەڵەی فێرخوازان لە (هەڵەی نووسین، هەڵەی فۆنۆلۆژی، هەڵەی مۆرفۆلۆژی، هەڵەی سینتاکسی، هەڵەی واتاسازی هەڵەی کلتوریی ( فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی) بەوردی و بە چڕی داتای هەڵەی فێرخوازانی زمانی دووەم شیکراونەتەوە و بە دایگرام خراونەتەڕوو.

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان باسکراون و سەرچاوەکان و پاشکۆکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

# فێربوونی زمان ( چەمك و تێڕوانیین)

## ١) فێربوونی زمان ( چەمك و تێڕوانین):

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، گرنگترین ئەرکی مرۆڤایەتی بەئەنجامدەگەیەنێت، خاوەنی تایبەتمەندییەکە، کە مرۆڤ لە هەموو بوونەوەرەکانی تر جیادەکاتەوە. تەنیا مرۆڤ دەتوانێت بە سیستەمێکی چالاك فێری زمان ببێت و دەربببڕێت و بتوانێت بینووسێت، تاوەکو گەیاندن لە نێوان تاك و کۆمەڵ ڕووبدات، ئەگەرچی ژینگەشیان لە یەکترجیاوازبێت، لەبەرئەوەی زمان ئەو تۆڕەیە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ لەگەڵ یەکتردا ڕایەڵدەکات و توانای ئەوەشی هەیە، کە تاك، یا کۆمەڵ بە کۆمەڵی جیهانی ببەستێتەوە، هەرئەوەشە وایکردووە، زمان بنەمایەکی شارستانی مرۆڤ بێت و بە هۆیەوە هەموو جۆرە هەواڵ و زانیاری و ئەنجامەکانی شارستانی بگوازێتەوە. ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە بەردەوامە و مرۆڤ لە ژیان دانابڕێت، ئەرکی کلیلێکە بۆ تێگەیشتن لە ژینگەی تایبەتی تاك و کارلێککردنیان لە کۆمەڵدا.

زمان دەروازەیەکە بۆ خوێندنەوەی بیر و ئەنجامی بیر، بۆیە پێویستە لە ناو کۆمەڵدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت، (زمان لە چەند دەنگێك پێکدێت، کە نەتەوەکان بۆ پێداویستی خۆیان دەریدەبڕن، بەلێکدانی ئەو دەنگانە گوزارشت لە واتا دەکەن، ئاخێوەری هەر زمانێکش بە بەکارهێنانی دەنگی بیستراو، یاخود نووسراو مەبەستی گەیاندنی بۆ گوێگر دەردەبڕێت .)[١]، گرنگی و ئەرکی زمان تەنیا بە گەیاندن تەواو نابێت، واتە (تەنیا کەرەستەی دەربڕین و گەیاندن نییە، بەڵکو کۆکردنەوەی بیر و ڕۆشنبیرییە)[٢]. سنووری هەبوون و چالاکی زمان لە گەیاندن و پەیکاڵبوونی واتا و بیری ڕۆشنبیری ڕاناوەستێت، بەو واتایەیی زمان تەنیا چەند دەنگێك، یا گواستنەوە و گەیاندنی زانیاری نییە، بەڵکو بە یەکێك لە هەرە پێویستییە گرنگەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی دادەنرێت و ڕۆڵی گرنگ لە جێبەجێکردنی سەرجەم ئەرك و چالاکی و پێویستییە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکانی ژیان دەبینێت. زمان خۆی لەخۆیدا کەرەستەیەکی کۆکراوەی هەمەلایەنەیە لە ژینگە و بیر و ڕۆشنبیری نێوان ئاخێوەر و کۆمەڵدا ڕەنگدانەوەی کلتوری کۆمەڵە. واتە ( ئاوێنەی گەل و کۆگای کلتورییە، کلیلی بیر و سۆزێتی و هۆکارێکی گرنگ و سەرەکییە بۆ پێشکەوتنی شارستانیەتی مرۆیی)[٣]. زمان هێزێکی گەورەی ڕاکێشراوە بە ژینگەی بازنەی کۆمەڵ و کلتورەکەی، واتە هێزی ((بزوێنەری کۆمەڵە و پەیکاڵ بە ژینگە و کلتورەکەیەوە یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی پێکهێنانی ژیانی مرۆڤ.))[٤] , لەلایەکی تریشەوە دەتوانیین بڵێین زمان بۆ تاك لێکۆڵینەوەیەکی بنکەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە و بنەمای چەسپاندنی کۆمەڵایەتییەتی، هەر زمانە مرۆڤ دەخاتە نێو پەیوەندیی کۆمەڵ و

---

[١] - أبي الفتح عثمان أبن جني (٢٠٠٦ : ٦٧)

[٢] - خالد الزواوي(٢٠٠٣ : ١٤)

[٣] - هەمان سەرچاوە ( ٢٠٠٣: ١٦)

[٤] -ئالان محمد ئەوڕەحمان( ٢٠١٥: ٣)

دەیکاتە نێو کاری پەیوەندیداری، لەبەرئەوەیە سۆسێر دەڵێت (( زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە و بەشێکە لە کۆمەڵ.))[١] ، بە ڕوویەکی تر زمان (دیاریکردنی بنەمای هێمای کۆمەڵە)[٢].

تەنانەت لە چوارچێوەی بازنەی بەریتانییەکاندا زمان بە سیستەمێکی هێمای زارەکی هەڕەمەکی دادەنرێت، کە بەهۆیەوە هاریکاری لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ دروستدەبێت، هەر بەو هۆیەوە جەخت دەکرێتە سەر زمانی کۆمەڵایەتی، چونکە ( زمان کەرەستەیەکە ، زیندوویی و چالاکی بەکارهێنەرەکانی دەخاتەڕوو ، بەجۆرێك لە هەموولایەکی نێوان تاك و کۆمەڵدا لە جوولە و لە کاردایە.)[٣] لە هەمان کاتدا هۆڵ (HOLL) وادەڕوانێتە زمان، کە (دەزگایەکی کۆمەڵایەتییە لە ڕێگای هێمای هەڕەمەکی زارەکییەوە خەڵك لەگەڵ یەکتردا پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن و تێکەڵدەبن)[٤].

زۆر لە زانایان وشەی (زمان) یان بەواتای جۆراوجۆر ناو بردووە ( زمانەوانە کۆنەکان وشەی (زمان)یان بە واتاسازی ناوهێناوە، یان بە واتای ئەوە هاتووە، کە وشەیەکە بۆ واتا دانراوە)[٥]. هەرچی زمانەوانە سەردەمییەکانن لە دیارترینیاندا سوسێر دەڵێت زمان (( ڕێکخستنێکە بۆ هێماکان)) مەبەست لە ڕێکخستن (کۆمەڵە کێشەیەکە، کە لەژێر دەسەڵاتی زماندا بە کاردێت وەکو دەنگ و شێوە و لێکدان و شێوازی دەربڕینی ڕێزمانی و فەرهەنگی)[٦]. ئەگەر سەرنج بدەینە تێڕوانینی ئیبن خەلدون بۆ زمان دەڵێت: ((زمان بریتییە لە زانینی چۆنیەتی دەربڕین، ئەم دەربڕینەیش بریتییە لە کاری زمان، کە بە مەبەستی سوود گەیاندن دەردەچێت.))[٧] لەم پێناسەیەدا ئەوە بەدیدەکەین، زمان بە ئەرك دادەنێت و کاری سەرکی زمانیش بریتییە لە گەیاندن.

---

[١] - فردیناند دی سوسیر ، یۆیل یوسف عزیز(١٩٨٨: ٢٧ )

[٢] - بروانە : جلبیر غرانغیوم (- :٢)

[٣]- فردیناند دی سوسیر ، یۆیل یوسف عزیز (١٩٨٨: ٢٧ )

[٤]- بروانە : د. صفوت علي صالح ( ٢٠٠٤ : ٩)

[٥] - السیوطي (١٩٩٨ : ٨ )

٦- عاطف مذکور( ١٩٨٦ : ٨٣)

[٧] – عبد الرحمان ابن خلدون ( ٢٠٠٤ :٢٣٧ )

## ١/ ١) ( چەمکی فێربوون )[١]:

چەمکی فێربوون چەمکێکی فرە چەشن و سنور فراوانە، چونکە فێربوون لە دیدی هەموو زانست و پیشەیەکدا خاڵی دەرخستنی ئەندازە و قەبارەیەك لە پێشکەوتن، یاخود چەقبەستوویی و دواکەوتوویی دەگەیەنێت. ئەم چەمکە لە تیۆرەکانی زمانەوانیدا بنەمای تێڕوانییە بۆ فێربوونی زمان، بە گۆڕینی بنەماکانی هەر تیۆرێك سەرجەمی پرۆسەی فێربوونیش گۆڕانی بەسەردادێت. فێربوونی زمان لە ناوەندەکانی خوێندن لە چوار کەرەستەی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش فێرخواز و فێرکەر و بابەت و ژینگەی فێربوون دەگرێتەوە. لە فێربووندا ، تا زیاتر مامەڵە لەگەڵ ئەم کەرەستانەدا بکرێت، ئەزموونی لێزانیین و پسپۆڕی زیاتر دێنێتەئاراوە.

### ١-١/١) پێناسەی فێربوون:

پێناسەکردن و ڕوانیین بۆ فێربوون، بۆ چوونی جیاواز لە ڕوانگەی زانست و بوارە جیاوازەکان دێنێتە ئاراوە، چونکە چییەتی و چۆنێتی فێربوون لە خودی خۆیدا هونەرێکی تایبەتە بۆ بابەت و زانستێکی بە ئامانجگیراو و دیاریکراو، وەرچەرخانی بیر و ئاوەزیی فراوان و نوێ بۆ فێرخواز دەستەبەردەکات. واتە پرۆسەیەکی گۆڕانکارییە، بە شێوەیەك لە شێوەکان لە خودی کەسی فێرخوازدا ڕوودەدات، زانیاری و کۆزانیاری نوێ لە هەگبەی ناوەخنی دیوی ناوەوەیدا کۆدەکاتەوە ،دواتر لە بەکارهێنانی بیر و ئاخاوتن و ڕەفتاریدا ڕەنگدەداتەوە.

بۆ زیاتر ناساندنی ئەم چەمکە چەند دید و بۆچوونێکی جیاواز دەخرێتەڕوو:

- فێربوون (لەژیاندا پرۆسەیەکی بنەرەتی گەورەیە، بریتییە لە کۆی ئەو گۆڕانکارییە ناوەکیانەی لە فێرخوازدا ڕوودەدەن، بەئامادەبوونی لە ژینگەی لەبار لە کاتی فێربووندا.)[٢]. لەم ڕوانگەیەوە مەرجی سەرەکی بۆ پرۆسەی فێربوون بریتییە لە بوونی ژینگەیەکی گونجاو و لەبار ، تاوەکو لە فێرخوازدا گۆڕانکارییە ناوەکییەکان(ئەوانەی پەیوەستن بەدیوی ناوەوەی مێشك) دەست بە ڕوودانبکەن.

---

[١] - چەمکی فێربوون لە ڕوانگەی زانستی و تێگەیشتی ئاستی نەتەوەکان بۆ ئەم چەمکە، بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی زمانەکەیان چەمکی جیاوازیان بۆ بەکارهێناوە:

لە زمانی عەرەبیدا بەواتای ( التعلم ) و لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای (Learning) دێت.

[٢] - مروان ابو حويج و سمير ابومغلي ( ٢٠١٥: ١٦٣)

- فێربوون (( پڕۆسەیەکی عەقڵی زۆر ئاڵۆز و هەمەلایەنە، ژمارەیەکی زۆر پڕۆسە و چالاکی و توانستی تر لە خۆدەگرێت، کە لەوەرگرتن و هەستپێکردنی ڕژێنەکان لەلایەن هەستەوەرەکانەوە دەستپێدەکات و دواتر گەیاندنیان بە مێشك و کۆگاکردن و لێکدانەوە و درکپێکردن و وەڵامدانەوە لە ڕێگەی ماسولکە و گلاندەکان کۆتایی دێت.))[1]، واتە ئەم پڕۆسەیە لە ئاوەزیدا، پڕۆسەیەکی ئاڵۆز و بەیەکەوە پێچراوە، کە وەرگرتن و هەستەوەری دەبنە دەستپێکی کۆکردنەوەی زانیارییەکان، تەواوی کرداری پڕۆسەکە بە هاوکێشەی وەڵامدانەوە کۆتایدێت.

مەبەستی ئیمەش لە فێربوونی زمان و زمانی دووەمدا ، ئەوەیە پاش فێربوون و کۆکردنەوەی زانیاری و کۆزانیاریەکان دەبێت لە لای فێرخوازدا وەڵامدانەوە واتە فێربوونی بێدرکاندن و بە درکاندن ڕوودات.

- (فێربوون واتای دەستکەوتن و کۆکردنەوە و گەڕاندنەوە و کارپێکردنی زانیارییە)[2]، واتە گرنگی فێربوون لە دوای وەرگرتن بریتییە لە بەگەڕخستن و بەکارهێنانی زانیارییەکان.

- فێربوون ((بریتییە لە پڕۆسەی خۆگونجاندنی تاك لەگەڵ دەوربەر و گۆڕانکارییەکانی جیهانی دەرەوە، ئەویش لە ڕێگای جۆرەها ورژێنەری ژینگەی دەرەکییەوە دەبێت))[3] پێناسەکە جەخت لەسەر گونجان دەکات و پەی بە بوونی پەیوەندی نێوان تاك و دەوروبەرەکەی دەبات، بۆ ئەوەی پڕۆسەی فێربوون بەئامانج بگەیەنرێت، دەبێت لە جیهانی دەرەوە گۆڕانکاری ڕوودات.

- فێربوون (( ئەو کردارەیە بەهۆی ئەوەوە ڕەفتاری مرۆڤ بۆ بابەتەکان دەگۆڕێت، ئەو گۆڕانکارییەش لە ئەنجامی وەرگرتنی شارەزایی و زانیارییەکان و دوبارە کرنەوەیان ڕوودەدات))[4]. تێڕوانینەکەیان بۆ فێربوون لە دیدی ڕەفتارییەوەیە، ئەویش مەرجی گۆڕانی ڕەفتارە لە ئەنجامی پەیداکردنی کۆزانیاری و دوبارەکردنەوەیانە.

- ((فێربوون لە ئەنجامی ئەزموونی شارەزایی لە پۆلی خوێندندا بەشێوەیەکی نموونەیی دێت، جەخت لەسەر ڕێسازمانییەکان دەکاتەوە ))[5]. پێناسەکە لە سۆنگەی زمانەوانییەوە لە فێربوون دەڕوانێت، ڕاستر وایە بڵێین لە فێربوونی زمانی دووەم دەدوێت، چونکە ئەزموون و شارەزای لەپۆلدا دەکاتە ڕێنیشاندەر و دواتر پشت بە ڕێسا زمانییەکان دەبەستێت.

بەوردبوونەوە و تێڕوانینمان لەم پێناسانەی فێربوون بۆمان دەردەکەوێت:

---

[1] - کەریم شەریف قەرەچەتانی ( ٢٠٠٨ : ١٦ )

[2] - حسن مالك(  -: ٨٠ ))

[3] - کەریم شەریف قەرەچەتانی ( ٢٠٠٨ : ١٨)

٤ - عومەر یاسین ئیبراهیم جەباری(  ٢٠١٦: ٧٨-٧٩)

5-Skehan (1998 :102)

فێربوون پرۆسەیەکی خودی ناوەکییە و دەگوازرێتەوە بۆ ئاخاوتن(گوفتار) و ئاکار، کاتێك لە فێرخوازدا ڕوودەدات ، کە دەیەوێت خۆی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر و کۆمەڵ و جیهانی دەرەوەدا بگونجێنێت، بە جۆرێك ڕەنگدانەوەی لێهاتوویی و شارەزایی و نوێکاریی لە کردەی دوای فێربوونیدا ڕوودەدات.

## ١/ ١ -٢) فێربوونی زمان:

مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە ئەو توانا و لێهاتویەیی هەیە، فێری گەورەترین سیستەمی سروشتی ژیان ببێت، کە ئەویش زمانە. ئەو سیستەمە بە پێڕەوی زمانی ناو دەبرێت، کە هەڵگری دوو چەمکی ئاڵۆزی ئاستی جیاوازی زمانیین، ئەویش (دەنگ و واتا )یە. هەریەکەیان لە نێو خودی خۆیدا خاوەن تایبەتمەندییە، کە بە پێی لێهاتوویی فێرخواز و ئەندازەی ڕەخساندنی ژینگەی لەبار خۆی دەبینێتەوە، لە ژینگەیەکی سروشتی تایبەت بەخود وەکو دروستبوونی ئەندامانی ئاخاوتن و پێکهاتەی تەواوی مێشکی مرۆڤ و ژینگەیەکی نا سروشتی وەکو سروشتی جیاواز و کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنبیر و شارستانی و دەوڵەمەند بە کلتور و تەندروستیەکی شیاو و فەراهەمکردنی دۆخێکی گونجاو بۆ وەرگرتن و دەربڕین. هەریەك لەم بارودۆخانە دەبنە تەواوکەری یەکتر بۆ ئەوەی کەسی فێرخواز بتوانێت زمان فێرببێت، فێربوونێك لەگەڵ سیستەمی ئاستەکانی تری زماندا بگونجێت، کە خۆی لە فێربوون و لە یەکترگەیشتن و گەیاندن دەبینێتەوە، بە کۆی تەواوی سیستەمەکە زمانی یەکەم(زمانی دایك) بەرهەم دێت. ( ئاخێوەرێکی وەکو منداڵ بۆ فێرکردنی پێویستی بە پەروەدەکردن نییە، بەڵکو تەنیا ئەوەندەی پێویستە لە ژینگەیەکدا بژی زمانی تێدا بەکاربێت.)[1] .

هەریەك لەنەتەوەکان خاوەنی یاسا و ڕێسای زمانی تایبەت بەخۆیانن، کە لەوانەی تر جیاوان، ئەم جیاوازیانەیش لە یاسا و ڕێساکانی زمان پەیوەست بە ژینگە ناسروشتیەکەی فێرخوازەوە دروستدەبێت، ئەم جیاوازیانە لەمەڕ زمانی کوردی بۆ زمانی ئینگلیزی و بە پێچەوانەوەیش زمانی ئینگلیزی بۆ زمانی کوردی دروستە. هەر یەك لەم نەتەوانە خاوەنی زمانێکن، کە زمانی یەکەمی پێدەوترێت.

فێربوونی زمان بەهرەیەکی سروشتییە، مرۆڤ وەریدەگرێت، هەر وەك چۆن دەوترێت زمان بەهرەیە و فێربوونیشی هەر لەخۆیدا بەهرەیەکی ترە. زمان سیمایەکی مرۆڤایەتییە، مرۆڤ هەنگاو لەدوای هەنگاو بەبێ ئاگایی فێریدەبێت، ئەو توانایەش سروشتی بۆماوەییە، لەبەر ئەوەی ((توانایەکی زگماکی یە خوای گەورە پێی بەخشیوە، هەر تاکێك لە هەرشوێنێك بێت، لە هەر کۆمەڵگایەك بێت، ئەو توانا زگماکییەی تیا

---

[1] - محەمەد ڕەزا باتنی،و: ئاکۆ عەبدوڵا کەریم (٢٠١٥ : ٦٧)

بەرجەستەدەبێت.))[1] زمان لە قۆناغی زگماکی ڕاناوەستێت و پەرەدەستێنێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ژینگەی نوێدا هەڵبکات، بۆیە بە باوەڕی چۆمسکی ( منداڵ لە خۆڕسکەوە هەستپێکردنی ڕێکخستنی هەیە، دەتوانیین ناوی بنێین کاتەکانی سەرەتای بیر، کە کاتێك تێکەڵ بە ژینگەی دەوروبەر دەبێت، بە ڕێبازی گەشەی خودیدا ناڕوات ئەمیش یارمەتی دەدات بۆ فێربوونی هەر زمانێك ،کە ڕووبەڕوی دەبێتەوە.)[2] فێربوونی زمان پرۆسەیەکی کۆزانیاری ئاوەزییە، پێکهاتووە، لە چەند زانیارییەکی ناوخۆ لە کاتی وەرگرتنی زماندا، چالاکیی زمانی ئاڕاستەی دەکات و ڕێکی دەخات، ((مرۆڤ توانای وەرگرتن و فێربوونی زمانی هەیە، دیارە ئەویش لە پرۆسەکانی بەکارهێنانی زانیاری و بەرهەمهێنان و تێگەیشتندا خۆی دەنوێنێت))[3]. پرۆسەی فێربوونی زمان لە چوارچێوەی یاسا و ڕێسای زمانەکەدا نواندن و مامەڵەدەکات ((ئەم نواندنە پشت بە سیستەمی زمانیی دەبەستێت، هەڵبژاردنی وشە و ڕۆنان و واتای گونجاو دەگرێتەوە، کە بەکارهێنانی زمان کۆنترۆڵ دەکەن))[4].

کەواتە ئەوەی بۆتاك گرنگە فێربوون و بەکارهێنانی زمانە، بە هۆیەوە دەیەوێت لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵدا هەڵبکات. ئەو زمانەی مرۆڤ لە سەرەتای دەستپێکی فێربووندا خوی پێوەدەگرێت و سوورە لەسەر فێربوونی بە زمانپژان.

## ١/ ١ -٣) فێربوونی زمانی یەکەم (زمانپژان):

زمانی یەکەم پاشخانێکی بۆماوەییە، مرۆڤ لەگەڵ لەدایکبوونیدا ئامادەیی بۆ فێربوونی زمانی یەکەم تێدایە. ( مرۆڤ لە تەمەنی منداڵی ساوایدا هەندێ تایبەتمەندی خۆرسکی هەیە، یارمەتی دەدات بۆ فێربوونی زمانی یەکەم.)[5]. ئەم جۆرە زمانە بەڵگەیەکە بۆ ناساندنی شێوەی ڕاستی و دروستی بەکارهێنان و درکاندنی زمانی ئاخێوەر، چونکە ((لەگەڵ لەدایك بوونیدا فێری بووە، بە باشترین شێوە قسەی پێدەکات و زۆرجار بنەمایەکە بۆ ناسینەوەی کۆمەڵایەتی.))[6] ، بۆیە تاك لە هەر ژینگەیەکی جیاواز لە ژینگەی دایکیدا بێت، ئەوا بەسانایی ناسنامەی زمانی یەکەمی دەناسرێتەوە.

---

[1]- تاڵیب حوسین عەلی ( ٢٠١٤ :٢٠٠)

[2] – میشال زکریا (١٩٩٢ :٦٣)

[3] - تالیب حوسین عەلی ( ٢٠١٤ :٢٠٠)

[4]-عبدلواحید موشیر دزەیی ( ٢٠١٤ :١٧٩)

[5] - کۆمەڵێك نووسەر، و: کامیل محەمەد قەرەداغی (٢٠٠٧ : ٢٠ )

[6] - رەحیم قادر سورخی (٢٠١٣ : ١١ )

له زمانەوانیدا چەند چەمکێکی جیاواز بۆ زمانی یەکەم بەکاردێت، هەموو ئەم چەمکانە ڕەهەندی جیاواز بەخۆیان هەیە، بەڵام لە کێڵگەیەکدا نزیك لەیەك واتادا کۆدەبنەوە، مەبەست لێیان زمانی یەکەمە، ئەم چەمکە جیاوازانەش بارودۆخ و قۆناغی کۆمەڵایەتی ، هەڵکەوتی ئاستی زانستی و ئەکادیمی ، فرە کلتوری و شارستانی ، هەستی نەتەوایەتی و هەژمون و باڵادەستی خۆی بەسەردا زاڵدەکات.

له زمانی کوردیدا بەرانبەر بە زمانی یەکەم ( زمانی دایك، زمانی زگماك)[١] یش بەکاردێت، بەڵام ئەم چەمکە لای نەتەوەی تر بەپێی کلتور و شارستانییەت و زمان و ئاستی زانستییان چەندین چەمکی جیاواز لەخۆ دەگرێت)[٢]، چونکە ((زمان ڕەگی خۆی لە کەلتوور، دابوونەرێت، ڕەفتار و بیرکردنەوەی تاکەکانیدا داکوتاوە.))[٣]

زمانی یەکەم ئەو زمانەیە منداڵ یەکەم جار فێریدەبێت، تایبەتمەندی ئەم زمانە وایە پێویستی بەوە نییە یارمەتی منداڵ بدەیت، تا فێری زمانەکەی بکەیت، بەڵکو ( ئەو زمانەیە تاك فێریدەبێت، هێشتا لە قۆناغی گڕوگاڵدایە، جیایە لەو زمانەی لە قوتابخانە، یان تەمەنێکی تر فێریدەبێت.)[٤]

له فێربوونی زماندا کۆمەڵ بۆ فێربوونی زمانی یەکەم مۆر لە زمانی منداڵ دەدات ، واتە (جۆری کۆمەڵ دیاریدەکات منداڵ شوناشی دایکی هەبێت، ئەو منداڵانەی دایك و باوکیان نییە، دەسەڵات لە خۆیان دەگرێ، بۆیە زمانی حکومەت دەبێتە زمانی یەکەمی ئەوان.)[٥].واتە ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژێت، دەبێتە ئاوێنەی زمانەکەی لەم بارەیەوە (محمد معروف فتاح) دەڵێت : (( زمان ناسنامەی کۆمەڵایەتییە، بەهۆیەوە دەتوانین بڕیار لەسەر ئاخێوەر بدەین خەڵکی کوێیە؟ واتە ڕەنگدانەوەی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە، کە ئاخێوەر تێیدا دەژی.))[٦]، یاخود ((زمانی ئاخێوەرە لەسەرەتای منداڵی لەناو

---

١ - ئەکادیمیای کوردی بەرانبەر چەمکی زمانی یەکەم زمانی زگماکی بەکارهێناوە بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەکی تایبەتی لە گۆڤارەکەیان بەم ناونیشانە (یادکرنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماك ،٢٠١٣. هەولێر) بە چاپگەیاندوە.

٢ - ( زمانی یەکەم(First Language،زمانی ڕەسەن Native Language ، زمانی دایكMother Languag e زمانی نێو لانك Cradle Language) . بۆزیاتر زانیاریی بڕوانە :

A- Long M.H. (1996 : 70)

ب- سەلام ناوخۆش (٢٠١٣ : ١٢٥ )

٣ - محەمەد مەعروف فەتاح ( ٢٠١٠ : ١٣٧ )

٤ - یوسف شەریف سەعید (٢٠١٣: ٨٧)

٥ - سەلام ناوخۆش (٢١٠٤ :١٠٧ )

٦ - محەمەد مەعروف فەتاح ( ٢٠١٠ :١٣٧ )

خێزان فێری بووە، یان یەکەم زمانە کە ئاخێوەر فێری بووە تا ئێستا بەکاری دێنێ و تێیدەگات.))[1] ، کەوابێت فێربوونی زمانی یەکەم ئاستی زمانپژان و پێگەی کۆمەڵایەتی و ناسنامەی تاك دەستنیشان دەکات.

بەلای بیردۆزی ڕەفتارییەکانەوە فێربوونی زمان پەیوەستە (بە ژینگەی دەوروبەرەوە، لەبەر ئەوەی پشت بەکارلێککردن و وەڵام دانەوە دەبەستێت)[٢]. بوونی ژینگەی دەوروبەر و کۆمەڵ بەلای (چۆمسکی)یشەوە گرنگە، بەڵام جەخت لەوە دەکاتەوە فێربوونی زمان سروشتییە، لە مێشکی مرۆڤدا لە ڕێگای بۆماوەوە ئامێرێکی تایبەت جێگیردەبێت، هۆکاری فێربوونەکەشی کۆمەڵێکی دیاریکراو دابینی دەکات، ئەویش بنەمای گشتییە بۆ ڕێکخستنی ڕێزمان، کە بە ڕێزمانی گشتی (Universal grammar) ناوی دەبات. ڕێزمانی گشتی بە شێوەی جیاجیا لە زمانە جیاجیا کاندا دەردەکەوێت و لەسەر ژینگەی ئەو زمانە دەوەستێت، کە منداڵەکەی تێدا دەژی.

واتە منداڵ لەکاتی پێگەیشتنی زمانیدا دەگاتە یاسا و ڕێسایەکی زمانیی، دەتوانێت زمان بەکاربێنێت بەشێوەیەکی داهێنەر و دروستکراو. لە بەرئەوە چۆمسکی جەخت لەوەدەکاتەوە مرۆڤ پرۆگرامێکی زمانیی تایبەتی بۆ فەراهەمکراوە، کە تایبەتە بەو جۆرە و جیاوازە لە هەر جۆرە توانایەکی تر، (بەو پێیە فێربوونی زمان ناکرێت، وەکو یەکێك لەو چەندین لایەنەی گەشەکردنی ئاوەزەی و ناوەکی لێکبدرێتەوە، بەڵکو تەنیا وەك چالاکبوونی هۆکاری فێربوونی زمان و گەشەکردنی جۆرە ئەندامێکی هزری سەربەخۆ دەبینرێت)[٣]. بۆیە چۆمسکی بیرەکانی لە سەر بنەمای ئاوەزەیی دارشت بەتایبەت کاتێك لە (( گریمانەی پێکهێنانی داهێنەرانە (The creative construction)دا ئاماژەی بە چەمکی (ئامرازی زمانپژاندن)دا ( L.A.D ) ، ئەم ئامێری زمانپاژاندنە پرۆسەی زمان پژان بۆ ئاخێوەر سانا دەکات ، لەبەرئەوەی بنەمای پێکهێنانی داهێنەرانە لە ئاوەزەیی ئاخێوەر ئەم چەمکەیە.))[٤] ، بۆیە مرۆڤ بۆئەوەی فێری زمانببێت و ببێت بە ئاخێوەری زمانی یەکەم ئەوا پێویستی بە قۆناغی زمانپژان هەیە.

کەواتە ((زمانپژاندن قۆناغی (پێش زمانیی)یە، کە منداڵ لە قۆناغە سەرەتایەکانی ژیانیدا بەکاریدەهێنێت بەدەربڕینی گریان، دواتر بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی بە ڕێگای گریانەوە لە ژینگەی دەوروبەری بەتایبەت باوانی(دایك) کەرەستە زمانییەکان وەردەگرێت و زمانی بە زمانی یەکەم دەپژێت))[5]. لەم جۆرە زمانەدا (چۆمسکی) گرنگی بە یاسا و ڕێسای دەوروبەر دەدات، چونکە دەڵێت:

---

1-United Nations Department of economic and Social Affairs.( 1959: 2)

٢ - سوزان م. جاس ، لاي سلينكر (٢٠٠٨ : ٨٣)

٣ - ویدووسن. و : هۆشەنگ فاروق ، ( ١٩، ٢٠٠٨)

٤ - کاروان عومەر قاد ر (٢٠١٤ : ١٢٣ )

٥ -.شاخەوان جەلال فەرەج- ئاڤێستا کەمال مەحمود ( ٢٠١٣ :٨٢ )

(( زمان پژاندن بریتییە لە هەڵهێنجانی ژمارەیەك رێساویاسا لەلایەن منداڵەكەوە لەو داتا زمانییانەی، كە لە دەوروبەری دەیانبیستێت لەگەڵ ئەوانەی تایبەتن بە زمانی دایكی.))[1] . ئەم جۆرەی زمان جگە لەوەی یەكەم زمانە، كە منداڵ فێریدەبێت و زمانێكە بۆ فێرخوازەكە دەبێتە زمانی نەتەوایەتی و ڕەسەنایەتی، لەبەرئەوە ((زمانی یەكەم/ زمانپژاندن، بە زمانی نەتەوە و زمانی ڕەسەنیش دانراوە، كردەیەكی نائاگاهانەیە جۆرێكی كردەی زمانوەرگرتنە و بریتییە لە یەكەم زمان، كە منداڵ وەریدەگرێت و فێری دەبێت. ))[2]

بە بۆچوونی چۆمسكی مرۆڤ بە ئامێری ئاوەزیی فێربوونی زمانەوە لە دایك دەبێت، بۆیە (دەتوانێت زمانی دایك، كە مەبەست زمانی یەكەمە فێرببێت.)[3] ، ئەمیش بەچەند دیاردەیەكەوە بەستراوە:

١- هەموو منداڵێكی ئاسایی لە ژینگەكەی خۆیەوە فێری زمانی دایك دەبێت.

٢-لە لای منداڵ فێربوونی زمان هیچ پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی بە بەرز و نزمی توانای بیرەوە نییە .

٣-منداڵ بەشێوەیەكی پچڕ پچڕ و ناتەواو، یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەكان لە ڕستەدا دەبیستێت، لە هەمان كاتدا دەتوانێت دەسەلاتی بەسەردا بشكێت.

## ١/ ١ -٤) هۆكارەكانی فێربوونی زمان:

هۆكارەكانی فێربوونی زمان بایەخ و گرنگیان بە سەر قۆناغەكانی فێربوونەوە هەیە، لەبەر ئەوەی (هەموو مرۆڤێكی ئاسایی لەساڵ یەكەمی ژیانیدا فێری زمانی یەكەم (زمانی دایك) دەبێت، ئەم گەشەیەش پەرەدەسەنێت، تا تەمەنی پێنج ساڵی.)[4]. فێربوونی زمان هەر لەسەرەتای گەشەی منداڵەوە كاریگەرە بە چەند هۆكارێكی جیاواز، هۆكارەكانیش دابەش دەبن بەسەر :

---

[1] - محەمد مەحوی و نەرمین عومەر (٢٠٠٤ : ٢)

[2] - شیلان عومەر حسێن ( ٢٠١٦ : ٥٨)

[3] - سید أحمد منسور (١٩٨٢ : ٤٩ )

4-Rohmaninur, I ( 2008: 68)

**١/ ١ -١٤-١)هۆكاری ناوەكی:**

هۆكارێكی تایبەت و زۆر ئالۆز و وردە بۆ فێربوونی زمان و گەشەكردنی لە كاتی دروستبوونی دەمارەكانی مێشك، واتە گەشە و پەرەسەندنی زمانی كاریگەرە بە درووستبوونی خانەكانی مێشك. گرنگترین هۆكارە ناوەكییەكانیش پەیوەستن بە:

**أ-زیرەكی**[١]: مندالّ بە توانست جیاجیاوە لە دایك دەبێت، بەجۆرێك هەموویان ئاستی زیرەكییان وەكویەك وەكویەك نییە، بەشێكیان زیرەكییەكی زۆریان هەیە و بەشێكیتریشیان زیرەكییەكی سنوورداریان هەیە.

( لێكۆڵینەوەكان ئەوەیان دەرخستووە، ئەستەمە دوو كەس هەبن لە زیرەكیدا تەواو لەیەكبچن.)[٢]، بۆیە ئەم جیاوازییانەش لە پرۆسەی فێربوونی زماندا ئاستی جیاوازی فێربوونی فێرخواز دەردەخەن، (زیرەكی لە پرۆسەی فێربوونی زماندا شوێنەوارێكی دیار و گرنگی هەیە، هەر كەموكورییەك لە زیرەكیدا هۆكارێكە بۆ جیاوازی ئاستی زمان فێربوون لە نێوان منداڵاندا، چونكە پەیوەندی نێوان زیرەكی و زمان فێربوون پەیوەندییەكی ئالۆگۆڕە.)[٣] . بەڵام زۆربەی لێكۆڵینەوەكان وادەردەخەن منداڵی ئاسایی كاتێك تەمەنی دەگاتە نێوان (٥- ٨) مانگ، ئەوا دەست بە دەربڕین دەكات و بەشێوەیەكی دروست لە واتای وشەكان دەگات.

**ب- نەخۆشی**: لێكۆڵینەوە بەراوردییەكان ئەوەیان ڕوونكردووەتەوە، منداڵ لە قۆناغەكانی ژیانیدا توشی نەخۆشی دەبێت و گرفتی گەشەی زمانی بۆ دروستدەكات، لەم بارەیەوە ئەوە پشت ڕاستكراوەتەوە ( منداڵ لە سەرەتای دوو ساڵی دەستپێكی ژیانیدا توشی نەخۆشی دەبێت، تا ڕادەیەك گەشەی زمانی دوادەكەوێت، ئەم دواكەوتنەیشی پەیوەستە بە جۆری نەخۆشیەكەی، كەتووشی دەبێت.)[٤].

**پ- جیاوازی ڕەگەز**: ڕەگەزی مێینە بەراورد بە ڕەگەزی نێر، زیاتر پارێزگاری لە بەكارهێنانی زمان دەكەن، چونكە (ڕەگەزی نێر زۆرتر توشتی ئاستەنگەكانی گوتن دەبن، بۆ نموونە لە نەخۆشی ئۆتیزمدا، چوار بە یەكە ، واتە چوار كوڕ بەرانبەر بەیەك كچ تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن.)[٥]

---

١:

أ- ( گۆتا) وادەڕوانێتە(( زیرەكی لە بۆ فێربوون بەشێكی دیاریكراوە لە توانست ، ئەم توانستە لەگەڵ لە دایكبوونیدا دیاریدەكرێت، واتە بۆماوەییە، دواتر لەگەڵ چوونە ناوەوەی ژینگەی دەوروبەر و باردودۆخی كۆمەڵایەتی گەشەدەكات.)).

Kolb, B & Winshaw , Ian , Q ( 2006 : 87 )

ب- زیرەكی خاسێتێكی فیزیكی تاكە ، توانستێكی شاراوەیە، پشت بۆ ماوەیی و گەشەسەندن دەبەستێت.

عبالرحمان عەدیس – یوسف ئەلقەتامی، و: سەڵاح سەعدی (٢٠١٣ : ٤٢ )

٢ - ئیبراهیم ئەمین باڵدار، وەرگێرانی: ئیبراهیم قادر محەمەد ( ٢٠١١ :٣٢ )

٣ - عبدالكریم محمد شطناوي، و:.ئازاد ئەمین باخەوان-ناصح محەمەد ( ٢٠١١ : ٧٩ )

4-Linda , C (2007 :91)

٥ - یارا قادر حمد ( ٢٠١٤ : ٤٦ )

**ج- ژمارەی خێزان:** ژمارەی خێزانی کاریگەری لەسەر فێربوونی زمان هەیە، بە بۆچوونی شارەزایانی ئەم بوارە (زمانی ئەو منداڵانەی تاقانەن بەراورد بەو منداڵانەی لە نێو یەك خێزاندا ژمارەیان زۆرە، باشتر گەشە دەکات، چونکە دەرفەتی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی زیاتری لەگەڵ گەورەکاندا هەیە)[1] ، بەڵام بە بۆچوونی شارەزایانی تر (ئەو خێزانانەی منداڵیان زۆرتر و زیاترە زووتر فێری ئاخاوتن دەبن)[2].

کەواتە فێربوونی زمان لەسەر گەشەپێکردنی بیری منداڵ دەوەستێت، ئەگەرچی هەر دوو بۆچوونەکە لەگەڵ یەکتردا لەسەر شێوازی هەڵسوکەوتکردنی منداڵ لە فێربوونی زماندا جیاوازن، بەڵام هەردووکیان جەخت لەسەر شێوازی هەڵسوکەوتکردن و یارییپێکردن و بەکارهێنانی بیری منداڵ دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی فێربوون بۆ فێربوونی زمان بەتەنیا بەس نییە، بەڵکو لە پاڵ فێربووندا بەکارهێنانیشی پێویستە.

**١/ ١ -٤- ٢) هۆکاری دەرەکی:**

سەرباری بوونی هۆکاری ناوەکی لە فێربوونی زماندا، دیوێکی تری فێربوون هەیە، دەبێتە تەواوکەری گەشەی پرۆسەی فێربوونی زمان، ئەویش هۆکاری دەرەکییە و پرۆسەی فێربوون بە لوتکەی ئەنجام دەگەیەنێت. لە پرۆسەی فێربوونی زمانی یەکەمدا ئەم هەنگاوانانە (پەیوەستە بە گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵ ، هەروەها پەیوەستە بە پێکهاتەی کەسایەتی کۆمەڵ)[3] ، واتە بوونی گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵ بە تەنیا بەس نییە، بەڵکو پرۆسەی فێربوون شان بەشانی پێکهاتە و ژینگە و کەرەستەکانی پێکهاتەی کۆمەڵ ڕێدەکات و ئاوێتەی یەکتردەبن. ئەم جۆرە گەشەکردنەی زمانیی لە مرۆڤدا بە شێوەیەکی پەسندکراو لە لایەن کۆمەڵەوە بەرەو بیرکردنەوە و توانایی دەبات، لەم گۆشەیەوە زمان هۆکارێکە منداڵ بەکاریدەهێنێت بۆ ئەوەی ڕۆشنبیری و ڕەفتار بە شێوەیەکی لەبار بەدەستبێنێت.

**گرنگترین هۆکارە دەرەکییەکان بریتین لە:**

**أ- ژینگەی کۆمەڵایەتی:** ئەو منداڵانەی لە نێو ژینگەی کۆمەڵایەتی باش و لە بار دەژین، بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی لە ژینگەیەکی هەژاری مادی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ژیان بەسەردەبەن، گوزارشت لە بیر و بۆچونی خۆیان بەجۆێکی ڕوون و ئاشکرا دەکەن.

---

١ - عبدالكريم محمد شطناوي،و :.ئازاد ئەمین باخەوان-ناصح محەمەد ( ٢٠١١ : ٧٧-٧٨ )

2-Wolfaardt, D ( 2001 : 104 )

3- Mbamba, A. Mauno. (1982:88)

**ب-ژینگەی زمانی** : بۆ فێربوون و بەکاهێنانی زمان، منداڵ وابەستەی لاسایکردنەوەی زمانە .

**پ-دژ ڕەفتاری:** هەندێك لە دایك و باوکان بە مەبەستی فێربوون لە تەمەنێکی زوو و پێش گەیشتن بە قۆناغی گەشەی گونجاو بۆ فێربوونی زانیاری نوێ، ڕاهێنان بە منداڵکانیان دەکەن، ، ئەمیش پێچەوانەی ڕەفتاری گشتی کۆمەڵ و سیستەمی فێربوونە.

**ج- جووتزمانی:** ئەو منداڵانەی لە تەمەنێکی زوو فێری جووتزمانی دەکرێن ، ئەوا لە پێشخستنی زمانی یەکەمیان دوادەکەون، لەبەر ئەوەی هەر زمانێك جۆرە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە و لەوەی تر جیاوازە.

## ١/ ١-٥)جۆرەکانی فێربوونی زمان:

مرۆڤ باڵا دەستە بەسەر مەزەنترین کەرەستەی بەیەکەوەبەستن و ڕایەڵکردنی ئەڵقەی گرێدراوی نێوان تاك و کۆمەڵ لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا، ئەویش زمانە، کە هەردووکیان خاوەنی هەمان بەکارهێنەری زمانن. سووری ژیان لە فێربوونی زماندا بە پێی پلە و قۆناغ و تەمەن دەگۆڕێت، لێرەوە جۆری فێربوونی زمانی دەخەملێنرێت و بە دەردەکەوێت، بریتین لە جۆری فێربوونی زمانی بێدرکاندن و فێربوونی زمانی بەدرکاندن، هەریەك لەم جۆرانەی زمان لە فێربوون و بەکارهێنانیاندا خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن.

## ١/ ١-٥-١) فێربوونی زمانی بێدرکاندن:

مەبەست لە زمانی بێدرکاندن ئەوەیە بیر و بۆچوونەکان لە نێوان تاکەکان بە بێ ئاخاوتن و درکاندن ئاڵوگۆڕ دەکرێت، بۆ نموونە سەرەتای هاتنە ژیانی منداڵ بە هاوارکردن دەستپێدەکات ، ئەم هاوارکردنە لەگەڵیدا گەشەدەکات، تا دەبێتە دەربڕینێك بۆ هەندێك لە ئارەزو و پێداویستییەکانی و دەبێتە هۆکاری پەیوەندی لە نێوان خۆی و دایکی، یان بەخێوکەرەکەی. هەموو منداڵێکی ئاسایی (٧)دەنگی جۆراوجۆر دەردەبڕێت، تاکو دوو مانگی تەمەنی، پاشان کاتێك، کە تەمەنی دەگاتە نێوان دوو ساڵ بۆ دووساڵ و نیو ژمارەکە زیادەبێت بۆ (٣٦)[١] دەنگ.

زمانی بێدرکاندن پشت بە کۆمەڵێك کەرەستە دەبەستێت، کە بریتین لە :

[١]- ژمارەی ئەم دەنگانە بۆمنداڵی کورد دیاریمان کردووە(٣٦) دەنگە، چونکە یەکسانە بەپیتەکانی ئەلف وبێی کوردی. بۆ زمانی ئینگلیزیش (٢٦)دەنگە.

أ- **چاو:** کەرەستەیەکی دیاری گەیاندنە، چونکە ( زۆرترین کەرەستەی بەکارهێنانی زمانی بێدرکاندنە)[1].

ب- **دەربڕینی ڕووخسار (Face):** فراسیۆن (ڕووخسار بە بەهێزترین دەربڕینی واتای ناوەوە دادەنێت.)[2] ، وەکو پێکەنین، کاتێك، کە منداڵ بەڕووی دایکی یان کەسانی تر پێدەکەنێت، ئەوا نیشانەی دەربڕینی خۆشییە. ئەم جۆری پەیوەندیکردنە بە زمانی بێدرکاندن ناو دەبرێت.

پ- **زمانی جەستەیی:** شێوەیەکی تری زمانی بێدرکاندنە، بۆ نموونە جۆری دانیشتن، یان ڕۆیشتن، یان ڕاوەستان خۆی لەخۆیدا نامەیەکی گەیاندنی بێدرکاندنە.

ج- **دەستلێدان:** کاتێك دایك منداڵ لەئامێز دەگرێت و منداڵیش بەهەمان شێوە ئامێز لەدایکی، یان کەسانی نزیکی دەدات و هەستی پێدەکات، ئەوا هۆیەکە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز جۆرێکە لە گەیانی هەستی بێدرکاندن.




**هێڵکاری کەرەستەکانی** (فێربوونی زمانی بێدرکاندن)

---

[1] - محمد العبد (٢٠٠٧: ١٢ )

[2] - فخرالدین الرازي ( ١٩٨٧ : ٨٢-٨٣ )

## ١/ ١-٥-٢) فێربوونی زمانی بەدرکاندن :

زمانی بەدرکاندن بریتییە لە گۆڕینەوەی زمان و بیر لەگەڵ کەسانی دەوروبەر بەمەبەستی گەیاندنی زانیاری و لێکتێگەیشتن بە شێوەی بەدرکاندن. ئەم جۆرەی زمان کاتەکانی ئاخاوتن و وگفتوگۆکردن و فێربوون و فێرکردن، هەروەها ڕاگەیاندنە بیستراو و بینراوەکان لە خۆدەگرێت. واتە پڕۆسەیەکی لەم شێوەیە، لە لای منداڵی ئاسایی سەرەتایی دەستپێکی قسەکردنی نزیك لە تەمەنی (١٥)مانگی دەستپێدەکات. ئەم پێوانەیەش گۆڕانکارییەکە لە قۆناغی بێدرکاندن بۆ قۆناغی بەدرکاندن.

بەم شێوانە:

أ- منداڵ ئەگەر لە بەکارهێنانی وشەکان کەموکوڕی هەبوو، ئەوا بە ئەستەم دەوروبەرەکەی لێیتێدەگەن،بەڵام ئەگەر وشەکان ڕوون و ئاشکرابوون، ئەوا تێگەیشتنیان بۆی سووك و ئاسان دەبێت.

ب- لەم قۆناغەدا منداڵ بە دوای وشەکان دەکەوێت و پەیوەستیاندەکات بە واتاوە، بۆ ئەوەی بەدرکاندن بییان درکێنێت، بۆیە زۆربەی منداڵەکان لە ئاخاوتندا لە هەندێك لە بەشەکانی وشەدا سەرکەوتوودەبن و گەشەدەکەن، ( ئەم دۆخە لە ژینگەی تاك زمانیدا بە ئاشکرا بەدیدەکرێت.)[1]، بەلاّم ئەگەر گەشەکردنەکەی ئاسایی و تەواونەبێت، ئەوا ناتوانێت ببێت بەخاوەنی فێربوونێك، کە وشەکان بەدرکاندن بکات و بە دوای واتایاندا بکەوێت.

زمانی بەدرکاندن دروستکراوی مرۆڤە، لە کۆمەڵە هێمایەکی دەنگی ناسراو پێکهاتووە، بە مەبەستی وەرگێڕانی ئەو ڕاستییەی کەتێیدا دەژین. بەم جۆرە زمان ڕەنگدانەوەیەکە بۆ بیرکردنەوە لە چوارچێوەی ئاخاوتندا.

لە کۆتایدا دەتوانیین بڵێین منداڵ بە تێپەراندنی قۆناغی زمانی بێدرکاندن و بەدرکاندن فێری زمان دەبێت، ئەویش لە پلە و قۆناغە جیاجیاکانی تەمەنی، تاکو دەگاتە پلەیەکی زمانی تەواو و گونجاو، کە دەتوانێت زمان بە شێوەیەکی ئاسان و ڕاست و دروست لەناو کۆمەڵدا بەکاربهێنێت.

ئەوەی مایەی سەرنجە فێربوونی (بێدرکاندن و بەدرکاندن) لە فێربوونی زمانی یەکەم و دووەمدا دەبنە دوو قۆناغی گرنگ بۆ ئەوەی تەواوی پڕۆسەی فێربوون لە فێرخوازدا ڕەنگبداتەوە، هەر ئەم جیاوازی و لێکچوونەی نێوان زمانی یەکەم و دووەمە بۆچوونی زانستی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێناوە، بۆیە

---

1- Mackey, A ( 1999 :15)

له لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا زمانپژان و زمان فێربوون له سییەکانی ڕابردوودا له لقی (زمانەوانی دەروونی)[1]دا بایەخی پێدەدرا و لێکۆڵنەوەی لەسەردەکرا. دواتر له له ساڵانی هەشتاکاندا ئەم لیکۆڵینەوانە بوونە بناغەیەك بۆ دەستپێکی زانستی نویٚ، که زمانەوانی کارەکی له کرۆکی فێربوونی زمانی دووەم و زمانی بێگانەی کۆڵییەوە.

لەبەر بوونی ئەم پەیوەندی و جیاوازییانەی نێوان زمانی یەکەم و دووەم (دیلکنز) داوادەکات: (( پێداچوونەوە بە پەیوەندی نێوان زمانەوانی و پرۆسەی فێرکردندا بکرێت.))[٢] ، ئەم تێڕوانینەی (دیلکنز) لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، ناکرێت له زمانەوانیدا بابەتێکی گرنگی وەکو فێربوونی زمان له بوونی ئەو هەموو لێکچوونەی نێوان فێربوونی زمانی یەکەم و دووەم بە هەند وەرنەگیرێت. هەر لەم گۆشەیەوە چۆمسکی له (ڕێزمانی گشتی)یەکەیدا (جەخت لەسەر ئەو لێکچوونە زۆرەی نێوان فێربوونی زمانی یەکەم و دووەم دەکاتەوە و ئەوەش دەخاتەڕوو، کە فێرخوازانی زمانی دووەم بۆ فێربوونی زمانی دووەم بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕن، تاوەکو فێری زمانەکە دەبن، ئەم قۆناغانەیش جیاوازیەکی ئەوتۆیان نییە لەگەڵ هەمان ئەو قۆناغانەی پێشتر، کە منداڵ له فێربوونی زمانی یەکەمدا پێیداتێپەڕیوە و زمانەکەی فێربووە.)[٣].

تێز و هێزی زمانپژاندن دەبێتە بنەمایەکی زمانیی و کۆزانیاری بۆ فێربوونی زمانی دووەم و زمانی سێیەم و زمانی زیاتریش، بۆیە فۆدەر (Fodor) پێیوایە (زۆینەی، یاخود هەموو ئەو گریمانانە و تیۆرانەی پێویستن و بۆ فێربوونی زمانی یەکەم بەکاردێن، پێویستە هەمان تیۆریش بۆ فێربوونی زمانی دووەم بەکاربێت)[٤].

له ڕوانگەی ماك(Mac Whiney) (سیستەمی فێربوونی زمان بۆ فێربوونی زمانی یەکەم و دووەم هێندە لێکنزیکن، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە پێشنیاز دەکات: له بری دامەزراندنی دوو مۆدێلی جیاواز بۆ زمانی

---

[١] - زمانەوانی دەروونی:

أ- (( ئەم زانستە لقێکە له زمانەوانی کارەکی له ڕێگای فێربوونی زمانی دایك و فێربوون و فێرکردنی زمانی بێگانە و هۆکارە دەروونییە کاریگەرییەکانی سەر ئەم کردە و کەم و کورتییەکانی گۆکردن و چارەسەرییەکانی و له پەیوەندی نێوان دەروونی مرۆڤایەتی و زمان بە شێوەیەکی گشتی و کردە دەروونییە هزرییەکان و کارامەییە زمانییە جیاوازەکان دەکۆڵێتەوە. ))

یوسف شەریف شەعید،(٢٠١١ :١٦-١٧)

ب- (لێکۆڵینەوەی زمانە له بەکارهێنانی ژیانی ڕۆژانەدا، ئەم زانستە تیشك دەخاتەسەر کەموکورتییەکانی( درکاندن، فێرکردن، خوێندنەوە، نووسین) مەبەست لەو زمانە چ زمانی دایك، یاخود زمانی بێگانە بێت.)

بۆ زیاتر بروانە :

١- ئاڤێستا کەمال مەحموود (٢٠١٢ :٣٨ )

٢- محمود أحمد السيد( ١٩٩٦ :١٢ )

2- Wilkins , D.A. ( 2003 : 217 )

3-Mitchel l, R & Myles, F and Emma, M (2014 :78 )

[٤] - هەوار عومەر ئەمین فەقێ ( ٢٠١٥ : ١١٠ )

یەکەم و دووەم، باشتروایە گرنگی بەیەك قاڵب و فۆڕمی مۆدێلێك بدرێت، کە تێیدا ئەو میکانیزمانەی فێرخوازێك لە بەکارهێنانی زمانی یەکەمیدا بەکاریدەهێنێت، بە دەستە(گروپ) هەمان سیستەم بۆ فێرخوازی زمانی دووەم بەکاربهێنرێت)[1].

لە دیدی (ماك)ەوە ئەوە بەدیدەکەین، کە (ماك) بەدوای خاڵی هاوبەشیاندا دەگەڕێت، بەجۆرێك ئەم دوو زمانە لێکنزیکن، کە سیستەمی فێربوونشیان هاوشێوەن و تیۆر و گریمانەکانی فێربوونیان هەمان فۆڕمی یەکترن.

کەواتە لە زانستی زماندا وا لە فێربوونی (زمانی یەکەم و دووەم) دەڕوانرێت، کە ڕەچەڵەکایەتییەك لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت بە جۆرێك هێندە نزیکی و هاوشێوەی فێربوونیان هەیە، کە هەنگاو و قۆناغەکانی فێربوونی زمانی یەکەم و دووەم تەنیا لە تایبەتمەندییەکانی جۆری شێوەی فێربوون و ژینگەی فێرخوازدا جیاوازن.

## ٢-١)گریمانەکانی فێربوونی زمانی دووەم :

گریمانەکردن و دانانی گریمانە بۆ فێربوونی زمان بە گشتی و بە تایبەت بۆ فێربوونی زمانی دووەم، ئاوڕدانەوەی مرۆڤە لە بابەتێکی هەستیار، کە پەیوەستە بە خودی خۆیەوە، چونکە ئەم درکپێکرنە بووە بە ئاوازەیەکی کراوە، لەو کاتەی مرۆڤ لە دایك بووە و لەگەڵ ژیاندا بەردەوامی هەیە، دەشێت ئەم پرسیار و گریمانەکردنەی لەگەڵ هەڵکشانی بیرکرنەوە و بارودۆخ و ژینگەی زیرەکی گۆڕانی بەسەردابێت و باشتر بیری بۆ وەڵامی ئەم پرسیارکردنە لە زانستیبوون نزیك ببێتەوە. لەبەرئەوە لە ڕابردوو و بە تایبەت لە ئەمرۆدا بۆ زانیینی پرسیارێکی لەو شێوەیە، خستەڕووی تەنیا گریمانەیەك بۆ ڕوونکردنەوەی فێربوونی زمانی دووەم بەس نییە، بۆیە چەند گریمانەك بە دوای یەکتردا هاتوون و لە بیرۆکەی جیادا بۆ ڕوونکردنەوەیەکی دروست و پەسەندی فێربوونی زمانی دووەم کۆبوونەتەوە. هەندێك جار ئەو گریمانانە بە جیا و هەندێك جاریش دەشێت زیاتر لە گریمانەیەك بخرێتە ژێر لێکدانەوە و سەرنجی جیاوازەوە.

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا چەند گریمانەیەکی پەیوەست بە فێربوونی زمانی دووەمەوە دەخەینەڕوو، کە بریتین لە:

[1] - شاخەوان جەلال فەرەج- ئاڤێستا کەمال مەحمود ( ٢٠١٣ : ٨٤ )

١- گریمانەی تێکردە

٢- گریمانەی كارلێككردن

٣- گریمانەی دەركردە

٤- گریمانەی كلتوری كۆمەڵایەتی:

## ١-٢-١)گریمانەی تێکردە:

ئەم گریمانەیە لەلایەن كراشن (Stephen Krashen) لە ساڵانی هەشتاكان هاتەكایەوە ، ئەم گریمانەیە بە گریمانەیەكی دیار بۆ فێربوونی زمانی دووەم هەژمار دەكرێت، كراشن ئەوەی خستەڕوو: (( فێربوون و وەرگرتنی زمان تەنیا كاریگەرە بە تێگەیشتنی تێکردە (comprehensible input)[١]، هەروەها كراشن ئاماژە بەوە دەكات كاتی مانەوە بۆ فێربوون لە وڵاتی بێگانەدا بەندە بە ئاستی فێربوونی زمانی دووەمەوە، خوێندنەوەی زۆر بەڵگەی زێدەكییە بۆ تێکردە، چونكە (خوێندنەوەی بەشێكی زۆر لە بابەتی هەڵبژێردراو كاریگەری ئەرێنی لەسەر فێربوونی زمان دەبێت، جا چ لەلایەنی ڕێزمانی بێت، یان وشە، یاخود ئاستی نووسین بێت)[٢]. ئەم گریمانەیە خۆی لە سیستەمدا دەنوێنێت، بۆیە ((تێکردە میكانیزمێكە تاك لەڕێگایەوە فێری زمان دەبێت))[٣].

جۆری تێکردە گرنگە و یەكێكە لە بنەما سەرەكییەكانی گریمانەی كراشن و دەڵێت: (( تێکردە لە ڕووی ڕێزمانیەوە نابێت ڕیزبەند بێت، لەبەر ئەوەی ئەم ڕیزبەندییە دەبێتە وانەی ڕاهێنانی ڕێزمانی، كە سوود بەخشنییە، بەڵكو لەكاتی فێربوونی زمانی دووەمدا زیان بە فێربوون دەگەیەنێت و دەبێتە زیان بەخش. ))[٤]. بە ڕوانیین لەم بۆچوونەی (كراشن) ئەوە دەردەكەوێت ئەم گریمانەیە خاوەنی واتایە و یارمەتیدەری پێداویستی فێرخوازە بۆ تێگەیشتن و هەست پێكردن، لە هەمانكاتدا گریمانەكە وەڵامدانەوەیە دەربارەی چۆنیەتی فێربوونی زمان. گریمانەی تێكرد ئەوە دەردەخات، كە فێرخوازی زمان لە ڕووی تێكردەوە لە توانایدانییە زمان فێرببێت، ئەگەر لە ناوەڕۆكی واتاكەی تێنەگات ئەوەش دەخاتەڕوو، ئەگەر هاتوو تێکردە ڕوون نەبوو، دەبێتە هۆی تێكەڵبوون و تێكشكاندنی پرۆسەی فێربوون. بۆ نموونە (دەتوانین لە

---

١- بۆزیاتر زانیاری لەبارەی گریمانەی تێکردە بۆلایەنی مێژوویی لە لای (كراشن) بروانە :

1-Krashen:(1982 ,1994)
2-Ellis , R (1991: 41)
3-Cook (2008 : 215)
4- krashen (1981 : 54-55 )

فێرخوازانی سەرەتایی داوابکەین: ئێوە دەتوانن چەند کاتێك لەگەڵ تەلەفیزیۆن بۆ بیستن، سەیرکردن، بەرنامە بە زمانی ئامانج، کە بەرزترە لەئاستی خۆتان ببەنەسەر. لێرەدا فێرخوازەکان دەتوانن سوودمەندبن، بەلاّم بە ڕێژەیەکی کەم، بۆیە پێویستە لەسەرەتادا سیستەمێك بۆ فێربوون بەتایبەتی لەگەڵ کەسانی بەتەمەندا هەبێت، چونکە ئەم سیستەمە ڕێگای فێربوون ئاسان دەکات)[1].

لە گریمانەی تێکردەدا (کراشن) دوو بیرۆکەی تری بۆ توانای تێگەیشتن و فێربوونی زمانی دووەم هێنایە پێشەوە، کە (جەخت لەسەر گرنگی ئاسانکردن دەکاتەوە)[2]. بیرۆکەکانش بریتین لە:

١-ئاخاوتن بەرهەمی فێربوونە، نەوەك هۆکار.
٢- ئەگەر هاتوو تێکردە ڕوون بوو، ئەوا فێرخواز یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکان بە لاوەکی فێردەبێت، واتە بەشێوەی ڕاستەوخۆ تێکەڵ بە دەوەروبەر دەبێت[3].

لێرەدا دەکرێت بە گوێرەی ئەم گریمانەیە پرسیاربکەین: ئایا چۆن فێربوون ڕوودەدات ؟

کراشن ئەو وەلاّمەمان بۆ دەخاتەڕوو: بۆ ئەوەی گریمانەی تێکردە ببێتە بابەتێکی فێربوون و وەرگیراو، ئەوا سێ قۆناغی گرنگی دەسنیشانکرد، کە بریتین لە:

١- تێگەیشتنی شێوازی زمانی دووەم بەندە بە ئاستی بەرز (i+1)ەوە، واتە بەستنەوەی بە واتاوە.
٢-تێبینیکردنی بۆشایی لە نێوان شێوازی زمانی دووەمدا لە ئاستی بەرز (i+1) وە یاسای زمانی دیاریکراو.

٣-چاوپێخشان و دەرخستنی شێوازی بەرز (i+1) بە سنووری کەمتر لە دوبارە کردنەوە[4].

هاوکات تارۆن و لیو (Tarone and Liu,1995) گفتوگۆیان دەربارەی تێکردە کردووە و وتیان: (( کارلێککردنی خوێنەر بۆ چەند هەڵوێستێك لەسەر پرۆسەی فێربوونی زمان و خێراکردنی کاریگەری هەیە، بەلاّم بەرێگا و پلەی جیاواز، بە واتایەکی تر (تێکردە بۆ فێربوونی زمان بە تەنیا سودبەخش و تەواونییە، لەبەرئەوەی هەر ئاخێوەرێکی زمانی یەکەم، کاتێك گوێی لە وشەکانی زمانێك دەبێت، بێ ئەوەی بیر لە ڕێزمان بکاتەوە بەسانایی دەتوانێت واتاکانی ڕوون بکاتەوە.

بۆ نموونە: فێرخوازێك گوێی لە وشەی (هەنار، کڕی ، کوڕ)دەبێت، فێرخواز بێدروستکردنی ڕستە درك بە واتای ئەم دەربڕینانە دەکات، ئەوە دەگەیەنێت (کوڕ هەناری کڕی)، بەلاّم لە گریمانەی دەرکردەدا(Output) ئەم واتاییە ناگەیەنێت، (لەبەر ئەوەی تاك ناچار دەکرێت ئەم وشانە لە ڕۆنانی

---

١ - موسى رشيد حتاملة ( ٢٠٠٦: ٩٢)

2-krashen (1985: 6)
3-krashen ( 1985: 2)
4- krashen (1983: 138-139 )

ڕستەدا بەکاربهێنێت، بۆیە بەکارهێنانی ڕستە فێرخواز ناچاردەکات لە پرۆسەی واتای وشەکان بیانگۆڕێت بۆ پرۆسەی دروستکردنی ڕستە)[1].

دەشێت پرسیاریکی تر لامان گەڵاڵە بێت و بپرسیین: سروشتی تێکردە بۆ فێرخواز چییە؟

وەڵامێکی گونجاو و لەبارمان لە لێکۆڵینەوەکەی فیرگوسۆن (Ferguson) لە ساڵی (١٩٧١) دەستدەکەوێت، ئەم زمانەوانە لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناونیشانی (کێشەی ئاسانکردنی زمان) ، کە ئاراستەی کەسانی کەمتەرخەمی وەکو ( منداڵ، فێرخوازی زمانی دووەم)ی دەکات، (فیرگوسۆن) لە لێکۆڵینەوەکەیدا ئەوەی خستەڕوو فێرخوازە زمانپاراوەکان (ڕەسەن) لە ڕووی دەربڕین و ڕێزمان و فەرهەنگەوە کۆنترۆڵی خۆیان دەکەن، ئەم فێرخوازانە ناو دەبرێن بە منداڵ و ئاخێوەری تازە پێگەیشتوو، بەڵام جۆری ئاخێوەری بەرانبەر بە فێرخوازی زمانی دووەم (ناڕەسەن) ناوبراون، کە ناتوانن بەسانایی و بەلێهاتوویەکی شارەزایی بەرزەوە کۆنترۆڵی زمانی مەبەست و دیاریکراوبکەن.

لەم گریمانەیەدا مەبەست و ئامانجمان بریتییە لە دیارکردنی لێکچوونی شێوازی دروستی و هەڵەیی و دەربڕینی زمانیی لە نێوان هەردوو زمانی فێرخوازانی(یەکەم و دووەم)دا.

وەکو لەم خشتانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

**خشتەی ژمارە(١)**

| زمانی یەکەم(ڕەسەن)ی ئینگلیزی | زمانی دووەم(ناڕەسەن)ی کوردی |
|---|---|
| 1b- Dyu wanna go?<br>2b-No ,I can't. | 1a- Do you want to go?<br>2a-No ,I can not. |

**خشتەی ژمارە(٢)**

| زمانی یەکەم(ڕەسەن)ی کوردی | زمانی دووەم(ناڕەسەن)ی ئینگلیزی |
|---|---|
| ٣ أ- بۆ قوتابخانە دەچیت ؟<br>٤-نا بۆی ناچم، (نا ناچم – )،(ناچم). | ٣ب- ئایا تۆ بۆ قوتابخانە دەچیت ؟<br>٤-نەخێر من بۆ قوتابخانە ناچم. |

1-Swain ,M(1985:118)

بەپێی گریمانەی تێکردە ئەوەی لە هەردوو خشتەکەدا بەدیدەکرێت، ئاخێوەری یەکەم (ڕەسەن)ی زمانەکە، بە شارەزایی و لێهاتوویەکی زۆری پێشینەی کۆزانیاری و فەرهەنگییەوە کۆنترۆڵی یاسای ڕێزمانی زمانەکەی خۆی کردووە و دەتوانێت بێ سڵکردنەوە لە هەڵەکردن بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونەوە لە تەواوی واتای وشە و ڕستەکان بگات و بە ئاستێکی باش دەریببڕێت و تەواوی تێگەشتنی واتایش لە زمانەکەیدا بەرجەستەبکات.

بەڵام ئاخێوەری زمانی دووەم(ناڕەسەن) ئەو توانا و لێهاتوویەی لێچاوەڕوان ناکرێت، چونکە پێشینەیەکی ئەوتۆی بۆ زمانە نوێیەکە نییە، تا کۆنترۆڵی زمانەکە بکات، بۆیە بۆ تێگەیشتن دەبێت بە ناچاری پەنا بباتە بەر گۆڕانی پرۆسەی واتای وشەکان و بەکارهێنانیان لە ئاستی ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەدا.

بە تێڕوانیین لە خشتەی (١) و (٢)دا دەتوانیین گرنگترین تایبەتمەندییەکانی لێکچوونی ئاخێوەری زمانی دووەم دەستنیشانبکەین، کە بریتیین لە ( ئاخاوتن لە سەرخۆن، بەرزکردنەوەی دەنگ ، بۆ ماوەیەك بێدەنگبوون ، بەکارهێنانی وشەی سادە، کەمی زاراوە، دوبارەکردنەوەی وشە)[١]، واتە وشەکان پچرپچڕن و واتایان پڕنییە، پابەندبوون و لانەدان لە قاڵبی سیستەمی زمان، گرنگیدان و خودان بە ڕۆنانی ڕستە.

لە کۆتایدا بۆمان دەردەکەوێت گریمانەی تێکردە خاوەنی سەرنجدانێکی گەورەیە بۆ فێرخوازانی زمانی دووەم و ئەو کەسانەی وەکو ڕێبازێك بە مەبەستی سەرخستنی کردەی فێربوون لە فێربوونی زمانی دووەمدا بەکاریدەهێنن. لەم گریمانەیەدا فێرخواز توانای فێربوون و تێگەیشتن و دەربڕینی لە ئاستی وشەوە بەرزدەکاتەوە و دەیگۆڕێت بۆ ئاستی ڕستە، چونکە بەکارهێنانی ڕۆنانی ڕستە بۆ فێرخواز ناچارییە، تا لە واتای زمانەکە بگات.

## ١-٢-٢)گریمانەی کارلێککردن:

گریمانەی کارلێککردن یەکێکە لە گریمانەکانی فێربوونی زمانی دووەم، ئەم گریمانەیە (هەوڵدەدات بۆ گەشەسەندنی فێربوونی زمان و بەهێزکردنی کارلێککردن، ئەویش بە گرتنەبەری ڕێگای بەرانبەری و گەیاندن دەبێت)[٢]. ئەم بیرۆکەیە لەلایەن میشێل لۆنگ (Michael long) لەساڵانی نەوەدەکاندا بوونی هەبوو، بە پرۆسەیەکی گرنگ لە فێربوونی زمانی دووەم دادەنرێت، ئەم گریمانەیە لەلایەن (لۆنگ)ەوە فراوانکراوی گریمانەی تێکردەی (کراشن )ە. لۆنگ لە لێکۆڵینەوەکەیدا لێکۆڵینەوەی لەسەر دوو گروپ کرد،

---

١- سوزان م. جاس، لاري سلينكر، ( ٢٠٠٩: ٤٠٤)

2-Johnson, K ; Johnson, H , eds. (1999: 174).

هەر گروپە و لە (١٦) فێرخواز پێکهاتبوو، گروپی یەکەم فێرخوازی زمانپاراو( زمانی یەکەم) بوون، گروپی دووەمیان فێرخوازی تێکەڵاوبوون لە زمانپاراو و زماننا پاراو (زمانی یەکەم و دووەم)، گرنگی لێکوڵینەوەکە لەوەدایە فێرخوازەکان لە هەردوو گروپدا ڕوبەڕوو لەگەڵ گروپی خۆیاندا ئاخاوتنیان دەربارەی کاری فەرمی و گفتوگۆکردن و ئامۆژگاریکردن و یاریکردن دەکرد، لە لێکۆڵینەوەکەدا ئەوە دەرکەوت هەڵەی زۆر کەمتر لە نێوان زمان پاراوەکان(زمانی دایك) بەدیدەکرێت، بەراورد بە گروپی دووەم، کە پێکهاتبوو لە فێرخوازی زمانپاراو و فێرخوازی زماننا پاراو، لەبەرئەوەی لەم گروپەدا زیاتر دوبارەکردنەوە و پێداچوونەوە و هەڵە بەدیدەکرا ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پاراوی و ناپاراوییەی زمان لە گریمانەی کارلێککردندا زۆر گرنگە، چونکە (فێرخواز هاندەدات جەخت لەسەر سەرنج و فێربوون بە شێوەیکی ڕەوان و دروستبکاتەوە)[1].

بۆیە دەکرێت دوو جۆر لە شێوازی کارلێککردن بخەینەڕوو ئەوانیش بریتین لە:

١- کارلێککردنی بەهێز : بریتییە لە پەرەسەندن و گەشەکردنی زمانی کارلێکراو (فێرخوازی زمانی دووەم) بە شێوەیەکی بەهێز لەلایەن کارلێکەرەوە( زمانی یەکەم)، کە کارلێککردنەکە یاریدەدەرە بۆ گەشەی زمان.

٢- کارلێککردنی بێهێز(لاواز) ، بریتییە لە (کارلێککردنێکی لاواز و دیاریکراو، ڕێگایەکی سادەیە، فێرخواز وەکو هەلێك بۆ فێربوونی زمانی دووەم هەڵیدەبژێرێت، جا ئەو ڕێگایە سوود بەخشبێت یان زیان بەخشبێت)[2]. واتە کارلێککردنەکە وادەردەخات، ڕێگەی ئاسان بگرێتەبەر بۆ بەدەستهێنانی زمان و بەرهەمی بهێنێت.

زۆربەی لێکۆڵینەوەکان فێربوونی زمان بە کارلێککردنەوە دەبەستنەوە ، بەڵام ( بیرۆکەی کارلێککردن بۆ گەشەسەندنی زمانی دووەم هۆکارێکی بنەڕەتی نییە)[3]، لەم بارەیەوە (لارسن فریمان و لۆنگ)دەڵێن: (( کارلێککردن بۆ بەدەستهێنانی زمان گرنگ نییە، بەڵکو یارمەتیدەرێکە لە بارودۆخێکی دیاریکراودا.))[4].

واتە کارلێککردن ( هۆکارێکە بۆ جەختکردن و سەرنجدانی فێرخواز، بۆئەوەی بتوانێت لە نێوان زمانی مەبەست(زمانی دووەم) و زمانی یەکەمدا جیاوازی بکات، ئەو ڕاستییەی دەیبیستێت، بەشێکە لە سەرنجدان لە ڕێگای گفتوگۆکردنەوە دێتەئاراوە )[1] .

[1] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

1-Long, M .H. (1996 : 85)
2-Johnson, K ; Johnson, H, eds. (1999 : 174)
3- Brown , H . D. (2000: 287–288)
4- Larsen, F. Diane ; Long, M (1991 : 143–144)

کارلێککردن لە زمانی دووەمدا بەشێکە لە گەیاندن، ئەمیش بێگومان بەهۆی گفتوگۆکردنەوە سوودبەخشدەبێت و بە سەرچاوەیەکی سەرەکی زمان دادەنرێت، چونکە (فێرخواز لە ناخی خۆیەوە لەماوەی بەشداریکردنیدا توانا بۆ دەربڕینی زمانی مەبەست بەدەستدەهێنێت و دەتوانێت ڕستە دەربڕێت و واتاکەشی بگەینێت، واتە لەگەڵ کارلێککردندا بەهرەی زیاددەبێت)[٢]. زۆر لە (لێکۆڵەرەکان[٣] ئاماژە بە گریمانەی کارلێککردن دەکەن، کە (ڕۆڵێکی کاریگەری بەگشتی لە زمان فێربووندا هەیە، بەتایبەتی ئاماژە بەوە دەدەن ئەم گریمانەیە ڕاستییەکی بنەڕەتییە لە پەروەردە و فێربوونی زمانی دووەمدا)[٤].

ڕۆڵی گریمانەی کارلێککردن لە فێربوونی زمانی دووەمدا بە داواکاری خۆی دەنوێنێت و پڕۆسەی فێربوونی زمانی و تێگەشتن دەخاتە بەر دوو تەوژمی سەرەکی لە پێشکەشکەشکردنی دواکاریدا. ئەم داواکاریانەش ڕۆڵی کارلێککردن لە بارەی زمانی دووەمەوە دەگێڕن ئەوانیش بریتین لە:

١- گرنگی تێگەیشتنی تێکردە بۆ زمانی دووەم لە چاککردنەوەی هەڵەی فێرخوازی زمانی دووەم لەسەر شێوەی کارلێککردن سەرچاوەدەگرێت.

٢- گرنگی گریمانەی کارلێککردن لە دواکاریدا لە تێگەیشتنی گفتوگۆکردندایە، کە بە پڕۆسەی دانوساندندا بۆ گەیاندن و یارمەتیدانی تێگەیشتنی تێکردە بۆ فێرخوازی زمانی دووەم دەڕوات [٥].

کاری فێرخواز بۆ فێربوونی زمانی دووەم بە هوشیاری و کۆزانیارییەوە بەندە. جۆری گفتووگۆکردنیش هۆکارێکی تری سەرنجراکێشە بۆ فێرخوازانی زمانی دووەم.

ئامانجی گریمانەکە بریتییە لە گەیاندنی چۆنیەتی و تێگەیشتنی زمانی دووەم لەبەر ڕۆشناییەکی ڕاست و دروستدا، لەبەر ئەوەی بەڵگەی فێربوون لای فێرخوازی زمانی دووەم سنووردارە.

ئەو بەڵگانەیش بریتین لە دوو جۆر:

---

1- Gass , Susan ; Selinker, Larry (2008 : 350)
2- Ahmed A. Al Khateeb(2014:294)
٣ - بەشێك لەو لێکۆڵەرانە بریتیین لە ( گاس و ماکی ٢٠٠٧، ئۆگنیو ٢٠٠٨، یانگ ٢٠١٢، لیزلی ٢٠١٥).
4-Ahmed A. Al Khateeb (2014:294-295)
5- Ellis, R  (1991:3)

١- بەڵگەی ئەرێنی:

ئاماژە بە کۆمەڵە ڕستە و وتەیەکی ڕاست و دروستدەکات، لەلای فێرخوازەوە بە باشی و تێگەیشتنەوە داڕێژراون. وەك :

<u>ئاخێوەری زمانی دووەم (ناڕەسەن)کوردی</u>

5a-He worked abroad for a year.

٥ب- ئەو بۆ ماوەی ساڵێك لە دەرەوە کاریکرد.

<u>ئاخێوەری زمانی دووەم (ناڕەسەن)ئینگلیزی</u>

٦أ-من چێژ وەردەگرم لە یاریکردنی تۆپی پێ.

6b-I enjoyed playing football.

٢- بەڵگەی نەرێنی:

پێکهاتووە لە کۆمەڵە زانیاری و کۆزانینێك، فێرخوازی زمانی دووەم بەشێوەیەك دەریدەبڕێت، هەڵەی ڕۆنانی ڕستەی تێدا بەدیدەکرێت، بە سەرنجدان لە نموونەکانی (8a، ٩ أ ) هەڵەی فێرخواز لە توانای ڕۆنانی ڕستەکاندا دەردەکەوێت :

<u>ئاخێوەری زمانی یەکەم (ڕەسەن)ئینگلیزی</u>

7a-Did you fly to Hawler yesterday?

٧ب-ئایا دوێنێ بۆ هەولێر گەشتت کرد؟

<u>ئاخێوەری زمانی دووەم (ناڕەسەن)کوردی</u>

*8a-Did Iflied here yesterday?

٨ب-ئایا من گەشتم کرد لێرە دوێنێ؟

<u>ئاخێوەری زمانی دووەم (ناڕەسەن)ئینگلیزی</u>

٩أ-خۆر لە ڕۆژهەڵات ئاوادەبێت لە ڕۆژئاوا دروستدەبێت.

10b -The Sun rises in The east and sets in the West .

لەم نموونانەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئاخێوەری زمانی دووەم (ناڕەسەن)ی زمانی کوردی بێت یان زمانی ئینگلیزی بێت، کاتێك ڕستە دروستدەکات بەشێوەیەکی نادروست دەریدەبڕێت، وەکو لە نموونەکانی (8a ،٩أ ) دیارە، بۆیە ( ئاخێوەری زمانی ڕەسەن لەڕێگای گفتوگۆکردن لەگەڵ فێرخوازانی دووەم ئاماژە بەوە دەکات، هەڵە لە ئاخاوتنی فێرخوازی زمانی دووەمدا هەیە، ئەویش بەڕێگای پێشکەشکردنی نموونەی تر ئاماژە بەوە دەکات، ڕستەی ئاخێوەری زمانی دووەم نادروستییەکی تێدایە، بۆیە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕستەیەکی دروست دەردەبڕێت، بۆ ئەوەی فێرخوازی زمانەکە لەوێوە زانیاری وەربگرێت و تێبگات ئەوەی دەری بڕیوە نادروستە)[١]. بێگومان ئەم جۆرە گریمانەیە بە گفتوگۆکردنەوە بەندە، لە بیر و بۆچوونی (ئیلیس)دا دەردەکەوێت (کارلێککردن پشکێکە لە گەشەکردن هۆکارێکە فێرخواز دەتوانێت بە هۆیەوە بەربەستەکان بشکێنێت، سەرباری ئەوەی پەیامەکەی بنەمای زمانیی لە خۆ دەگرێت، کە لە توانای ئەودا نییە، بەڵام فێرخواز دەتوانێت ئاخاوتن بەرهەم بهێنێت)[٢].

لە زمانی دووەمی فێرخوازدا کارلێککردنی گفتوگۆکردن بنەمایەکی سەرەکی بۆ گەشەسەندنی زمانەکەی پێکدەهێنێت، بۆیە، ( **لۆنگ** ئەو بیرۆکەیەی ناوبردووە بە گریمانەی کارلێککردن، واتە گفتوگۆکردن لە پێناو واتادا، بەتایبەتی چالاککردنی گفتوگۆکردن لە ڕێگای ئاخێوەری زمانی یەکەم یان ئاخێوەرێکی بە تواناوە دەبێتە هۆی پەیداکردنی چاککردنەوەی کارلێککردنی ناوەکی، ئەمیش دەبێتە هۆی ئاسانکردنی پرۆسەی فێربوونی زمان)[٣].

کەواتە گریمانەی کارلێککردن کاریگەری لەسەر فێربوونی زمان و خێرایی کردنیدا هەیە، چونکە دەبێتە هۆی تێکەڵاوبوون بە ئاخێوەری زمانی یەکەم(ڕەسەن) و بەمیش فێرخواز شارەزایی و کۆزانیاری لە جۆری زمانی مەبەستدا پەیدادەکات وە کۆکردنەوە و دەوڵەمەندکرنی زانیاری لە جۆرەکانی ڕستەی سەرسورمان و ڕستەی پرسیاری ...... هتد لە زمانی دووەمدا.

## ١-٢-٣) گریمانەی دەرکردە:

لە وەچەپارەکانی پێشوودا جەختمان کردە سەر گریمانەی تێکردە و بۆ چوونەکانی ئەم گریمانەیە لەسەر کارلێککردن و کاریگەری لە کاتی فێربوونی زمانی دووەمدا، بۆیە پێویستە ئێستا لە گریمانەیەکی تر بدوێن ئەویش بریتییە لە گریمانەی دەرکردە (**output**)، کە قۆناغی کۆتاییە لە پرۆسەی فێربوونی

---

[١] - سوزان م. جاس ، لاري سلينكر ( ٢٠٠٩: ٤٥٢)

2-Eills, R (1984-95 )
3-Long, M.H. (1996:413)

زمانیدا و پێویستە تاقیکردنەوەی قۆناغی تێکردەی تێدابکرێت، چونکە تێکردە بە تەنیا بۆ فێربوونی زمانی دووەم بەس نییە، کاتێك فێرخواز زمانی دووەم گوێی لە زانیارییەك دەبێت، بەدەگمەن دەتوانێت بەبێ زانیاری چۆنیەتی دروستکردنی ڕستە واتاکەی ڕوون بکاتەوە.

لە گریمانەی تێکردەدا بۆ ڕوونکردنەوەی واتا، وەك ئاماژەمان پێدا بە تێگەیشتنی فێرخوازەوە بەندە، بەڵام لەگریمانەی دەرکردەدا فێرخواز ناچارە ڕستە دروستبکات، واتە ئەو وشانەی گوێیلێدەبێت، بەس نییە بۆ فێربوون، بۆئەوەی بە ئەنجامی فێربوونێکی باش بگات، پێویستە لە ڕستەی ڕاست و دروست لەڕووی واتا و ڕێزمانەوە بەکاریانبهێنێت، بۆ نموونە فێرخواز گوێی لە وشەی (پیاو ، دز ، کوشت) دەبێت، بۆگەیشتن بەواتای دروست، پێویستە ئەم وشانە بخاتە نێو ڕستەوە، کە

(١٠- پیاوەکە دزەکەی کوشت.)

بەڵکو لەوانەیە پێچەوانەکەی بێت:

( ١١- دزەکە پیاوەکەی کوشت.)

واتە (پێویستە بەرهەمی ئاخاوتن لە پرۆسەی واتای وشەوە بگوازرێتەوە بۆ ڕۆنانی ڕستە)[١].

لەبەر ئەم هۆکارانە بوو، ئەم گریمانەیە لەلایەن (Merrill swain) لەساڵی (١٩٨٥) سەریهەڵدا. (سوین) درکی بەوەکرد لە لای ئەو منداڵانەی لە قۆناغی دەستپێکی خوێندنی سەرەتاییەوە، تا پاش تەواوکردنی خوێندنی ئەکادیمی زمانی دووەم بەکاردەهێنن، کەموکوڕی لە گەشەکردنی زمانی دووەمیاندا هەیە، بۆیە دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە لە نێوان دوو گروپی جیاواز هەر گروپێك لە (١٦) فێرخواز پێکهاتبوو، بەمەبەستی بەراوردکردنیان لە فێربوونی زمانی دووەمدا، گروپی یەکەم بریتیبوو لە فێرخوازی زمانی دووەم بۆ زمانی فەرەنسی، گروپی دووەم بریتیبوون لە زمانپاراو (زمانی یەکەم)ی فەرەنسی، پاش بەراوردکردنیان گەیشتە ئەو ئەنجامەی دەرکردە بۆ فێربوونی زمانی دووەم ڕۆڵی گرنگی هەیە، چونکە گروپی یەکەم لە ڕووی زمانیی و سینتاکسی و دەربڕینەوە کەموکوڕیان تیادابەدیدەکرا، واتە توانایان نەبوو، زمانی دووەم وەکو بەرهەمێکی دەسکەوتوو بەکاربهێنن، بۆیە (سوین) دانیبەوەدانا دەرکردە بۆ فێربوونی زمانی دووەم گرنگە. دەرکردە ڕێگایەکە بۆ ڕاهێنان و زانیاریی پێشووتر نەوەك داهێنان، بە واتایەکیتر دەرکردە لەلایەن فێرخوازەوە بریتییە لە لاساییکردنەوە بە ڕێگای ڕاهێنان و دوبارەکردنەوە بەمەبەستی پاڵنانی بەرهەمەکانیان بۆ تێگەیشتن، چونکە دەرکردە وا لە فێرخواز دەکات، پرۆسەی واتای ستراتیژی بگوازێتەوە بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی پرۆسەی سینتاکسی تەواو، تاوەکو دەستکەوتەکەی چڕ و وردتر بێت[٢].

---

1-Swain , M . (1985 : 249)
2- Swain , M (1995: 128 )

لێرەدا پرسیارێك دێتەئاراوە:

ئایا دەرکردە لە فێربوونی زمانی دووەمدا ڕۆڵی ناوەندی هەیە ؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لە ئەزموونی (١٠)ساڵی (سوین)ەوە لە بارەی گریمانەی دەرکردەوە وەردەگرین.

ناوبراو وتی: چوار ڕێگا بۆ زیادکردنی ڕۆڵی دەرکردە لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا هەیە، ڕێگاکانیش ئەمانەن:

١- تاقیکردنەوەی گریمانەکان لە چوارچێوەی ڕۆنان و واتای زمانی مەبەستدا دەبێت.

٢- پێشوازی گەڕانەوە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی گریمانەکان.

٣-گەشەسەندنی ئامێرەکانی فێربوون بە مەبەستی بەرهەم هێنانی زمانیی.

٤- سەپاندنی گۆڕانکاری لە پرۆسەی واتاوە بۆ دانانی ڕێبازی ڕێزمانی لە زمانی دووەمدا[١].

لە کۆتایدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، گریمانەی تێکردە ڕۆڵێکی باڵای لە فێربوونی زمانی دووەمدا هەیە، چونکە هەڵوێستێکی ئەوتۆ بۆ فێرخوازی زمان فەراهەم دەکات، کە لە ڕووی پێشکەوتنی زمان و زمانڕەوانیدا دروستببێت، هەروەها بۆ فێرخواز هەلدەڕەخسێنێت بەمەبەستی فێربوونی ئەو زانیاری و کۆزانیاریانەی، کە نایزانن. دەسکەوتێکی تری ئەم گریمانەیە بۆ فێرخواز پێدانی کات و ڕێپێدانە ( ئەزموون و نەخشەکێشانی دەربڕینی نوێ و گەڕانەوەی زانیاری پێشووە، کە وا لە فێرخواز دەکات بە باشی فێرببێت)[٢].

## ١-٢-٤) گریمانەی کلتوری کۆمەڵایەتی:

ئەم گریمانەیە لە چەمکی کلتوری کۆمەڵایەتییەوە دەڕوانێتە فێربوونی زمانی دووەم، دەستپێکی گریمانەکە بە گریمانەی ڤیگۆتسکی (vygotsky) ، واتە کارلێککردنی کۆمەڵایەتی هەنگاوی هەڵگرت ، تێروانینی ئەم گریمانە بۆ بنەمای فێربوونی زمان، فێربوون دەبەستێتەوە بە کارلێککردنی کۆمەڵایەتییەوە، (ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ بیرۆکەی (گریمانەی ژینگەیی و ڕەوشتی) لە چوارچێوەی فێربوونی زماندا بەربەستنییە، بەڵکو کۆکردنەوەی بیر و بۆچوونی گریمانەکانی ترە بەیەکەوەبەستنەوەیانە لە ژێر بیر و چەمکێکی نوێدا بە ناوی گریمانەی (کلتوری کۆمەڵایەتی). ئامانجی ئەم گریمانەیە هەوڵدانە لە

١ - سوزان م. جاس، لاري سلينكر،( ٢٠٠٩ : ٤٣١)

2-Vygotsky (2006:88 )

پێناوی بەیەکبەستنەوەی کۆمەڵە گریمانەیەك، چونکە توانای فێربوون تەنیا بەیەك گریمانەوە بەند نییە)[1].

ئەم گریمانەیە ((ڤیگۆتسکی فێرخوازی باڤلوڤ لیڤ هێنایە ئاراوە))[2], دوبارە بە چەند وشەیەك دایڕشتەوە، کە ( پەیوەندی نێوان بیر و وشەی خستەڕوو، کە بریتییە لە مرۆڤی زیندوو)[3]. ئەم گریمانەیە بابەتەکەی لە چوارچێوەی کارلێککردنی کۆمەڵایەتیدا دەخولێتەوە، کاریگەریەکی بەهێزی بۆ گەشەسەندنی زانیاری هەیە، لەم بارەیەوە ڤیگۆتسکی بیر و بۆچوونی خۆی دەردەبڕیت و دەڵێت (( هەر کارێك پەیوەندی بە گەشەی ڕۆشنبیری منداڵەوە هەبێت، دووجار دەردەکەوێت، جارێکیان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کۆمەڵ و نێوانیان، جاری دووەمیش لەسەر ئاستی تاك و دەروونی منداڵ لە ناخی خۆیدا.))[4], بۆیە ڤیگۆتسکی هۆکار بۆ گەشەسەندنی تاك بە گرنگ و سەرەکیی دادەنێت، نووسینەکانی بۆ زانیاری و کۆزانیاری جەخت لەسەر بوونی هۆکاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەکەنەوە، ئەمیش ئەوە دەگەیەنێت، گەشەسەندنی زانیاری بۆ ئەوەی کارلێککردنێکی تەواوی تێداڕووبدات، پێویستی بەکات هەیە.

(زۆربەی کارەکانی گریمانەکە لە چوارچێوەی چۆنیەتی فێربوونی زمانی فێرخواز دەخولێتەوە.)[5] ، بۆیە (Ellis) دەڵێت (( نموونە کاریگەریەکی زۆری لەسەر فێربوونی زمانی دووەمدا هەیە))[6]. ئەم گریمانەیە بە بیروبۆچوونی جیاواز دەناسرێتەوە، کە تایبەتە بە ڕوونکردنەوەی پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم.

واتە بنەمای سەرەکی گریمانەکە بۆ کارلێککردن و بەردەوامبوون و ئاڵوگۆڕکردن لە نێوان ڕەفتار و زانیاری و کاریگەری ژینگەی دەرەکی تاك لە سەر فێربوونی زمانی دووەمدا دەگەڕێتەوە، چونکە وا دادەنرێت ڕەفتاری فێرخواز و کەسایەتی و ژینگەکەی سیستەمێکی ئاڵۆز لە ئەنجامی کاریگەری ئاڵوگۆڕکردن و کارلێککردندا دروستدەکەن.

---

[1] - هاجر الملاحي، ( ٢٠١٦: ٣ )

2-Vygotsky (1962 : 117)
3-Scovel ( 2001:142)
4-Vygotsky (1962 : 118)
5-Mick, R ( 2007 : 39)
6-Ellis, R (1978: 211 )

## ١-٢-٤-١) بنەما گرنگەکانی گریمانەی کلتوری کۆمەلأیەتی:

١- کاریگەری دەرەکی لە ماوەی کارلێککردنی پرۆسەی زانیاریدا کاردەکاتە سەر ڕەفتار، بەلگەش بۆئەوە کاتێك مرۆڤ ڕەفتارێکی دیاریکراو دەنوێنێت، پێش ئەنجامدانی بیر لە کارەکەی دەکاتەوە، بۆیە بیروبۆچوونی تاك بەگوێرەی ژینگەی دەرەکی و زانیاری بۆ بابەتەکە سنوری کارلێککردن دیاریدەکات[1].

٢- زانیاری ڕۆلێکی بالأی لە فێربوونی کۆمەلأیەتیدا هەیە، پرۆسەکەیش بۆ فێربوون شێوازی نموونەی هێمایی وەردەگرێت، لە بیر و ئاوەزییەوە کاردەکاتە سەر ڕەفتاری تاك و کارلێککردنی لەگەلٚ ژینگەکەیدا .

٣- فێربوون بە هۆی تێبینیکردنەوە لە ماوەی بەدواداچوونی نموونەی زیندو و ڕاستیدا دێتەئاراوە، نەوەك بەستنەوەی بە شتە کلاسیکیەکان(کۆن)، هەربۆیە زانیاری و کۆزانیاری پێشینە ڕۆلێکی گرنگی بۆ سەر فێربوونی زمانی دووەم هەیە، بارودۆخی ژیانی ڕۆژانەی فێرخوازی زمانی دووەمیش کاریگەری زۆری لەسەر فێربوونی زمان هەیە، لەبەرئەوەی ئەو بارودۆخە زۆر جیاوازە بە بەراورد بەوەی دەیخوێنێتەوە، یان گوێیلێدەبێت.

٤- فێربوون بەهۆی تێبینی فێرخوازانی ترەوە وا لە فێرخواز دەکات، هەلە گەورە و زەقەکانی خۆی ڕاستبکاتەوە، جا چ بە مەبەست، یاخود بە ڕێکەوت بێت، لەبەرئەوەی ئەم فێربوونە بەهۆی توانایی و سەرکەوتنی ئەرێنی خودییەوە دێتەئاراوا، ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنی ئەو هەلأنەی، کە تێیدا دەردەکەوێت. لەهەمانکاتیشدا بەهۆی پشتبەستن بە تێبینییەکان و بینینی نموونە پێشاندراوەکان بۆ فێرخواز دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوون و داهێنان و چارەسەرکردنی ئەو هەلأنەی ڕوبەروی دەبێتەوە[2].

٥- فێربوونی کۆمەلأیەتی بەندە بە تێبینیکردن و جەختکردنەوە لەسەر پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم بە شێوەیەکی بەئاگایی و هوشیارییانە بە جۆرێکی چڕ و ورد، ئەمیش بە مەبەستی چوونە ناوەوەی زانیاری و کۆزانیاری و هێماکانی وەلأم دانەوەی مەبەستدار لە فێربوونی زمانی دووەمدا[3].

---

[1] - علي راجح بركات ( دون سنة ۲: )

[2] - باربارا أنجلز (١٩٩١: ٣٦٧)

[3] - الزيات (١٩٩٦: ٣٦٥)

## ١-٢-٤-٢) ڕێبازی کۆمەڵایەتی لە فێربوونی زمانی دووەمدا:

ئەوەمان خستەڕوو، فێربوونی کۆمەڵایەتی لەسەر تێبینیکردن و جەختکردنەوە بەندە ، لێرەدا دەتوانیین چەند ڕێباز و یاسایەك بۆ ئەم گریمانەیە دیاریبکەین، کە بریتین لەمانە:

١- **پرۆسەی هوشیاری:** بریتییە لە پلە و ئاستی جیاوازی فێرخوازەکان، دەربڕین و توانایان لەسەر چارەسەرکردنی زانیاریی تێبینیکراو و جیاوازیکردنی تایبەتمەندییەکان، لەم پرۆسەیەشدا زۆربەی هۆکارە کاریگەرییەکان بە مەبەستی لاسایکردنەوە، یان چوونەناویەك تێکەڵ بە هوشیاری و ڕەفتاردەبن.

٢- **پرۆسەی بە بیرهێنانەوە:** ئەم پرۆسەیە بەندە بە ڕێگا و ستراتیژی تاك لە کاتی ڕێکخستن و ڕێککردنی زانیاری و بەستنەوەیان بە زانیاری پێشوەختە و وەرگێڕانی بۆ سەر ڕەفتاری فێربوونی زمانی دووەم لەگەڵ بەستنەوەیان بە بنەماو هەڵوێستەکان و یارمەتیدانی بۆ بە بیرهێنانەوەی ئەمیش بەند بە دوو ڕێبازەوە:

أ- **ڕێبازی بیرکردنەوە و بیروبۆچوون:** بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر شێوەی بیرکردنەوە و واتا و هێما، ئەمە لە کاتێکدایە فێرخواز توانای دەربڕینی نەبێت، دەتوانێت پرۆسەکە بەژێری ئەنجامبدات و ئاستی بەرزی فێربوون بە تێبینییەوە وەربگرێت، بەمەرجێك فێرخواز توانای لاساییکردنەوەی هەبێت [1].

ب- **ڕێبازی هێمای دەربڕین:** ئەم ڕێبازە لەسەر شێوەی چەمك و وشە و تێگەیشتنی زمانیی سەرهەڵدەدات، ڕێبازەکە لای فێرخوازی زمانی دووەم دەستپێدەکات بە بەستنەوەی زانیارییە کۆکراوەکانی بە شێوەیەکی زنجیرەیی، یارمەتی فێرخوازی زمانەکە دەدات، تا ئەو زانیاریانەی لە ئاوەزیدان لەکاتی پێویستدا بە مەبەستی دەربڕین بیری بێتەوە و بیگەڕێنێتەوە.

٣-**پرۆسەی جوڵەیی:** ئەم پرۆسەیە لەسەر هەوڵدان و لاساییکردنەوەی نموونەی ڕەفتاری فێرخوازانی تر بەندە ، پرۆسەکە بە هۆی چوار قۆناغی کۆك و یەك لەدوای یەکدا دێتەکایەوە، ئەوانیش بریتین لە :

أ- **ڕێکخستنی زانیاری بۆ وەڵامدانەوە:** بە ئەنجامی هەرچالاکییەکی هەڵبژێردراو و ڕێکخستن و وەڵامدانەوەی لەسەر ئاستی بیرکردنەوە و زانیاریدا بەندە.

ب- **سەرەتای وەڵامدانەوە:** فێرخواز چۆنیەتی هەڵسووکەوتی و دروستکردنی پێکهاتەکان لە زانیاری و کۆزانیاریدا لەسەر ئەو بارودۆخانەی فێرخوازی لە کاتی فێربوونی زمانی دووەمدا دووچاری دەبێتەوە، دیاریدەکات .

پ- **چاودێریکردنی وەڵامدانەوە:** لەم قۆناغەدا توانای جێبەجێکردن و چالاکی و ڕەفتاری فێرخواز دیاریدەکرێت. ئایا تا چەند توانای دەربڕینی هەیە؟ ئەگەر توانای بۆ دەربڕین تەواو نەبێت، ئەوە

---

1- Schmidt , R , W.(1983 : 138)

پەرەسەندنی جوڵەیی لەسەر فێرخوازی زمانی دووەم پێویستە، هەروەها پێویستە فێرخواز پێش دەربڕین گەشە بە زمانی خۆی بدات.

**ت- ڕوونکردنەوە و پاڵاوتنی وەڵامدانەوە:** لە سەرەتای جێبەجێکردنی وەڵامدانەوە و چالاکی، یان ڕەفتاری لاسایکردنەوە لە نموونەی دیاریکراودا، هەڵە و کەموکوڕییەکان دەردەکەون، ئەمیش دەبێتە هۆی فێربوون بەشێوەیەکی نادروست، لەبەرئەوەی وەڵامدانەوەیەکی ناچالاك و ناکاریگەر بەهۆی نموونەی ناتەواوەوە سەرهەڵدەدات، بۆئەوەی دەربڕینی ڕاست و دروست لە فێربوونی زمانی دووەمی فێرخوازدا ڕووبدات، دوبارە پێویستی بە چاککردنەوە و ڕێکخستن هەیە[1].

**٤- پرۆسەی پاڵنەر** : ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە گریمانەی فێربوونی کۆمەڵایەتیدا جەخت لەسەر جیاوازی لە نێوان فێربوونی تاك و دەربڕینیدا دەکاتەوە، چونکە گرنگ نییە، فێرخواز چەند بەدەستدەهێنێت، بەڵکو، تا چەند دەرئەنجامی ئەرێنی هەیە و دەتوانێت لایەنە نەرێنییەکان بەلاوە بنێت، واتە هەرچەند فێرخواز بۆ فێربوونی زمانی دووەم پاڵپشتی بکرێت، فێربوون و بەرهەمی باشتر بەدەستدەهێنێت ، چونکە ئەم پاڵپشتییە هۆکاری یارمەتیدانە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، وەکو چۆن هاندەری دەرەکی کاریگەری لەسەر فێربوون هەیە. جەختکردنەوە و گرنگیدان بەفێربوون لەسەر چەند هۆکارێکی هەستپێکراو و جیاوازی، وەکو توند و دیاریکراو دەوەستێت. (بۆچوونی تاك لەسەر خەمڵاندنی کارەکانی و دیاریکردنی ڕەفتارەکانی خۆی کاریگەری لەسەر فێربوونی زمانی دووەم هەیە)[2].

لە کۆتاییدا دەتوانیین ئەوە بخەینەڕوو ئەم گریمانەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە فێرخواز، تا چەند لەگەڵ تێبینییەکان و کارلێککردن هەڵدەکات و تێبینی ڕەفتاری نموونەی پێشکەوتوودەکات، لەهەمان کاتدا بۆ فێربوون هەوڵی لاسایکردنەوەدەدات، فێرخوازی زمانی دووەم بەو هەڵانەدا تێدەپەڕێت، کە داوای بەهرەی دیاریکراوی لێدەکەن، گریمانەکە بەمەش ناوەستێت، بەڵکو چاودێری هۆکاری زانیاری و کۆزانیاری و ئەزموونی وەرگیراو لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا دەکات و فێرخواز لە ڕەفتاری کلاسیکی دووردەخاتەوە. هەروەها فێرخواز دڵنیادەبێتەوە لە هۆکاری دەرەکی و بابەتی و هۆکاری خودی و زانیاری لەماوەی کارلێککردنی لەگەڵ ئەم هۆکارانەدا فێربوونی زمانی دووەمی ڕوودەدات، بۆیە گریمانەی فێربوونی کۆمەڵایەتی گرنگی زۆر بە پاڵپشتکردنی هۆکاری یارمەتیدان بۆ فێربوون بە باشی دەدات، هەروەها شێواز بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پۆل و پرۆسەی فێربوون و چالاککردنی لاسایکردنەوە پێشکەشدەکات، ئەمیش

---

[1] - الزيات (١٩٩٦ : ٣٦٨ )

[2] - أنجلز( ١٩٩١ :٣٧٣ )

به هۆی پێشکەشکردنی نموونەی گونجاو لەناو پۆلدا و هاندانی فێرخواز بۆ پشت بەستن بە نموونە و هێنانەوەی نموونەی هاوشێوەی دروست.

ئەم گریمانەیە وابەباشدەزانێت، فێرخوازانی زمانی دووەم ڕاهێنانی کارەکی و نموونەیی بکەن، بۆئەوەی فێرخواز وەکو چالاکییەکی زمانیی توانای لاساییکردنەوەی شێواز و جۆرەکانی ڕستەی هەبیت. ڕوویەکی تری گریمانەی کلتوری کۆمەڵایەتی دەرخستنی زمانی فێرخوازە لە پێشکەشکردنی نموونەی زیندوو بۆ دەربڕینی ڕستەی جیاوازی ئەرێنی و نەرێنی، یاخود هەردوو جۆری ڕستەکە لەگەڵ یەکدا، تاوەکو یارمەتی فێرخواز بدات بۆ چاککردنەوەی لایەنی هەڵەیی، تا دەگاتە ئاستی ڕاست و دروستی و ڕێکوپێکی لە دەربڕیندا.

دەوڵەمەندی گریمانەکە لەوەدایە لە ئاستی دەربڕینی ڕستەدا خۆی گرمۆلە نادات، بەڵکو لە پرۆسەکەدا دەربڕینی دەنگ و دەربڕینی زمانی زارەکی و نووسین بەشداری کاریگەریان دەبێت. پانتایی فێربوونی زمانی دووەم، تا لە توانایدابێت لە گفتوگۆکردن و ئاخاوتن و داواکردنی زانیاری و کۆزانیاری و نووسینی ڕاپۆرت و نامە و بابەتی دەربڕینی ڕستەی ڕاگەیاندن و دانانی و شێوازەکانی تری ڕستە هەڵدەکشێت ، کە کاریگەریان لەسەر فێربوونی زمانی دووەم بەرجەستە دەبێت.

شایەنی وتنە گریمانەکانی فێربوونی زمانی دووەم، پەیوەست بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی جێبەجێکراو لەم نامەیەدا، ئەوە بەسەر نامەکەدا دەسەپێنێت، کە ورد و چڕ بەشی دووەم بۆ لایەنی تیۆری و کارەکی شرۆڤەی ستراتیژ و چۆنیەتی ستراتیژی ئەو هەڵە زمانییانەی لە فێربوونی زمانی دووەمدا دەکرێت، تەرخانبکرێت و بەشی سێیەمیش ڕاستاندنی شرۆڤەی پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم پەیوەست بە داتای وەرگیراودەبێت.

# بەشی دووەم

# ستراتیژ و هەڵە زمانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا

## ٢)ستراتيژ و هەڵە زمانييەكان لە فێربوونی زمانی دووەمدا:

### ١/٢)- ستراتيژەكانی فێربوونی زمانی دووەم:

لە كۆزمانەوانيدا( Sociolinguistic) ستراتيژی فێربوونی زمان و زمانی دووەم، ئەو بابەتانەن لە پێناو بەرەوپێشچوونی پرۆسەی فێربوونی زماندا بايەخيان پێدەدرێت. مرۆڤ بۆ مانەوە و هەڵكردنی لەگەڵ كۆمەڵدا پێويستی بە فێربوونی زمانی دايك(يەكەم) هەيە، ئەگەرچی ئەم پرۆسەی فێربوونە لە ستراتيژ و ژينگەيەكی بێئاگايی و سروشتيانە ڕوودەدات و زمان بە قۆناغی جياواز دەهێنێتە بەرهەم، بەڵام ژينگەی زمانە كۆمەلأيەتييەكەی، تا جۆری كۆزانياری زمانی و ڕۆشنبيری كۆمەڵايەتی و فەرهەنگ و كلتوری بۆ تاك برەخسێنرێت، ئەوا زمانەكەی پاراوتر و دەوڵەمەندتر دەبێت. دەوڵەمەندی و پاراوی زمانی يەكەم، هۆكارێكی باش دەبێت بۆ گرتنەبەری ستراتيژ بۆ فێربوونی زمانی دووەم. جۆری بارودۆخ و ئەو ژينگە كۆمەڵايەتييەی فێرخوازی زمانی دووەم تێيدا دەژيت، ڕێگا بە فێرخوازی زمانەكە دەدات، چ جۆرە ستراتيژييەك هەڵبژێرێت.

لە كۆمەڵی كوردەواريدا فێرخواز بۆ فێربوونی زمانی ئينگليزی(دووەم)، پەنادەباتەبەر ستراتيژی جۆراوجۆر، چونكە فێرخوازان تێڕوانينيان لە سەر ئاستی تاك و ئاستی پرۆسەی فێركردن و پەروەردەيی جياوازە، ئەويش بەندە بە خودی فێرخواز و زمانی ئينگليزييەوە، چونكە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم لە دەرەوەی ژينگەی زمانی ئينگليزی ئەنجام دەدرێت. پرۆسەی فێربوون لەم جۆرەشدا لە هەڵبژاردنی ستراتيژدا كراوە و والآ دەبێت. بەلای فێرخواز و فێركار(مامۆستا)وە، گرنگی جۆری تاقيكردنەوە و هەڵبژاردنی ستراتيژ لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا ئەوەيە، فێربوونی زمان بە باشی و بە پاراوی بەرهەم بهێنێت و فێرخواز توانای تێگەيشتن و دركاندنی زمانی دووەمی هەبێت.

مرۆڤ لە هەموو زانستێكدا بە پێی تێگەيشتن و پەرەسەندنی تواناكانی لەگەڵ ژينگەی پێويستدا خۆی دەگونجێنێت. قۆناغی گەشەكردنی بير، پێشكەوتنی تەكنۆلۆجيای سەردەم، خواست و پێويستی خودی و كۆمەڵ، داوای فێربوون و گۆڕانكاری و گونجان لە تاك دەكات، تا لەگەڵ كلتور و پيشە و ژينگەكەی هەڵبكات. بۆ ئەم مەبەستە پەنا دەباتەبەر ڕێگای داڕشتنی ستراتيژی جۆراوجۆر و تاقيكردنەوەی پلانەكانی ستراتيژی، لەبەرئەوەی ئەزموونی ژيان ئەوەی دەرخستووە، هيچ ئامانجێك بە بێبوونی پلانی ستراتيژی پڕاوپڕ بەدينايەت و گۆڕانكاری لە پێداويستی خودی و گونجان و ڕێككەوتن لەگەڵ كۆمەڵگای هاوچەرخ دروستناكات.

گرتنەبەر و هەڵبژاردنی چەمکی (ستراتیژ)[١] لە پێناو (ستراتیژی فێربوونی زمانە)[٢] ، لە ڕوانگە و بازنەی فێربوونەوە گەورەترین دەسکەوتی مرۆڤایەتییە، چونکە فێربوون کار و چالاکی بەردەوامبوونی داهێنراوی توانای بیری مرۆڤە بۆ گەیشتن بە لوتکەی ئامانجی دیاریکراو. فێرخواز و فێرکەر بۆ بەدیهێنان و سەرکەوتن بەسەر ئاستەنگەکانی فێربوون ستراتیژی گونجاو و لەبار دەگرنەبەر، لە هەر قۆناغێکدا کار بۆ بیرۆکەیەکی جیاواز و نوێ دەکەن، تا لە ئاکامدا دەبێتە ستراتیژێك و دەیبەنە بواری جێبەجێکردن و پەیڕەویدەکەن.

## ١-١/٢) ڕاڤە و گرنگی ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم:

بوونی گرنگی ستراتیژ هێمای پلانی نمایندەی ئێستایە بۆ ئایندە، بۆیە ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم هەمیشە لەگەڵ کۆزانیاری فێرخواز و فێرکەری جێبەجێکار ئەزموونی نوێ و شەقڵی نوێ دەگرێتەبەر، لەبەرئەوە بۆ هەر سەردەمێك بەپێی ژینگە و هەڵکشانی بیری نێوان فێرکەر و فێرخواز جۆرێك لە ستراتیژی فێربوون کراوەتە بنەمای فێربوون. گرنگی ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم لە هەر قۆناغێکی فێربووندابێت، شاڕێگای بە ئامانج گەیشتن دیاریدەکات. بۆئەم مەبەستە فێرخوازانی زمانی دووەم گرنگی ستراتیژی فێربوون لەبەرچاودەگرن و لەگەڵ سیستەم و پلانی دیاریکراوی فێرکەر هەنگاو بە هەنگاو دەیبڕن و جێبەجێیدەکەن. چۆنیەتی و چەندێتی جێبەجێکردنەکەیش ئاستی بە ئاگایی و هوشیاری نێوان فێرخواز و فێرکەر بۆ گرنگی ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم نیشاندەدات.

---

[١] - ستراتیژ (strategy) چەمکێکی یۆنانییە، بنەماکەی بریتییە لە (Strategia) بەواتای هونەری شەڕ ( The art of war) دێت، هەروەها واتای پلان (Tactic)یش دەگەنێت. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە ڕوانگەی کۆزمانەوانی چەمکی (پلان) بۆ ستراتیژ بەکاردەبەین.

[٢] - لێکۆڵینەوە لەسەر ستراتیژیەکانی فێربوون لێکۆڵینەوەیەکی کاریگەر و ئارەزوومەندە بۆ فێرخواز. زۆر لە فێرخوازان و فێرکاران سوودمەندبوون و ستراتیژیەکانی فێربوونیان دۆزیوەتەوە ، یەکەم هەوڵدانی زانستی لەلای ئاڕۆن کرتۆن لە ساڵی (١٩٦٦) دا دەرکەوت. Rubin, J., & Thompson, I. (1982 : 19)

پاشان لێکۆڵینەوەیەکی تر لە لایەن ڕۆبن لەساڵی ١٩٧١ دا دەستی پێکرد ،جەختی لەسەر لێکۆڵینەوەی ستراتیژی فێربوونی سەرکەوتوو کردەوە و چۆنییەتی سوود وەرگرتن لەم ستراتیژیانە بۆ فێرخواز بەپێی ئاستی سەرکەوتن، ئاماژەی بەوەکرد فێرخوازی سەرکەوتوو ستراتیژی فێربوونی دیاریکراو بۆ پڕۆسەی فێربوونی زمانی دووەم بەکاردەهێنێت بەشێوەیەکی کاریگەر و سەرکەوتوانە .
هەمان سەرچاوە . (89 : 1982)

فێربوونی زمانی یەکەم و جۆرەکانی و هۆکارەکانی فێربوونی زمان لەگەڵ گریمانەکانی فێربوونی زمانی دووەم لە پارەکانی بەشی یەکەمدا بوون بە دەروازەیەکی کراوە، تا وردتر و چڕتر بە داتای وەرگیراو لە ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم بدوێین. بۆ ئەم مەبەستە لە ڕاڤە و گرنگی ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەمەوە هەنگاو دەنێین.

## ١-١-١/٢) ڕاڤەی ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم:

ستراتیژی فێربوون بریتییە لە هونەری نەخشە ڕێگایەك، کە فێرخواز بۆ فێربوونی زمانی دووەم بەکاریدەهێنێت، دەشێت بە ئارەزوومەندانە و سەربەخۆیانە، یاخود ئەزموونی فێرکەرێك جێبەجێیبکات. براون دەڵێت : (( ڕێگەیەکی دیاریکراوە بۆ لێکۆڵینەوەی گرفتێك، یان بەجێهێنانی گرنگییەك، یاخود کۆمەڵە کار و پرۆسەیەکە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، واتە نەخشەیەکی وێنەکێشراوە لە پێناو ڕێکخستنی زانیاری دیاریکراو و کۆنترۆڵکردنیان))[١] .

ئەم بۆچوونەی براون لەمەڕ ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم جەختکردنەوەیە لە گەیشتن بە ئامانجی فێربوون و کۆنترۆڵکردنی نەخشەی دیاریکراو لە نێوان فێرکەر و فێرخوازدا.

ستراتیژی فێربوون (ئەو بۆچوونانە دەستنیشاندەکات، کە فێرکەر لە پرۆسەی فێرکردندا بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئامانجەکانی فێربوون دەیگرێتەبەر بە مەبەستی گەشەکردنی لایەنەکانی کۆزانیاری فێرخواز، لە پێناو خۆشەویستکردن و گرنگیدان بە پرۆسەی فێربوون)[٢] . لەم بۆچوونەدا فێرخواز ئەرکی وەرگر دەبینێت، تەواوی ستراتیژی فێربوون لە خودی فێرکەرەوە نەخشەی بۆ دەکێشرێت. واتە ڕۆڵی فێرخواز بریتییە لە جێبەجێکردنی نەخشە و پلانی فێرکەر.

ئۆکسفۆرد(Oxford,R): ((ستراتیژی کارێکی تایبەتە، فێرکەرەکان(مامۆستاکان) بە مەبەستی فێربوون بەشێوەیەکی سووك و ئاسان و خێرا پرۆسەکە بەکاریدەهێنن، تا فێرخوازان چێژی لێوەربگرن و پرۆسەکە زیاتر چالاك بێت.))[٣] .

لەم ستراتیژەدا گرنگترین کارێك فێرکەرەکان بایەخی پێدەدەن ،بریتییە لە هەنگاوی سوك و ئاسانەوە دەست بەجێبەجێکردنی فێرکردنی زمان بکرێت، بەم جۆرە پرۆسەیەش خۆشەویستی زمانی دووەم لەلای

---

1-Brown, H. D. ((1994:104)

٢- دڵنیا نوری عبدالله( ٢٠١٥ :٧ )

3-Oxford, R. L. (1990 : 8)

فێرخوازان دروستدەبێت، واتە فێرخواز دەتوانێت هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە کۆنترۆڵی فێربوونی زمان بکات و قۆناغ لە دوای قۆناغ پەرەیپێبدات.

ڕیچاردز و پلات پێناسەی ستراتیژی دەکەن و دەڵێن: (( چەند ڕەفتارێکی مەبەستدارە، فێرخواز لەکاتی فێربووندا بەکاریدەهێنێت و یارمەتیان دەدات بۆ فێربوونی زانیاری نوێ و تێگەیشتنیان و بەرەو پێشیاندەبات[1].

بۆچوونی (ڕیچاردز و پلات) ، کە فێربوونی زمانی پەیوەست دەکەن بە ڕەفتاری فێرخوازەوە، بە بۆچوونی ئێمە ڕەنگدانەوەی ڕەفتار لە زمان فێربووندا رەتکردنەوەی تەنیا وەرگرتنی زمانە بە ئەبستراکتی و وەکو خۆی، واتە پێوستە فێرخواز بۆ هەر فێربوونێك کاردانەوەیەکی هەبێت و لەگەڵ ژینگەی دەوروبەردا بەکاریبهێنێت، بە دیویێکی تر تەنانەت وەڵامی ئەو پرسیارەش دەداتەوە، ئەگەر فێرخواز لە پۆلدا پرسیارشی لێنەکرا، ئەوا لەبەرخۆیەوە و لە ناخ و ئاوەزیدا وەڵامی دەداتەوە، واتە جۆرێکی کارایی لە بەشداربوونی فێربوونی زمانی دووەم دەنوێنێت.

سوانارك(suwanarak) دەڵێت: ((بەجێهێنانێکی بە ئاگایی دیاریکراوە، فێرخواز لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا بە مەبەستی گەیشتن بەئامانج ئەنجامی دەدات، پەیوەست بە شێوازی فێربوون و ئاستی وەرگرتنەوە.))[2] .

لێرەدا سوانارك ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم بە ئاگایی و چالاکی فێرخواز دەبەستێتەوە، واتە فێرکەر ئەو ئاستە باڵایە لە پرۆسەکەدا نابینێت، بەو ئاگاییە فێربوونی زمانی دووەم ڕوودەدات و ئاستی فێرخوازیش دیاریدەکرێت.

کەواتە لە کۆی تێگەیشتنمان بۆ ستراتیژی فێربوون، دەتوانیین بڵێین ستراتیژی فێربوون بەگشتی هونەرێکە لە پلانی دیاریکراو، ئەم هونەرە بە پێی قۆناغ و بارودۆخ و ژینگەی نێوان فێرکەر و فێرخواز هەڵسوکەوت و کارپێدەکرێت، ئامانجی سەرەکی لە نەخشەڕێگای ستراتیژ گەیشتنە بە فێربوونی زمانی دووەم، هەندێکجار دەشێت لە یەککاتدا زیاتر لە ستراتیژێك بۆ سەرکەوتنی پلانی فێربوونی زمانی دووەم بەکاربێت.

1- Richards. J, C, H. (1992 : 209)
2-Suwanarak( 2012 : 3 2)

## ٢-١-١/٢) گرنگی ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم:

بیرۆکەی ستراتیژی ڕۆڵێکی باڵای بۆ تیۆری فێربوونی زمانی دووەم هەیە، ئەم بیرۆکەیەش جەخت لەسەر دوو پرسیار دەکاتەوە:

١- ئایا چۆن فێرخواز فێری زمانی دووەم دەبێت ؟
٢- ئەو هۆکارانەی فێرخواز پشتی پێدەبەستێت بەمەبەستی گەشەسەندنی توانای زمانی و گەیاندنی زمان چین؟

بە بۆچوونی (پاڤیسك) گرنگی ستراتیژی فێربوون (لە وشەوە بەدەردەکەوێت، فێرخواز لەسەر فێربوونی وشە و ڕێکخستنیان و بەکارهێنانیان لە دەرەوەی پۆلدا ڕادەهێنرێت، ئەمەش وا لە فێرخواز دەکات، باوەڕی بە خۆی هەبێت و پەرە بە بەرهەمی زمانی بدات و توانای گەیاندنی هەبێت.)[١].

(زۆرێك لە لێکۆڵینەوە نوێیەکانی فێربوونی زمانی دووەم گرنگی بە بابەتی فێربوون دەدەن)[٢] ، بۆیە دوو بیروبۆچوونی جیاواز لەم بارەیەوە هاتەئاراوە:

بۆچوونی یەکەم زیاتر گرنگیان بە تایبەتمەندی فێرخوازی باش و فێرخوازی ناوەند دەدات، ئەو ئاستەنگانەی لە کاتی فێربوونی زمانی دووەمدا ڕووبەڕوی فێرخواز دەبنەوە. لە بۆچوونی ئەوانەوە ئەم پرسیانە سەرهەڵدەدات:

ئایا ئەو گۆڕانکاریانەی تێکەڵ بە زمانی دووەم دەبێت چین ؟

ئایا چۆن فێرخواز لە کاتی پرۆسەی فێربوونی زماندا پشت بەخۆی ببەستێت ؟

بۆچوونی دووەم گرنگی بە چەند ڕواڵەتێکی تر دەدات وەکو (تەمەن ، ئامادەباشی ، پاڵنەر ، کاریگەری شێوازی فێربوون و هۆکاری کەسایەتی) لە فێربوونی زمانی دووەمدا

---

1- Pavicic . T.V . ( 2008 :55)

2- Yuan, F., & Ellis, R. (2003 :27 )

## ٢/ ١-٢) - قۆناغەکانی ستراتیژی فێربوون:

قۆناغەکانی ستراتیژی فێربوون دەرخستنی گرنگی بابەتی فێربوونی زمانە بە گشتی و زمانی دووەم بە تایبەتی. گۆڕان و ئەزموونی بەرەوپێشچوونی بیری پرۆسەکەیە لە نێو ستراتیژی دیاریکراوی قۆناغێك بەرانبەر بە قۆناغێکی تر، بۆیە دەکرێت قۆناغەکانی ستراتیژی فێربوون بۆ سێ قۆناغ پۆلین بکرێن:

### ٢/ ١-٢-١)قۆناغی (ڕێزمان و وەرگێڕان):

لە سەرەتادا لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا جەخت دەکرایە سەر بەهرەی خوێندنەوە و نووسین، بەلاّم لەو قۆناغەدا بەهرەی بیستن(گوێگرتن) و ئاخاوتن(قسەکردن) کەمتر گرنگی پێدەدرا، بۆیە ناسراوترین ڕێگا بۆ فێربوونی زمانی دووەم ڕێگای (ڕێزمانی و وەرگێڕان)ە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی بەکارهێنانی ڕێگای وەرگێڕان. ئەم ڕێگایە گرنگی بە بەهرەی خوێندنەوە و نووسین دەدات و خوێندنەوە بۆ وشەکان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست لە ناو ڕستەدا دەکات. هەر ئەم ستراتیژە داوا لە فێرخواز دەکات، ڕێزمانی زمان بە مەبەستی فێربوون لەبەربکات، واتە فێرخواز بۆ فێربوون پشت بە لەبەرکردن و پاراستنی لە یادگەدا دەبەستێت، ئاشکرایە ئەمەیش تەنیا بەشێکی بچووکە بۆ کرداری فێربوون.

بوونی ئەم قۆناغە لە ستراتیژی ئێستای فێربوونی زمانی دووەمدا گرنگە، چونکە بەشێك لە ستراتیژی ڕێزمان و وەرگێران ڕەنگرێژی پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم دەکات. لە وەلاّمی پرسیاری(٧)ی فێرخوازاندا دەردەکەوێت ، کە بەگشتی بە ڕێژەی (٩٠ ٪ ) بەکاریدەهێنن و بە ڕێژەی (٣, ٢٣ ٪ ) فێرخوازان بە هەمیشەیی هەوڵدەدەن، ئەو وشە نوێیانەی فێردەبن، لە نێو ڕستەدا بەکاریبهێنن، بۆ ئەوەی لە یادگەیاندا بمینێتەوە و بپارێزرێت. بڕوانە پرسیاری(٧)ی خشتەی ژمارە (١).

لەلایەکی ترەوە ئەم ستراتیژە لە ڕووی وەرگێرانەوە ئەو بایەخەی پێشتری لە دەستداوە، چونکە بەشی زۆری فێرخوازن بە ڕێژەی ( ٦, ٨٦ ٪ )خۆیان لە وەرگێرانی وشك و پیت(حرف)ی بە دووردەگرن، بەجۆرێك زیاتر لە (٣, ٣٣٪ )ی فێرخوان بە هەمیشەیی خۆیان لەم جۆرە وەرگێرانە بە دووردەگرن. بڕوانە پرسیاری(٢٨)ی خشتەی ژمارە (١). ئەم ستراتیژە داوا لە فێرخوازەکان دەکات، ڕێزمانی زمانەکە لەبەربکەن. بە بۆچوونی ئێمە ئەوە یەکێکە لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی ستراتیژی ئەم قۆناغە.

## ٢/ ١-٢-٢)قۆناغی (بیستن و بینین):

ئەم ستراتیژە لە ئەنجامی کەمتەرخەمی ڕێگای ڕێزمان و وەرگێڕانەوە دروستبوو، کە ئامانجە بۆ گەشەی بەهرەی بیستن و ئاخاوتن لەسەر بنەمای ئەوەی دوو بەهرەی سەرەکین بۆ فێربوون. ئەم ڕێگایە پشت دەبەستێت بە ڕاهێنان و دوبارەکردنەوە لەسەر ئەو بنەمایەی فێربوون لە سێ هۆکار وەردەگیرێت، کە بریتییەن لە: **هاندان و وەڵامدانەوە و بەهێزکردن**. ئەم شێوازە پێیدەوترێت ( پڕۆگرامی سەربازی).

فێرخواز لەسەر **بنەمای هاندان** دەستپێدەکات، پاشان فێربوون ڕوودەدات، ئەم ڕێگایەش پاڵپشتە بە دوبارەکردنەوە، کە لەسەر ڕێگای بیردۆزی ڕەفتارییە، بۆیە دەڵێت: (( زمان جۆرێکە لە سیستەمی ڕەفتاری، کە دەتوانرێت فێرخوازان فێرببن و فێربکرێن بە ڕێگای هاندان و وەڵامدانەوە و بەهێزکردن ))[1]. کەواتە بیستن و بینین دوو بەهرەن بۆ پڕۆسەی فێربوونی زمانی دووەم، بوونی بەهرەکان بۆ فێربوون گرنگ و پێویستە، لەبەرئەوە فێربوون بە تەنیا بەهرەیەك تەواو نابێت.

لە قۆناغی بیستن و بینیندا فێرکردنی زمانی دووەم پشتدەبەستێت بە ڕێگای هاندان و وەڵامدانەوە و بەهێزکردن، بۆیە ئەم سێ بنەمایە هۆکاری سەرەکین بۆ بیردۆزی ڕەفتاری.

ئەم قۆناغە بۆ فێرخوازانی زمانی دووەم بەشێك لە بەهای خۆی پاراستووە، چونکە بەشێکی زۆری فێرخوازان، کە زیاتر ( ٩٦٪ )یان لە وەڵامی پرسیاری(١٦)دا لەکاتی نەزانین و کەموکوڕیدا داوای هاندان و یارمەتی و هاوکاری لە دەوروبەریان دەکەن. بڕوانە پرسیاری(١٦)ی خشتەی ژمارە (١).

لە ڕوانگەی **بوونی ڕەفتاری وەڵامدانەوە**ی بە شێك لە فێرخوازانی زمانی دووەم، کاریگەی فێرکەریان لەسەرە و وەڵامی فێرکەرەکانیان دەدەنەوە، تەنانەت ئەم ڕەفتاری وەڵامدانەوەیە گەیشتۆتە ئاستێك، ئەگەر فێرکەر پرسیار ئاڕاستەی ئەوانیش نەکات، ئەوا لەلای خۆیانەوە لە ناخ و لە ئاوەزیاندا وەڵامی دەدەنەوە، چونکە زیاتر لە ( ٧, ٩٦٪ )ی فێرخوازان ئەو دەخەنەڕوو، گەر بە بێدرکاندنیش بێت ئەوا وەڵامی فێرکەرەکانییان دەدەنەوە. بڕوانە پرسیاری(٢٠)ی خشتەی ژمارە (١).

قۆناغی بیستن و بینین بە پڕۆگرامی سەربازی ناسراوە، واتە سەربازان بە ناچاری بەم ستراتیژە فێری زمانی دووەم دەکران، بەڵام فێرخوازانی ئێستای فێربوونی زمانی دووەم بە ویست و ئارەزووی خۆیان دەیانەوێت فێری زمانی دووەم ببەن، بۆیە بە بڕوای فێرکەرەکانیان بەشێکی زۆریان بە ڕێژەی (٩٠٪ ) خۆیان هەڵبژاردن بۆ خوێندن و فێربوونی زمانی دووەم(ئینگلیزی) دەکەن لەم ڕێژەیەدا (٥٠٪ ) بە هەمیشەیی ئەو داواکارییان هەیە، بەڵکو تەواوی فێرخوازان دەکەونە پێشبڕکێ و تاقیکردنەوە، تا لە بەشی زمانی ئینگلیزی وەردەگیرێن. بڕوانە پرسیاری(٢٠)ی خشتەی ژمارە (٢).

**بنەمای سێیەم بەهێزکردنە،** ئەم بنەمایە لە قۆناغی پڕۆگرامی سەربازییەوە، تا ئێستا برەوی هەیە و فێرخوازان بەکاریدەهێنن، چونکە فێرخوازان لە ڕوانگەی فێربوونی زمانی دووەمەوە هەمیشە لە جموجۆڵ

1-Varadi , T .(1980 : 59-60)

و بزێوی و تەکنیکی خۆتاقیکردنەوەدان، دەیانەوێت لەکاتی ئاخاوتنی زمانی دووەمدا ڕانەوەستن و لە ئاخاوتن بەردەوامبن، بۆیە زیاتر لە (٣, ٩٣٪ ) ی فێرخوازان و بە هەمیشەیی (٤٠٪ ) یان کاتێك وشەیەکیان لە بیر دەچێتەوە، یاخود بۆیان نایەت، بە هێزێکی زۆرەوە هونەری دوبارەکرنەوەی وشەی دەربڕاو دوبارە دەکەنەوە، یان بەدوای وشەیەکی هاوواتا، یاخود لە نزیك وشەی مەبەستدار دەربڕن. بڕوانە پرسیاری(١٩)ی خشتەی ژمارە (١).

## ٢/ ١-٢-٣)قۆناغی ڕێزمانی جیهانی (Universal Grammar) :

ئەم قۆناغە لە سەردەستی چۆمسکی سەری هەڵدا، لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە هەر مرۆڤێك توانای زمانی سروشتی خۆی هەیە، لەسەر بنەمای کۆمەڵە ڕێسایەکە، کە ناوی نا (ڕێزمانی جیهانی)-(Universal Grammar)، لە سەر ئەم بنەمایە فێرخواز دەتوانێت گەشە بە توانستی خۆی بدات، چۆمسکی وا دەڕوانێتە دەربڕینی ئاخاوتن، لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ جێگیربوونی بەهرەی ڕۆنانی زمانی بۆ فێرخواز، لەسەر بنەمای پاشخانی کۆزانیاریی زمانی یەکەم.

ئەم گەشەسەندنە نوێیە بووە هۆی دەرخستنێکی نوێ لە فێربوونی زمانی دووەمدا، لەم بارەیەوە کۆدەر دەڵێت (( هەڵەی زمانی لەلای فێرخوازی زمانی دووەم ئاماژەیە بۆ گەشەکردنی ڕۆنانی زمانی ))[1] ، ئەم بۆچوونەی کۆدەر ڕاستکردنەوەی بیردۆزەکەی چۆمسکی یە، کە ئاماژەی پێکردووە، ئەم هەڵانە ڕەنگدانەوەیە بۆ ڕێکخستنی زانیاریی زمانی نوێی فێرخواز، ئەم کردارەیش بە گەشەی زمانیی دادەنرێت.

بە بۆچوونی ئێمە ئەم قۆناغە لە ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەمدا کاریگەرییەکی دیاری لەسەرفێرخوازانی زمانی دووەم هەیە، لەبەرئەوەی چۆمسکی، کە جەخت لەسەر کۆزانیاری زمانی یەکەم دەکاتەوە، کە چەند گرنگ و پێویستە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، لەم ڕوانگەیەوە فێرخوازان لە وەڵامی پرسیاری(١٠)دا بە ڕێژەی( ٧٠٪ ) پێیان وایە سیستەمی زمانی دایك بنەمایەکە لە فێربوونی زمانی دووەمیان، بە جۆرێك(٧, ٣٦٪ ) یان بە هەمیشەیی لەم بۆچوونەی چۆمسکی نزیك دەبنەوە و لە فێربوونی زمانی دووەمیان پەیڕەوی دەکەن. بڕوانە پرسیاری(١٠)ی خشتەی ژمارە (١).

لە لایەکی ترەوە فێرخوازان پاڵپشتی بۆچوونەکەی چۆمسکی دەکەن، چونکە زیاتر لە (٨٦٪) یان ، کە ( ١٦٪) بە هەمیشەیی و ( ٧٠٪ ) یان لە هەنێك کاتدا دەڵێن ژینگەی پاشخانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زمانی دایك کاریگەری لەسەر فێربوونی زمانی دووەمیان هەیە و وەکو هۆکارێکی فێربوونی زمانی دووەم تێیدەڕوانن. بڕوانە پرسیاری(١٢)ی خشتەی ژمارە (١).

1-Coder, S, P ( 1981 :83 )

دەشێت بڵێین مانەوەی ئەم بۆچوونەی چۆمسکی، تا ئێستا بەشێك لە فێرخوازان، کە دەکاتە ( ٪١٣ )ی فێرخوازانی قۆناغی دووەمی بەشی زمانی ئینگلیزی لە هیچ کاتێکدا لەگەڵ هاوپۆلەکانیان بەزمانی ئینگلیزی قسەناکەن، واتە ئەو ڕێژە دیاریکراوە, تا ئەم قۆناغە لەگەڵ هاوپۆلەکانیان بە بەردەوامی بە زمانی یەکەم ئاخاوتن ئەنجام دەدەن. بڕوانە پرسیاری(٢٤)ی خشتەی ژمارە (١).

فێرکەرانی بەشی زمانی ئینگلیزی لە فێربوونی زمانی دووەمی فێرخوازەکانیاندا پاڵپشتی بۆچوونەکەی (کۆردەر) دەکەن، کە کۆردەریش بۆچوونەکەی (چۆمسکی) ڕاستدەکاتەوە، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، فێرکەرەکان لە وەڵامی پرسیاری (١٢)دا ئاماژە بۆ چەند جۆرێکی هەڵەی وەکو ( هەڵەی ڕێکخستنی ڕێزمان ( مۆرفۆلۆژی ، سینتاکس )، هەڵەی درکاندن و ڕێکخستنی درکاندن، هەڵەی تێنەگەیشتن لە واتای وشە ) دەکەن. واتە بوونی هەڵەی فێرخواز لە هەریەك لەو جۆرانەی هەڵە هێمایەکی ڕوونە بۆ گەشە و پەرەسەندنی توانای فێربوونی زمانی دووەمی فێرخواز. بڕوانە پرسیاری(١٢)ی خشتەی ژمارە(٢).

## ٢/ ١-٣) جۆرەکانی ستراتیژی فێربوونی زمان:

دەتوانیین بڵێین دوو ڕێباز بۆ دابەشکردنی جۆرەکانی ستراتیژی فێربوونی زمان هەیە، کە بە پێی ئەم دوو ڕێبازە جۆرەکانی ستراتیژی فێربوونی زمان دیاریکراون:

ڕێبازی یەکەم : ستراتیژی فێربوونی زمان بۆ سەر سێ جۆر دابەشدەکات[١] .

١- ستراتیژی فێربوون
٢- ستراتیژی گەیاندن
٣- ستراتیژی بەرهەمهێنان

[١] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

1-Kasper, G. & Kellerman, E. (1997: 63)
2-Ellis, R (1985 : 226)
3-Taron, E (1981:285- 295)
4-Brown, H .D (1994 : 132 -144)

ڕێبازی دووەم: جۆرەکانی ستراتیژی فێربوون بۆ دوو جۆر ستراتیژ دابەشدەکات:

١- ستراتیژی فێربوون.

٢- ستراتیژی گەیاندن [١].

بەدەر لەو دوو ڕێبازە جۆرێکی تری ستراتیژ هەیە، بەستراتیژی فێرکردن (Teaching Strategies) ناسراوە. کەواتە دەتوانین ئەم جۆرەی ستراتیژی فێربوون وەکو جۆرەکانی ستراتیژی ڕێبازەکان بە جۆرێکی ستراتیژی سەرەکی دەستنیشان بکەین واتە دەبێتە:

**٣- ستراتیژی فێرکردن**

بە مەبەستی وردێتی و زانستێتی فێربوونی زمانی دووەم، لەم پارەدا لە جۆرەکانی ستراتیژی فێربوون دەدوێین، هەروەها هۆکارەکانی فێربوون لەلای فێرخواز دەخەینەڕوو، ئەوە باسدەکەرێت بۆچی هەندێکیان لە هەندێکی تر باشتر فێردەبن، ئەمیش بە هۆی خستەڕووی جۆرەکانی ستراتیژ، کە هۆکار و نەخشەیە بۆ فێربوون و تێگەیشتنی زانیاری نوێ لە زمانی دووەمدا.

بە تێڕوانینمان بۆ هەردوو ڕێبازی ستراتیژی فێربوونی زمان و جۆرەکانی ستراتیژی فێربوونی زمان بە پێی نزیکی و گونجانی لەگەڵ پاری بەشەکەدا، سێ جۆر لە ستراتیژی فێربوونی زمان باسدەکەین ئەوانیش بریتین لە (ستراتیژی فێربوون ، ستراتیژی فێرکردن، ستراتیژی گەیاندن).

---

[١] - ئەم ڕێبازە ستراتیژی بە جێهێنانی لەگەڵ گەیاندندا هەژمار کردووە.

## ٢/ ١-٣-١)ستراتیژی فێربوون:

سەرهەڵدانی بیرۆکەی ستراتیژی فێربوون لەمەر فێربوونی زمانی دووەمەوە بە دەستکەوتێکی زانستی و ئەکادیمی دادەنرێت[١]. لەبەر ئەوەی ئەم ستراتیژە بە لێپرسینەوەی فێربوون هەژماردەکرێت، چونکە بنەمایەکە بۆ پشتگیریکردنی فێربوونی زمانی دووەم، فێرخوازی زمان کاتێك فێری زمان دەبێت، کۆزانیاری تایبەتی لەسەر زمانی یەکەم هەیە، بۆیە دەست بە پرسیارکردن و بیرکردنەوە لە زمانی مەبەستدا( دووەم) دەکات، ئەم کۆزانیاریانەش بریتین لە ستراتیژی فێرکاری ڕەخساو بۆ فێرخواز.

ستراتیژی فێربوون ئەو ستراتیژەیە، کە بەستراوەتەوە بە بەهرەی جیاوازی فێربوون، وەکو (بەهرەی بیر، بەهرەی چارەسەرکردنی گرفت، بەهرەی بە ئاگابوون، چالاکی ئەرکی، توانای زانیاری)[٢].

ستراتیژی فێربوون پشتگیری لە بیر دەکات بۆ تێگەیشتنی زانیاری نوێ و چالاکی دەکات، واتە ئەوە دەگەیەنێت بەندە بە تێکردە (Input) بە واتایەکی تر کاری چارەسەر و کۆکردنەوە و گەڕانەوە دەکات[٣].

کەواتە بە تێگەیشتنمان لەو دوو پێناسەیەی سەرەوەدا، دەتوانیین بڵێین ستراتیژی فێربوون بە کۆزانیاریی زمانی یەکەمی فێرخواز نەخشەیەکی فێربوونە، کە فێرخواز بەڕێگای بەهرەی جیاوازی فێربوون پشتگیری لە بیر دەکات بۆ تێگەیشتنی زانیاری نوێ و چالاکی دەکات و لە فێربوونی زمانی دووەمدا بەکاریدەهێنێت.

لێکۆڵینەوەکانی فێربوونی زمان ستراتیژی فێربوونیان بەسەر چەند چینێك پۆل کرد، لە نێویاندا ئۆکسفۆرد (Oxford 1990) بۆ دوو چین دابەشیکرد [٤].

---

[١] - سەرهەڵدانی ئەم ستراتیژییە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی (ستێرن و ڕۆبیان -Rubin, Stern لە ساڵی(١٩٨٠)دا دەربارەی دیمەنی فێرخوازی باش بۆ فێربوونی زمانی دووەم دەستی پێکرد) Long, M.H (1990 :253)

جگە لە (ئەباهام و ڤان- Abaham ، vann) لەساڵی(١٩٨٧)دا دەربارەی فێرخوازانی باش و فێرخوازی لاواز(ناچالاك) کاریان بەم ستراتیژییەکرد). Abraham, R.G. & Vann, R.J. (1987 39)

لێکۆڵینەوەکەی ( ئومڵی و چامۆت - chamot ,omlley لە ساڵی (١٩٩٠)دا دەربارەی ماوەی کۆزانیارییەکانی ستراتیژی فێربوون، وەکو نموونەی تیۆری بۆ پۆلینکردنی ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم خرایەڕوو).
O'Malley, J & Chamot, A. (1990 : 175)

2-Levin, L. (1972 : 83)

[٣] - دوجلاس براون ( ١٢٠: ١٩٩٤)

4-Oxford . R (1990 : 9 )

**أ-ستراتيژی ڕاستەوخۆ ( سەرەتایی):**

بەم ناوە ناوبراوە، چونکە چارەسەری بیری زمان دەکات، ئەویش سێ جۆر ستراتیژ لە خۆدەگرێت :

**١- ستراتیژی کۆزانیاری[1]:**

ئەم جۆرە بۆ بەدەستهێنانی زمان و گەشەپێکردنی سیستەمی زمان بەکاردێت وەکو: بەرهەمهێنان و ڕاهێنان و دووبارەکردنەوە و ڕاهێنانی شێوازی دەنگ و نووسین، ناسینی بەکارهێنانی وشە و ڕستە و شێوازی زمان و بنیاتنانەوەی پێکهاتە و گرنگی بە لەبەرکردن و دوبارەکردنەوە و کورتکردنەوە و وەرگرتنی زانیاری و ناردنەوەیان دەدات .

ئەم جۆرە ستراتیژە کرداری کارلێککردنی نێوان فێرخواز و بابەتی زانستی قوتابخانە لەماوەی ئەنجامی بەکارهێنانیدا لە خۆدەگرێت، وەك:

- مامەڵەکردنی بیری فیزیکی بۆ بابەتەکە.
- ڕاهێنانی هونەری و تەکنیکی جیاواز بە مەبەستی چارەسەرکردنی گیروگرفت، یان جێبەجێکردنی گرنگی فێرکاری بۆ زمانی دووەم.

کەواتە ستراتیژی کۆزانیاری لە فێربوونی زمانی دووەمدا بۆ بەدەستهێنان و گەشەپێکردنی سیستەمی زمان چەند ڕێگا و هونەرێکی جۆراوجۆر لە خۆدەگرێت، کە لە دوبارەکردنەوەدا فێرخوازان بەلایەنی کەم دووجار فێرخوازان ئەو بابەتی کەرەستەی فێربوونی زمانەکەیانە دوبارەی دەکەنەوە بەجۆرێك لە وەڵامی پرسیاری(١)دا زیاتر لە ( ٨٦٪ )ی فێرخوازان ئەم هونەری فێربوونە بەکاردەهێنن، بەجۆرێك زیاتر لە ( ٣٦٪ ) یان بە هەمیشەیی بەکاریدەهێنن. وەڵامی پرسیاری (٢)یش ئەوەمان بۆ دەردەخات هونەری دوبارەکرنەوەی بابەتی فێربوونی زمانی دووەم، هونەرێکە شایستەی بەکارهێنانە لە فێربووندا، چونکە ( ٩٠٪ ) فێرخوازان بەتایبەتیش زیاتر لە ( ٥٦٪ ) یان بەهەمیشەیی بەکاریدەهێنن. هەروەها لە وەڵامی پرسیاری (٥)دا ئەوە بەدیدەکەن ئەم هونەرە لە فێربووندا برەوی هەیە بە جۆرێك لە هەردووی وەڵامی هەمیشەی و هەندێك جاردا ڕێژەی زیاتر لە ( ٧٩٪ ) ی بەدەستهێناوە . بڕوانە پرسیاری(١ , ٢، ٥)ی خشتەی ژمارە (١).

لە پاڵ دوبارەکردنەوەی وشەدا، نووسینەوەی وشە بۆ ئەوەی لە یادگەی فێرخوازاندا بپارێزرێت، جۆرێکی ترە لە هونەر و ڕێگای فێربوونی زمانی دووەم، بۆ ئەو مەبەستە زیاتر لە ( ٦٦٪ )ی فێرخوازان ئەم ستراتیژە بەکاریدەهێنن، بەڵام ڕێژەی هیچ کات ( ٣٣٪ ) و ڕێژەی هەمیشە( ٢٣٪ )دایە، واتە ڕێژەی هەمیشەیی نە گەیشتۆتە ئاستی دەربازبوون، کە زیاتر لە ( ٣٣.٣٪ ) ە. بڕوانە پرسیاری(٣)ی خشتەی ژمارە(١)

---

[1] - بۆ زانیاری لە بارەی پێناسە و چەمکی کۆزانیاری و چەشنەکانی کۆزانیاری، بڕوانە: مهاباد کامیل عەبدوڵڵا ( ٢٠١٧ : ٦٠٤-٦٠٥)

### ٢- ستراتیژی بە بیرهێنانەوە:

ئـەم سـتراتیژە یارمـەتی چـوونە ژوورەوەی زانیـاری بـۆ مێشـك دەدات لـە کـاتی کـارلێککردن لەگـەڵ بیرهێنانـەوەی زمـان و بەسـتەوەی بـە بـیر و هۆشـەوە، بەسـتنەوەی وێنـە بـە دەنـگ و جووڵـە و بەیەکـەوە بەستنەوەی وشەکان و دانانی لە ڕستەی گونجاو و شیاودا بە پێی دەوروبەر( سیاق) پێدا چوونەوەی گونجاو، واتە (ستراتیژی بە بیرهێنانەوە بەندە بە ڕێکخستنی شتەکان و بەستنەوەیان بەیەکتر و پێداچوونەوەیان) [1]. لێرەوە دەگەینە ئەو بۆچوونەی، کە ستراتیژییەکە جەخت لەسەر فێربوونی فێرخواز دەکاتەوە لەسـەر بنەمای بەکارهێنان و هەڵهێنجانی وشە بۆ دروستکردنی ڕستەی گونجاو بەپێی دەوروبەر.

لە ستراتیژی بە بیرهێنانەوەدا فێرخوازان بـۆ تێکردەیـی (in put)ی زانیـاری، هـەوڵی ئـەوە دەدەن وشـە نوێیەکان لە دەوروبەر(سیاق)ی ڕسـتەدا بـەکاربهێنن، ئـەوەیش بـە مەبەسـتی لـە بـیر نەچـوونیانە. بـۆ ئـەم مەبەستە (٩٠٪ )ی فێرخوازان ئەم پلانە بۆ بەدیهێنای ئامانجی فێربوون بەکاردەهێنن، بـە جۆرێـك ڕێـژەی بەکارنەهێنانی ئەم ستراتیژە لە ( ١٠٪ )ی فێرخوازان تێپەڕناکات، واتە ئـەم سـتراتیژە بـەلای فێرخوازانـەوە گونجا و پەسندە. بڕوانە پرسیاری(٦)ی خشتەی ژمارە (١).

### ٣- ستراتیژی قەرەبوکردنەوە :

ئەم ستراتیژە بریتییە لە خەملاندن بەشێوەیەکی زیرەکانە، مەبەست لە خەملاندن (دیاریکردنی زمانە لە دەوروبەری ڕستەدا و کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر وشە و دیاریکردنی واتاکەی لە ڕووی (ناو ، کار ، پیت)ەوە تەماشاکردنیان لە ڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە) [2]. ئەم ستراتیژە تێپەڕاندنی بەربەستەکانە لەکاتی ئاخاوتن و نووسیندا، بەکارهێنانی گریمانەی زمانی گواستنەوە بۆ زمانی دایك، هەروەها بەکارهێنانی زمانی هێمایی، هەڵبژاردنی بابەت و ڕاستکردنەوەی پەیام و توانای بە کار هێنانی هاوواتاکانی.

کەواتە دەتوانیین بڵێین ئەم ستراتیژە هەنگاوێکی باشتر دەبڕێت لە ستراتیژی بەبیرهێنانەوە، چونکە بەکارهێنان و فێربوونی زمان بە دەوروبەری ڕستە دەبەستێتەوە، هەروەها بەوەش ناوەستێت، بەڵکو داوا لە فێرخواز دەکات لەگەیاندیی پەیام و ئاخاوتن و نووسیندا با لەسەر ڕۆنانی زمانی یەکەمیش بێت بەردەوامبێت، واتە گرنگ بەردەوامی و هەوڵدانە لە سەر فێربوونی زمانی دووەم.

لە ستراتیژی قەرەبوکردنەوەدا فێرخوازان زیرەکانە هەڵسوکەوت لەگەڵ پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا دەکەن، لەبەرئەوەی فێربوونی زمان بە دەوروبەری ڕستەدا دەبەستنەوە، هەروها کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر وشە و دیاریکردنی واتاکەی و تەماشاکردنیان لە ڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە بابەتێکی

---

1-Oxford . R (1990:39 )

٢- (عبدالله الهاشمی و محمود علی( ٢٠١٢ : ١٠٧)

گرنگی ستراتیژەکەیانە. بۆیە وەڵامی پرسیاری( ۹ )ی فێرخوازان گرنگی بە واتای وشە بە نزیکەی (۹۷ ٪ )ی وەرگرتووە، ئەم ڕێژەیە ( ۳۳٪ )ی بە هەمیشەیی تێپەڕاندووە، هەروەها وەڵامی پرسیاری(۸)ی فێرخوازانیش گرنگییەکی تری بۆ ستراتیژی قەرەبوکردنەوە هەیە، چونکە وێرای ئەوەی، کە لە سەرەتادا واتای وشە لە دەوروبەری ڕستەدا بەکاردەهێنن، ئەگەر نەگەیشتن بە واتای مەبەست، ئەوا پەنا بۆ وشەیەکی نزیك لەو وشەیە دەبەن، ئەم پەنا بردنە لای زۆری فێرخوازان بەدیدەکرێت، تەنیا (۳.۳٪ ) ئەم ستراتیژی قەرەبوکردنەوەیە لە هیچ کاتێکدا بەکارناهێنن. لە وەلاّمی پرسیاری (۷)دا تێڕوانینمان بۆ بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە لە ڕووی گرنگی ڕستە بە لای فێرخوازانەوە زیاتر دەبێت، چونکە (۹۰٪ ) ی فێرخوازان، نەك هەر ڕستە وەکو بەشە سینتاکسییەکە بۆیان گرنگە، بەڵکو بۆ تێگەیشتن و لە بیرنەکردنی وشە نوێیەکانیش بەکاریدەهێنن.

لەلایەکی ترەوە فێرخوازان ئەم ستراتیژە بەکاردەهێنن بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەو کەموکوڕی و هەڵانەی لە زمانی دووەمدا هەیانە، ئەویش بە بەکارهێنانی گریمانەی زمانی گواستنەوەیە بۆ زمانی دایك، لەبەرئەوەی لە وەڵامی پرسیاری(٦)دا ( ۹۰٪ ) یان بۆ ئەم قەرەبوکردەوەیە پەنا بۆ زمانی دایك دەبن،هەروەها کاریگەری سیستەمی زمانی دایك لەسەر زمانی دووەمیان لە وەڵامی پرسیاری(۱۰)دا بەڕێژەی (۷۰٪ ) یە. کاریگەری زمانی فێرخواز لەسەر لە فێربوون و بەکارهێنانی ڕێزمان و ئاخاوتن و درکاندنی زمانی دووەم (ئینگلیزی) ڕێژەیەکی زۆری تێپەڕاندووە، بە جۆرێك لە وەڵامی پرسیاری(۱)ی خشتەی ژمارە (۲)دا، هیچ فێرخوازێك نییە ئەم کاریگەرییەی لەسەر نەبێت.

دەکرێت بڵێین فێرکەرەکانش هۆکارێکن بۆ ئەوەی فێرخوازەکان ئەم ستراتیژە بەکاربهێنن،چونکە لە وەڵامی پرسیاری(۳)ی نەخشەی(۲)دا (۹۰٪ )ی فێرکەرەکان ئەو وانانەی، کە فێرخوازان تێینەگەیشتوون بۆ فێرخوازەکانیان دوبارە دەکەنەوە، واتە تەنیا (۱۰٪ )ی فێرکەرەکان لە هیچ کاتێکدا وانەکان بەزمانی دایك دوبارە ناکەنەوە. بڕوانە پرسیاری(۹، ۸ ، ۷ ، ۱۰،٦) ی خشتەی ژمارە (۱) و پرسیاری( ۱ ، ۳)ی خشتەی ژمارە (۲).

## ب- ستراتیژی ناڕاستەوخۆ یان ( یارمەتیدەر):

ئەم جۆرە ستراتیژە لە فێربوونی زمانی دووەمدا یارمەتی فێرخواز دەدات، بە بەکارهێنانی جۆرە شێوازێکی تایبەت و خۆبەدورخستن لە خۆخلیسکانی ڕاستەوخۆی زمانی دایك(یەکەم) ، ئەویش بریتییە لەم سێ جۆرە:

### ١- ستراتیژی میتادرکپێکردن:

ئەم ستراتیژە بۆ سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستن و ئاڕاستەکردنی دەروونی بۆ فێربوون بەکاردێت دەستپێکی کاری ئەم ستراتیژە لە خودی فێرخوازەوە هەنگاو هەڵدەگرێت و لە بارەی زمانی دووەمەوە داوای زانیاری لە فێرخواز دەکات. چارەسەرکردنی درکپێکردن بە هۆی پلاندانان و چاودێری خودییەوە دەبێت، واتە فێرخواز لەکاتی پرۆسەی فێربووندا چاودێری خودی خۆی دەکات و هەڵەکان ڕاستدەکاتەوە، ئەویش بەچەند شێوەیەك دەبێت، وەکو چاودێریکردنی خودی خۆی لەکاتی دەربڕین و نووسیندا، چاودێریکردنی بەرهەمەکانی خۆی لە کاتی گەیاندنی زارەکی و نووسیندا، چاودێریکردنی شێوازی فێربوونی، هەڵسەنگاندنی خودی لە کاتی فێربوونی زمانی دووەمدا، تێیدا فێرخواز بەهرەی خۆی هەڵدەسەنگێنێت و ئەم پرسیارە ئاڕاستەی خودی خۆی دەکات:

ئایا دەتوانێت لە وشەکان تێبگات و دەربڕین ئەنجامبدات ؟

گرنگیدان و جەختکردنەوە لەسەر فێربوون, وەکو (تێپەڕاندنی زانیارییە زانراوەکان، دواخستنی بەرهەمی ئاخاوتن بەمەبەستی بیستن ). ئەم ستراتیژەش یارمەتیدەرە بۆ ڕێکخستنی زانیاری فێربوون لەکاتی گەڕاندا، لە لایەکی ترەوە ئەرکی ئەم جۆرە ستراتیژەی زمانی دووەم بە پێوەری خودی فێرخواز ئامانجی دیاریکردنی ئاستی فێربوونی زمانی دووەمە.

لەم ستراتیژەدا فێرخواز گرنگی بەچاودێریکردنی ئاستی تێگەیشتن و فێربوونی زمانی دووەمی دەدات بۆ ئەم مەبەستە لە وەڵامی پرسیاری(٢١)دا نزیکەی ( ٩٧٪ )ی فێرخوازان چاودێری ئاستی فێربوونی خۆیان دەکەن، لەم ڕێژەیەشدا زیاتر لە ( ٣٦٪ ) یان بە هەمیشەیی پەیرەوی دەکەن. هەروەها فێرخواز کار بۆ ئەوە دەکات بارێکی ئارام و هێمن بۆ خۆی برەخسێنێت، بۆیە لە وەڵامی پرسیاری (١٨)دا زیاتر لە( ٨٦٪ )ی فێرخوازان لە کاتی دڵەراوکێ و ترس و شەرمدا پشوو وەردەگرن، تا لە ئاخاوتندا بەردەوامبن. لەلایەکی ترەوە فێرخوازان متمانەی گەورەیان بۆ خۆیان دەستەبەرکردووە و لەهەڵەی فێروونی زمانی دووەمدا سڵناکەنەوە و لە بەکارهێنانیدا بەردەوامدەبن، بۆیە زیاتر (٨٠٪ )ی فێرخوازان لە وەڵامی پرسیاری(١٥)دا ئەم متمانەیە دەکەنە ڕێگای سەرەکی بۆ فێربوونی زمانی دووەم. هەرەها لە ڕوانگەی متمانە بە خۆ بوونەوە فێرخوازان ئاستی توانای فێربوون و تێگەیشتنی خۆیان تاقیدەکەنەوە و خودی خۆیان دەکەن بە پێوانە و هەڵسەنگاندنی فێربوونیان، بۆیە لە وەڵامی پرسیاری(٢٠)دا زیاتر لە (٨٦٪ )ی فێرخوازان وەڵامی

ئەو پرسیارانەی فێرکەرەکانیان دەدەنەوە، ئەگەرچی ئاڕاستەی ئەوانیش نەکرابێت، واتە فێرخواز لە دیوی ناوەوەی خۆی، یان لەبەر خۆیەوە بەجۆرێك وەڵام دەداتەوە، کە هەڵسەنگاندنبێت بۆ ئاستی فێربوونی زمانی دووەمی. بڕوانە پرسیاری( ٢١ , ١٨، ١٥ ، ٢٠) ی خشتەی ژمارە (١).

### ٢- ستراتیژی ویژدانی ( کاریگەری):

ئەم ستراتیژە کۆمەڵە هۆکارێك لە خۆ دەگرێت و دەیکاتە پاڵپشت بۆ فێربوونی زمانی دووەم، ئەوانیش بریتین لە هاندان بۆ رزگاربوون لە دڵەراوکێ بە هۆی (خاووبونەوە و هەناسە هەڵکێشانێکی قوڵ، بیرکردنەوە و گوێگرتن لە مۆسیقا و پێکەنیین)، بڕوا بەخۆبوون و پێوانەی پلەی سۆزداری بە هۆی ( گفتوگۆکردن لەگەڵ هەست و سۆز و کەسانی تر). ئەم جۆرە ستراتیژە هەموو ئەمانە دەکاتە هۆکاری جۆراوجۆر بۆ فێربوونی زمانی دووەم.

لە ستراتیژی ویژدانیدا فێرخواز بۆ فێربوونی زمانی دووەمی گرنگی بە بارێکی ئارام و هێمن دەدات ، بۆیە لە وەڵامی پرسیاری(١٨)دا زیاتر لە ( ٨٦٪ )ی فێرخوازان لە کاتی دڵەراوکێ و ترس و شەرمدا پشوو وەردەگرن، تا ئامادەی باشتر بۆ ئاخاوتن و دەربڕین بگرنەبەر. لە وەڵامی پرسیاری(١٧)دا زیاتر لە ( ٩٣٪ ) فێرخوازان ئەم ستراتیژە دەکەنە هونەرێکی شیاوی دەروونی، بۆئەوەی ژینگەی بیرکردنەوەیان بگەڕێتەوە سەرباری ئاسایی خۆی و بتوانن وەڵامی پێویست بە دەستبخەن. بڕوانە پرسیاری ( ١٨ ، ١٧ )ی خشتەی ژمارە (١).

فێرکەرەکان دەتوانن ڕۆڵی ستراتیژی ویژدانی لە سەر فێرخوازانی زمایی دووەم زیاتر بکەن، بۆ ئەم مەبەستە لە دارشتنی پلانی خوێندنی کۆرس و ساڵدا بە راوێژ و هاوکاری هەردوولایان پرۆگرامی خوێندن و فێرکردنی زمانی دووەم جێبەجێدەکەن، بۆیە (٤٠٪ )ی فێرکەران وەڵامی ئەم پرسیارەیان بە بەڵێ بووە. بڕوانە پرسیاری(١٤) ی خشتەی ژمارە (٢).

### ٣- ستراتیژی کۆمەڵایەتی [١]

ستراتیژی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر تێکەڵبوونی فێرخوازی دووەم دەکاتەوە، لە پاڵ هاندانی فێرخواز داوای لێدەکات نزیك و تێکەڵبێت لەگەڵ کەسانی تر، ئەویش بە مەبەستی ئاسانکردن و تێگەیشتن و

[١] - زۆربەی ئەو فێرخوازە کوردانەی لە هەرێمی کوردستان بۆ خوێندن دەچنە دەرەوە، لەوێدا بۆ فێربوونی زمانی دووەم ڕینمایی و ئامۆژگاری و داتایان پێدەدرێت، بۆ ئەوەی هانبدرێن لەگەڵ کەسانی زمانی مەبەست ئاشنایی و تێکەلاوی کۆمەلایەتی ببەستن، بۆ ئەوەی بتوانن بە کەمترین کات و بە باشترین شێوە فێری زمانەکە ببن، بەتایبەتی لە درکاندن و کۆزانیاری و کلتوری زمانەکەدا.

فێربوونی زمانی دووەمە، ئەم ستراتیژە لەڕێگای یارمەتیدان و پرسیارکردن و داواکردنی ڕوونکردنەوە بەدیدێت. لەبەرئەوە زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوەدەکەن، سۆزداری و نزیکی و خۆشەویستی گرنگی زۆری بۆ فێربوونی زمانی دووەم هەیە.

دەتوانیین بڵێین خاڵی گرنگ و دیار لە پلانی ئەم ستراتیژەدا بۆ فێربوونی زمانی دووەم مەرجی تێکەڵبوون و بەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە لە ئاستێکی باش و نزیکدا، بۆئەوەی فێرخواز هیچ لەمپەرێکی کۆمەڵایەتی نەبێتە ڕێگری، تا پرسیاربکات و داوای ڕوونکردنەوە و شرۆڤەی هەموو بابەتێك لە ژینگە کۆمەڵایەتییە لەبار و گونجاوەکەدا بە ئاسانی وەربگرێت و بکەوێتە بارێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی، کە هاوشێوەی بارودۆخی زمانی یەکەم بێت .

ستراتیژی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەم بنەمایانە دروستدەبێت و گەشەدەکات[1]:

**أ- پرسیارکردن بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و پشکنین:**

فێرخواز داوای دوبارەبوونەوەی بابەتەکە دەکات بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و دوبارە داڕشتنەوەی لەلایەن فێرکار، یان ئاخێوەری زمانی یەکەمەوە، ئەم جۆرە ستراتیژە فێرخوازی چالاك پشتی پێدەبەستێت، چونکە وادەردەکەوێت ئەم فێرخوازانە بە قووڵی ئارەزوومەندن بۆ تێگەیشتن لە یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی دووەم.

کەواتە نزیك بوونەوەی کۆمەڵایەتی هەلێکی باش بۆ پرسیارکردن و دوبارەکردنەوەی بابەتەکان دەڕەخسێنێت. بە سودوەرگرتن لەم ستراتیژە فێرخوازان بۆ فێربوونی زمانێکی باش و پاراو لە سیستەم و دەستوری زمانی دووەم زیاتر پەنا بۆ ئەو فێرخوازانە دەبن، کە زمانی دووەمیان لە زمانی خۆیان باشترە، یاخود خۆیان لەو کەسانە نزیك دەکەنەوە: کە زمانی یەکەمیان زمانی ئینگلیزییە، ئەم نزیکبوونەوانەیش نیشانەی چالاکی و زیرەکی ئەو فێرخوازانە دەردەخات، کە شێلگیرانە بە دوای فێربوونی زمانی دووەمدا دەگەڕێن، بۆ ئەم مەبەستە لە وەڵامی پرسیاری (٢٥)دا زیاتر لە ( ٨٦٪ )ی فێرخوازن ئەم ستراتیژە بەکاردەهێنن، لەو ڕێژە دیاریکراوەیشدا زیاتر لە ( ٥٣٪ ) بە شێوەی هەمیشەیی پلانەکە جێبەجێدەکەن. هەروها بەشێك لە فێرخوازان بۆ دەستنیشانکردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان، داوای یارمەتی و هاوکاری لەو کەسانە دەکەن، کە بە زمانێکی پاراوی ئینگلیزی ئاخافتن دەکەن، ئەویش نیشانەیەکی تری پەیوەندی کۆمەڵایەتیانە، بۆیە لە وەڵامی پرسیاری (٢٧)دا زیاتر لە ( ٩٣٪ )ی فێرخوازان ئەم ستراتیژە بۆ بەرەودان و پێشخستنی زمانەکەیان بەکاردەهێنن.

بە بۆچوونی ئێمە ئەم پەیوەندی و نزیکبوونەوەی کۆمەڵایەتییە تەنیا لەسەر پەیوەندی ئاخاوتنی کەسی ڕانەوەستاوە، بەڵکو هۆکارەکانی تری فێربوونی زمانی دووەمیش هۆکاری سەرەکی و گرنگن، وەکو لە

---

١ - دوجلاس براون(١٩٩٤: ١٢٣)

وەڵامی پرسیاری (٢٦)دا (٩٠ ٪ ) ی فێرخوازن، زیاتر لە زمانی دایك بە زمانی دووەم( ئینگلیزی) پەرتووك و ڕۆژنامە و كۆمێنت دەخوێننەوە، یان دەنووسن، یاخود گوێبیستی ڕادیۆ دەبن، یان تەماشای بەرنامە و فیلیمی ئینگلیزی دەكەن. لەم ڕێژە دیاریكراوەیشدا زیاتر لە ( ٣٦٪ ) یان بە شێوەی هەمیشەیی ئەم هۆكاری نزیكبوونەوەیە بەكاردەهێنن. بڕوانە پرسیاری(٢٥ ، ٢٧ ،٢٦ ) ی خشتەی ژمارە(١).

**ب- هاریكاریكردن:**

بۆ فێربوونی زمانی دووەم، گەڕان و تێكەڵبوون لەگەڵ كەسانی تر بە مەبەستی فێربوون و چارەسەركردنی گرفتی فێربوون گرنگە، چونكە( نزیكی پەیوەست و بەندە بە چالاكی هاریكاری لەگەڵ فێرخوازی زمانی دووەم، هەروەها لە پۆلدا دابەشكردنی فێرخوازان بەسەر كۆمەڵەی بچووك بچووك گرنگ و پێویستە)[١] . لە لێكۆڵینەوەكانی (ئۆملی و شامۆت- O Malley , chamot-دا دەركەوتووە، چالاكی هاریكاری هەلێكی باش بۆ ڕاهێنانی ئەركی زمان دەرەخسێنێت)[٢].

هاریكاریكردن لە نێوان فێرخوازان لە پۆلدا بەشێكی گرنگە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، چونكە ئەوانەی ویستیانە فێری زمانی دووەم(ئینگلیزی)ببن، ئەوا لە دەرەوەی ژینگەی زمانی دایك(ئینگلیزی)دان، بۆیە ئەم پەیوەندییە پێویستە و بۆ قەرەبوكردنەوەی ئەم بۆشایی و كەموكوڕییە، ئەوا بەشێكیان پەنایان بۆ هاوكاری نێو پۆل بردووە، لە وەڵامی پرسیاری (٢٧)دا زیاتر لە ( ٩٣٪ )ی فێرخوازن ئەم ستراتیژە بۆ یارمەتی وەرگرتن بەكاردەهێنن. هەروەها وەڵامی پرسیاری (٢٥)دا زیاتر لە ( ٨٦٪ )ی فێرخوازن ئەم ستراتیژە بەكاردەهێنن. بەڵام لە بارودۆخێكی لەو جۆرەدا، واتە فێرخواز، ئەگەر لەدەرەوەی ژینگەی زمانی دووەمدا بێت، ئەوا بە بۆچوونی ئێمە دەبێت بە شێوەیەكی گشتی گرنگی بەم لایەنە بدەن و ئاخافتن و هاوكارییەكانیان بۆ فێربوونی زمانی دووەم لە پۆلدا زیاتر بكەن، بۆئەم مەبەستە لە وەڵامی پرسیاری (٢٤)دا ( ٨٦.٦٪ )ی فێرخوازان پەنای بۆ دەبەن لەو ڕێژەیەش تەنیا ( ٣٠.٣٪) یان بە هەمیشەیی زمانی دووەم لە پۆلدا بەكاردەهێن، واتە ڕێژیەك هەیە لە فێرخوازان، كە دەكاتە ( ١٣.٣٪ ) لە هیچ كاتێكدا بەكاریناهێنن. بڕوانە پرسیاری(٢٧ ، ٢٥ ، ٢٤ ) ی خشتەی ژمارە (١).

**ت- كارپێكردنی سۆزداری و كەمكردنەوەی دڵەڕاوكێ:**

كات و ماوەی ئاخاوتن لەگەڵ خوددا و كەمكردنەوەی دڵەراوكێ دەستكەوتێكی چالاكی پەروەردەییە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، وەكو (وەڵامدانەوەی پرسیار، داواكردنی دەربڕینی زارەكی بۆ گرتەیەك، یان شیكاركردنی ڕاهێنان لەسەر تەختە، یان هەڵسان بەهەر ڕەفتارێك پاڵپشت بێت بۆ بڕوا بە خۆ بوون ، وەكو

1-Paul ,C (1998 :56 )
2-O'Malley, J & Chamot , A. (1990 : 113)

بوێری له دەربڕین، هەست به ترس نەکردن لەکاتی هەڵەکردن، یان بەشداریکردن له وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، جا ڕاست بێت یان هەڵە، ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ فێربوونی زمانی دووەم)[1] .

کەواته بەتێڕوانینمان له خشتەی ژماره (١، ٢)دا، دەتوانین ئاست و ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم ستراتیژه بەم شێوەیه لێکبدەینەوە:

- کەمکردنەوەی دڵەراوکی و ئارام بەخشین به خود: بەشێك له فێرخوازان درك بەوە دەکەن له کاتی ئاخاوتندا یان پرسیارکردن، یاخود وەڵامدانەوەدا دووچاری دڵەراوکێ و نائارامی دەروون، دەبن، بەڵام بەرانبەر بەم بارودۆخه پلانیان هەیه و دەیانەوێت خۆیان کۆنترۆڵبکەن، بۆیه له وەڵامی پرسیاری (١٨)دا زیاتر (٨٦.٠٪)ی فێرخوازان پەنای بۆ ئەم پلانه دەبەن. بڕوانه پرسیاری(١٨) ی خشتەی ژماره (١).

- کات و ماوەی ئاخاوتن لەگەڵ خودا: بەشێکی هەره زۆری فێرخوازان درك بەوە دەکەن، پێویستیان به کات و ماوەی ئاخاوتن لەگەڵ خودا هەیه، بۆ ئەم مەبەسته تەنیا ( ٣.٣٪ )ی فێرخوازان ئەم پلانه فەرامۆش دەکەن و بەکاریناهێنن. بڕوانه پرسیاری(٢٠) ی خشتەی ژماره (١).

- وەڵامدانەوەی پرسیار: بەشێك له فێرخوازان هێنده چالاك و زیرەك و وریان، ئەوان دەخوازن، وەڵامی ئەو پرسیارنه به نهێنی و بێدرکاندن بدەنەوە، ئەگەرچی ئاڕاستەی ئەوانیش نەکرابێت، بۆیه زۆربەیان ئەم ستراتیژه دەکەنه دەرفەتێکی باش بۆ ئامادەبوونی باری دەروونی خۆیان ، چ جای وەکو ڕاهێنانێکی فێربوونیش تێیدەڕوانن، بۆ ئەم مەبەسته تەنیا ( ٣.٣٪ ) ی فێرخوازان ئەم پلانه فەرامۆش دەکەن و بەکاریناهێنن. بڕوانه پرسیاری(٢٠) ی خشتەی ژماره (١).

- بەلاوەنانی ترس و متمانه بەخۆکردن: بەشێکی زۆری فێرخوازان، درك بەوە دەکەن شکاندنی ترس ڕێگای فێربوونی زمانیان بۆ ئاساندەکات و له ئامانجی گەورەیان نزیك دەکاتەوە، بۆیه ئەگەر له پرسیارێك، یاخود بابەتێك تێنەگەیشتن، ئەوا دوای دووبارەکردنەوەی به زارەکی، یان نووسراو، یاخود شیکردنەوەی دەکەن، هەروها دوای یارمەتی له هاوپۆل و دەوروبەرەکەیان دەخوازن، یاخود فێرخوازان خۆیان داوای یارمەتی له خودی خۆیان دەکەن ئەویش به ڕاوەستان و پشوو وەرگرتن. بڕوانه پرسیاری ( ١٦ ، ١٧، ٢٢ ، ٢٣) ی خشتەی ژماره (١).

---

1-Paul ,C (1998 :56 )

## ٢/ ١-٣-٢)ستراتیژی گەیاندن:[١]

ئەم ستراتیژە بریتییە لە ئەنجامدانی کۆمەڵە کردەیەك، دەبێتە هۆی گەشەسەندنی توانای گەیاندنی فێرخواز بۆ زمانی دووەم. ستراتیژی گەیاندن بۆ بەردەوام بوون لە گفتوگۆکردندا یارمەتی فێرخواز دەدات، بەلای ئەم ستراتیژەوە گرنگ ئەوەیە، فێرخواز توانای بەرهەمهێنانی هەبێت، ئەمیش ئەوە دەگەیەنێت، فێرخوازی زمانی دووەم بەهرەی خۆی دەردەخات، چونکە بەهرەکەی دیاریکراوە و هەوڵدەدات قەرەبووی ئەو زانیارییە کەمەی خۆی بکاتەوە، کە لەسەر وشەکانی زمانی دووەم هەیەتی.

لێکۆڵینەوەی ستراتیژی گەیاندن لە ساڵانی هەشتاکان گەیشتە لووتکەی بەکارهێنان، لەو کاتەدا ئەم جۆرە ستراتیژە بۆ فێربوونی زمانی دووەم سەرکەوتنی بەدەستهێنا، (ئەو لێکۆڵەرانەی ستراتیژی گەیاندیان بەکارهێنا، ئاماژەیان بەوەکرد کاریگەری لەسەر فێربوونی زمان هەیە)[٢].

کەواتە دەتوانین لە تێڕوانینی ئەو بۆچوونەی سەرەوە لەمەڕ ستراتیژی گەیاندن، ئەوە بخەینەڕوو، ئەم ستراتیژە لە ئەنجامدانی کۆمەڵە کردەیەك هەنگاو بەرەو ئامانجی فێربوونی زمانی دووەم هەڵدەگرێت و لە ستراتیژێکی گشتگیردا هەموو کردە و هەنگاوەکان کۆدەکاتەوە ، کە هونەری وزە بەخشی فێرخوازە لە فێربوونی زمانی دووەمدا، کە فێرخواز بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕییەی لە فێربوونی زمانی دووەمدا هەیەتی، بەکاریدەهێنێت، فێرخواز ئەم هونەرەی لە وەڵامی پرسیاری ( ١ ، ٢ ) خشتەی ژمارە (١)دا جێبەجێدەکات، چونکە یەکەم هەنگاو بەخوێندنەوە و تێڕامان و تێگەیشتن لە بابەتەکان دەستپێدەکەن، دواتر لە فەرهەنگدا بەدوای زانیاری ورد و چڕتر دەگەڕێن. بڕوانە پرسیاری (١ ، ٢) ی خشتەی ژمارە (١).

خاڵێکی تری ستراتیژی گەیاندن، دەرخستنی توانای بەهرە و تێگەیشتنی فێرخوازە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، چونکە فێرخواز توانا و بەهرەی خۆی لە پێوەری فێربوونی زمانی دووەمدا نمایشدەکات. بڕوانە پرسیاری (٣ ، ٦ ، ٧، ٨ ، ١٣ ، ٢٢ ، ٢٣ ،٢٦ ، ٣٠) ی خشتەی ژمارە (١) و پرسیاری (٦)ی خشتەی ژمارە(٢).

### چەند بۆچوونێك بۆ پێناسەی ستراتیژی گەیاندن دەخەینەڕوو :

کۆردەر(corder) دەڵێت: ستراتیژی گەیاندن بریتییە لە هونەری پڕۆگرامی فێرخواز و ئاخێوەر، لە کاتێکدا بۆ دەربڕینی بیروبۆچوون بەکاریدەهێنن، کە ڕووبەڕووی ئاستەنگی دەبنەوە[٣].

---

١ - چەمکی ستراتیژییەتی گەیاندن بۆ یەکەم جار لەلایەن( سیلینکیر) ئاماژەی پێکرا، گوایە یەکێکە لەکارە ناوەندییەکانی فێربوونی زمانی دووەم، بڕوانە:

Selinker, L. (1972: 209 -232)

٢ - بریتین لە (ئیلین تاڕۆن ، کلۆز ڤایرتش، گابرییل کاسپر، ئیلین بیالیستوك).

3-Corder, S. P (1981 :67 )

بەدیدی ئێمە ئەم بۆچوونەی (کۆردەر) بۆ ئێستا باشترین ستراتیژە، ئەگەر لە فێربوونی زمانی دووەمدا بەکاربێت، چونکە پەیوەندی نێوان فێرکەر و فێرخوازی کورد بەیەکەوە گرێدەدات، لەبەر ئەوەی لە پۆلدا هونەری فێربوونی زمان تەنیا بە فێرکەر، یان بە فێرخوازەوە بەند نییە، بەڵکو هەردووکیان بەشدارن و دەتوانن لە پرۆسەی فێربووندا کەموکوڕی و گرفتەکانی فێربوون بە هەمەهانگی تێپەڕێنن و بە ئامانجی فێربوونی زمانی دووەم بگەن.

ئیلیس و ڕۆد ( Ellis ,Rod): ئاماژە بەوە دەکەن، ستراتیژی گەیاندن هێمایەکە بۆ گەشەکردنی زمانی دووەم، کە فێرخواز لە قۆناغی گەشەکردنی زمانی دوومدا بەکاریدەهێنێت[١].

ئەم تێڕوانینەی (ئیلیس و ڕۆد) بۆ ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم، درکپێکردنی فێرخوازە لە تێپەڕاندنی قۆناغی سەرەتای فێربوونی زمان، پێویستە لە و قۆناغە و لەو ئاستەدا پشت بە خۆی ببەستێت و ستراتیژی نوێ بۆ گەشەکردنی زمانی دووەمی تاقیبکاتەوە، ئەویش ستراتیژی گەیاندنە.

ئۆمڵی و شامۆ (O'Malley , Chamot) جەخت لەسەر گرنگی تایبەتی ستراتیژی گەیاندن دەکەنەوە و دەڵێن: (( ستراتیژی گەیاندن تایبەتمەندی و گرنگی لە کاتی گفتوگۆکردن و واتای وشەکاندا هەیە، چونکە هیچ ڕۆنانێکی زمانی، یان یاسای کۆمەڵایەتی زمانی هاوبەش نییە لە نێوان فێرخوازی زمانی دووەم و ئاخێوەری زمانی یەکەمدا، لەبەر ئەم هۆیە ستراتیژەکە بەندە بە بیستن و ئاخاوتنەوە[٢].

ئۆمڵی و شامۆ لە ستراتیژی گەیاندندا ئاماژەیان بە گفتۆگۆکرن و واتای وشەداوە، واتە ئەو ژینگە زمانییەی لەلای فێرخوازی زمانی دووەمدا هەیە، جیاوازە لەو ژینگە زمانییەی لای ئاخێوەری ڕەسەنی زمانەکە هەیە، ئەم بۆچوونەیش لە ژینگەی ناو پۆلی فێرخوازی کورد بۆ زمانی دووەم(ئینگلیزی)دا بەدیدەکرێت، چونکە هەندێك لە فێرخوازان، یاخود هەندێك کات فێرخوازان بە ڕۆنانی زمانی دایك، یان بە یاسا و ژینگەی کۆمەڵی کوردەواری ئاخاوتنی زمانی ئینگلیزی ئەنجام دەدەن. ئەم بارودۆخە ئەوە دەگەیەنێت، فێربوونی زمانی دووەم تێگەیشتنە لە واتای وشە لە دەرەوی ژینگەی ڕەسەنی زمانی خۆیدا، واتە بە ڕێگای بیستن و ئاخاوتنی ناو پۆلەوە بەندە.

بە بیروبۆچوونی کاناڵ و سوین (Canal. M and Swain. M.) ستراتیژی گەیاندن پێکهاتەیەکە لە پێکهاتەکانی توانای گەیاندن، یان پێی دەوترێت توانای ستراتیژی، کە بریتییە لە کۆمەڵە ستراتیژێکی

---

1- Ellis, R (1997 : 60-61 )
2- O’Malley, J. & Chamot, A. (1990: 43)

گەیاندنی درکاندن و بێدرکاندن بەهۆی گۆڕانکاری دەربڕینی زمانی و کەموکورتی توانای زمانی، قەرەبوی ماندووبوونی گەیاندن دەکاتەوە[1].

ئەم بیروبۆچوونەی (کاناڵ و سوین) لە گرتنەبەری ستراتیژی گەیاندن لەلای فێرخوازەوە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، بە بۆچوونی ئێمە جۆرێك لە زیرەکی فێرخوازی زمانەکە دەردەخات، چونکە فێرخواز لەیەك کاتدا زیاتر لە پلانێك بۆ فێربوونی زمان بەکاردەهێنێت، ئەویش بەکارهێنانی ستراتیژی درکاندن و بێدرکاندنە، واتە ئەگەر فێرخواز لە کاتی ئاخاوتن و درکاندنی زمانی دووەمدا دووچاری کەموکوری زمانی، یاخود پچڕان و ماندووبوون و لە بیرچوون هات، ئەوا پەنا بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەم بارانە دەبات، ئەویش بە هەڵبژاردنی ستراتیژی بێدرکاندن دەبێت.

ستراتیژی گەیاندن پاڵپشتە بۆ قۆناغی نەخشە و پلاندانان، وەکو لە پێشنیازەکەی (کاسپر و فیرش)دا دەردەکەوێت، تێیدا چەند نموونەیەکی بەرهەمی ئاخاوتنیان خستەڕوو، کە قۆناغی نەخشە و پلاندانان لە خۆ دەگرێت، بۆیە بەکارهێنانی ستراتیژی گەیاندن گرنگە، ئەگەر هاتوو فێرخواز لە پلانی سەرەتای فێربووندا ڕوبەڕووی گرفت بووەوە)[2].

پێشنیازەکەی (کاسپر و فیرش) بۆ ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەم پێچەوانەی تێڕوانینی (ئیلیس, ڕۆد)ە ، چونکە پێشنیارەکەی (کاسپر و فیرش) بۆ ڕوبەڕوو بوونەوە سەرەتای گرفتە لە فێربوونی زمانی دووەمدا، واتە بەکارهێنانی ستراتیژی گەیاندن یەکەم ستراتیژە، کە فێرخواز دەیگرێتەبەر.

کەواتە دەکرێت بڵێین ستراتیژی گەیاندن بە یەکێك لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی فێربوونی زمانی دووەمی فێرخواز دادەنرێت، کە فێرخواز پشت بە توانای زمانی خۆی دەبەستێت و ستراتیژی نوێ تاقیدەکاتەوە. فێرخواز کار بۆ ئەوە دەکات لە ژینگەی ناو پۆلدا هونەر و پلانی ئامانجەکانی باشتر فێربوونی زمانی دووەمی بخاتەگەڕ وەکو( دوبارەکردنەوە و نواندن ، زیادکردنی وشە و بەکارهێنانی هێما و وشەی هاوواتا، گواستنەوە و گۆڕینەوە، خەمڵاندن و هەڵبژاردنی بابەت بۆ گفتوگۆکردن، بەکارهێنانی ڕستەی سادە و زیاتر لە ڕستەی سادە، داواکردنی ڕوونکردنەوە)، هەروەها فێرخواز بایەخ بە ستراتیژ و ڕێنماییەکانی فێرکەر و بوونی پەیوەندی هاوبەشی نێوانیان لە پۆلدا دەدات.

بۆ ڕاڤەکردنی گرنگی ستراتیژی گەیاندن لەلایەن فێرخوازانەوە، هەر یەك لەو بۆچوونانەی پێشتر بە سەرنج و وەڵامی پرسیارەکان و چۆنیەتی و چەندێتی بەکارهێنان و بەلاوەنانی ستراتژەکە دەخەینەڕوو:

---

1- Canale, M., & Swain, M. (1980 : 46 )
2-Ellis, R (1997:60)

- كۆردەر(Corder) ستراتیژی گەیاندن لە هونەری پرۆگرامی فێرخواز و ئاخێوەر دەبینێت و بەکاریدەهێنن، بۆئەم مەبەستە لە وەڵامی پرسیاری (٢٥)دا زیاتر ( ٨٦.٠٪ )ی فێرخوازان پەنای بۆ دەبەن لەو ڕێژەیە ( ٥٣٪ )یان بە هەمیشەیی پشت بەئاخاوتنی دوولایەنە دەبەستن و بەکاریدەهێنن. بڕوانە پرسیاری (٢٥) ی خشتەی ژمارە (١).

- ئیلیس و ڕۆد (Ellis, Rod) لە ڕوانگەی گەشەی ڕۆشنبیری و کلتوری فێرخوازانەوە دەڕواننە ئەم ستراتیژە، چونکە فێرخواز لەم قۆناغەی فێربوون و بەکارهێنانی زمانی دووەمدا، ڕۆشنبیری و کلتوری هەنگاوی باشی بڕیوە و فێرخواز زانیاری کۆن و نوێی بەیەکەوە دەبستێتەوە، تا ستراتیژێکی گەورەتر بگرێتەبەر، بۆ ئەم مەبەستە لە وەڵامی پرسیاری (١٢)دا زیاتر ( ٨٦٪ )ی فێرخوازان ئەم بۆچوونەی ئیلیس و ڕۆد دەکەنە پلانی فێربوونی زمانی دووەم. بڕوانە پرسیاری(١٢) ی خشتەی ژمارە (١).

- ئۆملی و شامۆ لە ستراتیژی گەیاندندا گرنگی بە پلانی فێربوونی زمانی دووەم دەدەن، بەلای ئەوانەوە ستراتیژی گەیاندن پەیوەستە بە بیستن و گەیاندنەوە، بۆئەم مەبەستە وەڵامی پرسیاری (١ ، ٢)، بە تایبەت (٣ ،٤ ، ٥)ی فێرخوازان دەرخەری بۆچوونەکەی (ئۆملی و شامۆ)ن. بڕوانە پرسیاری( ١، ٢، ٣ ،٤ ، ٥) ی خشتەی ژمارە (١).

- بیروبۆچوونی کانالّ و سوین ستراتیژی گەیاندن لەلایەن فێرخوازانەوە دەردەخات و بە هۆکارێکی پڕکردنەوە و قەرەبوکردنەوەی کەموکوڕیان دەیخەملێنن، چونکە لەم ستراتیژەدا زیاتر لە ڕێگایەك بۆ فێربوونی زمانی دووەم بەکاردێت، بەتایبەتی ئاخاوتنی بەدرکاندن و بێدرکاندن لەخۆ دەگرێت، هەر کاتێك فێرخواز بیەوێت کام لەم دوو جۆرەی ئاخاوتن بگرێتەبەر وەکو پلانێکی فێربوون هەژماردەکرێت، بۆ گەیاندنی جۆری بێدرکاندن، ئەوا بەشێك لە فێرخوازان بە وەلامی پرسیاری (٢٠ ) دەستەبەری ئەم جۆرەی درکاندن دەکەن، بە پێچەوانەوەیش کاتێك فێرخواز دەیەوەێت ئاخاوتن بەدرکاندن بکات ئەوە وەلامی پرسیاری ( ٥ ) پلانەکە دەخانە جێبەجێکردنەوە. بڕوانە پرسیاری(٥) ی خشتەی ژمارە (١).

## ٢/ ١-٣-٣)ستراتیژی فێرکردن:

ستراتیژی فێرکردن پەیوەستە بە فێرکردنەوە، بەڵام لەڕاستیدا لە فێربووندا بەشدارە، لەبەر ئەوەی زۆر لە فێرخوازی زمانی دووەم دەکرێت، ستراتیژییەتی فێرکردن بەکاربهێنن.

ئەم جۆرە ستراتیژە بەلای مارتۆن (Marton)وە گرنگە و بایەخی پێداوە، بۆیە پێناسەی ستراتیژی فێرکردن دەکات و دەڵێت: (( بریتییە لە کۆمەڵەیەکی گشتی لە لێپێچینەوەکانی پێداگۆگی (Pedagogy)[١] ، ئەم ستراتیژە ڕێگای فێرکردنی دیاریکراو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەچەسپێنێتە سەر فێرخواز، دەبێتە هۆی گەشە و توانایی بۆ زمانی دووەم ))[٢].

ئەم تێڕوانینەی (مارتۆن) بۆ ستراتیژی فێرکردن هەمان وەڵامی پرسیاری (١٤) خشتەی ژمارە(٢)مان دەداتەوە، بە ڕێژەی(٦١٪) یە، کە ئاماژە بە شێواز و پلانی فێرکار دەدات، بۆئەوەی بە ئامانجی فێربوون بگات، خودی فێرکەر ڕێگای فێربوون هەڵدەبژێرێت، تاوەکو لەگەڵ ژینگە و سروشتی فێرخوازدا بگونجێت، ستراتیژی فێرکردن جیاوازی ئەوتۆی لەگەڵ ستراتیژی فێربووندا نییە، لەهەمان کاتدا دەبێت شوێنی بگرێتەوە، ئەگەرنا فێربوون ڕوونادات. بڕوانە پرسیاری (١٤) خشتەی ژمارە ( ٢).

مارتۆن ئەم ستراتیژە بۆ چوار جۆر دابەشدەکات ، کە بریتین لە:

### ١- ستراتیژی پێشوازی:

ستراتیژی پێشوازی، لە ستراتیژی فێرکردنەوە دێتەئاراوە، (مەبەست لێی چارەسەرکردنی زانیاری ناوەکی و بەرهەمهێنانێتی بە شێوەیەکی بێدەنگی، واتە بێدەربڕین لە زمانی دووەمدا) [٣] . کەواتە لەم جۆرە ستراتیژەدا فێرکەر ئامانجێتی هێزی ناوەکی و شاراوەی فێرخواز بجوڵێنێت، بۆئەوەی فێرخواز لە زمانی دووەمدا بە بەرهەم بهێنێت، لە وەڵامی پرسیاری (٢٠)دا ئەم هێزە شاراوەیەی فێرخواز دەردەکەوێت. بڕوانە پرسیاری (٢٠) خشتەی ژمارە( ١).

بە تێگەشتنی ئێمە لە ستراتیژی پێشوازیدا هیچ ماوەیەك بۆ فێربوون دیارینەکراوە، بەڵام فێرخواز بە بەردەوامی دەیەوێت زوو بەزوو و بەخێرایی پەیوەندی و دەربڕین لەزمانی دووەمدا دروستبکات. لەم ستراتیژەدا فێرخواز ئامادەی ئەوە نیشاندەدات، وەکو چۆن منداڵ لە فێربوونی زمانی دایکدا بە خێرایی و

---

١ - پێداگۆگی وشەیەکی یۆنانییە لایەنی پەروەردەیی دەگرێتەوە، واتە ئەو کەسەی لە قوتابخانەدا هاوشانی منداڵ دەکات ، لێرە مەبەست لە پێداگۆگی بریتییە لە بڕیاردان لەسەر فێرخواز، تا چ ڕادەیەك لە کردەی فێربووندا گەیشتۆتە ئامانج دیاریکردنی بەربەستەکانی فێربوون، پێشنیازکردنی هۆکاری گونجاو بەمەبەستی لابردنی ئەم بەربەستانە لەبەردەم فێربوونی زمانی دووەمدا.

2-Marton . W. (1988 : 3 )
3-Marton . W. (1988 : 3 )

بە پەلە دەیەوێت قۆناغی بێدرکاندن تێپەڕێنێت و بە قۆناغی زمان بەدرکاندن بگات ، بە هەمان شێوەیەش ئەو ئارەزووە لەلای فێرخوازی زمانی دووەمدا هەیە.

### ٢- ستراتیژی گەیاندن:

ئەم ستراتیژە پەرە بە ستراتیژی فێرکردن دەدات. (دەتوانیین بڵێین دەستپێکی گەیاندنی زمانی دووەمە)[١].

تێروانینی (مارتۆن) لە ستراتیژی گەیاندندا ئەوەمان بۆ دەردەخات، ئەم ستراتیژە بەلای مارتۆنەوە وەکو کرداری فێربوونی زمانی یەکەمە و فێربوونێکی هەڕەمەکییە بۆ زمانی دووەم، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە مارتۆن درکی بە جیاوازی فێربوونی زمانی یەکەم و دووەم نەکردووە، ئەگەر زمانی یەکەم هەڕەمەکی و بێئاگایانە ڕوودات، ئەوا فێربوونی زمانی دووەم بە پلان و ستراتیژی ناو پۆل و بە ئاگاییەوە ڕوودەدات.

ستراتیژەکە بۆ ڕێگای وانەوتنەوە ڕۆڵێکی باڵای هەیە، چونکە وا لە فێرخوازی زمانی دووەم دەکات هاوشێوەی ئەو ڕێگایەبێت، کەمنداڵ لە کاتی فێربوونی زمانی یەکەمدا بەکاریدەهێنێت. بەم شێوەیە فێرخواز کۆزانیاری و میتازمانی لە زمانی دووەمدا بۆ نارەخسێت، بەڵکو ڕێرەوی لاسایکردنەوەی زمانی یەکەم دەگرێتەبەر و لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا ڕاهێنانی لە سەردەکات، بۆ ئەم مەبەستە لە وەڵامی پرسیاری ( ١٠ )دا (٧٠٪ )ی فێرخوازان سیستەمی زمانی دایك بە کاریگەری لەسەر زمانی دووەمیان دادەنێن و بەکاریدەهێنن، بە جۆرێك ڕێژەی ( ٢٦.٧٪ ) یان بە هەمیشەیی ئەم کاریگەرییە لەلایان بەرجەستە دەبێت. بڕوانە پرسیاری (١٠) خشتەی ژمارە( ١).

### ٣- ستراتیژی دوبارە دروستکردنەوە:

ئەم جۆرە جەخت لەسەر ستراتیژی فێربوونی جیاواز دەکات، ئامانجی گەشەپێدانی توانای فێرخوازە بۆ زمانی دووەم. (دوبارە دروستکردنەوە جۆرە چالاکییەکە زۆربەی کات پشت بە تێکست(دەق)ی زمانی یەکەم(دایك) دەبەستێت، جا نووسراوبێت، یان زارەکی بێت. واتە فێرخواز زیاتر لە ستراتیژێك بۆ فێربوونی زمانی دووەم دەگرێتەبەر، ئەم جۆرە ستراتیژە زیاتر لە لای ئەو فێرخوازانە بەدیدەکرێت، کە ئاستی تێگەیشتنیان بۆ زمانی دووەم لە قۆناغێکی باشدا نییە. فێرکەریش، کە هاوزمانی فێرخوازە یارمەتیدەرێتی بۆ چالاکبوونەوەی بە زمانی یەکەم )[٢].

---

1-Mick ,R ( 2008 : 39 )
2-Chall, J. S. (1983 : 91)

بۆچوونەکەی(چاڵ) لە وەڵامی پرساری (١)ی فێرکەراندا دەردەکەوێت، کە فێرخواز بۆ چالاکبوونەوەی پەنا بۆ زمانی یەکەمی دەبات و کاریگەری لەسەر زمانی دووەمی هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش فێرکەرەکانیان دەڵێن ئەم کاریگەرییە بە ڕێژەی (١٠٠ ٪ )ە ، لەم ڕێژەیەدا ( ٣٠٪ )یان تەوژمی زۆری زمانی دایکیان کاریگەری لەسەر فێربوون و بەکارهێنانی ڕێزمان و ئاخاوتن و درکاندنی زمانی دووەم(ئینگلیزی) یان کردووە. لە وەڵامی پرسیاری (٢)دا فێرکەران ئاماژە بەوەدەکەن بە هەمیشەیی، یان بەزۆری لە پۆلدا زمانی دووەم بۆ وانەوتنەوەی بابەتەکان و ئاخاوتن لەگەڵ فێرخوازاندا بەکاردەهێنن، واتە بۆچوونەکەی (چاڵ) بۆ ئەم ستراتیژە لە قۆناغی دووەمی بەشی زمانی ئینگلیزی بە دروستی پیادەدەکرێت، چونکە زیاتر لە ستراتیژێك بۆ فێربوونی زمانی دووەم بەکاردێت. هەروەها لە وەڵامی پرسیاری (٤)دا بەشێك لە فێرکەرەکان، فێرخوازان بە ژینگەی ناو پۆلەوە پەیوەستدەکەن، ئەم پەیوەستبوونەیش واتای وەڵامی پرساری( ٢، ٣ ، ٨) دەگەیەنێت. بڕوانە پرسیاری ( ١ ، ٢ ، ٣، ٨)ی خشتەی ژمارە( ٢).

لەلایەکی ترەوە فێرخواز ژینگەی پاشخانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زمانی یەکەم (دایك)ی بۆ فێربوونی زمانی دووەم بەکاردەهێنێت، جا ئەو پاشخانە بۆ چالاکبوونەوەی بێت بە خوێندنەوەی تێکست، یان بەکارهێنانی فەرهەنگ، یاخود هەر جۆرێکی تربێت. بڕوانە پرسیاری (١ ، ٢)ی خشتەی ژمارە( ١).

## ٤- ستراتیژی هەڵبژاردن:

فێرکار لە چەند سەرچاوەیەکەوە دەستدەکات بە هەڵبژاردنی چەند ستراتیژێك، کە لەگەڵ بارودۆخی فێرکردندا بگونجێت، (ئەم هەڵبژاردنەش لەوانەیە ئەرێنی و نەرێنی لە خۆبگرێت، چونکە ستراتیژەکان لەسەر بنەمای بیر و متمانەی تەواو دروستنەبوون)[1].

بۆچوونی مارتۆن لە بارەی ستراتیژی هەڵبژاردن لە وەڵامی پرسیاری (٩)دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە فێرکەرەکان لە هەڵبژاردنی پلان و هۆکارەکانی فێربوونی زمانی دووەمدا جیاوازن و چەند هۆکارێکی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی شتراتیژەکەیان دەگرنەبەر. لە وەڵامی پرسیاری (٥)دا هەندێك لە فێرکەرەکان پێیان وایە پەلەکردن و خێرایی بەدیدەکرێت لە کاتی پێشکەشکردنی بابەت، بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە ستراتیژ و پرۆگرامی خوێندنی دیاریکراو، ئەمیش واتای ئەوە دەگەیەنێت، دەشێت ئەو هەڵبژاردنە لەوانەیە ئەرێنی و نەرێنی لە خۆبگرێت. لە دیوێکی ترەوە هەڵبژاردنی ستراتیژی جۆراوجۆر گرنگی و بایەخ بۆ زمانی دووەم زیاددەکات، لەبەرئەوەی فێرخواز تەنیا بە نەخشەیەکی فێربوونەوە پەیوەست ناکات، بەمەیش خۆشەویستی و ئارەزووی فێرخواز بۆ فێربوونی زمانی دووەم پەلکێشدەکات، لە وەلامی

1-Marton . W. ( 1988 : 4)

پرسیاری(٧)دا فێرکەر لەگەڵ فێرخوازاندا بە بابەتی کۆندا دەچنەوە و بە بابەتی نوێی دەبەستنەوە، واتە ئەم ستراتیژە نزیکبوونەوە و کۆکردنەوەی بیری هەر دوولا بەیەکەوە دەوڵەمەند دەکات و دەشبێتە هۆکارێك بۆ تێگەیشتنی زیاتری فێرخواز، چونکە دوبارەکردنەوەی بابەت وەڵامی پرسیاری(٥)ی خشتەی ژمارە(١) لەخۆ دەگرێت. ئەم ستراتیژە وەڵامی پرسیاری(١)ی خشتەی ژمارە(١) و وەڵامی پرسیاری(١١)ی خشتەی ژمارە(٢) لە ڕێژەی بەرزدا لەیەکتر نزیکدەکاتەوە، چونکە لە وەڵامی پرسیاری(١)ی خشتەی ژمارە(١)دا فێرخواز تێکستێکی ئینگلیزی یەکەم جار بە خێرای دەیخوێنێتەوە، پاشان بە مەبەستی تێگەیشتن دوبارەی دەکاتەوە، زیاتر( ٨٦٪ ) فێرخوازان ئەم ستراتیژە پەیرەودەکەن، کە زیاتر ( ٣٦٪ )یان بە هەمیشەیی بەکاریدەهێنن، هەروەها لە وەڵامی پرسیاری(١١)ی خشتەی ژمارە(٢)دا فێرکەران بە ڕێژەی(٤٠٪) لە تێکستەوە بەرەو ئاستەکانی زمان دەستپێدەکەن. بڕوانە پرسیاری ( ١ ، ٥ ، ٩)ی خشتەی ژمارە ( ١).

ستراتیژی هەڵبژێردراو لە سەرەتای وەرگرتنی فێرخوازان دەستپێدەکات و ستراتیژێکی گونجاو و لەبارە بۆ فێربوونی زمانی دووەم، لەبەرئەوەی لە وەڵامی پرسیاری(٦)ی خشتەی ژمارە(٢)دا فێرکەران ئەوە دەخەنەڕوو، (٩٠٪ )ی فێرخوازان بە ویست و ئارەزووی خۆیان زمانی دووەم دەخوێنن و لەو بەشە وەرگیراون، واتە ئەم هەڵبژاردەیەی فێرخوازان پلان و ستراتیژی فێرکەرەکان باشتردەکات و بەرەو ئامانجی ڕاستەوخۆی فێرکردن دەیانبات. هەڵبژاردنی پلانێکی بە ئارەزووی فێرخوازان ئاکامێکی باشی لە وەڵامی پرسیاری(٦)ی خشتەی ژمارە(٢)دا لێدەکەوێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە فێرخوازان کۆمەك و یارمەتی لە کۆزانیاری زمانیی ( Knowledge) زمانی دووەم کۆدەکەنەوە، تا لە فێربوونی زمانی دووەمدا بەکاریبهێنن، لە وەڵامی پرسیاری(٣٠)ی خشتەی ژمارە(١)دا نزیکەی ( ٩٧٪ ) یان کۆزانیاری زمانی دووەم لە دەربڕینی ئاخاوتن و دروستکردنی ڕستەدا بەکاردەهێنن. بڕوانە پرسیاری(٦)ی خشتەی ژمارە(٢) و پرسیاری(٣٠)ی خشتەی ژمارە(١).

بە بۆچوونی ئێمە بەشێك لە فێرکەرەکانی فێرکردنی زمانی دووەم، لە هەڵبژاردنی ستراتیژدا جۆرێك لە فەرامۆشی لە بەشێکی گرنگی فێرکردنی زماندا هەیە، ئەویش بریتییە لە فێرکردنی شێوازی زارەکی و ڕێزمان، کە دوو بنەمای گرنگی پرۆسەکەن، لە وەڵامی پرسیاری(١٥)ی فێرکەرەکانەوە ئەو بۆچوونەمان ڕاستدەکەینەوە، چونکە (٢٠٪)ی فێرکەران ئەم لایەنەی فێرکردنیان بەهەند وەرنەگرتووە. بڕوانە پرسیاری(١٥)ی خشتەی ژمارە(٢).

لێرەدا ئەکرێت بڵێین ستراتیژی فێرکردن بەگشتی بریتییە لە پلانێکی داڕێژراو لە لایان فێرکەرەکانەوە بۆ فێرخوازی زمانی دووەم ئاڕاستە دەکرێت، ئامانجی سەرەکی فێربوونی زمانی دووەمە، ئەم ستراتیژە لە سەر شێوەی پلاندانان بۆ فێرکردنی زمانی دووەم پشت بە جۆرەکانی ستراتیژی فێرکرن دەبەستێت. ستراتیژەکە چەند لێپرسینەوەیەکی ڕاهێنانییە، کە فێرکار بۆ پێشخستنی زمان

بەکاریدەهێنێت، بەشێوەیەك، کە توانای فێربوونی هەبێت. ستراتیژی فێرکردن فێرخواز فێردەکات، کە چۆن فێرببێت، چۆن بە بیری بێتەوە و چۆن بیربکاتەوە، لە ئەنجامی ئەمانەدا دەردەکەوێت فێرکار ڕۆڵی باڵای بۆ ئاسانکردنی فێربوونی زمانی دووەم هەیە، چونکە فێرکار هەموو توانای خۆی دەخاتەگەڕ بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك سەرباری پلانی فێرکەر, تا وا بکات، فێرخواز سەربەخۆی خۆی لەکاتی فێربووندا بدۆزێتەوە.

لە ئەنجامی خستنەڕووی جۆرەکانی ستراتیژیدا، پێویستە ئاماژە بە جیاوازی نێوان ستراتیژی فێربوون و فێرکردن بکەین، کە ستراتیژی فێرکردن جەخت لەسەر ڕۆڵی فێرکار دەکاتەوە، چونکە ڕۆڵی کرداری فێرکردن دەگێڕێت، بەڵام لە ستراتیژی فێربووندا فێرخواز ڕۆڵی باڵای هەیە، فێرکار تەنیا ئاسانکاریدەکات، بۆ نموونە فێربوونی کارلێککردن پشت بە شێوازی کارلێککردن لە نێوان فێرخواز و فێرکار و بابەتی زانستی دەبەستێت، ئەمیش ڕێگای فێرکردنی هاریکاری دەگرێتەبەر، کە تێیدا فێرخوازەکان دابەشی سەر چەند کۆمەڵەیەکی بچووك دەکرێن و بیروبۆچوون ئاڵوگۆڕدەکەن، هەموو فێرخوازێك هەستدەکات، لێپرسراوە لەسەر فێربوون و فێرکردنی کەسی بەرانبەری فێرکار تەنیا ڕۆڵی ئاسانکاری و چاودێریکردن دەگێڕێت.

## خشتەی ژمارە(١)

وەرگرتنی وەڵامی ئەنجامی ڕاپرسی خشتەی ژمارە(١) لەسەر بنەمای ڕاپرسی هەڕەمەکی سەبەتە بووە، واتە کۆی گشتی ژمارەی فێرخوازان (٦٢) فێرخوازبوو لە قۆناغی دووەمی بەشی زمانی ئینگلیزی- کۆلیژی پەروەردە لە زانکۆی سەلاحەددین، لەو (٦٢) فێرخوازە بەشێوەی هەرەمەکی (٣٠) فێرخوازی ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ وەرگیراون، کە تەمەنیان لە نێوان ( ١٩-٢٢)ساڵدایە، دواتر ئەو(٣٠) فێرخوازە دابەشی دوو گروپی جیا لە (١٥) فێرخوازی ڕەگەزی نێر و (١٥) فێرخوازی ڕەگەزی مێ کراوە.

بنەمای زانستی بۆ دۆزینەوەی ڕیزبەندی داتاکان لە خشتەی ژمارە(١)دا ڕێباز(میتۆد)ی (RII)ی کۆمێتا (Kometa)بەکارهێنراوە، ئەم ڕێبازە لە لێکۆڵینەوەکانی سامباسیڤان و سوون( Sambasivan and Soon) (بەکارهاتووە. واتە:

Kometa et al. (1994)[٢] ---- Sambasivan and Soon (2007) [١]

یاسای ڕێبازەکەمان لە سەر داتای لێکۆڵینەوەکە بەم جۆرە داڕشتووە

$$\mathbf{RII} = \frac{\sum W}{A*N} \quad ...............$$

١-مەبەست لە $W$ هەڵبژاردنی ستراتیژی وەڵامەکانی فێرخوازە لە ( ١ -٣ )دایە، کە بەرزترین ژمارە(٣)یە.

٢- A ژمارەی خانەکانە، کە بریتین لە سێ(٣) خانە.

٣- N کۆی گشتی پرسیارەکانە بریتین لە سی (٣٠) پرسیار

بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی سەدی(٪) پرسیارەکانی خشتەی ژمارە (١)دا:

پڕۆگرامی(**SPSS**) بەکارهێنراوە،واتە: Statistical Packge for Social Science

بۆ ئەوەی خاڵی جیاواز و هاوبەشی نێوان ئەو دوو گروپە بەڕێژەیی بخەینەڕوو ، پێوەری هەڵبژاردنی ڕێژەی ( ٠ ٪ ) مان وەرگرتووە. ئەوەی لە ئەنجامی جیاوازی وەڵامی هەردوو ڕەگەز لە دوو گروپەکەدا بەدیمانکرد، جگە لە وەڵامی پرسیاری (١٤، ٢٣) کە هەردوو ڕەگەز (٠ ٪) یان بۆ وەڵامی هیچ داناوە، واتە هاوبۆچوونن.

---

1-Sambasivan and, M& Soon,Y.W (2007)
2-Kometa, S.T (1994)

بەڵام ڕێژەی ڕەگەزی مێ لە وەڵامی پرسیاری ( ٧ ، ٩ ، ١١ ، ١٢ ، ١٥، ١٦ ، ١٧ ، ١٩ ، ٢٠ ، ٢٢ ، ٣٠)دا، کە دەکاتە(١١) پرسیار لە وەڵامدا (٠ ٪ )یان بۆ هیچ کاتێك داناوە، بەرانبەر بەوە تەنیا ڕەگەزی نێر لە وەڵامی پرسیاری (٢٤) لە خانەی هەمیشەدا ( ٠٪ )یان داناوە. ئەم جیاوازییە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە فێرخوازانی ڕەگەزی مێ لە دارشتنی پلانی ستراتیژیدا بۆ فێربوونی زمانی دووەم زیاتر متمانەیان بە خۆیانە و بۆ گەیشتن بە ئامانجی فێربوون، ورد و چڕتر بیردەکەنەوە.

**ئەم فۆڕمە تایبەتە بە فێرخواز :**

**تەمەن (    ) ساڵ        ڕەگەز نێر (  )  مێ (  )**

**بەشی زمانی ئینگلیزی    قۆناغ (  دوو  )  کۆلیژی ( پەروەردە ) زانکۆی سەڵاحەددین**

---

**خشتەی ژمارە یەك ( ١ )**

| ژ | پرسیار | هەمیشە | هەندێك جار (کات) | هیچ کات |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئایا کاتێك تێکستێکی ئینگلیزی دەخوێنیتەوە، یەکەم جار بە خێرای دەیخوێنیتەوە ، پاشان بەمەبەستی تێگەیشتن دوبارەی دەکەیتەوە ؟ | 36.7% | 50.0% | 13.3% |
| ٢ | ئایا کاتێك تێکستێکی ئینگلیزی دەخوێنیتەوە، هەوڵدەدەی بیرۆکەی گشتی تێبگەیت، دواتر لە فەرهەنگدا بە دوای ئەو وشانەدا دەگەڕێیت، کە واتاکەی نازانیت ؟ | %56.7 | %33.3 | %10.0 |
| ٣ | ئایا وشە نوێیەکان بۆ ئەوی لە یادگەی ماوە درێژدا بمێنەوە، لە تێنووسی تایبەتدا تۆماریدەکەی؟ | %23.3 | %43.3 | %33.3 |
| ٤ | ئایا کاتێك واتای وشە لە فەرهەنگدا دەدۆزییەوە، نموونەشی لەسەر دەخوێنیتەوە؟ | %20.0 | %66.7 | %13.3 |
| ٥ | ئایاکاتێك فێری وشە، یان دەربرینێکی نوێ دەبیت، هەوڵدەدەی بە دەنگی بەرز دوبارەی بکەیتەوە؟ | %37.9 | %41.4 | %20.7 |
| ٦ | ئایا کاتێك واتای وشەیەك نازانی، یان لە بیرت دەچێتەوە، هەوڵدەدەی لە زمانی یەکەم(دایك)دا وەریبگریت ؟ | %43.3 | %46.7 | %10.0 |
| ٧ | ئایا وشە نوێیەکان لە ڕستەدا بەکاردەهێنیت بە مەبەستی لە بیرنەکردنیان؟ | %23.3 | %66.7 | %10.0 |
| ٨ | ئایا کاتێك ناتوانی واتای وشەیەك، یان بەکارهێنانی وشەیەك لە دەوروبەر(سیاق)ی ڕستەدا بەکاربهێنیت، | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | هەوڵدەدەی وشەیەك نزیك لە واتای ئەو وشەیە بەكاربهێنیت؟ | %33.3 | %60.0 | %6.7 |
| ٩ | ئایا واتای وشەكان بە هۆی دەورەبەر(سیاق)ەوە تێدەگەی؟ | %33.3 | %63.3 | %3.3 |
| ١٠ | ئایا سیستەمی ڕێزمانی زمانی یەكەم( دایك)كاریگەری لەسەر سیستەمی ڕێزمانی زمانی دووەمت هەیە؟ | % 26.7 | %43.3 | %30.0 |
| ١١ | ئایا لە ژینگەی ناو پۆلدا فێری زمانی دووەم دەبیت؟ | %26.7 | %53.3 | %20.0 |
| ١٢ | ئایا ژینگەی پاشخانی ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی زمانی یەكەمت(دایك) بۆ فێربوونی زمانی دووەم بەكاردەهێنیت ؟ | %16.7 | %70.0 | %13.3 |
| ١٣ | ئایا زانیاری نوێ و كۆن(پێشتر)ی زمانی دووەمت بە یەكتر دەبەستییەوە بۆ باشتر فێربوونی زمانەكە؟ | %40.0 | %50.0 | %10.0 |
| ١٤ | ئایا بە سانایی لە واتای وشە و ڕستەكان دەگەیت، یان بۆ تێگەیشتن لە دەوروبەر(سیاق)دا بەكاریان دەهێنیت؟ | %33.3 | %66.7 | %0 |
| ١٥ | ئەگەرچی لە زمانی ئینگلیزیدا هەڵەش بكەیت، بە متمانە و بێ سڵكردنەوە هەوڵدەدەی بەكاریبهێنێت ؟ | %60.0 | %26.7 | % 13.3 |
| ١٦ | ئایا كاتێك ناتوانی دەربڕینێك دەربڕی، داوای یارمەتی لە دەوروبەرەكەت دەكەیت؟ | %46.7 | %50.0 | %3.3 |
| ١٧ | ئایا كاتێك وەڵامی پرسیارێك نازانی، رادەوەستیت و هەڵوێستەیەك دەكەیت بۆ ئەوەی بیربكەیتەوە، تا وەڵام بە دەستبخەیت؟ | %63.3 | %30.0 | %6.7 |
| ١٨ | ئایا لە ئاخاوتن(قسەكردن)ی زمانی ئینگلیزیدا، پشوو وەردەگری لە كاتی هەستكردن بەشەرم و دڵەڕاوكێدا؟ | %26.7 | %60.0 | %13.3 |
| ١٩ | ئایا لە ئاخاوتندا، كاتێك دووچاری پچڕان، یان لە بیرچوونەوە دەبیت، هەوڵدەدەیت ئەو وشەیە دوبارەبكەیتەوە، تا وشەی دواترت بۆ دروستدەبێت؟ | %40.0 | %53.3 | %6.7 |
| ٢٠ | لە ناخی خۆتدا وەڵامی ئەوپرسیارانەی فێركەر(مامۆستا) دەدەیتەوە، ئەگەر چی لە تۆشی نەكردبێت؟ | %56.7 | %40.0 | %3.3 |
| ٢١ | چاودێری و هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی فێربوونی خودی خۆت دەكەی؟ | %36.7 | %50.0 | %13.3 |
| ٢٢ | ئایا ئامادەی بۆ فێربوونی زیاتری زمانی دووەم، ڕێگا و ستراتیژی فێربوونی نوێ بگریتەبەرو تاقیانبكەیتەوە. | %70.0 | %26.7 | %3.3 |
| ٢٣ | ئایا هەوڵدەدەیت بۆ باشتركردنی ئاستی فێربوونی زمانی دووەمت لە (بیستن و وەرگرتن و بەكارهێنانی ئاخاوتن و دەربڕین و نوسیندا)، چەند هۆكار و ڕێباز و ستراتیژیەكی جۆراوجۆر بگریتەبەر ؟ | %73.3 | %26.7 | %0 |
| ٢٤ | ئایا لەگەڵ فێرخوازی هاوپۆلەكانتدا بە زمانی دووەم ئاخافتن دەكەی؟ | %3.3 | %83.3 | %13.3 |

| ٢٥ | ئایا گفتوگۆ و ئاخاوتن لەگەڵ ئەو فێرخوازانە، یاخود ئەوکەسانە دەکەی، کە زمانی ئینگلیزی لە خودی خۆت باشتر دەزانن؟ | %53.3 | %23.3 | %13.3 |
|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | ئایا زیاتر لە زمانی دایك بە زمانی ئینگلیزی پەرتووك و ڕۆژنامە و كۆمێنت دەخوێنیتەوە، یان دەنوسیت، یاخود گوێبیستی ڕادیۆ دەبیت، یا تەمەشای بەرنامە و فیلیمی ئینگلیزی دەكەی؟ | %36.7 | %53.3 | %10.0 |
| ٢٧ | بۆ دەستنیشانکردن و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانت، داوا لەو کەسانە دەکەی، کە بە زمانێکی پاراوی ئینگلیزی ئاخافتن دەکەن؟ | %60.0 | %33.3 | %6.7 |
| ٢٨ | ئایا هەوڵدەدەیت بۆ دەربڕینی ئاخاوتن و دڕوستکردنی ڕستە، خۆت لە وەرگێرانی حەرفی بەدووربگری؟ | %33.3 | %53.3 | %13.3 |
| ٢٩ | ئایا لە زمانی دووەمدا بۆ دڕوستکردنی ڕستە تەنیا پشت بە ڕێزمانی زمانەکە دەبەستی؟ | %23.3 | %46.7 | %30.0 |
| ٣٠ | ئایا کۆزانیاری زمانی ( Knowledge ) زمانی دووەم لە دەربڕینی ئاخاوتن و دڕوستکردنی ڕستەدا بەکاردەهێنیت؟ | %20.0 | %76.7 | %3.3 |

| پرسیارەکان (p) | | ڕەگەز | |
|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ |
| | | ڕێژەی % | ڕێژەی % |
| P1 | 1 | 13.3% | 13.3% |
| | 2 | 46.7% | 53.3% |
| | 3 | 40.0% | 33.3% |
| P2 | 1 | 13.3% | 6.7% |
| | 2 | 33.3% | 33.3% |
| | 3 | 53.3% | 60.0% |
| P3 | 1 | 40.0% | 26.7% |
| | 2 | 40.0% | 46.7% |
| | 3 | 20.0% | 26.7% |
| P4 | 1 | 6.7% | 20.0% |
| | 2 | 73.3% | 60.0% |
| | 3 | 20.0% | 20.0% |
| P5 | 1 | 14.3% | 26.7% |
| | 2 | 57.1% | 26.7% |
| | 3 | 28.6% | 46.7% |
| P6 | 1 | 13.3% | 6.7% |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | 2 | 60.0% | 33.3% |
| | 3 | 26.7% | 60.0% |
| P7 | 1 | 20.0% | 0.0% |
| | 2 | 66.7% | 66.7% |
| | 3 | 13.3% | 33.3% |
| P8 | 1 | 6.7% | 6.7% |
| | 2 | 60.0% | 60.0% |
| | 3 | 33.3% | 33.3% |
| P9 | 1 | 6.7% | 0.0% |
| | 2 | 60.0% | 66.7% |
| | 3 | 33.3% | 33.3% |
| P10 | 1 | 26.7% | 33.3% |
| | 2 | 53.3% | 33.3% |
| | 3 | 20.0% | 33.3% |
| P11 | 1 | 40.0% | 0.0% |
| | 2 | 46.7% | 60.0% |
| | 3 | 13.3% | 40.0% |
| P12 | 1 | 26.7% | 0.0% |
| | 2 | 60.0% | 80.0% |
| | 3 | 13.3% | 20.0% |
| P13 | 1 | 13.3% | 6.7% |
| | 2 | 53.3% | 46.7% |
| | 3 | 33.3% | 46.7% |
| P14 | 2 | 60.0% | 73.3% |
| | 3 | 40.0% | 26.7% |
| P15 | 1 | 26.7% | 0.0% |
| | 2 | 33.3% | 20.0% |
| | 3 | 40.0% | 80.0% |
| P16 | 1 | 6.7% | 0.0% |
| | 2 | 46.7% | 53.3% |
| | 3 | 46.7% | 46.7% |
| P17 | 1 | 13.3% | 0.0% |
| | 2 | 33.3% | 26.7% |
| | 3 | 53.3% | 73.3% |
| P18 | 1 | 6.7% | 20.0% |
| | 2 | 73.3% | 46.7% |
| | 3 | 20.0% | 33.3% |
| P19 | 1 | 13.3% | 0.0% |
| | 2 | 53.3% | 53.3% |
| | 3 | 33.3% | 46.7% |
| P20 | 1 | 6.7% | 0.0% |
| | 2 | 53.3% | 26.7% |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | 3 | 40.0% | 73.3% |
| P21 | 1 | 13.3% | 13.3% |
| | 2 | 46.7% | 53.3% |
| | 3 | 40.0% | 33.3% |
| P22 | 1 | 6.7% | 0.0% |
| | 2 | 26.7% | 26.7% |
| | 3 | 66.7% | 73.3% |
| P23 | 2 | 26.7% | 26.7% |
| | 3 | 73.3% | 73.3% |
| P24 | 1 | 20.0% | 6.7% |
| | 2 | 80.0% | 86.7% |
| | 3 | 0.0% | 6.7% |
| P25 | 1 | 6.7% | 20.0% |
| | 2 | 46.7% | 20.0% |
| | 3 | 46.7% | 60.0% |
| P26 | 1 | 13.3% | 6.7% |
| | 2 | 46.7% | 60.0% |
| | 3 | 40.0% | 33.3% |
| P27 | 1 | 6.7% | 6.7% |
| | 2 | 40.0% | 26.7% |
| | 3 | 53.3% | 66.7% |
| P28 | 1 | 13.3% | 13.3% |
| | 2 | 60.0% | 46.7% |
| | 3 | 26.7% | 40.0% |
| P29 | 1 | 46.7% | 13.3% |
| | 2 | 40.0% | 53.3% |
| | 3 | 13.3% | 33.3% |
| P30 | 1 | 6.7% | 0.0% |
| | 2 | 86.7% | 66.7% |
| | 3 | 6.7% | 33.3% |

## خشتەی ژمارە دوو (٢)

وەرگرتنی وەڵامی ئەنجامی ڕاپرسی نەخشەی ژمارە(٢) لەسەر بنەمای ڕاپرسی هەرەمەكی سەبەتە بووە، واتە كۆی گشتی ژمارەی فێركەران (٢٢) فێركەر بوون لە بەشی زمانی ئینگلیزی- كۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان لە زانكۆی سەلاحەددین، لەو ( ٢٢ )فێركەر ە (١٨) یان دەوامی فەرمییان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٧-٢٠١٨) هەبوو، بەشێوەی هەرەمەكی (١٠) فێركەری ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ وەرگیراون، كە تەمەنیان لە نێوان (٣١- ٦٢) ساڵدایە، دواتر ئەو(١٠) فێركەرە دابەشی دوو گرۆپی جیا لە (٥) فێركەری ڕەگەزی نێر و (٥) فێركەری ڕەگەزی مێ كراوە.

بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی سەدی(٪) پرسیارەكانی خشتەی ژمارە (٢)، پرۆگرامی (SPSS) بەكارهێنراوە.

بۆ ئەوەی خاڵی جیاواز و هاوبەشی نێوان ئەو دوو گروپە بەڕێژەی بخەینەڕوو ، پێوەری هەڵبژاردنی ڕێژەی ( ٦٠٪ ) مان وەرگرتووە. بۆیە لە ئەنجامی جیاوازی وەڵامی هەردوو ڕەگەز لە دوو گروپەكەدا ئەوی بەدیمانكرد، سەرباری ئەوەی هەر دوو ڕەگەز لە وەڵامی پرسیاری (١) لە خانەی سێیەمدا ڕێژەی (٦٠٪ ) یان هەڵبژاردووە، واتە هاوبەشن، بەڵام ڕێژەی رەگەزی مێ لە وەڵامی پرسیاری (١، ٥ ، ٦ ، ٧ ، ٨ ، ٩ ، ١١ ، ١٣)دا، كە دەكاتە (٨) پرسیار لە وەڵامدا (٦٠ ٪)یان بۆ خانەكانی( ١، ٢، ٣) داناوە، لە بەرانبەردا ڕەگەزی نێر لە وەڵامی پرسیاری (١، ٢ ، ٣ ، ٥، ١٤)دا، واتە لە(٥) پرسیاردا وەڵامی( ٦٠٪ )یان داناوە. لە جیاوازییەكی تردا، هەردوو ڕەگەز لە خانەكانی ( ١ ، ٢، ٣ )داجیاوازیان لە هەڵبژاردن و پلانی ستراتیژی بۆ فێربوونی زمانی دووەمی فێرخوازان هەیە، بە جۆرێك لە وەڵامی پرسیاری( ٥)دا ڕەگەزی مێ( ٦٠٪ ) لە خانەی ( ٣) داناوە، بەڵام ڕەگەزی نێر بۆ هەمان پرسیار لە خانەی (١)دا (٦٠٪ ) یان داناوە .

ئەم جیاوازیانە ئەوەمان بۆ ڕووندەكاتەوە، كە ڕەگەزی مێ لە دارشتنی پلانی ستراتیژیدا بۆ فێركردنی زمانی دووەمی فێرخوازان زیاتر متمانەیان بە خۆیانە و بۆ گەیشتن بە ئامانجی فێربوون ورد و چڕتر بیر لە پلانیان دەكەنەوە. كەواتە ئەم وەڵامانە ئەوەمان بۆ دەخەنەڕوو، ئەگەرچی فێركەری فێرخوازان لە ڕەگەزی نێر و مێ لە زۆرێك لە هەڵبژاردن و دانانی پلان و ڕێگا و هۆكاری فێركردنی فێرخوازان هاوبەشن، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا لە هەندێك ڕەهەند و ستراتیژی فێركردندا سەربەخۆ وجیاوازن.

**ئەم فۆڕمە تایبەتە بە فێرکەر (مامۆستا) :**

**تەمەن (    ) ساڵ        ڕەگەز  نێر (   )  مێ (    )**

**بەشی زمانی ئینگلیزی    کۆلیژی ( پەروەدە  ) زانکۆی سەڵاحەددین -**

---

## خشتەی ژمارە دوو (٢)

| ژ | پرسیار | |
|---|---|---|
| ١ | ئایا زمانی یەکەم(کوردی)ی فێرخواز کاریگەری لەسەر لە فێربوون و بەکارهێنانی ڕێزمان و ئاخاوتن و درکاندنی زمانی دووەم(ئینگلیزی) هەیە؟ | |
| | ١- زۆر | 30 % |
| | ٢- کەم | 70 % |
| | ٣- هیچ | 0% |
| ٢ | ئایا لە پۆلدا زمانی دووەم بۆ وانەوتنەوەی بابەتەکان و ئاخاوتن لەگەڵ فێرخوازاندا بەکاردەهێنیت ؟ | |
| | ١- هەمیشە | 40% |
| | ٢- زۆر | 40% |
| | ٣- کەم | 20% |
| ٣ | ئایا لە پۆلدا زمانی یەکەم لەپاڵ زمانی دووەمدا بەکاردەهێنیت بۆ ئەو فێرخوازانەی، کە تێنەگەیشتوون؟ | |
| | ١- زۆر | 20% |
| | ٢- کەم | 70% |
| | ٣- هیچ | 10% |
| ٤ | ئایا لە فێربوونی زمانی دووەمدا فێرخواز بە ژینگەی زمانی ناو پۆل پەیوەستدەکەیت ؟ | |
| | ١- زۆر | 20% |
| | ٢- کەم | 40% |
| | ٣- هیچ | 40% |
| ٥ | ئایا پەلەکردن وخێرایی بەدیدەکەیت لەکاتی پێشکەشکردنی بابەت، بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە ستراتیژ و پرۆگرامی خوێندنی دیاریکراو ؟ | |
| | ١- زۆر | 20% |
| | ٢- کەم | 50% |
| | ٣- هیچ | 30% |
| ٦ | ئایا بەگشتی فێرخوازەکان بە ویست و ئارەزووی خۆیان زمانی دووەم دەخوێنن و لەو بەشە وەرگیراون ؟ | |
| | ١- زۆربەیان | 50% |
| | ٢- هەندێکیان | 40% |
| | ٣- هیچیان | 10% |

| | |
|---|---|
| ٧ | ئایا لەگەڵ فێرخوازەکاندا بەبابەتی کۆندا دەچنەوە و بەباتەی نوێی دەبەستنەوە؟<br>١- بەزۆری 30%<br>٢- بەکەمی 60%<br>٣- هیچ 10% |
| ٨ | ئایا لەپۆلدا فێرخوازان بەگشتی ویستیانە بەکام زمان ئاخافتنیان لەگەڵدا بکەیت؟<br>١- زمانی یەکەم 10%<br>٢- زمانی دووەم 60%<br>٣- زمانی یەکەم و دووەم 30% |
| ٩ | ئەو هۆکارانەی بە زۆری بۆ فێربوونی زمانی دووەم بەکاریدەهێنیت چین ؟<br>١- فەرهەنگ، وێنە ، چیرۆك . 30%<br>٢- ، ڕۆژنامە ، سی دی ، پەرتووك ، گۆڤار 40%<br>٣- سایدی ئەلکترۆنی 30% |
| ١٠ | ئایا چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ فێرخوازدەکەیت، کاتێك درك بەوەدەکەیت لە یاسای ڕێزمانی، یان تێکست تێنەگەیشتبێت ؟<br>١- بۆی دوبارە دەکەیەوە. 50%<br>٢- شێوازی ستراتیژی فێرکردنت دەگۆڕیت . 30%<br>٣- ئەرکە لەسەرخۆی بە دوای تێگەیشتندا بگەڕێت. 20% |
| ١١ | چۆن بابەتەکەت لەڕووی ئامانج و ناوەڕۆك و هۆکارەوە پێشکەشدەکەیت :<br>١- دەروازە و ناوەڕۆك و ڕاهێنان دەخیتەڕوو ؟ % 30<br>٢- لە ئاستەکانی زمانەوە بەرەو تێکست دەستپێدەکەیت ؟ 30%<br>٣- لە تێکستەوە بەرەو ئاستەکانی زمان دەستپێدەکەیت؟ 40% |
| ١٢ | ئایا زیاتر ئەو هەڵە زەق و دیارانەی لە فێرخوازدا بەدیدەکەیت کامانەن؟<br>١- هەڵەی ڕێخستنی ڕێزمان ( مۆرفۆلۆژی ، سینتاکس). 30%<br>٢- هەڵەی درکاندن و ڕێکخستی درکاندن. 30%<br>٣- هەڵەی تێنەگەیشتن لە واتای وشە. 40% |
| ١٣ | کاتێك هەڵەی دەربڕین لە فێرخوازدا بەدیدەکەیت چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەیت؟<br>١- کاتێکیان بۆ تەرخان دەکەم بەمەبەستی درکپێکردنی هەڵەکانیان. 30%<br>٢- هەڵەکانیان بۆ ڕاستدەکەیتەوە. 50%<br>٣- داوایان لێدەکەی خۆیان هەڵەکانیان ڕاستبکەنەوە. 20% |
| ١٤ | ئایا لە وانەوتنەوە و فێرکردنی زمانی دووەمدا کام لەم ستراتیژیانە بەکاردەهێنیت؟<br>١- ئەو ستراتیژییەی لە بەش و کۆلێژەوە بۆ بابەتەکەیان ئامادەکردووە. 50 %<br>٢- ئەوەی خۆت لە پێش دەستپێکردنی خوێندنی ساڵی نوێدا داتڕیشتووە. 10%<br>٣- لە کاتی دەستپێکردنی خوێندندا بە هاوکاری و تێگەیشتنی فێرخوازان ستراتیژدادەڕێژیت. 40% |
| ١٥ | ئەو چالاکییە زمانیانەی بەمەبەستی گەشەپێدانی بەهرەی زمانی فێرخواز بەکاریاندەهێنیت چیین ؟<br>١- لێکۆڵینەوەی شێواز و دەربڕینی زارەکی و ڕێزمان. 20%<br>٢- چالاکی نوسین و ڕێنووس و ڕاهێنان. 50%<br>٣- دەربڕین و خوێندنەوە. 30% |

| پرسیارەکان | | ڕەگەز | |
|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ |
| | | Column N % | Column N % |
| p1 | 1 | 40.0% | 20.0% |
| | 2 | 60.0% | 80.0% |
| | 3 | 0% | 0% |
| p2 | 1 | 60.0% | 20.0% |
| | 2 | 40.0% | 40.0% |
| | 3 | 0.0% | 40.0% |
| p3 | 1 | 20.0% | 20.0% |
| | 2 | 80.0% | 60.0% |
| | 3 | 0.0% | 20.0% |
| p4 | 1 | 20.0% | 20.0% |
| | 2 | 40.0% | 40.0% |
| | 3 | 40.0% | 40.0% |
| p5 | 1 | 0.0% | 40.0% |
| | 2 | 40.0% | 60.0% |
| | 3 | 60.0% | 0.0% |
| p6 | 1 | 40.0% | 60.0% |
| | 2 | 40.0% | 40.0% |
| | 3 | 20.0% | 0.0% |
| p7 | 1 | 40.0% | 20.0% |
| | 2 | 40.0% | 80.0% |
| | 3 | 20.0% | 0.0% |
| p8 | 1 | 20.0% | 0.0% |
| | 2 | 60.0% | 0.0% |
| | 3 | 20.0% | 40.0% |
| p9 | 1 | 60.0% | 0.0% |
| | 2 | 20.0% | 60.0% |
| | 3 | 20.0% | 40.0% |
| p10 | 1 | 40.0% | 60.0% |
| | 2 | 40.0% | 20.0% |
| | 3 | 20.0% | 20.0% |
| p11 | 1 | 20.0% | 0.0% |
| | 2 | 60.0% | 80.0% |
| | 3 | 20.0% | 20.0% |
| p12 | 1 | 20.0% | 40.0% |
| | 2 | 40.0% | 20.0% |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | 3 | 40.0% | 40.0% |
| p13 | 1 | 20.0% | 40.0% |
| | 2 | 40.0% | 60.0% |
| | 3 | 40.0% | 0.0% |
| p14 | 1 | 40.0% | 60.0% |
| | 2 | 0.0% | 20.0% |
| | 3 | 60.0% | 20.0% |
| p15 | 1 | 20.0% | 20.0% |
| | 2 | 40.0% | 60.0% |
| | 3 | 40.0% | 20.0% |

## ٢/٢) هەڵە زمانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا (لە ڕوانگەی تیۆری شیکاری هەڵەییەوە):

### ٢/٢-١) تیۆری شیکاری هەڵەیی **Error Analysis Theory**:

چەمکی شیکاری (هەڵەیی)[١] لە زمانەوانی کارەکیدا بۆ فێربوونی زمان بەکاردێت. ئەم زانستە پاش شیکاری زمانیی بەراوردی هاتە ئاراوە، لێکۆڵینەوە لەسەر زمان فێربوون ( زمانی دووەم ) دەکات. فێربوون لای مرۆڤ لە بنەڕەتدا کارێکە هەڵەی تێدابەدیدەکرێت، هەڵە و پێشبینی هەڵە و گریمانەی نادروست لایەنێکی گرنگ بۆ فێربوون پێکدێنن، جا لە هەر بەهرەیەك بێت، یان لە وەرگرتنی هەر زانیاریەك بێت، بۆ نموونە مرۆڤ کاتێك فێری مەلەوانی دەبێت، یەکەم جار خۆی بۆ ناو ئاو فرێدەدات، دواتر دەست و قاچی دەجووڵێنێت و جووڵەی پێدەکات، تاوەکو دەگاتە ئەو ڕادەیەی هەست بەوەدەکات، کە پێویستە جووڵەی گونجاوتر بکات. ئەو هەڵانەی جاری یەکەم کردوویەتی گەورەن، هەنگاو بە هەنگاو وادەکات، جووڵەی ڕاستبکاتەوە و سوود لە هەڵەکانی جاری یەکەم وەربگرێت. فێربوونی مەلەوانی و یاری تۆپی پێ و نووسین...تاد، هەموویان دوبارەکردنەوەیان و سەرکەوتنیان بە هەڵە و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانەوە بەندن.

بەم تێگەیشتنە فێربوونی زمان کارێکە وەکو هەموو کارەکانی تری مرۆڤ. منداڵ کاتێك لە ئاخاوتندا تووشی هەڵە دەبێت، واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە فێری زمان دەبێت، ئەگەر لە ڕووی ڕێزمانییەوە بەراوردیان بکەین بە پێگەیشتووەکان، ئەوا زۆربەی ئەم هەڵانە لۆژیکین، کە منداڵ لە چوارچێوەی سیستەمی زمانی دیاریکراودا بەکاریدەهێنێت.

فێربوونی زمانی دووەم لە فێربوونی زمانی دایك لەوەدا جیاوازنییە، کە بە سروشتی هەوڵدان و هەڵەدا دەڕوات. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە کاتی کردەی فێربوونی زماندا، فێرخواز ناتوانێت لە هەڵە ڕابکات، ئەگەر نەکەونە نێو هەڵەوە، ئەوا پرۆسەی فێربوونی زمان پەکی دەکەوێت، چونکە ( فێربوون پشتی بەستووە بە هەڵە و سوود وەرگرتن لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکان)[٢].

---

١. ئەگەر سەرنج بدەینە چەمکی هەڵە (error) لە وشەی (errar)وە هاتووە، واتە (errer ca et la) ڕۆیشتنی سەرە ڕۆیی، دوورکەوتنەوە، بەواتا میتافۆرییەکەی ( دوور کەوتنەوە لە ڕاستی) Paola .(2006:13) mariaristea

٢. دوجلاس براون( ٢٠٠٤ : ٢٠٣).

پسپۆرانی بوارەکە هەستیان بەوە کردووە، ئەو هەڵانەی فێرخواز لە زمانی دووەمدا دووچاری دەبێت بە مەبەستی ئاشنابوونی بە سیستەمی زمانی دووەمە، بۆیە پێویستە ئەم بابەتە بە چڕی شیبکرێتەوە، بۆ ئەوەی لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا ڕوونکردنەوەی تێدابەدیبهێنرێت.

کۆردر(Corder) ئاماژە بە هەڵەدەکات و دەڵێت: (( هەڵەی فێرخواز لە فێربوونی زماندا بە سوودە، لەبەر ئەوەی لێکۆڵەر بە بەڵگە دەوڵەمەند دەکات و لێکۆڵەر ئەو ستراتیژە دەخاتەڕوو، کە لە دۆزینەوەی ڕێگای فێربوونی زماندا بەکاریدەهێنێت))[1]. بەو واتایەی جۆری هەڵەکانی فێربوونی زمان ڕێگا خۆشکەرن بۆ خستنەڕووی جۆری ستراتیژی گونجاو.

## ٢/٢ - ١-١) جیاوازی نێوان هەڵەی فێربوونی زمانی یەکەم و هەڵەی فێربوونی زمانی دووەم :

ئەگەرچی بوونی هەڵە لە فێربوونی هەردوو زمانەکەدا ڕوودەدات، بەڵام جۆری هەڵەکان بە پێی هەڵکەوتەی ژینگەی زمانی هەریەکەیان دەگۆڕێت، چونکە هەریەك لە زمانی یەکەم و زمانی دووەم، ژینگە و قۆناغ و بارودۆخێکی جیاوازی فێربوون بریار و دەسەڵاتی لەسەر دەدات. لەم سۆنگەیەوە ئەم جیاوازیانە بەدیدەکەین:

**یەکەم**: هەڵەی فێربوونی خاوەنی زمانی یەکەم جیاوازە لەگەڵ هەڵەی فێربووی فێرخوازی زمانی دووەم، (جۆری یەکەم پەیوەستە بە چەند هۆکارێك وەکو هۆکاری فیزیکی، ماندووبوون و نەخۆشی، یاخود هۆکاری دەروونی (دڵەڕاوکێ و گومان). ئەم هەڵانە لە چوارچێوەی زماندا دەردەکەون، وەکو (تەرککردن و گواستنەوە و دوبارەکردنەوە)، بەڵام جۆری دووەم سروشتێکی جیاوازی هەیە، ئەویش بۆ هۆکاری فێربوون، یان کەموکوڕی زانیاری لە سیستەمی زمانی دووەمدا دەگەڕێتەوە)[٢].

**دووەم**: زانستی زمانی کارەکی لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا گرنگی بە شیکاری هەڵەیی دەدات ، ئەویش لە ئەنجامی شیکاری زانستی زمانی بەراوردی سەریهەڵدا. ئەمیش ئەوە ناگەیەنێت، ناتوانین شیکاری هەڵەیی بۆ زمانی یەکەم بکەین، بەڵکو تێگەیشتنی هەڵەیی لەڕووی زانستییەوە بریتییە ( لە لادانی منداڵ لە تەمەنی خۆیدا لەسەر شێواز و ڕێبازی سیستەمی زمانیی وەکو چۆن پێگەیشت و بەکاریدەهێنێت، ئەوەیش لە زمانی یەکەمدا ڕوودەدات و لادانی فێرخوازی زمانی دووەم لەسەر شێوازی ڕێبازی زمانی دووەم، بۆیە شیکاری هەڵەیی گرنگی زۆری بۆ فێربوونی زمانی دووەم هەیە)[٣]. بۆ نموونە

---

1-Corder (1967: 167)

٢ - رباب رضا ( - : ١)

٣ - عبده الراجحي(٢٠٠٤ : ٥٠)

کاتێك فێرخوازێکی کورد فێری زمانی ئینگلیزی دەبێت، پێویستە شیکاری بۆ بکرێت، لەبەر ئەوەی زمانی دووەمی ڕەواننییە. واتە دەشێت نارەوانی لە فێربوونی زمانی دووەمدا ڕووبدات، ئەوەی ڕوودەدات لە زمانی دووەمە نەك لە زمانی یەکەمدا.

**سێیەم:** چەند بۆچوونێك ئەویان خستەڕوو، ئەگەر لە تەمەنێکی زووشدابێت، زمانی یەکەم کاریگەری لەسەر زمانی دووەمدا هەیە، واتە ئەو لادانانەی لەلای فێرخواز دەردەکەوێت، زۆرینەی سەرچاوەکەی بۆ زمانی یەکەم دەگەڕێتەوە. ( لەم بارەیەوە دەرکەوت لادان و هەڵەی زۆر کردەی فێربوون پەکدەخات، جا ئەولادان و هەڵانە لای هەر فێرخوازێکی زمان ڕووبدات )[1]. تەنانەت (زۆر لە لێکۆڵینەوەکان هەوڵیانداوە، کە خاڵی جیاوازی و لێکچوون لە نێوان زمانی یەکەم و دووەم بدۆزنەوە، بە مەبەستی گەیشتن بە سەرچاوەی خۆپێداکێشان و لادانی زمان، کە فێرخواز لەکاتی فێربونی زمانی دوووەمدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە)[2].

## ٢/٢ - ١-٢) ئامانجی شیکاری هەڵەیی:

شیکاری هەڵەیی لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا کاردەیەکی گرنگە، لەبەر ئەوەی بۆ گەیشتن بە ئامانجی یارمەتی دانانی بەرنامەی گونجاو دەدات، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ زانینی ئەو گرفتانەی لەکاتی فێربوونی زماندا ڕووبەڕووی فێرخواز دەبنەوە، بۆیە کردەی شیکاری هەڵەیی ئامانجی خۆی هەیە، بریتین لە :

١- ئامانجی **کەسی:** کردەی شیکاری هەڵەیی یارمەتی زانینی شوێنی گرفتەکان دەدات، کە ڕووبەڕووی فێرخواز دەبنەوە، لەگەڵ ئەوەی لە چوارچێوەی ستراتیژەکانی فێربوونی زماندا پشکی هەیە.

٢- **ئامانجی پێشبینی:** لەماوەی دیاریکردنی هەڵەدا، دەتوانیین پێشبینی شوێنی گرفتەکان لەکاتی فێربوونی زماندا بکەین٣- بەسوودە بۆ خودی فێرخواز بەمەبەستی زانینی هەڵەکان و ڕاستکردەوەیان.[3]

## ٢/٢ - ١-٣) کەموکورتییەکانی شیکاری هەڵەیی:

سەرباری ئەوەی گەمارۆدانی هەڵە پێوەرێکی گرنگە بۆ بەرە و پێشچوونی توانای زمانیی، لەبەر ئەوەی ئامانجی گەورە لە فێربوونی زمانی دووەمدا بریتییە لە پاراستن و دەسکەوتنی ڕەوانی گەیاندن لەم زمانە نوێیەدا.

---

[1] - أماني عبدالهادي ( ٢٠١٣: ٢ )

2- Chamot, A. U. (1987 :29)

[3] - أماني عبدالهادي (٢٠١٣ : ٢ )

وێڕای ئەوەی سەرنجدانی هەڵەیی ئەو سیستەمە دیاریدەکات، کە فێرخواز پێوەی بەندە، بەڵام کارێکی ترسناکە، لەبەر ئەوەی فێرکار هەوڵدەدات، چاودێری هەڵەکانی فێرخواز بکات، بۆیە پێویستە سەرنج بدەینە هەڵە و شیکارکردنی بۆ ئەوەی ئاستی فێرخواز بزانیین، بەو واتایەی تەنیا سەرنجدان نەبێت.

کەموکورتییەکی تری شیکاری هەڵەیی بریتییە لە ( زێدەڕۆیی لە سەرنجدان بەرانبەر فێرخواز، لەبەر ئەوەی زمانی ئاخاوتن و بیستن و خوێندنەوە و نووسین لە گرنگی بەرهەمی زمان کەم ناکەنەوە.)[1] ، بەڵکو پرۆسەی فێربوونی زمان بەڕێگای زمانی ئاخاوتن و بیستن و خوێندنەوە و نووسین فراوانتر و گشتگیرتردەبێت و پرۆسەکە زیاتر لە ستراتیژێك لەخۆ دەگرێت و هەنگاوی باش و پڕگەشەتردەنێت، بۆیە ناکرێت، فێرکار زیاد لە پێویست سەرنج و وردبینی بخاتە سەر گۆشەیەك و لەوێوە بڕیار لەسەر چەندێتی و چۆنیەتی فێربوون بدات و هەموو لایەن و گۆشەکانی تری فێربوونی زمانی دووەم بەهەند وەرنەگرێت .

(جاکلین شاختر ) و لێکۆڵەرانی تریش لە لێکۆڵینەوەکانیان ڕوونیدەکەنەوە، کە کردەی شیکاری هەڵەیی لە هەندێك لایەنی فێربوونی زمانی دووەمدا بە پێی پێویست نەبووە و شکستی هێناوە، بۆ نموونە لە ڕوونکردنەوەی دیاردەی دوورکەتنەوەدا، فێرخواز وا هەستدەکات، بە هۆیەك لە هۆیەکان دووردەکەوێتەوە، وەکو بەکارهێنانی دەنگ، یان وشە، یان ڕستە. (شاختر) دەڵێت (( گەیشتن بە ئەنجامی هەڵەی هەندێك لە فێرخوازانی ئینگلیزی بۆ ڕستەی ئاوێتە ڕوونە، بەڵگەش بۆ ئەمە ژاپۆنییەکان لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە ڕستەیەدا دووردەکەونەوە، بۆیە چەندێتی هەڵە لەلایان بەدیناکرێت.))[2]، لە بری ئەوە ڕستەی سادە بەکاردەهێنن، لەبەرئەوەی فێرخواز لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە ڕستانەی، کە دووچاری گرفتی دەکەن، دووردەکەوێتەوە.

ئەوەی ئێمە بەدیدەکەین، شیکاری هەڵەیی سەرنجمان بۆ زمانێکی دیاریکراو لە سنوور و چوارچێوەیەکی دەستنیشانکراو دەبات، لە بری ئەوەی بەدوای لایەنە گشتیەکانی زمانەکاندا بگەڕێین، پێویستە خاڵ و لایەنی هاوبەش و نزیك لەیەکتری بەدیبکەین و بیخەینە نێو پرۆسەی فێربوونی زمان و بەکارهێنانی زمانەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە (گاس) دەڵێت: (( پێویستە گرنگی بە بنەمای زمانی هاوبەش لە هەموو زمانەکاندا بدرێت، لەبەرئەوەی زمانی فێرخواز لە قۆناغێکدا چەند بنەمایەك لە خۆ دەگرێت، کە لە زمانی ئامانجدا بەدیناکرێت))[3].

---

[1] - دوجلاس براون (١٩٩٤ : ٢٠٦).

2- Clement, R. (1980:77)
3-Gass, S & Varonis, F (1984 :116 )

بەم پێیە دەکرێت فێرخوازانی کورد لە فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا، بە پێچەوانەوەیش فێرخوازانی ئینگلیز بۆ زمانی کوردی، خۆیان لەم جۆرە تێڕوانینە بەدووربگرن و بەدوای خاڵە هاوبەش و نزیکەکانی کۆی پرۆسەی فێربووندا بگەڕێن، کە بریتییە لە بیستن و دەربرین و خوێندنەوە و نووسین و کۆزانیاری زمانیی و ژینگەی کۆمەڵایەتی...تاد. بۆئەوەی سەرەتاکانی فێربوونی زمانی دووەم دەربکەوێت و پرۆسەکە لە ئامانجی دیاریکراوی خۆییدا بەردەوام بێت و گەشەی زیاتری پێبدرێت، نەك سەرنجدان لە چوارچێوەیەکی بچووك و ورددا قەتیس بکرێت، چونکە نەك تەنیا لەو دوو زمانە، بەڵکو لە هەموو زمانەکاندا لە فێربوونی زمانێکی دیاریکراودا قۆناغێکی تایبەتی هەیە، دەشێت هەمان قۆناغ لە زمانێکی تردا جیاوازبێت.

ژینگەی کۆزمانەوانی کۆمەڵی کوردەواری لە بازنەی ژینگەی ڕۆژهەڵاتی دایە و ژینگەی کۆزمانەوانی ئینگلیزی لە ڕۆژئاوایی دایە، بۆیە دەبێت بۆ هەڵبژاردنی چەمك و وشەکان بە دوای نزیکایەتی و هاوبەشیدا بگەڕێن، نەك ئەو چەمك و وشانەی فرە ڕەهەند و فرەواتان، یاخود لە ڕووی پراگماتیکەوە واتای تر هەڵدەگرن،

بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا لە کلتوری کۆمەڵی کوردەواریدا واباوە ناوی باڵندەی کوونەپەپوو واتای شووم و ناخۆشی و بەدبەختی و کاولکاری و خەراپەکاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کەچی باڵندەی کوونەپەپوو لە کۆمەڵی ئینگلیزدا واتای شادی و ئاوەدانی و خۆشبەختی دەگەیەنێت، بۆیە بۆ فێرخوازی هەردووزمانەکە بەتایبەت بۆ فێرخوازی تازە فێربوو گرنگە بەدوای خاڵی هاوبەشدا بگەڕێن و خۆیان لەو وردەکاری و کێشانە دووربگرن و لە بری ئەوانە وشەی باڵندە لە هەردوو زمانەکەدا بەکاربهێنن، کە وشەیەکی هاوبەش و نزیکە.

## ٢/٢ - ١-٤) چارەسەرکردنی قۆناغەکانی شیکاری هەڵەیی:

شیکاری هەڵەیی بە ڕێژەیەکی گەورە سەرچاوەکەی بریتییە لە درکپێکردن لە دەربڕینی زارەکی، یان نووسیندا. لەکاتی لێکۆڵینەوەی هەڵەی زمانیی و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و گەڕان بەدوای هۆکاری دروستبوونی هەڵەدا، پێویستە هەڵەکان چارەسەر بکرێن، ئەم چارەسەرکردنەیش بە قۆناغدا دەڕوات و هەنگاو هەڵدەگرێت، کە بریتین لە:

١- دەستنیشانکردنی هەڵەکان و پەسنکردنیان.

٢ - ڕوونکردنەوەی هەڵەکان.

٣- ڕاستکردنەوە و چارەسەرکردنی هەڵەکان.

## ٢/٢ - ١-٤-١) دەستنیشانکردنی هەڵەکان و پەسنکردنیان:

وانەی هەڵەیی لایەنی دیاریکردن و پەسنکردن و چاودێری یاسا و ڕێباز دەکات، کە بریتین لە ئەمانەی خوارەوە:

**أ- هەندیك هەڵە هەیە تەنیا فێرخوازێك دووچاری دەبێت**، ئەگەرچی لێکۆڵینەوەکەمان بە هەڵەی تاکە فێرخوازێکەوە بەندنییە، بەڵکو بە کۆمەڵە فێرخوازێکەوە بەندە، چونکە فێرکار کاتێك بڕیاری فێرکردن دەدات، کۆمەڵە فێرخوازێك فێردەکات، ئەم کۆمەڵەیەش (پێویستە لەیەك تەمەن و ئاست و زانیاریی زمانییدابن، هەروەها هەندێك جار پێویستە لە یەك کۆمەڵی زماندا بن، واتە زمانی یەکەمیان یەك شێوە بێت. )[١]، دواتر لێکۆڵینەوە لەو هەلاَنە دەکەین، کە لەم کۆمەڵەیەدا دروستدەبێت، واتە ئەو هەڵە دیار و شاراوانەی، کە لەم کۆمەڵەیەدا باون.

**ب- شێوەی یەکەمی زمان پێڕەوە:** کاتێك زمانێکی تر فێری فێرخواز دەکرێت، واتە خوێندنی پێڕەوێکی تر و نوێیە، جیاوازە لە پێڕەوی زمانی دایك. پەسنکردنی زمان لە ڕووی هەڵەوە پێویستە لەسەر سروشتی پێڕەوی زمانی دووەم بێت، بۆیە هەڵەی لەم جۆرانە دەتوانرێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، لە ئەنجامی ئەزموونی جێگیربووی لێکۆڵەرەوە ئەوە دەردەکەوێت، کاتێك فێرخوازێکی تازە فێربووی زمانی دووەم، بەرێکەوت ڕستەیەکی گونجاو و شیاو دەردەبڕیت، ناکرێت ئەو جۆرە، یا تاکە ڕستەیە لەسەر فێربوونی زمان هەژماربکرێت، چونکە دەربڕینی بە ڕێکەوت ڕۆڵی زمان فێربوونی شیاو ناگێڕێت. بەم شێوەیە هەڵە و ڕاستی دەربڕین شتێکی خودی نییە، بەڵکو بەڵگەیە بۆ پێڕەوی ڕاست و هەڵەیی لە زمانی فێربوونی فێرخوازدا.

**پ- زمانەوانەکان کۆکن لەسەر ئەوەی دوو جۆر هەڵە هەیە:**

جۆری یەکەم هەڵەی توانستی (competence) و جۆری دووەم بریتییە لە هەڵەی جێبەجێکردن(performance)، پەسنکردنی هەڵەی توانست زۆر گرنگە بەتایبەتی لە کاتی فێربوونی زمانی یەکەمدا، بەلاَم زۆربەی تواناکان بۆ هەڵەی جێبەجێکردن دەخرێتەگەڕ، کە بریتین لە جێبەجێکردنی بەرهەمهێنان و پێشوازیکردن، لەڕاستیدا جێبەجێکردن لە پێشوازیدا هەڵەی زۆری تیابەدیدەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دیاریکردن و کۆنتڕۆڵکردنی هەڵەکانی ئەستەمە، لەبەر ئەوەی فێرخوازی زمانی دووەم کاتێك گوێی لە ئاخاوتنێك دەبێت، دەشێت وەلاَمەکەی بەشێوەی هێما، یان جووڵەی دیاریکراو بێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بێدەنگی، بۆیە ئاسان نییە، بزانیین ئایا پێشوازی کردنەکەی ڕاستە، یان هەڵەیە، (ئەگەر هاتوو فێرخواز ئاخاوتنی بەرهەم هێنا، ئەوا بەشێك دەبێت لە دەرخستن و دەستنیشانکردنی

---

[١] - عبده الراجحي(٢٠٠٤ : ٥١ )

هەڵەکان، کاتێك سروشتی هەڵەی جێبەجێکردنی پێشواز دەزانیین سوودبەخش دەبێت بۆ دیاریکردنی سروشتی وەرگرتنی زمان لەلای مرۆڤ. بۆیە شیکاری هەڵەیی جەخت لەسەر جێبەجێکردنی بەرهەم هێنان و چۆنیەتی جێبەجێکردن دەکاتەوە[1]. کەواتە لە بەکارهێنان و جێبەجێکردنی هەر دوو جۆرەکەی هەڵەدا هەڵەدا جیاوازی بەدیدەکەین، هەریەك لەو جیاوازیانەش بۆ خودی فێرکار دەگەڕێتەوە بۆ ئەم مەبەستە (کۆردەر) جیاوازی لە نێوان هەڵەی توانست و هەڵەی جێبەجێکردن دەکات (هەڵەی توانایی ڕێکخستنە، واتە پەیوەستە بەوەی فێرخواز ڕێزمانی زمانەکەی نازانێت، بۆیە توانست ئەوەی نییە سەرنج بدات و ڕاستیبکاتەوە، بەڵام هەڵەی جێبەجێکردن خستنەڕووە. واتە فێرخواز شارەزایی و لێهاتوویی لە ڕێزمانی زمانەکەدا هەیە، ئەو هەڵەیە لە ئەنجامی دڵەڕاوکێ و بێئاگایی دێتەئاراوە، لەبەر ئەوە فێرخواز دەتوانێت هەڵەکانی ڕاستبکاتەوە، بۆیە (کۆردەر) لادانی توانست بە هەڵەی (errors ) ناوبرد، لادانی جێبەجێکردنی بە هەڵەی(Mistakes)، یان Lapsus) ناوبرد[2].

پێویستە هەڵەی زمانیی لە بەرهەم هێنان و دەربڕین و گەیاندنی فێربووندا، بابەتەکەی لە چوارچێوەی گەیاندندا کۆ ببێتەوە، بۆیە گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، هەموو ڕەفتارێکی زمان پەیوەندی بە ڕەفتاری گەیاندنی فێربوونەوە نییە و ناتوانرێت ببێتە بابەتێك و لێکۆڵینەوەی هەڵەیی وەکو ڕاهێنان بۆ بکرێت، بەڵکو ئەو بابەتانەی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، پێویستە هەڕەمەکی بێت، وەکو دەربڕینی ئازاد، چیرۆك و ئاخاوتنی زارەکی...تاد.

پەسنکردنی هەڵە لەسەر ئاستی دەربڕین لە کاتی نووسین، دەنگسازی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و واتاسازی بەڕێوە دەچێت، سەرەتا ئەگەر پەسنی هەڵە بکەین، ئەوا هەڵە لە چوارچێوەی سیستەمی زماندا تەواو دەبێت، واتە ئەگەر هەڵەیەك ڕوویدات، واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە هەڵەیەك لە یاسا و سیستەمی ڕێزمانی زمانی دیاریکراودا هەیە، بۆ نموونە هەڵەی نووسین تەنیا هەڵەی پیتی نییە لە نێو پیتەکان، بەڵکو بەڵگەیەکی بە هێزە بۆ لە دەستدانی یاسا لە سیستەمی فۆنۆلۆژی زمانەکەدا. کاتێك فێرخوازێك فێری زمانی ئینگلیزی دەبێت، لە نووسینی (Skrew)دا پیتی (K) لە شوێنی (C) دادەنێت، ئەم هەڵەیەش بەڵگەیە بۆ لە دەستدانی یاسای زمانەکە، لەبەر ئەوەی لە سیستەمی زمانی ئینگلیزیدا پیتە کۆنسنانتەکان کاتێك لەسەرەتای وشەدان، بەدوای یەکدا کۆدەبنەوە. یاساکەی بەم شێوەیە دەبێت:

$$S + \{ P , T , C \} + R + V$$

واتە (S) جگە لەم سێ دەنگە ناتوانێت هیچ دەنگێکی تر لە دوای بێت، دواتر { R }و پاشان پیتی ڤاوڵ لە دوای دێت.

---

1- Corder,S.P (1973 : 26)

2- Corder,S.P (1967 : 161- 168)

لە کۆتایدا ئەوە دەستەبەردەکەین، (زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی شیکاری هەڵەیی ئاماژە بەوەدەکەن، هەڵە لە چوار جۆردا کۆدەبێتەوە، ئەوانیش بریتین لە: فەرامۆشکردنی بنەمایەك، یان زیادکردنی، یان هەڵبژاردنی بنەمایەکی ناتەواو، یاخود ڕێکخستنی بنەماکان بە شێوەیەکی نادروست)[1]. بۆیە پەسنکردنی هەڵە لە زۆربەی کاتدا ڕوو لەم پۆلینکرنەی هەڵە دەکات.

## ٢/٢ - ١-٤-٢ )ڕوونکردنەوەی هەڵەکان:

ڕوونکردنەوەی هەڵە بە شێوەیەکی لۆژیکی، پاش دەستنیشانکردن و پەسنکردنی هەڵە دێت. گومانی تێدا نییە، گەیشتن بە ڕوونکردنەوەی ڕاست، سوود بە شیکردنەوە دەگەیەنێت.

ڕوونکردنەوەی هەڵە لە زمانی دووەمدا، چەند پێوەرێکی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێنا، هیچ کام لەو پێوەرانە هاوبۆچوون و هاوکۆك نەبوون، ئەم پێوەرە جیاوازانەیش لەلایەکەوە بۆ هەڵکەوتی چۆنیەتی فێربوونی زمانی دووەم و تایبەتمەندی فێرخواز دەگەڕێتەوە، لە لایەکی تریشەوە بۆ بوونی سروشتی زمان دەگەڕێتەوە، چونکە هەر زمانە و تایبەتمەندی و سیستەمی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ ئەم مەبەستە پێوەرەکانی ڕوونکردنەوەی هەڵە، لە سێ جۆردا دەخەینەڕوو، کە بریتین لە پێوەری ڕوونکردنەوەی هەڵە لە کاتی فێرکردندا، پێوەری توانای درکپێکردن (cognitive) لە کاتی فێربووندا، پێوەری چوونەناویەکی (Interference).

### أ- پێوەری ڕوونکردنەوەی هەڵە لە کاتی فێرکردندا:

لەم جۆرە پێوەرەدا فێرخواز ئەو فێربوونانەی لە زمانی دووەمەوە وەردەگرێت، بریتییە لە چەند نموونەیەکی دیاریکراوی هەڵبژێردراوی ئەو زمانەی، کە فێری دەبێت. نزیکترین دەستکەوتی ئەم پێوەرە ئەوەمان بۆ دەردەخات، هەڵە بەجارێك دروستنابێت، بەڵکو هەڵەکردن بە ماوەی کات دێتەئاراوە. ئەم هەڵەکردنانەش لە ئەنجامی زانیاریی ناتەواو و کەموکورتی فێرخوازەوە لە زمانی دووەمدا دروستدەبێت. ئەم جۆری پێوانەی هەڵەکردنە سروشتی سیستەمی زمانمان پێدەناسێنێت، کە زمان سیستەمێکی ناوەکی سەربەخۆیە و هەموو بەشەکانی پەیوەستە بەیەکەوە، واتە هەر هەڵەیەك لە بەشێك لە بەشەکانی ڕوویدات، ئەوا بەپێی ئەم پێوەرە تەواوی پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم دەخرێتە ژێر پرسیارەوە، بۆیە بەم پێوەرە ناکرێت سەرپێچی لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا بکرێت.

---

[1] - عبده الراجحي(٢٠٠٤ : ٥١- ٥٣).

**ب - پێوەری توانای درکپێکردن لە کاتی فێربووندا:**

لە کاتی فێربوونی زمانی دووەمدا هەر یەك لە ئێمە بە دوای ستراتیژێکی دیاریکراو دەڕوات ، دواتر هەوڵ بۆ هەژمارکردنی ئەم ستراتیژە دەدەین، کە چەند (گشتییە) و هاوبەشە لەگەڵ مرۆڤ و بۆ فێرخواز چەند (تایبەتییە).

**پ- پێوەری چوونەناویەکی:**

ئەم پێوەرە هەرچەندە جێگای گفتووگۆیەکی فراوانە، بەڵام لێکۆڵینەوەکان پێوەی پاپەند دەبن، لەبەر ئەوەی چوارچێوەی شیکردنەوە زیاتر ڕێکدەخات، جگە لەوەی هەندێك ئەنجامی بەردەستمان بۆ دەخاتەڕوو، بیرۆکەی ئەم پێوانەیە لەسەر ئەم بنەمایە بەندە:

فێرخوازی زمانی دووەم فێری بەهرەی نوێ دەبێت لەسەر بنەمای بەهرەی پێشینە، کە لە پێشتردا فێری بووە، واتە هەردەبێت چوونەناویەك لە نێوان دوو بەهرە لەکاتی فێربووندا ڕوودەدات، ئەم چوونەناویەکەیش لە ئەنجامی گواستنەوەیە(Transfer)، گواستنەوەکە پێشینەدەبێت، واتە کاریگەری بەهرەی هەبوو(یەکەم)ە لەسەر بەهرەی نوێ، یان بە پێچەوانەوە، کە پێی دەوترێت گەڕانەوە، هەریەك لەمانە ئەرێنی، یان نەرێنی دەبێت. ئەرێنی بریتییە لە ئاسانکاری فێربوونی بەهرەی نوێ بە هۆکاری لێکچوون لە نێوان بەهرەکاندا، بەڵام نەرێنی بریتییە لە پەکخستنی فێربوونی بەهرەی نوێ بە هۆکاری جیاوازی لە نێوان بەهرەکاندا.

ئەگەر ئەم بنەما گشتیانە لە بەهرەی فێرخوازی زماندا جێبەجێبکەین، ئەوا هەموو فێرخوازێك ئارەزوو دەکات، بنەمای زمانی یەکەمی بۆ زمانی دووەم بگوازێتەوە، هەروەکو ئەم بیردۆزە دەڵێت (( ئێمە دەتوانیین لەسەر بنەمای لێکنەچوون لە نێوان زمانی یەکەم(دایك) و دووەمدا، ئاگاداری گرفتەکانی فێربوونی زمانی دووەم ببین و ڕوونکردنەوەی ئەم گرفتانەیش لەسەر بنەمای لێکنەچوون دەبێت))[1]. کەواتە ئەم بۆچوونە ڕوودانی گرفت بە (چوونەناویەك) ناو دەبات، بەڵام ڕوونەدانی گرفتیش بە (ئاسانکاری) دەناسێنێت.

لە کۆتایدا دەتوانیین بڵێین جیاوازی لە نێوان دوو زمان هۆکار نییە بۆ دروستبوونی گرفت لە کاتی فێربوونی زمانی دووەمدا، بەڵکو گرفتەکان کەمدەکاتەوە، ( تێبینی کراوە چوونەناویەك لە نێوان زمانە هاوشێوەکان بەراورد بە زمانە لێکنەچووەکان زیاتر و بە هێزترە، بەدیوێکی تر چوونەناویەك بۆ ڕوونکردنەوەی زۆربەی هەڵەکانی فێربوونی زمانی دووەم پێوانەیەکی باش و لەبارە)[2].

---

1- Skehan (2001 : 114).

[2] - عبده الراجحي(٢٠٠٤ : ٥٣ – ٥٦)

**٢/٢-١-٤-٣)ڕاستکردنەوە و چارەسەرکردنی هەڵەکان:**

ئاشکرایە زانستی زمانی کارەکیانە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی زمانی دووەم دەخوێندرێت، بۆیە خودی هەڵە لێکۆڵینەوەی لەسەر ناکرێت، بەڵکو ئەو لایەنەی گرنگە، چۆن ڕووبەڕووی هەڵە دەبینەوە ؟

گومانمان نییە، ڕاستکردنەوەی هەڵە تەواو نابێت، تەنیا پاش زانینی هۆکارەکانی نەبێت، گەیشتن بەم هۆکارانەش کارێکی ئاسان نییە، تا بگەینە ئاستی دڵنیابوون، ( چونکە هەڵە بۆ ئەو ستراتیژە ناوەکییەی فێرخواز هەڵیبژاردووە دەگەڕێتەوە، هاوکات بۆ سروشتی بابەتی زمان و چوونەناویەکی لەگەڵ زمانی دایکدا. جێگای سەرنجە پاش دەستنیشانکردنی هەڵە و چاککردنەوەیان، پێویست ناکات، بابەتەکە دوبارە بکرێتەوە ، بەڵکو پێویستە بابەتێکی گونجاوتر بخرێتەڕوو)[١].

شیکردنەوەی هەڵە سوودی تیۆری و کارەکی هەیە، (لایەنی تیۆری شیکاری هەڵەیی تاقیدەکاتەوە و لایەنی کارەکیش کاری شیکاری هەڵەیی بە کارێکی گرنگ بۆ فێرکار دادەنێت)[٢] ، چونکە (کاری شیکاری هەڵەیی گەیاندنە و هاوکاری فێرکار دەکات بۆ گۆڕینی ڕێگای وانەوتنەوە و بەخشینی بابەت و چاککردنەوەی ئەو بابەتانەی، کە فێرکار دەیڵێتەوە. بەڵام لایەنە گرنگەکەی لەسەر ئاستی نەخشەکێشان بۆ بابەتی بڕیاردراو و چارەسەر و دوبارە کردنەوەی فێرکردن و ڕاهێنانی فێرخواز لە کاتی فێربووندا تەواو دەبێت )[٣].

---

١ - خالد عبد السلام( ٢٠١٢: ٢٠٦ ).

2- Newton, J. (1991 : 101)

٣ - عبده الراجحي (٢٠٠٤ : ٥٦-٥٧).

## ٢-٢/٢) لایەنی کارەکی تیۆری( سەرچاوەی هەڵەی زمانی):

سەرچاوەی ڕوودانی هەڵەی زمانی پەیوەستە بەچەندێتی توانا و چالاکی و ئەندازەی زیرەکی و چۆنیەتی بەئاگایی فێرخواز لە بابەتی فێربوونی زماندا .(کاتێك تاك لە قوتابخانەدا فێری زمانی دووەم دەبێت، سروشتەکەی هەر چۆنێك بێت لەبەرانبەر دوو سیستەمی زمانی جیاوازدا خۆی دەبینێتەوە، سیستەمی زمانەکانیش لە هەندێك بەش و ئاستدا لەیەك دەچن و لەهەندێك بەش و ئاستی تردا جیاوازن)[1]. ئەم لەیەکچوون و جیاوازیەش وادەکات، فێرخواز بکەوێتە نێو هەڵەی جۆراوجۆرەوە، بۆیە دەکرێت سەرچاوەی هەڵە زمانیەکانیش بە پێی سەرچاوە و هۆکارەکانی پۆلبکەین:

### ١-٢-٢/٢) ئەو هەڵانەی سەرچاوەکەی بۆ زمانی یەکەم دەگەڕێتەوە:

زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی بلومفیلد و کراشن و وینرایچ (Blomfild, Krashen , Weinreich) ئاماژە بەوەدەکەن، فێربوونی زمانی دووەم لە قوتابخانەدا بە زمانی یەکەم زۆر کاریگەرە، بەجۆرێك وا لە فێرخواز دەکات، بە بەردەوامی بکەوێتە نێو هەڵەوە، ئەو کاریگەریەشی لەسەری کۆدەبێتەوە، وادەکات لە کاتی فێربوونی زمانی دووەمدا تووشی گرفت ببێت، چونکە تاك خاوەنی کۆکراوەیەکە لە زانیاری و کۆزانیاری و شێوازی دەربڕین، بەدرێژای سالآنی سەرەتای تەمەنی لە چوارچێوەی خێزان و ئەو کۆمەڵەی تیایدا ژیاوە، کە فێریانبووە و وەریگرتوون. ئەم هۆکارانە لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا بەشێوەی چونەناویەك لەکاتی لێکچووندا دەبێتە هۆی دروستبوونی هەڵە.

لەلای زۆربەی پسپۆرانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لەکاتی فێرکردنی زمانی دووەمدا، زمانی دایك بەشێوەیەکی بەرچاو و قووڵ کاریگەری لە سەر زمانی دووەم هەیە، لەبەر ئەوەی بۆشاییەکی قووڵ لای فێرخوازانی زمانی دووەم هەیە. (زمانی یەکەم لە مێشکی فێرخوازدا وەکو تۆڕ چەسپاوە، بۆیە ئەستەمە فێرکار بتوانێت لەکاتی پرۆسەی فێربووندا چاودێری تەواوی ئەو تۆڕانە بکات)[2]. بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی هەرچەندە زمانی یەکەم لە زمانی دووەم جیاواز بێت، بەلآم (هۆکارە بۆ پێگەیشتنی زمانێکی تر، چونکە فێرخواز لەسەر زمانێك ڕاهاتووە و یارمەتی دەدات زمانێکی تر دەربڕێت)[2].

لێرەدا هەڵەکانی ئەم پارە بەپێی ئاستەکانی زمان دەخەینەڕوو :

---

1- Moskowitz, G. (1978 : 54)

٢ - محمد اسماعیل صیني وإسحاق محمد أمین (١٩٨٢: ٦٣ )

### ٢/٢-٢-١-١)چوونەناویەکی دەنگەکان:

سیلین (Celyne) لە بارەی چوونەناویەکی دەنگەکان دەڵێت ((بریتییە لە چوونەناویەکی دەنگەکان، یان چوونەناویەکی دەنگی زمانێك لەگەڵ زمانێکی تر، واتە بەکارهێنانی دەنگێکی زمانێك نزیك لە زمانێکی تر.))[١]. بۆ نموونە پیتی (R)ی زمانی ئینگلیزی لە زمانەکەدا بە دەنگی [ R ] دەدرکێنرێت، بەڵام هەمان پیتی(R) لە زمانی فەرەنسیدا بەدەنگی [ غ ] دەردەبڕدرێت.

چوونەناویەکی دەنگەکان لە فێربوونی زمانی کوردی بۆ زمانی ئینگلیزی و بە پێچەوانەوەشەوە لە ئینگلیزی بۆ کوردی، دیاردەیەکی فۆنۆلۆژی زمانەکانە، بە جۆرێکی هەڵەی فێربوونی فێرخوازی زمانی دووەم هەژماردەکرێت و دەچێتەوە سەر کاریگەری زمانی یەکەم لەسەر زمانی دووەم، وەکو پیتی (th) لە زمانی ئینگلیزی بە دەنگی [ ذ ] دەخوێندرێتەوە و دەدرکێنرێت، بەڵام فێرخوازی کورد کاتێك ئەم دەنگە دەخوێنێتەوە ئەوا بە[ ز ] دەیدرکێنێت وەك وشەی (the) ، هۆکارەکەشی بۆ کاریگەری زمانی یەکەمی دەگەرێتەوە, هەروەها دەنگی [ ث ] لە زمانی ئینگلیزی لەلای زۆربەی فێرخوازانی کورد لەکاتی درکاندندا دەگۆردێت بۆ دەنگی[س] وەك وشەی (<u>th</u>ank). بۆ زانیاری زیاتر با بڕوانیینە نموونەی ئەم ڕستانە:

| واتای ڕستە بە کوردی | ڕستە بە زمانی یەکەم(ئینگلیزی) |
|---|---|
| ١-ب کوپەکە(پیاڵە) پڕە لە چا. | 1-a <u>The</u> Cup is full of tea . |
| ٢ب- ئەوان یاریان کردبوو. | 2a- <u>They</u> had played. |
| ٣ب- زەوی بەدەوری خۆردا دەخولێتەوە | 3a-<u>The</u> ear<u>th</u> moves a round <u>th</u> Sun. |

ئەم دیاردەی هەڵەییە لای فێرخوازی ئینگلیزیش (زمانی یەکەم) بۆ زمانی کوردی( دووەم) بەدیدەکرێت، چونکە یاسای فۆنۆلۆژی زمانی هەریەکەیان بۆ ئەوەی تریان جیاوازە و بەخودی تایبەتمەندی زمانەکەوە پەیوەستە، بۆ نموونە ئاخێوەری زمانی کوردی پیتەکانی (ح ، ع ، ق) بەهەمان فۆڕم بە دەنگی [ح ، ع ، ق] دەیاندرکێنێت، بەلاّم لای فێرخوازی زمانی ئینگلیز(دووەم) پیتەکانی (ح ، ع ، ق) بە فۆڕمی جیاواز و بەخوێندنەوە و درکاندنی جیاواز بەکاردێت ، وەك : پیتی ( ح - H ، ع- A- U ، ق - Q ) و بە دەنگی [ H ، A -U ، Q ] دەیاندرکێنن. وەك:

| واتای ڕستە بە کوردی | ڕستە بە زمانی یەکەم(ئینگلیزی) |
|---|---|
| ٤-ب عەلی لە باخچەکەیە. | 4-a <u>Ali</u> in the garden. |

---

1-Murice , V. Overback (1976 :138)

5-a Muhammad can go. ٥ب- محەمەد دەتوانێت بڕوات.

6-a Qaraman / Khuncha lives in Hawler. ٦-ب قارەمان /خونچە لە هەولێر دەژێت.

ئەو گرفت و ئاستەنگیانەی لە فێربوونی زمانی دووەمدا دێنەئاراوە لە سەرەتای تەمەنی منداڵیدا ڕوونادات، بەڵکو ( بە بۆچوونی هەر یەك لە بلۆمفیلد(Benfield) و ڕۆبێرتس(Roberts 1959) و لینبێرگ (Lenneberg1967) ئەم جۆرە ئاستەنگییە لە فێربوونی زمانی دووەمدا پاش تەمەنی ١٢ ساڵی توشی منداڵ دەبێت، ئەنجامی هۆکارەکەشی فیسیۆلۆژییە، چونکە مێشکی منداڵ لە سەرەتای تەمەنیدا لاستیکییە، بەڵام لە تەمەنی پێگەیشتوییدا وانامینێت، بەڵکو مێشکی پێگەیشتوو بە تایبەتمەندی و جێگیری ناسراوە، ئەمیش وا دەکات فێربوونی دەنگە نوێیەکان ئەستەم بێت)[1]. بەپێی زۆربەی لێکۆڵینەوە دەنگییەکان منداڵ لەتەمەنی منداڵییەوە، کە فێری زمانی دووەم دەبێت ئامێرە دەنگییەکانی نەرمییەك وەردەگرێت و وادەکات لەگەڵ دەنگە نوێیەکاندا بگونجێت، بە پێچەوانەی پێگەیشتووەوە، بەهەمان شێوە سکۆڤل (scovel 1969) دەڵێت (( زاڵبوونی مێشك لە تەمەنی ١٢ ساڵییەوە ڕوودەدات و تێردەبێت و توانای هەڵسوڕان و دەربڕینی دەنگی زمانی دووەمی ڕادەوەستێت، ئەم ماوەیەش لە فێربوونی زمانی دووەمدا بە ماوەی تەنگی (تەسك) ناو دەبرێت.))[2] بۆچوونی جۆرج (George) لە بۆچوونەکانی تر جیاوازە، چونکە پێی وایە ( ئەم هەڵە و ئەستەمییەی زمان، ناتوانیین بیگەڕێنینەوە بۆ جووتزمانی، لەبەر ئەوەی هەمان هەڵەی دەربڕین لەلای کەسێکی خاوەن یەك زمانیش ڕوودەدات)[3].

### ٢/٢-٢-١-٢) چوونەناویەکی سینتاکسی:

بریتییە لە بەکارهێنانی زمانێك بە قاڵب (Matrices) و سیستەمی ڕێزمانی زمانێکی تر، وەك ( وشە و مۆرفیمی تایبەت بە مێ و نێر و بێلایەن، مۆرفیمی تاك و کۆ)، بەڵام بەپێی تایبەتمەندی هەر زمانێك چوونەناویەکی سینتاکسی تێداروودەدات، ( بە پێی یاسای ڕێزمانی هەر زمانێك، هەر چەندە سیستەمی زمانیی ئاڵۆز بێت، ئەوا پرۆسەی دەسەڵاتداری درێژدەبێتەوە)[4]، جۆرێکی تری چوونەناویەکی بریتییە لە ( ڕێکخستی ڕستە ، ئەگەر هاتوو جیاوازی گەورە لە نێوان زمانی یەکەم و زمانی دووەمدا

1-Murice, V. Overback (1976 : 138)
2-Scovel (1969: 61 )
3-George ,S ( 1987: 139 )
4-Tough, J. (1985: 49)

هەبوو، ئەوا چوونەناویەك گەورە تردەبێت، بەڵام ئەم جۆرە هەڵەیە لە ئاخاوتنی منداڵدا کەمتر دەردەکەوێت)[1].

هەڵەی نموونەی ئەم جۆرە، بەشێکی بۆ قاڵب و سیستەمی جیاوازی نێوان زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی دەگەڕێتەوە، چونکە فێرخوازی کورد کاتێك دەیەوێت بە زمانی دووەم( ئینگلیزی) بدوێت و ڕستە بەرهەم بهێنێت، ئەوا بەهەمان سیستەمی زمانی دایکی ڕستەی زمانی دووەم دادەڕێژێتەوە، جیاوازی سیستەمی زمانەکەیش بەم شێوەییە:

زمانی کوردی سیستەمەکەی پێکدێت لە (بکەر (کارا)+ بەرکار+ کردار) **S+O+V**

زمان ئینگلیزی سیستەمەکەی پێکدێت لە (بکەر + کردار + بەرکار) **S + V + O**

هەریەك لە زمانەکان بە سیستەمی تایبەتمەندی ڕێگا پێدراوی خۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ وشە دەکات و پەیوەندییەکانی وشەکە دەخاتەڕوو. وشە ڕیزبوون لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا بە سیستەمی زمانەکەیانەوە پەیوەستن، بە جۆرێك وشە ڕیزبوون لە زمانی کوردیدا، کە ڕۆنانی سەرەکی (بکەر (کارا)+ بەرکار+ کردار) S+O+V لە خۆدەگرێت و لە زمانی ئینگلیزیشدا، پێچەوانەکەی ڕیزبوونی کەرستەی ( بەرکار + کاردار )ی زمانی کوردیە، کە پێکهاتووە لە ( بکەر + -کردار + بەرکار ) **S + V + O** .

بۆیە لە فێربوونی زمان و زمانی دووەمدا گرنگیدان بە ڕیزبوونی کەرەستەکان پێویستە، چونکە ( بەهۆی ئەم یاسایانەوە لە ڕستەی زمانەکە دەگەین، ئەگەر بمانەوێت واتای ڕستە بگۆڕین ئەوا تەنیا بەهۆی گۆڕینی شوێنی وشەکانەوە دەبێت. )[2]. لە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی دووەمدا گۆڕینی شوێنی کەرەستەکانی ڕستە دەبێت بە پێی یاسا و سیستەمی زمانەکە بێت، نەك لەسەر سیستەمی زمانی یەکەم(دایك) بێت، لەبەر ئەوەی هەڵەی زمانیی جۆراوجۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت:

### أ- پێشکەوتنی بەرکار پێش کردار :

فێرخوازی زمانی دووەم بۆ دروستکرنی ڕستە پێویستە لەسەر بنەمای زمانەکە(ئینگلیزی) شوێنی کەرەستەکانی نێوان بەرکار و کردار دابڕێژێت، هەر لادانێك لە سیستەمی زمانی دووەم، ئەوا پاش و پێشخستنی کەرەستەکان دێنێتە ئاراوە، واتە هەڵەی زمانیی لە فێربوونی زمانەکە نیشاندەدات. بۆ تێگەشتن زیاتر با لە نموونەی ئەم ڕستانە بڕوانیین:

---

1-George ,S (1987 -135)

٢ - ئاواز حەمە صدیق بە گیخانی ( ١٩٩٦: ٥٣).

| ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی) | واتای ڕستەی بە کوردی |
| --- | --- |
| 7a-I go to school . | ٧ب- من بۆ قوتابخانە دەچم. |
| 8a- I write the letter. | ٨ب-من نامەکە دەنووسم. |
| 9a -Aral is buying the pen. | ٩ب -ئاراڵ قەڵەمەکە دەکڕێت. |

ئەگەر لە داتا وەرگیراوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بکۆڵینەوە و وردبینەوە، دەبینیین ئەو داڕشتنانەی فێرخوازەکان لەسەر بنەمای هەڵەی شیکاری لە جۆری ڕۆنانە کردویانە ، کە پاش و پێشخستنی کەرەستەی (بەرکار و کردار)ە لەسەر لێکدانەوە و تێگەشتنی فێرخوازانە بۆ زمانی دووەم، واتە سیستەمی زمانی دووەمیان لەسەر سیستەمی زمانی یەکەم داڕێشتووەتەوە، بۆیە کەوتوونەتە هەڵەی زمانییەوە و کرداریان پێش بەرکار خستووە بەم شێوەیە:

| ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم( ئینگلیزی) | واتای ڕستەی بە کوردی |
| --- | --- |
| [١]*10a- I to school go. | ١٠ب- من بۆ قوتابخانە دەچم. |
| *11a- I the letter write . | ١١ب- من نامەکە دەنووسم. |
| *12a- Aral the pen is buying. | ١٢ب- ئاراڵ نامەکە دەکڕێت. |

## ب- ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستە بە ناتەواوی :

ئاخێوەری ڕەسەنی هەر زمانێك پەیوەست بە سیستەمی زمانی دایکییەوە، لە ڕێکخستنی کەرستەکانی پێکهێنانی ڕستەدا شارەزا و لێهاتووە، بە جۆرێك لە ڕووی ئەکادیمییەوە بەشێکی زۆری ئاخێوەری زمانەکە لە تەواوی ئەو وردەکاری و دانان و ڕێکخستن و بەکارهێنانە بێئاگان و لە ژینگەی کۆمەڵەوە وەریانگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر هەر هەڵەیەکی زمانی لەلای ئاخێوەری زمانەکە، یاخود ئاخێوەری زمانی دووەم ڕوویدات، بە سانایی و بە ڕوونی درکیپێدەکەن.

لە ڕێکحستنی کەرەستەکانی ڕستەدا، ئاخێوەری ڕەسەنی زمانی ئینگلیزی لە داڕشتن و ڕێکخستن و دەربڕیندا تەواو و دروستن، وەك لە نموونەی ڕِستەکانی(١٣ بۆ ١٥) دەخرێنەڕوو:

١ - نیشانەی ناڕێزمانییە.

| واتای ڕستە بە کوردی | ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی) |
|---|---|
| ١٣ب- ئەسپەکە سوور بوو. | 13a- The horse became red. |
| ١٤ب- ئاراڵ گۆشتەکەی خوارد. | 14a- Aral ate the meat. |
| ١٥ب- شنە هات. | 15a - Shna came . |

بەڵام هەمان ئەو ڕستانەی لە نموونەکانی(١٣ بۆ ١٥)دا هەیە، کاتێك لەلایەن فێرخوازی زمانی دووەمەوە دادەڕێژرێت و دەخرێتەڕوو، ئەوا شێوەی نموونەی ڕستەکانی (١٦ بۆ ٢١)ی لێ بەرهەم دەهێنرێت، وەکو:

| واتای ڕستە بە کوردی | ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم |
|---|---|
| ١٦ب- ئەسپەکە سوور بوو. | *16a- The horse red became. |
| ١٧ ب- ئەم ئەسپەکە سوور بوو. | *17a – The is horse becam |
| ١٨- ئاراڵ خواردبوو گۆشت. | *18a- Aral eatined meat. |
| ١٩ب- ئاراڵ دەخوات گۆشت. | *19a-Aral it the ate meat. |
| ٢٠ب- شنە هەیە/ هات. | *20a-Shna have came. |
| ٢١ب- شنە بوو/ هات | *21a- Shna is came. |

بە تێڕامان و سەرنجدان لە نموونەی ڕستەکانی (١٦ بۆ ٢١)دا، کە پەیوەستە بە ئەنجامی داتای تێگەیشتنی فێرخوازی زمانی دووەم، لە شیکاری هەڵەییدا ئەوە بەدیدەکەین، کە فێرخوازان لە ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستەدا ئەو توانایە باش و شیاوەیان بۆ زمانی دووەم نییە، یاخود ڕەنگدانەوەی زمانی یەکەم کاریگەری لەسەر زمانی دووەمیاندا هەیە و ئەو کۆزانیاریانەی زمانی دووەم دەبێت وەکو پێویست لەگەڵیاندا هەبێت، نییانە، یاخود هەشبێت ئەوا لاواز و کەمن، بۆیە دەکەونە هەڵەی زمانییەوە و ڕستەکان بە ناتەواوی دروستدەکەن و بە ناچاری لە هەر شوێنێکدا بۆیان بلوێت، کەرەستەکانی ڕستە دادەنێن، جا کەرەستەکان تەواوبن، یاخود ناتەواوبن.

### پ- بەکارهێنانی پێشناو بە پێی سیستەمی زمانی یەکەم:

پێشناو لە هەر زمانێکدا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە جۆری بەستنەوەی کەرەستەکانی ڕستە دیاریدەکات. ئامرازی پەیوەندی هێزێکی زۆر دەخاتە سەر فێرخوازی زمان بۆ ئەوەی پێشناو وەکو کەرەستەیەکی پڕبایەخی فێربوون تەماشابکات، هەروها بەبێ پێشناو ئاستی تێگەیشتن و بەکارهێنان و دەربڕینی ڕستە لاواز و ناتەواو دەبێت، لەبەر ئەوە فێربوون و زانینی شوێنی گونجاوی پێشناو فێربوونی زمانی دووەم خێراتر و دەوڵەمەندتر دەکات. بە تێڕوانینمان لە ئاخێوەری زمانی ئینگلیزی، پێشناو لە نموونەی ڕستەکانی (٢٢ ، ٢٣)دا بە دروستی بەم شێوەیە بەکاریدەهێنن:

| واتای ڕستە بە کوردی | ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی) |
|---|---|
| ٢٢ب- ئەو بەشەمەندەفەرە گەشتی کرد. | 22a-She /He travelled by train. |
| ٢٣ب- ئێمە لە هەولێر ژیاین. | 23a-We lived in Hawler. |

بەڵام فێرخوازانی زمانی دووەم لە کاتی دەربڕیندا ناتوانن ئەو ڕستانەی، کە ئاخێوەری زمانی یەکەم لە نموونەی ڕستەکانی (٢٢، ٢٣)دا دەریان بڕیوە وەکو خۆی دەسەڵاتیان بەسەردا بشکێت و دەریببڕن، بۆیە لەو نموونانە لادەدەن و نموونەی ڕستەکانی (٢٤ بۆ ٣٤ ) لێ بەرهەم دەهێنن. وەك:

ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم

* 24a-She /He <u>by</u> travelled train.
*25a- She /He <u>on</u> travelled train.
*26a- We <u>in</u> lived Hawler.
*27b-We lived of Hawler.
*28a-We lived on Hawler.
*29a- We lived and Hawler
*30a-We lived about Hawler.
*31a-We lived between Hawler.
*32a-We lived <u>behind</u> Hawler .
*33a- We lived in front of Hawler.
*34a-We lived <u>above</u> Hawler.

بەوردبوونەوە لە داتای فێرخوازانی زمانی دووەمدا پێشناوەکان دروستی و شوێنی شیاوی خۆیان لە دەستدەدەن، ئەویش بۆ هۆکاری کاریگەری زمانی یەکەمی فێرخوازان دەگەڕێتەوە، بە جۆرێك ڕۆنانی ڕستەکانیان ڕۆناوە، شوێن و جۆری پێشناوەکانیان لە شێوەی زمانی یەکەم پەیڕەوکردووە، وەکو لە نموونەی ڕستەکانی (٢٤ بۆ ٣٤ )دا ڕوون بۆتەوە.

٢/٢-٢-١-٣) **چوونەناویەکی مۆرفۆلۆژی :**

جۆرێکی تره له جۆرەکانی چونەناویەك لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا، ئەم جۆرەیش پەیوەندی لەگەڵ سینتاکسدا هەیە. ساپیر (Sapir 1926 ) دەڵێت: ((چوونەناویەکی مۆرفۆلۆژی ڕوودەدات، ئەگەرچی هەندێك جار شێوەی وەکو خۆی دەمێنێتەوە.))[١]، بەڵام وینرایچ (Weinreich) بۆچوونەکەی پێچەوانەی ساپیره و دەڵێت (( چوونەناویەك سینتاکسی مۆرفۆلۆژیش له خۆ دەگرێت و کارلێکدەکەن))[٢] .

کەواته دەتوانیین بڵێین بۆچوونی ساپیر ڕاسته، ئەگەر هاتوو زمانەکان له یەك خێزانه زمان بوون و لەڕووی ڕێزمانی و مۆرفۆلۆژییەوه هاوشێوه بوون، بەلاّم ئەگەر هاتوو لێك جیاواز و دووریش بوون، ئەوا چوونەناویەك ڕوودەدات. نموونه بۆ ئەم جۆره وەك : کاریگەری یاسای کۆ له سەر تاك، کاتێك فێرخوازێك ڕستەیەك دەردەبڕیت دەربارەی (دوو منداڵ له باخچەکەیە)، دەڵێت (منداڵەکان چوونه ناو باخچەکه) ئەگەر سەرنج بدەینه ئەم ڕستەیه له ڕاستیدا ئاماژه به ژمارەی دوو منداڵ ناکات، بەڵکو به کۆ ئاماژەی پێکردووە، ئەویش جیاوازیەکی زۆر دروستدەکات له نێوان دوو زمانی لێك جیاواز، بۆیه چوونەناویەکی له نێوان زمانەکاندا دروستدەبێت.

وەك:

| واتای ڕسته به کوردی | ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی) |
|---|---|
| ٣٥ب- یەك کوڕ دەخوێنێت. | 35a-One boy is studying . |
| ٣٦ب- دوو کوڕ یاری تۆپی پێ دەکەن. | 36a-Two boys are Playing football . |

له ئەنجامی داتای فێرخوازەکانەوه ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، فێرخوازی زمانی دووەم، لەسەر بنەمای زانیاری پێشوویان دەڕواننه مۆڕفیم(نیشانه)کانی تاك و کۆ، بۆیه له شیکاری هەڵەییدا، ئەم جۆره هەلاّنه بەزەقی دەردەکەون، سەرەتا با بڕوانیینه ئەم ڕستانه:

ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم

*37a-One boy studying.

*38a-Two boy are playing football .

*39a- Two boys playing football.

---

١ - محمد اسماعيل صيني وإسحاق محمد أمين (١٩٨٢ :٦٣ )

2-Maurice van overbackel (1976:107 )

لە نموونەی (٣٧)دا دەردەکەوێت فێرخوازان بەدەر لە نیشانەی (is)ی تاك، بە واتای گەیاندنی تاك ڕستەکەیان داڕیشتووە, هەروها لە ڕستەی(٣٨)دا فێرخوازان لەسەر بنەمای زمانی یەکەم بۆ تەوای ڕستەکە تەنیا یەك مۆرفیمی کۆیان داناوە، ئەویش (are)ە بەبێ (S)ی نیشانەی کۆ.

لە ڕستەی(٣٩)دا بە پێچەوانەی ڕستەی(38) بەدەر لە مۆرفیمی(are)ی کۆ، تەنیا مۆرفیمی (s)ی کۆ دانراوە، لە ڕاستیدا بۆ ئەوی هەڵە ڕوونەدات بەپێی تایبەتمەندی زمانی دووەم دەبێت هەردوو مۆرفیمەکە لە ڕستەکەدا هەبێت.

## ٢/٢-٢-١-٤)چوونەناویەکی فەرهەنگی:

ئەم چوونەناویەکە (وەرگرتنی واتا، یان وشەی زمانێکە و بەکارهێنانی لە زمانێکی تردا، بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە پەککەوتنی وشە.)[١] ، بە واتایەکی تر ئەم جۆرە هەڵەییە (وەرگێرانی نادروستە لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم، یان بەکارهێنانی وشەیە بەرانبەر بە وشەیەك، کە هاوواتانین، واتە فێرخواز وشەیەك هەڵدەبژێرێت و بەکاریدەهێنێت، بەرانبەر وشەیەك لەگەڵ واتای مەبەستدا هاوواتانییە)[٢] ، یاخود وشەیەك لە زمانی دایك زۆر بەکاردێت فێرخواز وا هەستدەکات دەتوانێت بۆ زمانی دووەمیش بەکاریبهێنێت بۆ نموونە وشەی (شێر) لە ڕستەی(٤٠أ )دا:

٤٠أ- ئازاد وەکو شێرە.

وشەی شێر لەم ڕستەیە (٤٠أ) دا، بە واتای ئازا و قارەمان دێت، لەکاتی بە کارهێنانی ئەم وشەیەدا بۆ زمانی دووەم نادروستدەبێت،چونکە هەمان واتا ناگەیەنێت و ڕستەکە لەلای فێرخوازی زمانی دووەمەوە بەم شێوەیە دادەڕێژرێتەوە :

40b- Azad is as like as lion.

یاخود وشەکە لەبنەرەتدا لە زمانی دووەمە، فێرخواز بە کاریگەری واتا و فەرهەنگی زمانی یەکەمی خۆی دووچاری هەڵە دەکات و لە نێو ڕستەدا بەکاریدەهێنێت.وەکو وشەی (sweet ) لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزیدا واتای شیرین دەگەیەنێت، ئەگەر لە ڕستەیەکی وەکو ڕستەی (٤١)دا هات ئەوا بە واتای جوانی دێت، نەك بە واتای شیرین، وەك:

| واتای ڕستە بە کوردی | ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی) |
|---|---|
| ٤١ب-سوپاس بۆ وشە جوانەکانت. | 41a- Thank you for your sweet words . |

1- Gergesanders (1987 :137)

٢ - موسى الشامي ( ١٩٨٨: ٦٧)

بەڵام فێرخوازی زمانی دووەم، بە تێروانینی وشەی فەرهەنگی زمانی یەکەمی لێیدەڕوانیت و لێکیدەداتەوە، بۆیە هەڵەی فەرهەنگی دووچاری هەڵەی زمانی دووەمی دەکات و بە شێوەی نموونەی ڕستەی ( ٤٢ب) دایدەڕێژێتەوە:

| <u>لێکدانەوەی فێرخوازی زمانی دووەم</u> | <u>ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم (ئینگلیزی)</u> |
| --- | --- |
| ٤٢ب- سوپاس بۆ وشە شرینەکانت. | 42a-Thank you for your sweet words. |

لە زماندا بە شێوەیەکی گشتی تێکردە بابەتێکی سرکە و کۆنترۆڵکردن و دەستنیشانکردنی لەلایەن فێرخوازەوە تێڕامان و وردبینییەکی چڕی پێویستە، چونکە تێکردە پەیوەست بە فەرهەنگ و کلتورەوە لە نێوان ئەو وشانەی دەربڕینیان لێك نزیکە ڕوودەدات. فێرخوازی زمانی دووەم لە نێوان دوو فەرهەنگ و کلتور زمانی جیاوازدا دەشێت پێشینەی کۆزانیاری زمانی یەکەمیان دەسەڵاتیان بەسەر شارەزایی و زانیاری زمانە نوێیەکەدا بشکێتەوە و کاریگەری لەسەر دروستبکات. لە نموونەی ڕستەکانی (٤٢ ، ٤٣)دا ئەوە بەدیدەکەن:

٤٢- پیاوەکە مرد.

٤٣- سەگەکە تۆپی.

هەر یەك لە وشەکانی ( مرد ، تۆپی )، ئەگەر چی لە زمانی کوردیدا هەر دووکیان بە واتای گیان لەدەستدانی کۆتایی دێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوواتای تەواو نیین و هیچ کامێکیان لە بری ئەوەی تریان لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا بەکارنایەت، چونکە هەر یەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە و کۆمەڵی کوردەواری بە جیا بەکاریان دەهێنن، بەڵام لە زمانی دووەم(ئینگلیزی)دا بۆ هەردوو وشەکە، تەنیا وشەی (مرد) بەکاردێت و فەرهەنگی زمانەکەیان بەئاسایی ڕێگای بە دوبارەکردنەوەکەیان لە شوێنی یەکتر دەدات و هیچ کێشەکی کۆمەڵایەتی و گرفتی زمانی بە داوی خۆیدا ناهێنێت. وەکو لە نموونەی ڕستەکانی ( ٤٤ ، ٤٥)دا ئاخێوەری زمانی یەکەم ئەم ڕستانە دەردەبڕێت:

| <u>لێکدانەوەی فێرخوازی زمانی دووەم</u> | <u>ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی)</u> |
| --- | --- |
| ٤٤ب- پیاوەکە مرد. | 44a-The man died. |
| ٤٥ب-سەگەکە تۆپی. | 45a- The dog died . |

بۆیە دەشێت بەشێك لەو فێرخوازانەی ئەم جۆرە چوونەناویەكییەی فەرهەنگی لە قۆناغی دەستپێكی فێربوونی زمانەكەدا بەلێهاتوویی و شارەزایی فەرهەنگی و كلتور لێكنەدەنەوە و بۆیان ببێت بە گوزارشتیك لە سەرسورمان! ئەمیش بۆ هەردوو زمان دروستە، چونكە لە كۆمەڵ و فەرهەنگی زمانی دووەم( ئینگلیزی)دا ئاژەڵی سەگ ڕێزێكی زۆرباش و گەورەی لێدەنێن و لە كاتی گیان سپاردنیدا وەكو مرۆڤ وشەی (مردن)ی بۆ بەكاردەهێنن، بەڵام لە فەرهەنگی كوردیدا بە هۆكاری كلتور و ئاینی و كۆمەڵایەتی... تاد . وشەی مردن بۆ مرۆڤ بەكاردێت و وشەی تۆپی بۆ ئەو ئاژەڵانەی، كە خواردنی گۆشتیان قەدەغەكراو (حەرام)ە وەكو سەگ و گوێدرێژ و پشیلە و بەراز و.......... هتد بەكاردیت.

هەندێك لە هەڵەكانی فێرخوازانی زمانی دووەم بە دیدگرتنی سیستەمی ڕێزمانی زمانی دووەمە، بەمەش ناتوانن لایەنی كلتور و فەرهەنگی لەبەر چاوبگرن، بەو هۆییەوە دووچاری هەڵەی داڕشتنەوەی گوزارشتكردن و دەربڕین دەبن. بۆ نموونە لە ڕستەی (a٤٦)دا، كە ئاخێوەری زمانی ڕەسەن (ئینگلیز) دەریدەبڕێت، ئەم جۆرە هەڵەیە لەلای فێرخوازی زمانی دووەم بەدیدەكەین:

| <u>لێكدانەوەی فێرخوازی زمانی دووەم</u> | <u>ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەكەم( ئینگلیزی)</u> |
|---|---|
| ٤٦ب-سەگ و پشیلە دەبارێت. | 46a- It rains dog and cats. |

ئەگەر لە داتا وەرگیراوەكانی فێرخوازانی دووەم وردبینەوە، درك بەوەدەكەین، ئەو هەڵانەی فێرخوازەكان كردوویانە، سەرچاوەیان لەسەر بنەمای شیكاری هەڵەیی لە جۆری فەرهەهەنگ و كلتوری جیاوازەوە گرتووە، چونكە فێرخوازانی زمانی دووەم پەیوەست بە ئاین و كلتوری كۆمەڵی كوردەوارییەوە بە ئەستەم دەتوانن لە واتای ڕستەی( a٤٦)دا تێبگەن و لە كاتی پێویستدا دایبڕێژنەوە و بەكاریبهێنن.

لەڕاستیدا واتای وشەی (سەگ و پشیلە) لە زمانی ئینگلیزیدا مەبەست لە ئاژەڵی(سەگ و پشیلە) نییە، بەڵكو مەبەست لە (باران)ە، بۆیە فێرخوازانی زمانی دووەم دەكەونە هەڵەوە و لە ڕوانگەی فەرهەنگ و كلتوری كوردەواری گوزارشت لە تێگەشتنی ڕستەكە دەكەن و نموونەی ڕستەی (٤٧) یان (٤٨) دروستدەكەن، یاخود هەردوو ڕستەكە دروستدەكەن، بەڵام لە زمانی كوردیدا ڕستەی (٤٧) واتایەكی گشتی و پڕ واتاتری هەیە، ئەگەرچی هەر دەكاتەوە واتای ڕستەی (٤٨)، بەڵام ڕستەی (٤٨) تەنیا لای خەڵكێكی پێگەیشتوو بە تایبەت جووتیار بەكاردێت، وەكو:

٤٧- باران دەبارێت.

٤٨- ڕەحمەت دەبارێت.

ئاخێوەری زمانی یەکەم(دایك) خاوەنی فەرهەنگ و کلتوری تایبەت بەخۆیانن، بۆیە بەکارهێنان و داڕشتنی ئەم جۆرە ڕستانە بۆ فێرخوازی زمانی دووەم ئەستەمە و دووچاری کێشەی فەرهەنگی و کولتوری کردوون، لەبەر ئەوەیە فێرخوازەکان دەبێت لە پاڵ سیستەمی زمانەکە، تێڕامانییان بۆ فەرهەنگ و کلتور ئینگلیزیش هەبێت.

### ٢/٢-٢-١-٥)چوونەناویەکی واتاسازی:

واتاسازی یەکێکە لە ئاستە گرنگەکانی فێربوونی زمانی دووەم، ئەم ئاستە هەڵسوکەوت لەگەڵ بەکارهێنانی واتای وشەی زمانەکە دەکات، بۆیە بۆ فێرخوازانی زمانی دووەم گرنگە و دەبێت بە پێی پێوستی بۆ زمانەکە بایەخی پێبدەن، واتە یەکێکە لە بنەماکانی فێربوونی زمانی دووەم، لەبەر ئەوەی لە فێربوونی زمانی دووەمدا (بەکارهێنانی واتای وشەیە لە زمانێکی دیاریکراودا بۆ زمانێکی نزیك لەم زمانە.)[١]، یان بەکارهێنانی واتای وشەی زمانەکەیە لە لایەن فێرخوازانییەوە. کاتێك فێرخوازانی زمانی دووەم لە هەندێك بارودۆخی دروستکردنی ڕستە، یاخود دەربڕیندا دووچاری هەڵوێستێك دەبنەوە و وشەیەکی گونجاو لە زمانی دووەمدا نادۆزنەوە، کە پڕواتا، یان واتاداربێت، ئەوا بە ناچاری پەنا دەباتە بەر زمانی یەکەم و وشەیەکی گونجاوی لێهەڵدەچنن و بەکاریدەهێنن. (گەڕانەوەی فێرخواز بۆ زمانی یەکەمی جۆرێکە لە پێویستی و پڕکردنەوەی کەموکوڕی لە زمانی دووەمدا.)[٢] ئەم پەنابردن و قەرەبووکرنەوەیە لە زمانی یەکەمدا، خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە هەڵەی فێرخوازی زمانی دووەم، چونکە مەرج نییە هەموو جارێك ئەم کەموکوڕییە بە زمانی یەکەم پڕبکرێتەوە. ( زۆربەی جار فێرخوازی زمانی دووەم ئەم ڕێگایە بە شێوەیەکی میتافۆری بە مەبەستی قەرەبوکردنەوەی وشەیەکی نادیاری زمانی دووەم بەکاردەهێنێت.)[٣]
لە نموونەی ڕستەی (٤٩)دا ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیز)ی ڕستەیەکی پڕ لە واتا و گوزارشتی لەم جۆرە دەردەبڕێت:

| واتای ڕستە بەکوردی | ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی) |
|---|---|
| ٤٩ب- بزنەکە بە شاخەکەدا هەڵدەگەڕێت. | 49a-The goat climbs the mountain. |

1- George sanders (1987: 135 )
2- N. Brooks ( 1975 : 49)
3- George sanders (1987: 135)

بەڵام فێرخوازی کورد کاتێك فێری زمانی دووەم (ئینگلیز)ی دەبێت و دەیەوێت ڕستەیەکی وەکو نموونەی ڕستەی (٤٩)ی ئاخێوەری زمانی یەکەم بەرهەم بهێنێت، ئەوا ناتوانێت و نموونەی ڕستەی (٥٠) دروستدەکات، وەك:

| واتای ڕستە بەکوردی | ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم |
|---|---|
| ®[1] ٥٠ب- مەڕەکە بە شاخەکەدا هەڵدەگەڕێت. | 50a-The sheep climbs the mountain. |

بەوردبوونەوە و تێڕامان لە نموونەی ڕستەی (٥٠)، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە فێرخوازی کورد کاتێك فێری زمانی دووەم (ئینگلیز)ی دەبێت، وشەی (sheep) بەرانبەر بە وشەی بزن بەکار دەهێنێت، ئەویش بە هۆی کەموکوری و لاوازی زانیاری لە زمانی دووەمەوە سەرچاوەدەگرێت، بۆیە فێرخواز پەنادەباتە بەر قەرەبووکردنەوەی ئەو کەموکوڕییە لە زمانی یەکەمیدا، چونکە لە زمانی یەکەمیدا وشەی (مەڕ) واتایەکی گشتی تری لە وشەی (بزن) هەیە، بە شێوەیەکی گشتی بە واتای (مەڕ، یان پەز) دێت. [٢]

### ٢/٢-٢-٢) هەڵە پێشکەوتووەکان، کە لە خودی زمانی دووەم بەرهەم دێت:

هەندێك هەڵەی زمانی هەیە، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خودی زمانەکە خۆی، نەك زمانی دایك، یان لە زمانێکی تر گواستراببێتەوە، ئەمەیش کاتێك ڕوودەدات، کە فێرخوازی زمانی دووەم لەسەر زمانەکە ئەزموونێکی دیاریکراوی نییە، بە تایبەتی ئەو فێرخوازانەی زۆر ڕاهێنانیان لەسەر بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی بۆ کوردی، یاخود کوردی بۆ ئینگلیزی نەکردووە. ئەو هەڵانەی لە کاتی پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا بەدیدەکرێت بریتین لە:

---

[١] - ® ئەم نیشانەیە بۆ واتای ناتەواوی، یاخود کەموکوڕی لە واتا ی وشە، یان ڕستە بەکاریدەهێنین، لەو سۆنگەیەوە، کە لە زمانی ئینگلیزدا واتای گەڕانەوە دەگەیەنێت.

[٢] - لە زمانی کوردیدا وشەی (مەڕ) واتایەکی فراونتری لە وشەی (بزن) هەیە، چونکە لە ناو کۆمەڵدا وشەی (مەڕ) بۆ زۆر نموونە و نوکتە و تەنانەت لە نرخ پێدانش لە(بزن) باوترە، با بڕوانیینە ئەم نموونانە:

أ- ماستی مەڕ هەیە.

ب- فلانەکەس مەڕە.

پ- ١ مەڕ + ١ مەڕ = ؟

ت- پارەی دنیات هەبێت، مەڕێك ناهێنێت.

لە ڕستەی (أ)دا بەشێکی زۆر لە دوکاندار و فرۆشگاکان، ڕستەی(أ) بە پێش شوێنەکەیاوە هەڵدەواسن، کەواتە نرخ و بەهای ماستی مەڕ زیاتر لە بزن دەردەخات؟

لە ڕستەی(ب)دا، مەبست لە هێمنی و لەسەر خۆی و بێدەنگی ئەو مرۆڤەیە، کە پێچەوانەی (بزن)ە ، ئاژەڵێکی هاروهاجە.

لە ڕستەی(پ)دا، لە وانەی بیرکاریدا مامۆستای بابەت زۆر بەی جار ئەم نموونەیە بۆ فێرخوازانی قۆناغی سەرەتایی دەهێنێتەوە، چونکە ئاژەڵی مەڕ زیاتر لە پەند و چیرۆکی کوردی و بە تایبەت چیرۆکی منداڵاندا بوونی هەیە و پێی ئاشنان.

لە ڕستەی(ت)دا، نرخی (پارە)، یان (دراوی) جیهان بەرانبەر بە نرخی (مەڕ) هیچ نرخێکی نییە.

## 2/2-2-2-1) زێدە ڕۆیی و گشتاندن بۆ هەندێك لە یاسا ڕێزمانییەكان:

بریتییە لە بەكارهێنانی ستراتیژی پێشوو بۆ شوێنێكی تر، واتە ئەو ستراتیژەی دەشێت لە بەكارهێنانی بۆ مەبەستێكی دیاریكراوی ڕێزمانی دروست و گونجاو بێت لە مەبەستێكی تردا دوبارە دەكرێتەوە. بەم پێوەدانگە فێرخوازی زمانی دووەم ئەگەری هەیە، بكەوێتە هەڵەی زمانییەوە، چونكە ( لەكاتی فێربوونی زمانی دووەمدا هەندێك لەم ستراتیژیانە بۆ فێرخواز سوود بەخشە بۆ ڕێكخستنی ڕاستی یاسای ڕێزمانی زمانی دووەم، بەلاّم هەندێكی تر سوود بەخشنیین و توانای جێبەجێكردنیان نییە)[1]. دەشێت ئەم دیاریدەی توانای جێببەجێ نەكردنەی یاسا ڕێزمانییەكان لەلای ئەو فێرخوازانە ڕوودەدات، كە ( بەهۆی ئەنجامی ئەزموونی زمانی خوێندراو خاوەنی بنەمایەكی نادروستن)[2]. نموونەش بۆ ئەم جۆرە وەك بەكارهێنانی مۆرفیمی نەرێی (نا)، لەلای ئەو فێرخوازانەی زمانی دووەم، كە بنەمایەكی شیاو و دروستیان بۆ زمانی ئینگلیزی نییە، بێئاگایانە مۆرفیمێك، یان زیاتر لە مۆرفمێك ڕاستەوخۆ بۆ وشەكە، یان ڕستەكە زیاد دەكەن و بەكاریدەهێنن. بۆ ئەم مەبەستە با لە داتای وەرگیراوی نموونەی ڕستەكانی(٥١، ٥٢)ی فێرخواز بڕوانیین:

| ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم | واتای ڕستە بەكوردی |
| --- | --- |
| * 51a-He has <u>not</u> <u>never</u> driven car. | ٥١ب- ئەو نەخێر هەرگیز ئۆتومبێلی لێنەخوڕیوە. |
| *52a-They have <u>not</u> <u>never</u> taken the photo. | ٥٢ب-ئەوان نەخێر هەرگیز وێنەیان نەگرتووە. |

بە ڕوانینن و وردبوونەوە لە داتای وەرگیراوی فێرخوازەكاندا، ئەوە دەستنیشاندەكەین، فێرخوازانی زمانی دووەم لە نموونەی ڕستەكانی(٥١، ٥٢)دا دووچاری هەڵەی دوبارەبوونەوەی مۆرفیمی نەرێی (not)بوون و ڕستەكانیان لە سیستەمی زمانی دووەمدا فۆڕمێكی ناڕێزمانیان وەرگرتووە، واتە بە بێئاگایانە دوو مۆرفیمی نەرێیان لە ( not , never ) بەدوای یەكتردا لە ڕستەكاندا بەكارهێناوە، بەلاّم لە ڕاستیدا لە زمانی دووەمدا (ئینگلیزی)دا، هەرگیز لە ڕستەیەكدا دوو مۆرفیمی نەرێ بە دوای یەكتردا نایەت، چونكە وشەی ( never) بە واتای مۆرفیمی نەرێ دێت، بۆیە پێویست بە مۆرفیمێكی تری نەرێی وەكو (not ) ناكات. بۆ ئەم مەبەستەیش بەڵگەی وەرگیراوی نموونەی ڕستەكانی (٥٢، ٥٣)ی ئاخێوەری ڕەسەنی زمانی یەكەم دەخەینەڕوو:

---

[1] - علي تعوينات (١٩٩٧: ٢١٣).

[2] - محمد اسماعيل صيني وإسحاق محمد أمين (١٩٨٢ :١٠٠ ).

| واتای ڕستە بەکوردی | ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی) |
|---|---|
| ٥٢ب- ئەو هەرگیز، ئۆتومبێلی لێنەخوڕیوە. | 52a-He has never driven car. |
| ٥٣ ب- ئەوان هەرگیز، وێنەیان نەگرتووە. | 53a -They have never taken the photo. |

## ٢/٢-٢-٢-٢) پێوانەی هەڵە لەسەر یاسای پێشوو:

لەم جۆرە هەڵەکردنەدا، فێرخوازانی زمانی دووەم، کاتێك فێری یاسای زمانێکی دیاریکراو دەبن، ئەوا لەسەر وەرگرتنی پێوانەیەك لە زمانە نوێیەکە، کە پێشتر چەند نموونەیەکی دیاریکراو و کەمیان لێوەرگرتووە و فێرکراوە، بە پێوەدانگی ئەم ئەزموونە کاڵە، بێ ڕەچاوکردنی یاسا و تایبەتمەندی جۆری وشە و کەرەستەکانی دروستکردن و پێکهێنان و شوێن و چۆنیەتی گۆڕانی وشەیەك بۆ وشەیەکی تر، ئەوا هەموو بارودۆخەکانی ئەو ژینگەی گۆڕانە بەیەك پێوانە هەڵدەسەنگێنن و کێشیان دەکەن، لە ئەنجامدا لە سیستەمی دەستنیشانکراوی زمانەکە لادەدەن و دووچاری هەڵە دەبنەوە.

لەم ڕوانگەیەوە بەڵگەی وەرگیراوی نموونەکانی(٥٤، ٥٥، ٥٦ ،٥٧، ٥٨) و نموونەی ڕستەکانی (٥٩، ٦٠، ٦١)ی ئاخێوەری ڕەسەنی زمانی یەکەم دەخەینەڕوو:

| واتای وشە بە کوردی | | ئاخێوەری زمانی یەکەم |
|---|---|---|
| ٥٤ ب- بچووك | بچووکتر | 54a-Small + er = smaller |
| ٥٥ب- نزیك | نزیکتر | 55a- Near + er = nearer |
| ٥٦- میهرەبان | میهرەبانتر | 56a- Kind + er = kinder |
| ٥٧ب- باو | باوتر | 57a- Common + er = commoner |
| ٥٨ب-زیرەك | زیرەکتر | 58a- Clever + er = cleverer. |

| واتای ڕستە بە کوردی | ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم |
|---|---|
| ٥٩ب-ئاراڵ لە ئارسی گەورەترە. | 59a- Aral is older than Arsi. |
| ٦٠ب-شنە لە سارە زیرەکترە. | 60a-Shna is clever than Sara. |
| ٦١ب-ئاراڵ لە شنە نزیکترە. | 61a- Aral is nearer than Shna. |

بە تێگەیشتن و لێکدانەوە و بەراودکردنی داتا وەرگیراوەکانی فێرخوازانی زمانی دووەم بەراورد بە داتا وەرگیراوەکانی ئاخێوەری زمانی یەکەم ، ئەوەمان بۆمان دەردەکەوێت، ئەو لێکدانەوە و وەرگێرانە لە جۆری پێوانەکردنی یاسای پێشووە لە زمانە نوێیەکەدا کراوە پەسند و دروستن. وەکو لە نموونەکاندا بۆمان ڕوون

دەبێتەوە چۆن فێرخوازانی زمانی دووەم لەسەر بنەمای سیستەمی زمانی دووەم ئاوەڵناوی پلەی سادە بۆ پلەی بەراورد دەگۆڕن، ئەویش بە زیادکردنی مۆرفیمی (er) بۆ ئاوەڵناوە سادەکە، وەکو لە نموونەکانی( ٦٢ ،٦٣ ، ٦٤، ٦٥، ٦٦ )دا نیشاندراوە:

| واتای وشە بە کوردی | فێرخوازی زمانی دووەم |
|---|---|
| ٦٢ب-بچووك بچووکتر | 62a-Small + er = smaller |
| ٦٣ب-نزیك نزیکتر | 63a- Near + er = nearer |
| ٦٤ب-میهرەبان میهرەبانتر | 64a- Kind + er = kinder |
| ٦٥ب- باو باوتر | 65- Common + er = commoner |
| ٦٦ب-زیرەك زیرەکتر | 66a- Clever + er = cleverer. |

فێرخوازانی زمانی دووەم بە پەیڕەوکردنی هەمان ستراتیژ، کە لەسەر یاسای پێشوو ڕۆیشتوون توانای ئەوەیان هەیە، بە دروستی نموونەی ڕستەکانی (٥٩، ٦٠، ٦١)ی ئاخێوەری ڕەسەنی زمانی یەکەم لە داتای نموونەی ڕستەکانی (٦٧، ٦٨، ٦٩) بەرهەم بهێنن، وەك:

| واتای ڕستە بە کوردی | ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم |
|---|---|
| ٦٧ب-ئاراڵ لە ئارسی گەورەترە. | 67a- Aral is older than Arsi. |
| ٦٨ب-شنە لە سارە زیرەکترە. | 68a-Shna is clever than Sara. |
| ٦٩ب-ئاراڵ لە شنە نزیکترە. | 69a- Aral is nearer than Shna. |

ئەوەی لە نموونەکانی( ٦٢ ،٦٣ ، ٦٤، ٦٥، ٦٦ ) و ڕستەکانی ( ٦٧، ٦٨، ٦٩)دا بەدیدەکەن، فێرخوازی زمانی دووەم، بەڕاستی و بە دروستی لەسەر سیستەمی زمانی دووەم نموونەکانی بەراوردکردووە و تێیدا سەرکەوتووبووە، واتە تێگەشتن و فێربوونێکی باشی لەم قۆناغەدا بۆ فێربوونی زمانی دووەم بڕیوە، ئەویش بە زیادکردنی مۆرفیمی (er)ە بۆ نموونەکان، بەلاَم ئەم شارەزایی و فێربوونەی لەو قۆناغە زیاتر تێناپەڕێت، ئەگەر زیادیشبکات، ئەوا لە قۆناغی داهاتوودا لاواز و سڕدەبێت، ئەویش بە لە بەرچاوگرتنی نموونەکانی (٧٠ ، ٧١ ، ٧٣ ) و نموونەی ڕستەکانی ( ٧٤، ٧٥، ٧٦ )ی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی) بەدەردەکەوێت:

وەك:

| ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی) | واتای وشە بە کوردی |
|---|---|
| 70a- more + difficult = more difficult | ٧٠ب- سەختر |
| 71a- more + expensive = more expensive | ٧١ب- گرانتر |
| 72a- more + beautiful = more beautiful | ٧٢ب-جوانتر |

| ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی) | واتای ڕستە بە کوردی |
|---|---|
| 73a-Life in Iraq is more difficult than in Europe. | ٧٣ب-ژیان لە عێراق سەخترە لە ئەوروپا. |
| 74a- Gold is more expensive than silver. | ٧٤ب- زێر لە زیو گرانترە. |
| 75a- The girl is more beautiful than the flower. | ٧٥ب-کچەکە جوانترە لە گوڵەکە. |

فێرخوازانی زمانی دووەم کاتێك دەیانەوێت نموونەکانی (٧٠ ، ٧١ ، ٧٣ ) و نموونەی ڕستەکانی ( ٧٤، ٧٥، ٧٦)ی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی)، بەهەمان یاسای پێشوو بە زیادکردنی مۆرفیمی (er) پلەی ئاوەڵناو بگۆڕن، ئەوا دەکەوێتە هەڵەی لەم جۆرەوە، وەك:

فێرخوازی زمانی دووەم

*76- difficult + er = difficulter
*77-expensive + er = expensiver
*78-beautiful + er = beautifuler

ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم

*79-- Gold is expensiv<u>er</u> than silver.
*80- Life in Iraq is <u>difficulter</u> than in Europe.
*81- The girl is beautiful<u>er</u> than the flower.

بە تێڕامان وردبوونەوە لە داتای نموونەکانی (٧٦ ، ٧٧ ، ٧٨ ) و نموونەی ڕستەکانی ( ٧٩، ٨٠، ٨١ )ی فێرخوازانی زمانی دووەم، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، هەڵەی فێرخوازان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت لە هەموو نموونەکاندا مۆرفیمی (er)یان وەکو پاشگرێك بۆ هەموو گۆڕانێکی ئاوەڵناوی پلەی سادە بۆ پلەی بەراورد بەکارهێناوە، ئەویش بە پەیڕەوکردنی سیستەمی لەسەر یاسای پێشوو دایان ڕێشتووەتەوە، بۆیە

فێرخوازەکان کەوتوونەتە هەڵەی پێوانەی لەسەر یاسای پێشوو. لە ڕاستیدا لە زمانی دووەم( ئینگلیزی) ئەم شێوازی بەراوردکرنە شێوازێکی جیاوازتر بەخۆیەوە دەبینێت ، چونکە پاشگری مۆرفیمی (er) وەرناگرن، بەڵکو دروستی ئەم بەراوردکرنە لە بڕی پاشگر، پێشگری مۆرفیمی (more) وەردەگرن وەکو لە نموونەکانی (٧٠ ، ٧١ ، ٧٣ ) و نموونەی ڕستەکانی ( ٧٤، ٧٥، ٧٦ )ی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی) خرایەڕوو.

جۆرێکی تری هەڵەی فێرخوازانی زمانی دووەم خوگرتنە بە زیادکرنی مۆرفیمەوە ئەویش بە پەیڕەوکردنی پێوانەی لەسەر یاسای پێشوو ، با بڕوانینە داتای نموونەکانی (٨٢ ، ٨٣ ، ٨٤ ) و نموونەی ڕستەکانی ( ٨٥، ٨٦، ٨٧ )ی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی) وەك:

| ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی) | واتای وشە بە کوردی |
|---|---|
| 82a - Good → = better | ٨٢ب- باش ← باشتر |
| 83a- Bad → = worse | ٨٣ب-خراپ ← خراپتر |
| 84a- Much → = more | ٨٤ب- هەندێك ← زۆرتر |

| ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی) | واتای ڕستە بە کوردی |
|---|---|
| 85a-Book is better than friend. | ٨٥ب-پەرتووك لە هاورێ باشترە. |

86a- The group A is worse than group B.

٨٦ب-کۆمەڵەیA لە کۆمەڵەیB خراپترن.

87a- The population in Erbil is more than in Duhok.

٨٧ب- دانیشتوانی هەولێر لە زیاترە دهۆك.

بەڵام فێرخوازانی زمانی دووەم کاتێك دەیانەوێت نموونەکانی (٨٢ ، ٨٣ ، ٨٤ ) و ( ٨٥، ٨٦، ٨٧ )ی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی) بەرهەم بهێنن، ئەوا بە پەیرەوکردنی پێوانەی لەسەر یاسای پێشوو دووچاری هەڵەی لەم جۆرانەدەبنەوە، وەك:

نموونەی فێرخوازی زمانی دووەم

* 88- Good + er = gooder
*89- Bad + er = bader
*90- Much + er = mucher

رستەی فێرخوازی زمانی دووەم

* 91-Book is gooder than friend.

*92- The group A is bader than group B.

*93- The population in Erbil is mucher than in Duhok.

بە شیکردنەوە و وردبوونەوە لە داتای نموونەکانی (٨٨ ، ٨٩ ، ٩٠ ) و نموونەی ڕستەکانی ( ٩١، ٩٢ ، ٩٣ )ی فێرخوازانی زمانی دووەمدا، لە شیکاری هەڵەییدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، هەڵەی فێرخوازان لە بەراوردکردنی وشە ئاوەڵناوییەکاندا تەنیا لە گۆڕانی ئاوەڵناوی پلەی سادە بۆ پلەی بەراورد بە زیادکردنی مۆرفیمێك لە پێش، یان لە دوای وشەکەوە ناوەستن، بەڵکو ئەم جۆری هەڵەکردنە پەلدەهاوێژێت بۆ هەڵەیەکی تر، ئەویش سەرلێشوانی خۆیەتی بە زیادکردنی مۆرفیمێك. بەدروستی هەندێك ئاوەڵناو هەن، کە هیچ پێویستیەکیان بەزیادکردن نییە، بەڵکو بەو ئاوەڵناوانە دەوترێت ئاوەڵناوە ناوازەکان، وەکو لە داتای نموونەکانی (٨٢ ، ٨٣ ، ٨٤ ) و نموونەی ڕستەکانی ( ٨٥، ٨٦، ٨٧ )ی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی)دا خراوەتەڕوو، بۆیە فێرخوازان لە هەموو بارودۆخ و قۆناغێکی فێربووندا ناتوانن سوود لەسەر یاسای پێشوو ببینن و دەیان خاتە نێو هەڵەی زمانییەوە.

## ٢/٢-٢-٢ -٣) گریمانەی هەڵە:

ئەم جۆرە هەڵەکردنە لەلای فێرخوازی زمانی دووەم ڕوودەدات و (جۆرێکە لە هەڵەی پێشکەوتوو، لە گریمانەی هەڵەوە ، یان لە تێگەیشتنی نا دروستەوە بەرهەم دێت، لەبەر ئەوەی زمانی فێرخواز جیاوازە لە زمانی دووەمی ، ئەم هەڵەکردنەی فێرخواز دەشێت لە مۆرفیمەکانی ناساندن و ژمارە ڕووبدات)[1].

نموونەی ئەم جۆرە هەڵەیە وەکو کۆکردنەوەی ناو لە زمانی ئینگلیزیدا، لە زمانەکەدا مۆرفیمی(S) ڕۆڵێکی باڵای لە گۆڕینی ناو لە تاکەوە بۆ کۆ هەیە، وەکو لە داتای نموونەکانی (٩٤ ، ٩٥ ، ٩٦ )ی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی)دا دەردەکەوێت، وەك:

| ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی) | | | واتای وشە بە کوردی |
|---|---|---|---|
| 94a-Book + s = books | پەرتووکەکان | ⟸ | ٩٤ب- پەرتووك |
| 95a-door + s = doors | دەرگاکان | ⟸ | ٩٥ب- دەرگا |
| 96a-pen + s = pens | پێنووسەکان | ⟸ | ٩٦ب- پێنووس |

1- White, L. (2003 : 91)

فێرخوازانی زمانی دووەم بە لەبەر چاوگرتنی داتای نموونەکانی (٩٤ ، ٩٥ ، ٩٦ )ی ئاخێوەری زمانی یەکەم، بۆ گۆڕینی ناو لە تاکەوە بۆ کۆ، تا بکرێت پەنا بۆ مۆرفیمی(s)دەبەن و مۆرفیمەکانی تری کۆکردنەوە لەبەر چاوناگرن، یان فەرامۆشیان دەکەن، ئەویش لە سۆنگەی ئەم لێکدانەوە و هۆکارانە دێنەئاراوە، کە فێرخواز زۆر جار بە هۆکاری تێنەگەیشتنی تەواو و پێویست لە بابەتەکە، یان بە هۆکاری باش نەخستنەڕووی بابەتەکە لەلای فێرکەرەوە، یاخود بە گرتنەبەری گریمانەی هەڵە، بۆیە فێرخوازانی زمانی دووەم لە بنەڕەتدا پێیان وایە گرتنەبەرێکی گونجاو و دروستیان هەڵبژاردووە، لەبەرئەوە دووچاری ئەم جۆرە هەڵەیە دەبنەوە، وەکو لە داتای نموونەکانی (٩٧ ، ٩٨ ، ٩٩ ) و نموونەی ڕستەکانی (١٠٠، ١٠١ ، ١٠٢)دا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت:

| واتای وشە بە کوردی | | فێرخوازی زمانی دووەم |
|---|---|---|
| ٩٧ب- کچ | ⟸ کچەکان | 97a- girl + s = girls |
| ٩٨ب- دەرگا | ⟸ دەرگاکان | 98a- door + s = doors |
| ٩٩ب-بەرد | ⟸ بەردەکان | 99a-rock + s = rocks |

| واتای ڕستە بەکوردی | ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم |
|---|---|
| ١٠٠ب- کچەکان یاری دەکەن. | 100a-The girls are playing. |
| ١٠١ب- دەرگاکان داخران . | 101- The doors are closed. |
| ١٠٢ب- بەردەکان گەورەن. | 102-The rocks are big. |

ئەوەی لە داتای نموونەکانی (٩٧ ، ٩٨ ، ٩٩ ) و نموونەی ڕستەکانی (١٠٠، ١٠١ ، ١٠٢ )دا، بەدیدەکەین، فێرخوازان لەسەر بنەمای دانان و زیادکردنی مۆرفیمی( s )ی کۆ، تێگەشتن و فێربوونیان بۆ ئەو نموونانە ڕاست و دروستن.

ئەوەی جێگای تێڕامانە ئەگەر هەیە، فێرخوازانی زمانی دووەم بە پەیڕەوکردنی یاسای زیادکرنی مۆرفیمی ( s )ی کۆ لەسەر بنەمای گریمانەی گۆڕینی هەموو ناوێکی تاک بۆ کۆ دووچاری گریمانەی هەڵە ببنەوە، با لە داتای نموونەکانی (١٠٣ ، ١٠٤ ، ١٠٥ ) و نموونەی ڕستەکانی (١٠٦، ١٠٧ ، ١٠٨)ی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیز)ی ، بڕوانیین:

| واتای وشە بە کوردی | | ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی) |
| --- | --- | --- |
| ١٠٣ب- سەندوق | سەندوقەکان | 103a-box + es = boxes |
| ١٠٤ب- کاتژمێر | کاتژمێرەکان | 104a- watch + es = watches |
| ١٠٥ب- کڵاو | کڵاوەکان | 105a- fez + es = fezzes |

| واتای ڕستە بە کوردی | ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی) |
| --- | --- |
| ١٠٦ب-ئەو سەندوقەکان دادەنێت. | 106a- He puts the boxes. |
| ١٠٧ب- ئەو کاتژمێرەکان دەفرۆشێت. | 107a- He sales the watches. |
| ١٠٨ب-شنە کڵاوەکان دەکڕێت. | 108a- Shna buys the fezzes. |

فێرخوارانی زمانی دووەم کاتێك دەیانەوێت ناوێکی تاك بە کۆ بگۆڕن، وەکو داتای نموونەکانی (١٠٣ ، ١٠٤ ، ١٠٥ ) و نموونەی ڕستەکانی (١٠٦، ١٠٧ ، ١٠٨)، ئەوا فێرخوازان دووچاری هەڵەی لەم جۆرانە دەبنەوە.

وەك:

فێرخوازی زمانی دووەم

*109- box + s = boxs

*110- watch + s = watchs

*111- fez + s = fezs

ئەوەی تێبینی دەکەرێت، لە داتای نموونەکانی (١٠٩ ، ١١٠ ، ١١١ )دا، فێرخوازانی زمانی دووەم ڕاستەوخۆ مۆرفیمی( s )ی کۆیان بۆ ناوەکان زیاد کردووە، بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی و تایبەتمەندی ئەم جۆرە وشانە، کە پێویستایان بە زیاکردنی مۆرفیمی ( es) هەیە، نەك مۆرفیمی( s )، ئەم جۆرە هەڵەکردنەش بۆ گریمانەی هەڵەی فێرخوازەکان دەگەڕێتەوە.

جۆرێکی تر لە هەڵەی گریمانەی، کە فێرخوازان دووچاری بوونەتەوە، بریتییە لە بوونی چەند ناوێکی دیاریکراو و ناوێزە لە زمانی یەکەم(ئینگلیزی)دا، وەکو:

*112- child + s = childs

*113 man + s = mans

*114- tooth + e s = toothes

*115-foot + s = foots

وەڵامی ڕاستی نموونەکانی (١١٢ ، ١١٣ ، ١١٤ , ١١٥ ) بەم جۆرەیە(١١٢ -children)، (١١٣- men )، (١١٤ - teeth)، (١١٥ - feet ).

بە تێگەشتن لە داتای نموونەکانی (١١٢ ، ١١٣ ، ١١٤ , ١١٥ )ی فێرخوازانی زمانی دووەم، ئەوە بەددیدەکەین فێرخوازان بنەمایەکی زمانی و کۆزانیاری و کلتوری و فەرهەنگی باشیان لە زمانی دووەمدا نییە، چونکە ئەو جۆرە هەڵەکردنە لە داتای ئەم نموونانەدا بە گریمانەی هەڵەوە پەیوەستە. لە زمانی ئینگلیزیدا ئەوە ناوانە گۆڕینیان لە تاکەوە بۆ کۆ، هیچ پێویستیان بە زیادکردنی مۆرفیمی (s) و ( es) نییە، بەڵکو لە کاتی گۆڕینی ئەو ناوانە لە تاکەوە بۆ کۆ دەبێت لەو یاسایانە لابدرێت، کە لە داتای نموونەکانی (٩٤، ٩٥ ،٩٦ ) و (١٠٣، ١٠٤، ١٠٥)ی ئاخێوەری زمانی یەکەمدا خراوەنەتەڕوو.

پێمانوایە بۆ دوورکەوتنەوە لەم جۆرە هەڵانە، پێویستە فێرخوازانی زمانی دووەم ڕاهێنانی زۆرتر و وردتر لە زمانی دووەمدا بکەن و شارەزاییان لە زمان و کۆزانیاری و ڕۆشنبیری و فەرهەنگی زمانی دووەمدا فراوانتر و زیاتر بکرێت.

### ٢/٢-٢-٢-٤) نەزانینی یاساکان و بە هەڵە بەکارهێنانیان:

کاتێك فێرخوازی زمانی دووەم چەند یاسایەکی زمان فێردەبێت، ( ئەوا هەوڵدەدات لە هەموو شوێنێکدا بەکاریانبهێنێت، لەبەرئەوەی زانیاری لەسەر بەکارهێنان و مەرجەکانی بەکارهێنانیان نییە، بۆیە لە دەوروبەرێك بەکاریدەهێنێت، کە لەگەڵیاندا ناگونجێت)[1]. ئەم کارەش لە ئەنجامی پێوانەی هەڵەوە بەرهەم دێت، یاخود یاساکان بەبێ تێگەیشتن لەبەردەکات و بەکاریاندەهێنێت، وەکو لە نموونەی ڕستەکانی (١١٦ ، ١١٧ ، ١١٨)ی ئاخێوەری زمانی یەکەمدا ڕاستی و دروستی شوێن و مەرجی پێکەوەهاتنی کەرەستەی ڕستە دەبینین.

---

[1] - محمد اسماعيل صيني وإسحاق محمد أمين (١٩٨٢ : ١٠١).

وەك:

| رستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی) | واتای ڕستە بە کوردی |
|---|---|
| 116a- You must go now. | ١١٦ب-تۆ پێویستە ئێستا بڕۆیت. |
| 117a- He can plan for next week. | ١١٧ب-ئەو دەتوانێت پلان بۆ هەفتەی داهاتوو دابنێت. |
| 118a-He can swim in the swiming pool. | ١١٨ب-ئەو دەتوانێت لە مەلەوانگە مەلە بکات. |

فێرخوازانی زمانی دووەم بە پێی ئاستی فێربوون و تێگەشتن و ئەو قۆناغەی کەتێیدان، کاتێك دەیانەوێت نموونەی ڕستەکانی نموونەی ڕستەکانی (١١٦ ، ١١٧ ، ١١٨)ی ئاخێوەری زمانی یەکەم دروستبکەن و بەرهەمیبهێنن، ئەوا داتای نموونەی ڕستەکانی (١١٩ ، ١٢٠ ، ١٢١) بەرهەم دەهێنن، وەك:

ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم

*119- You must going now.
*120 He could planning for next week.
*121-He could swiming in pool.

به سەرنجدان و وردبوونەوە لەخستنەڕووی داتای نموونەی ڕستەکانی (١١٩ ، ١٢٠ ، ١٢١)ی فێرخوازانی زمانی دووەم، لەسەر بنەمای هەڵەی شیکاری ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە فێرخوازان لە ڕۆنانی ڕستەکاندا ورد و شارەزا و لێهاتوونیین، چونکە لە هەر شوێنێکی ڕستەدا کەرەستەی تایبەتی خۆی هەیە و لەگەڵ ژینگەی کەرەستەکانی تری نێو ڕستەکەدا هەڵسوکەوت دەکات، کەواتە هەڵەی فێرخوازی زمانی دووەم لەو ڕستانەدا بۆ بوونی بەکارهێنانی کرداری یاریدەدەری ( must , can)دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی هەریەك لەم کردارانە لەگەڵ جۆرە کاتێکدا بە کاردێن، کە ئەو کردارانە بە تایبەتمەندی خۆیان لە ژینگەی ڕستەدا هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت.

لە ڕستەی (119)دا، فێرخوازی زمانی دووەم کرداری (going)ی لەگەڵ (must) بەکارهێناوە، ئەگەر واتای ڕستەکە گونجاو و لە باربێت، ئەوا هێز و کاریگەری ئەم جۆرە ڕستەیە، هەمان واتاو هێزی ڕستەی(116a) ناگەیەنێت و نادات. بۆیە فێرخواز کەوتووەتە هەڵەی نەزانینی یاساکان و بە هەڵە بەکارهێنانیان.

لە ڕستەی (120)دا، فێرخوازی زمانی دووەم کرداری (can)ی ڕانەبردووی گۆڕیوە بۆ کرداری (could)ی ڕابردوو، ئەگەر چی ئەم جۆرە ڕستەیەی فێرخوازی زمانی دووەم، لە هەندێك بارودوخی

ڕستەدا، دەشێت تا ڕادەیەك گونجاو بێت، بەڵام هەرگیز ئەو بەها و هێزەی خۆی لە قەرەی واتا و هێز و ڕۆنانی ڕستەی(117a) ئاخێوەری زمانی یەکەم نادات.
لە ڕستەی (121)دا، فێرخوازی زمانی دووەم کرداری یاریدەدەری (could)کاتی ڕابردووی لەگەڵ کرداری(planning)، کە کاتی بەردەوامی دەگەیەنێت بەکارهێناوە. فێرخوازی زمانی دووەم هەمان هەڵەی ڕستەی (120)ی دوبارە کرووەتەوە و کەوتووەتە هەڵەی نەزانینی یاساکان و بە هەڵە بەکارهێنانیان.

کەواتە فێرخوازانی زمانی دووەم لە بەکارهێنانی یاساکانی زمانی دووەمدا، دەبێت بە هوشیارانە و بە ئاگایانەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەن، چونکە هەر هەڵەکردنێك لە بەکارهێنانی یاساکانی زمانی دووەم دەیانخاتە نێو هەڵەی نەزانینی یاساکان و بە هەڵە بەکارهێنانیان.

## ٢/٢-٢-٢-٥) ڕاهێنان و بەکارهێنانی یاسا ڕێزمانییەکان بەشێوەیەکی کەموکوڕی:

ئەم جۆرە هەڵەیە لەکاتی دروستکردن و پێکهێنانی ڕستەدا دێتەئاراوە، کە فێرخوازی زمانی دووەم بۆ ئەوەی ڕستەیەکی دروست دەربڕێت، بە شێوەیەکی کەموکوڕی دەستکاری یاسا ڕێزمانییەکان دەکات. (ئەم جۆرە هەڵەیە بە شکستی هەوڵدان هەژمار ناکرێت، بەڵکو هەوڵدانێکە بۆ فێربوونی زمانی دووەم)[1]، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە جۆرێکە لە هەڵەی زمانیی، کە ئەنجامی هەوڵدانەکەی فێرخواز بە کەموکوڕی لە دروستکرن و پێکهێنانی ڕستەدا کۆتایی دێت. با لە نموونەی دروستی داتای ڕستەکانی (١٢٢ ، ١٢٣ ، ١٢٤ )ی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیز)ی بڕوانیین، وەك:

| واتای ڕستە بە کوردی | ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم( ئینگلیزی) |
|---|---|
| ١٢٢ب- ئاراڵ گۆشت دەخوات. | 122a-Aral is eating the meat. |
| ١٢٣ب- پیاوەکە مرد. | 123a-The man died. |
| ١٢٤ب- ئەو بە ئوتۆمبیل هات. | 124a- You came by car. |

1-C. Kramsch, (1993 : 121)

فێرخوازانی زمانی دووم لە دارِشتن و تێگەیشتن و بەرهەم هێنانی نموونەی دروستی داتای ڕستەکانی (١٢٢ ، ١٢٣ ، ١٢٤ )ی ئاخێوەری زمانی یەکەم، لادەدhات و ناتوانن ئەو نموونانە بە سەرکەوتووی دروستبکەن، بۆیە لە ئەنجامی ئەو کەم توانایییەدا داتای نموونەی ڕستەکانی ( ١٢٥ ، ١٢٦ ، ١٢٧ ) دادەڕێژن، وەك:

ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم

*125-Aral **are** eating the meat.

*126-**They** man died .

*127-You **c**ame **the** cars.

سەرنجدان شیکردنەوەی داتای نموونەی ڕستەکانی (١٢٥ ، ١٢٦ ، ١٢٧ )ی فێرخوازانی زمانی دووم، ئاماژەن بۆ بوونی هەڵە لە یاسا ڕێزمانییەکان، ئەگەر لەسەر بنەمای هەڵەی شیکاری لە هەڵەکان بڕوانیین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، فێرخوازانی زمانەکە دەسەلأتیان بەسەر دروستی یاسا ڕێزمانییەکان نەکشاوە و لە ئەنجامدا ڕستەی بە کەموکوڕییان لە یاسای ڕێزمانی زمانەکە بەرهەم هێناوە. بە جۆرێك لە ڕستەی(١٢٥)دا نەیان توانیوە لە نێوان(is)ی تاك و (are)ی کۆدا ڕستەکە دروستبکەن، لە ڕستەکەدا بکەری(Aral) ناوێکی تاکە، بۆیە پێوستی بە کرداری یاریدەدەری (is)ی تاك هەیە، نەك(are)ی کۆ. لە ڕستەی(١٢٦)دا فێرخوازان لە نێوان نیشانەی ناسراوی (The) تاك و نیشانەی (They)ی کۆدا، جیاوازیان نەکردووە، لە ئەنجامدا ڕستەیەکی بە کەموکوڕیان بەرهەم هێناوە، چونکە (man) ناوێکی تاکە و پێویستی بە نیشانەی ناسراوی(The) هەیە، نەك(They). لە ڕستەی(١٢٧)دا فێرخوازان ئەو شارەزایی و وردەکارییان ڕەچاونەکردووە، کە نیشانەی ناسراوی(The) لە بڕی ئامرازی پەیوەندی (by)ی بەکارنایەت، کەواتە ئەویش بەشێکە لە کەموکوڕی یاسای ڕێزمانی لە ڕستەکەدا.

کەواتە بەلای ئێمەوە لادان و کەموکوڕی لە یاسای دروستی ڕێزمانی زمانەکە، جۆرێکە لە هەڵەی فێرخوازانی زمانی دووەم، چونکە ڕێزمانی هەر زمانێك بنەمایەکی سەرەکی و گرنگی ڕۆنانی ڕستەیە لە زمانەکەدا.

### ٣-٢-٢/٢) ئەو هەڵانەی سەرچاوەکەی بۆ سروشتی زمانی زارەکی دەگەڕێتەوە:

پڕۆسەی دەربڕینی زارەکی لە فێربوونی زمانی دووەمدا بە دوو قۆناغی زانیاریی تەواودا تێدەپەڕێت، ئەوانیش بریتین لە ( نەخشە و جێبەجێکردن)، ئەمیش بە پێی بارودۆخی دەروونی و کەسایەتی و قوتابخانە و کۆمەڵ دەگۆڕێت، هەر قۆناغێك گرفتی خۆی هەیە و لەگەڵ گرفتی قۆناغەکەی تردا جیاوازە، ئەوەی لە فێرخوازدا بەدیدەکرێت لەکاتی ئاخاوتنیدا لەرینەوە و هەژانی دووچاردەبێت و وای لێدەکات ڕابوەستێت و دوبارە ڕستە دروستبکاتەوە، واتە فێرخوازی زمانی دووەم بەم بارودۆخەوە لەکاتی گەیاندنی پەیامەکەیدا ئاڵۆزی بۆ دروستدەبێت.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا باس لە فێرخوازی کورد دەکەین، کە فێرخوازی زمانی دووەمە(زمانی ئینگلیز)ی، ئەم فێرخوازانە هێشتا نەگەیشتۆنەتە قۆناغێك، تا بتوانن لە ناوەوە و دەرەوەی پۆلدا بە ئاستێکی باش و بە سانایی و بە ڕەوانی ئاخاوتن ئەنجام بدەن. گرنگترین ئەو هەڵە و گرفتانەی لە قۆناغی دەربڕینی زارەکیدا دووچاری فێرخوازانی زمانی دووەم دەبێتەوە بریتین لە قۆناغی نەخشەی ئاخاوتن و قۆناغی جێبەجێکردن.

#### ١-٣-٢-٢/٢)قۆناغی یەکەم ( نەخشەی ئاخاوتن)

فێرخوازی زمانی دووەم لە کاتێك لە کاتەکاندا دووچاری وەستان دەبێتەوە، لە ( سێ شوێندا بەدەردەکەوێت کە دەکەونە : سەرەتا و نێو پێکهاتەی ڕستە(ناوەڕاست) و لە هەر شوێنێکی پێکهاتەی ڕستەدا بێت :)[١] .

بە بۆچوونی ئێمە جۆرەکانی ڕاوەستان لە سێ جۆر زیاترە ، هەروها وردتر و ئاڵۆزترن، کە بریتین لە:

**شوێنی یەکەم: لە سەرەتای ڕستەدا:**

بێگومان ڕاوەستان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری پێکهاتەی ڕستە جیاوازە. سەرەتای ڕستەش شوێنێکی سروشتییە بۆ نەخشەدانانی چوار چێوەی گشتی ڕستەکە و بۆ ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی تەواوی ڕستەکە. (هەڵبەتە ڕاوەستان لەسەرەتای ڕستەدا زیاترە نەك لە پێکهاتەکانی تری ڕستەدا.)[٢] . فێرخوازی زمانی دووەم بۆ دەربڕینی ڕستە لە سەرەتا و لە دەسپێکدا هەڵوەستەیەك دەکات و دەوەستێت، دواتر وشەیەك دەردەبڕێت. بۆ نموونە وەکو وشەی (**she**) لە ڕستەی( ١٢٨)دا :

128 -**<u>She</u>**…... .

---

١ - داود عبده ( ١٩٨٤ : ٤٤ )

٢ - هەمان سەرچاوە ( ١٩٨٤، ٤٤)

لەسەر بنەمای شیکاری هەڵەیی لە نموونەی ڕستەی( ١٢٨)دا فێرخوازی زمانەکە دەدوێن، کاتێك فێرخواز وشەی(she)ی بۆ نایەت و ڕاوەستانی بۆ دروستدەکات، ئەوا دواتر بە خێرای هەوڵدەدات بۆ تەواوکردنی وشەی سەرەتای دەستپێکردنی ڕستەکە بۆ ئەوەی ئەو ڕاوەستانە تێپەڕێنێت و ڕستەکە بخاتە سەرباری لۆژیکی و ڕێزمانی خۆی و کۆتایی پێبهێنێت، بۆ ئەم مەبەستە ڕستەی(١٢٩) دروستدەکات، وەك:

129a - **She** is siting. — ١٢٩ب- **ئەو** (کچ) دانیشتووە.

**شوێنی دووەم: دەکەوێتە نێوان پێکهاتەکانی ڕستەوە:**

شوێنی ئەم ڕاوەستانە دەشێت ڕاستەوخۆ لە دوای بکەری ڕستەکەوە بێت، ئەویش لەکاتی نەخشەکێشانی ڕستەی تەواودا ڕوودەدات، یان لەکاتی بیرکردنەوە لە ڕستەکەدا ڕوودەدات، یاخود وا پێویستدەکات، فێرخواز پەسنکردنێك لە ڕستەکەدا بەکاربهێنێت، بۆنموونە بیرکردنەوە لە هەڵبژاردنی وشەیەکی گونجاو بۆ ڕستەی ( ١٣٠ )، ئایا وشەی (**instructor**)، یاخود وشەی (**Teacher**) هەڵبژێرێت. لەم پێوەدانگەی هەڵبژاردنەدا، فێرخواز دەبێت بە خێرایی بگەڕێتەوە سەر فەرهەنگ و ڕۆشنبیری و کلتوری زمانی دووەم، تا ڕاوەستانەکەی دووچاری گرفت و هەڵەی زمانی نەکات، بۆ ئەوەی ڕستەی(١٣١) و (١٣٢) دروستبکات، وەك:

130a-**This\ That** <u>………</u>is my father. — ١٣٠ب- ئەوە.... باوکی منە.

131a- **This\ That** <u>instructor</u> is my father. — ١٣١ب- ئەو مامۆستایە(**<u>مامۆستای زانکۆ</u>**) باوکی منە.

132a- **This\ That** <u>teacher</u> is my father. — ١٣٢ب- ئەو مامۆستایە(**<u>مامۆستای قوتابخانە</u>**) باوکی منە.

**شوێنی سێیەم: دەکەوێتە کۆتایی ڕستەوە:**

لەم جۆرە ڕاوەستانەدا، فێرخوازی زمانی دووەم لەسەر تەواوکردنی ڕستەیەك زیاتر هەڵوێستەدەکات و ورد دەبێتەوە، چونکە لەسەرەتای دەستپێکردنی ڕستەکەوە بە شێوەیەکی باش توانیوێتی سەرنجی دەوروبەری بۆ گەیاندنی پەیامەکەی ڕابکێشێت و لە گەیاندنی واتای تەواو نزیك بووەتەوە، وەکو لە نموونەی ڕستەی ( ١٣٣ )دا دەبینیین، فێرخواز بۆ هەڵبژاردنی یەکێك لە وشەکانی

(Student) و (pupil )دا دووچاری گرفتی خۆیەکلاکردنەوە دەبێت و بە زۆرەملێ و بە ناچاری ڕادەوەستێت، دواتر نموونەی ڕستەکانی (١٣٤) و (١٣٥) دەخاتەڕوو، وەك:

133a -my brother is …… .

١٣٤ب- براكەم .... ە.

134a- My brother is student .

١٣٤ب- براكەم فێرخوازە (فێرخوازی زانکۆ).

135a - My brother is pupil.

١٣٥ب-براکەم فێرخوازە(فێرخوازی قوتابخانە).

**شوێنی چوارەم: جۆرێکە لە تەکنیك و هونەری ڕاوەستانی فێرخواز:**

ئەم جۆرە ڕاوەستانە لە وشەکانی نێو پێکهاتەی ڕستەدا ڕوودەدات، جا فێرخوازی زمانی دووەم لە هەر شوێنێکی ڕستەدا دووچاری گرفت ببێتەوە، ئەوا بۆ ئەم جۆرە ڕاوەستانە پەنا بۆ دۆزینەوەی وشەیەکی گونجاو و پڕواتای مەبەستدار دەبات، ئەوەی ئەم جۆرە لە جۆرەکانی تر جیادەکاتەوە بریتییە لە وەستانێکی پێچراو لە دووبارەبووونەوە، یان چەند پاتبوونەوەی یەك لە دوای یەکدا، فێرخواز مەبەستی لەم وەستانەدا ئەوەیە کات بکوژێت و لە ئاوەزیدا بە شوێن وشەی پێویستدا بگەڕێت، لەلایەکی ترەوە مەبەستێتی دەوروبەرەکەی سەرقاڵ بکات و سەرنج نەدەتە وەستانەکەی. وەکو لەداتای نموونەی ڕستەکانی (١٣٧،١٣٦، ١٣٨، ١٣٩)دا خراوەتەڕوو:

136a - Please please turn on the light.

١٣٦ب-تکایە گڵۆپەکە بکوژێنەوە.

137a- I go to to school every day

١٣٧ب-من هەموو ڕۆژێك بۆ قوتابخانە دەچم.

138a- It is a a a book.

١٣٨ب-ئەوە کتێبە.

139a -My sister was born in 19 19 80.

١٣٩ب-خوشکەکەم لە ساڵی ١٩٨٠ لە دایك بوو.

لە ڕوانگەی شیکاری هەڵەییەوە بە سەرنجدان لە داتای نموونەی ڕستەکانی (١٣٦،١٣٧، ١٣٨، ١٣٩)دا، ئەوەمان لەلا گەلاڵە دەبێت، کە فێرخوازانی زمانی دووەم دووچاری پەککەوتن و لە بیرچوونەوە، یاخود کەمی وشە و زانیاری لە زمانەکەدا بوونەتەوە، بۆیە بەدوبارەکردنەوەی وشەکان بە دوای هەلێکدا دەگەڕێن، تا بە پێی ژینگە و بارودۆخی ڕستەکە وشەیەکی گونجاو و لەباریان بۆ بدۆزنەوە و بەکاریبهێنن.

لە کۆتایدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە گرفتی نەخشەکێشانی ئاخاوتنی زارەکی لە زمانی دووەمدا بە هۆکاری زمانی و دەروونی و سروشتی بابەتەکەوە بەندە، یان هەڵوێستی فێرخواز لە نێو قوتابخانە و هاوڕێکانی، یاخود بەرانبەر بە فێرکار، هەموو ئەم هۆکارانەش بە لاوازی ئاستی فێربوونی زمانی دووەم و کاریگەری فێرخواز بە زمانی یەکەمەوە بەندن، ئەویش بە ڕێگای بەکارهێنانی وشەی وەرگیراو و وەرگێڕان لە زمانی یەکەمیدا ڕوودەدات.

### ٢/٢-٢-٣-٢) قۆناغی دووەم ( جێبەجێکردن)

فێرخوازی زمانی دووەم نەخشە و پلانەکانی بە شێوەیەکی نیوە جێبەجێدەکات، یان بە گوێرەی ئەو بارودۆخەی تیایەتی بە شیوەیەکی گشتی جێبەجێدەکات، هەڵە بەزۆری لای ئەو کەسانەی ئاخاوتن دەکەن و بێ ئەوەی خۆیان بۆ ئامادەکردبێت ڕوودەدات، بەم جۆرە فێرخواز پاش ئەوەی ئاخاوتنی دەربڕیوە و هەست بەهەڵە دەکات، پەنا دەباتەبەر چاککردنەوەی هەڵەکان و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڵەکان لە وشەکان، یان ڕستەکان چاککدەکاتەوە، بۆ نموونە لە ڕستەی (١٤٠)دا:

140a-The sheep is feeding kid . ١٤٠ب- مەڕەکە کارەکە شیر دەدات.

فێرخواز پاش تێرامانی لە ڕستەی(١٤٠) و ئەو وێنەیەی لە ئاوەزیدایە درك بەوەدەکات، مەبەستی سەرەکی لە بکەری ڕستەکە وشەی (بزن)ە ، نەك (مەڕ)، بۆیە ڕستەکە ڕاستدەکاتەوە و بە شێوەی (١٤١) دایدەڕێژێتەوە، وەك:

141a-The goat is feeding its kid . ١٤١ب- بزنەکە کارەکە شیر دەدات.

### ٤-٢-٢/٢) ئەو هەڵانەی سەرچاوەکەی بۆ ژینگەی فێرکردن دەگەڕێنەوە:

ئەم جۆرە هەڵەیە لە ژینگەی ناو پۆل و قوتابخانەدا ڕوودەدات، بە بابەتی خوێندن و ڕێباز و ڕێکخستن و پێشکەشکردنی بابەتەکەوە پەیوەستە، هەروەها شێوازی وانەوتنەوەی فێرکار و هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ فێرخوازاندا کاریگەری لە سەر فێربوونی زمانی دووەم و جۆری هەڵەکردن هەیە. هەتا بارودۆخی نێو قوتابخانە بەگشتی و بەتایبەتی پۆل گونجاو و شیاوتربن، ئەوا کەمترین هەل بۆ ڕوودانی ئەم جۆرە هەڵەکردنە دەڕەخسێت. ئەو بارودۆخانەش خۆیان لە پڕۆگرامی خوێندن پەیوەست بە ئاستی فێرخوازی زمان و هەڵبژاردنی لایەنی بابەتەکانی زانستی، یان بابەتەکانی وێژەیی، یاخود بابەتێکی تێکەڵ لە زانستی و وێژەیی دەبینێتەوە، ئەو بابەتانەش دەبێت لەگەڵ ویست و ئارەزو و تەمەنی فێرخوازدا یەکبگرنەوە، لە لایەکی ترەوە هۆکارەکانی پێشکەشکردنی بابەت دەبێت لە ڕووی سیستەمی دەنگی و وێنەیی و نووسراو و ڤیدیۆیی و داتاشۆ و ژمارەی فێرخوازانی هاوپۆل و هاوزمان بە هەند وەربگیرێت. وێرای شارەزایی و لێهاتوویی و ئەزموونی فێرکار(مامۆستا)، کە ڕاستەوخۆ بەرانبەر بە فێرخواز دەوەستێت و بابەتەکە بە فێرخواز دەگەیەنێت.

### ٥-٢-٢/٢) ئەو هەڵانەی لە فێرکارەوە ڕوودەدەن:

ئەم جۆرە هەڵەیە لە ئەنجامی ڕوونکردنەوەی یاسا ڕێزمانییەکان بە شێوەیەکی هەڵە سەر هەڵدەدات، یان کاتێك ڕۆنانی ڕستە بە شێوەیەکی هەڵە لەلایەن فێرکارەوە دەخرێنەڕوو، هەروەها ئەم جۆرە هەڵەیە لە ئەنجامی بەکارهێنانی ڕێگای وانەوتنەوەی هەڵە دێتەکایەوە، بۆنموونە پێویستە فێرکار وانە لەسەر بنەمای هەنگاونان لە ئاستی سانا و سادەوە بۆ ئاڵۆز و قورس بنێت، ئەگەر لە کاتی فێربووندا ئەم شێوازە ڕەچاونەکرا، ئەوا هەڵە ڕوودەدت. (یاخود فێرکار ڕەچاوی ڕیزبەندی لۆژیکی بۆ تێگەیشتنی یاسا ڕێزمانییەکانی نەکردووە، یان ڕیزبەندی یاساکانی بەشێوەیەکی دروست نەخستووەتەڕوو، بۆیە هەڵە تێگەیشتن و فێربوون لە فێربوونی زمانی دووەمدا ڕوودەدات)[1] . وەکو لە داتای وەرگیراوی نموونەی ڕستەکانی (١٤١، ١٤٢ ،١٤٣، ١٩٩) دا ئەو هەڵانەمان خستووەتەڕوو.

142a-He told us the news, which she had heard.

١٤٢ب- ئەو هەواڵەی پێوتین، کە پێشتر ئەو گوێی لێ بووبوو.

[1] - دوجلاس براون (١٩٩٤ : ٢١٩).

143a-Her brother, who lives in Duhok, will get married next week.

١٤٣ب- براكەی ئەو، كە لە دهۆك دەژی، هەفتەی داهاتوو ژن دەهێنێت.

144a-The baby is crying, It must be hungry.

١٤٤- منداڵەكە دەگری، پێدەچێت برسی بێت.

فێرخوازانی زمانی دووەم لە ڕستەكانی (١٤٢، ١٤٣ ،١٤٤)دا دووچاری هەڵە دەبنەوە، ئەویش بە هۆی ئەوەی فێركەرەكەیان پەی بە شێواز و ڕێبازی وانەوەوتنەوە نەبردووە، كە دەبێت لە ڕستەی سادە و ئاسانەوە هەنگاو بنێت، تا دەگاتە ئەو هەنگاوەی فێرخواز توانای تێگەیشتین و فێربوونی لۆژیكی بۆ ئەو جۆرە ڕستە ئاڵۆزانە پەیدا دەكات و بتوانێت دروستیانبكات و بیان دركێنێت. لە قۆناغی سەرەتای فێربووندا فێرخواز پێویستی بە ڕستەی لێكدراو و ئاڵۆز و قورس نییە، بەڵكو بە پێچەوانەوە لە بڕی ئەو جۆرە ڕستانە پێویستە بە شێوەی ڕستەكانی (١٤٥، ١٤٦ ، ١٤٧)[1]هەیە، چونكە ئەم جۆرە ڕستانە لە ڕووی ڕۆنانی ڕستەییەوە سادە و كورتن، فێرخواز باشتر دەسەڵاتی تێگەیشتن و فێربوونیان بە سەریدا دەشكێت، وەكو ئەم ڕستانە:

145a- I go by feet.

١٤٥ب-بە پێ دەڕۆم.

146a-He never married.

١٤٦ ب-ئەو هەرگیز هاوسەرگیری نەكردووە.

147a-She was nine years old.

١٤٧ب-ئەو تەمەنی نۆ ساڵە.

---

[1]- لە زمانی كوردی و هەموو زمانەكانی تر، دەستپێكی هەموو فێركردنێك بۆ فێرخوزان، یان شیكردنەوەی ڕستە لە زمانەكەدا، بە ڕستەی سادە دەستپێدەكات، تا دەگاتە ڕستەی ناسادە.

بۆ زیاتر زانیاری لەسەر شیكردنەوەی ڕستەی كوردی بڕوانە:

ئاسۆ عەبدولڕەحمان كریم(٢٠١٤: ٧٥-٩٤)

**٦-٢-٢/٢)ئەو هەڵانەی بەهۆی پەرتووکی (قوتابخانە)[١]وە ڕوودەدەن:**

**مەبەست لەم جۆرە هەڵەیە، واتە زانیاری زمانیی و وشە و ڕۆنانی ڕستە و فەرهەنگی و واتایی و ڕاهێنانی هەڵەکان لە پەرتووکەکانی قوتابخانەدا بەدیدەکرێت[٢]. ئەویش دەبێتە هۆی تووشبوونی فێرکار بە هەڵە، چونکە فێرخواز پێشبینی و فێربوونی بە هۆی پەرتووکەوە بنیات دەنێت، بۆیە فێربوون لە سەر بنەمای هەڵە هیچ چاوەڕوانییەکی ڕاست و دروستی لێبەدیناکرێت .**

**کە ئەم بابەتەیش کۆمەڵێك هەڵە لەخۆی دەگرێت، وەك:**

**١-خودی پەرتووکەکە هەڵەی تێدایە، وەکو (یاسا و ڕێنووس).**

**٢- داڕشتنەکەی هەڵەیە ( ڕێزمان و ڕێژەی فەرهەنگ).**

**٣- ڕەچاوی تەمەن نەکراوە، ( بابەتی زانستی ئاڵۆز)ی تێدایە.**

**٤- ڕەچاوی کلتور نەکراوە و چەمکی جیاواز و نامۆ لە خۆدەگرێت.**

**٥- بابەتە سینتاکسیەکانی لە ڕووی کات و ڕێژەی کردارەوە زۆر لێکنزیك و ئاڵۆزن.**

**٦- وشەی هاوواتای زۆر لێکنزیکی تێدایە.**

---

[١] - لێرەدا مەبەستمان لە قوتابخانە بریتییە لە قوتابخانە(خوێندگا) ، زانکۆ ، پەیمانگە ، باخچەی ساوایان ، ناوەندەکانی خوێندن و فێرکردنی زمانی دووەمە.

٢- بۆ زانیاری لە بارەی هەڵەکانی پەرتووك و سەرچاوەی خوێندنی زمانی دووەم(ئینگلیزی)، بڕوانە ئەو هەڵانەی لەم سەرچاوانەدا خراوەنەتەڕوو:

A- Vlach, H. A. (2014).

B- Jack , C .Richards ,Books **1** (2107)
C- Jack , C .Richards, With Jonathan hull and Susan proctor - Students Books **2** (210
D- . Long ,M.H (2005)
E-

چەند نامەیەکی ئەکادیمی لە زانکۆکانی کوردستان، بەپێی ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکانیان، بەخاڵێك یان زیاتر، ئاماژەیان بۆ بەشێك لەو پێج خاڵەی سەرەوە کردووە:

1- Sapan S, Aziz (2014) Assessing EFL Students' Perfomannce in Translatimg Idiomatic Expressions into Kurdish , University of Sulaimamani .
2- Bekhal M , Muhammad (2014) Investigating Verb Complementataion in the Writing Performance of Kurdish EFL University Learners , University of Sulaimamani.
3- Halala O , Salih (2017) , EFL Teachers Use of Politeness Strategies in class Interactions in English Departments at Salahaddin University-Erbil.

# بەشی سێیەم

## ڕاستاندنی کارەکییانەی هەڵەکانی فێرخوازانی زمانی دووەم( داتای وەرگیراو).

## ٣) ڕاستاندنی کارەکیيانەی هەڵەکانی فێرخوازانی زمانی دووەم ( داتای وەرگیراو):

پشت بەستن بە کۆی زانیاری بەش و پارەکانی پێشتر، کاری ڕاستاندنی کارەکیيانەی هەڵەکانی فێرخوازانی زمانی دووەمان بە لەبەرچاوگرتنی ( داتای وەرگیراو)ی فێرخوازانی زمانی دووەم بۆ دەرەخسێنێت. هەڵەکانی فێرخوازانی زمانی دووەم ڕەهەندی چەمك و ئاوەزیی و لێكدانەوە و تێگەیشتن و ژینگەی جیاوازی فێرخوازان بۆ زمانی دووەم دەردەخات. فێرخوازانی زمانی دووەم هەڵگری پاشخانێکی گەورەی زمانی ڕەسەنی چەند ساڵەی دایکیانن، بۆیە زمانی یەکەم لە زۆر باردا دەبێتە هێزێك بەسەر پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمەوە. بەشێك لەو هەڵانەی لەلای فێرخوازانی زمانی دووەم ڕوودەدەن، دەگەڕێتەوە بۆ هەستنەکردن بە جۆری هەڵەکان و شوێنی هەڵەکان وە دوبارە و چەند پاتکرنەوەی هەڵەکان و هەندێك جاریش بەردەوامبوون لەسەر هەڵەکان و ڕاستنەکردنەوەیان بە جۆرێك پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمی فێرخواز دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

بۆ ئەم مەبەستە ئێمە لەم بەشەدا بە شێوەی کارەکیيانە لە هەڵەکانی فێرخوازی زمانی دووەم دەدوێین و شیکار و داتای هەڵە و شوێن و جۆرەکانی هەڵەی فێرخوازی زمانی دووەم دەخەینەڕوو.

ئەم بەشەش لە پاری یەکەمدا پشت بە جۆرەکانی پرۆسەی فێربوونی زمانی دەبەستێت و پرۆسەکان دەبنە بنەمایەکی زانستی بۆ خستنەڕووی هەڵە و جۆرەکانی هەڵەی فێرخوازانی زمانی دووەم. لەم پارەدا چەند پرۆسەیەکی دیاریکراومان کردووە بە پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی توانای زمانی فێرخوازان، هەر ئەو پرۆسانەش دەبنەوە بە هێڵی جیاکەرەوەی ئاستی فێرخوازێك لە قۆناغێکی فێربوونی زمانی دووەمی لەگەڵ خۆیدا و لە هەمان کاتیشدا ئاستی فێربوون و تێگەیشتنی فێرخوازان لەیەکترجیادەکاتەوە، چونکە دەشێت و گونجاوە فێرخوازێك، یان زیاتر لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا لە هاوپۆلەکانی پێشبکەوێت، یاخود دابڕێت و دوابکەوێت.

لە پاری دووەمدا، کە پڕاوپڕ کارەکیانەیە و پانتاییەکی فراوانی لە خۆگرتووە، خاڵی گشتگیر و یەکلاکردنەوەی تەواوی زانیارییەکانی پێشووتری نێو ئەم تێزەیە، بە تایبەتی پاری یەکەمی ئەم بەشە. لەم بەشەدا شیکار بۆ هەڵەکردنی فێرخوازانی زمانی دووەم لە جۆر و شوێن و داتا و ئامار و نەخشە و دایگرامی پەیوەست بە وەڵامی داتای وەرگیراوی فێرخوازانی زمانی دووەمەوە دەخرێتەڕوو.

## ١/٣) پرۆسەكانی فێربوونی زمانی دووەم:

فێرخوازان لە فێربوونی زمانی دووەمدا بە چەند پرۆسەیەكی فێربووندا دەڕۆن. هەر یەك لە پرۆسەكانی فێربوونی زمانی دووەم تایبەتمەندی خۆی هەیە و لەگەڵ ئاست و قۆناغ و باردودۆخی جیاوازدا بەكاردێت. پرۆسەكان بە گشتی هۆكارێكن بۆ فێربوونی زمانی دووەم، چونكە ئەم پرۆسانە دەبنە هۆكار و بیرخەرەوەیەكی باش و لەبار، تا فێرخواز لە ستراتیژی فێربووندا پەنایان بۆ ببات. دەستنیشانكردن و جیاكردنەوەی پرۆسەكانی فێربوونی زمان بۆ خودی فێرخواز ئەستەمە، لەبەرئەوەی دەشێت فێرخواز بێئاگایانە بەكاریانبهێنێت و سودیان لێوەربگرێت و بیانخاتە خزمەتی پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمەوە، لەلایەكی ترەوە مەرج نییە ئەم پرۆسانە لە هەموو كاتێكدا بۆ فێرخواز ببنە هەوێنی ڕۆنانی پتەوی فێربوونی زمان، بەڵكو لە هەندێك كاتدا فێرخواز دووچاری تەمەڵی و چەقبەستووی لە پرۆسەی فێربوونی زمان دەكات، لەبەرئەوەی فێرخواز لەسەر بنەمای پشتبەستن بەیەكێك، یان زیاتر لە پرۆسەیەك، كە پەیوەست بە زمانی یەكەمەوە، هیوای فێربوونی هەڵدەچنێت. لە ئەنجامدا فێرخواز لە هاوپۆلەكانی دوادەكەوێت و پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم وەكو پێویست وەرناگرێت.

لێرەدا بە گرنگی دەزانیین پرۆسەكانی فێربوونی زمانی دووەم بە نموونەی شیكراوە بخەینەڕوو:

## ٣/ ١-١) پرۆسەی گواستنەوە:

پرۆسەی گواستنەوەی زمان بریتییە لە كاریگەری فێرخواز بە زمانی یەكەم ( زمانی دایك) لە كاتی فێربوونی زمانی دووەمدا. ئەم كاریگەریەش بە گواستنەوەی زمان ناودەبردرێت. (گواستنەوەی زمان دیاردیەكی ئاڵۆزە و لە ئەنجامی كاریگەری زانیاری زمانی بەدەردەكەوێت، كە پێشینەی زمان لە لایەن فێرخوازەوە لە ڕێگای تێكردەی زمانی ئامانجەوە ڕوبەڕوی دەبێتەوە)[1]. گواستنەوەی زمان لە لایەنی جۆراوجۆرەوە ڕوودەدات، وەكو لایەنی وشە و ڕستە و گوتار و خوێندنەوە بەخۆیەوەدەبینێت. واتە تایبەتمەندی پرۆسەی گواستنەوە ڕاستەوخۆ بە زمانی یەكەمەوە بەندە و دەبێتە بنەمایەكی تەواوكاری بۆ زمانی دووەم. لەم ڕەهەندەوە (Herbst) دەڵێت: (( زمانی یەكەم مێژو و بنەمایەكی سەرەكییە و هۆكاری بەشداریكردنە بۆ زمانی دووەم و چاكردنەوەی هەڵەكان ))[2]، بۆیە دەتوانین بڵێین زمانی یەكەم هۆكارە بۆ فێربوون و گەشەسەندنی زمانی دووەم، چونكە هە موو زمانێك لەسەر چەند بنەمایەكی فەرهەنگی

---

1-Lightbown, P . M. Spada, Nina (2006: 31)
2-Candlin , C. N  and Mercer, N( 2001: 57)

ڕێزمانی پێکهاتووه، وەکو ( بکەر ، بەرکار، کردار ، ناو ، ئاوەڵناو ، ئاوەڵکردار ، ئامراز و ئارتیکڵەکان)، کاتێك فێرخواز فێری زمانێکی تر دەبێت، تەنیا جەخت دەکاتە سەر ئەم بنەمایانە و ڕێکخستنیان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست، واتە پاش ئەوەی فێری وشەکان دەبێت و هەوڵدەدات لە ڕووی دەنگی و مۆرفۆلۆژی و ڕێزمان و فەرهەنگی و واتاییەوە بە ڕاست و دروستی ڕێکیانبخات و دەریانببڕێت، بەمەش لە ئامانجی فێربوونی زمانی دووەم نزیك دەبێتەوە، لەبەرئەوەی فێرخواز لە زمانی یەکەمدا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی وشەکان بە تەواوی لە ڕووی ڕێزمانی و واتاوە بە دروستی دەربڕێت. بۆ نموونە کاتێك لە ڕستەکانی( ١ ، ٢ ،٣ ) دەڕوانیین:

١- شنە دوێنێ لە بازار بوو.

٢- ئاراڵ زیرەك بوو.

٣- ئەو لە هەولێر لە دایکبوو.

لە ڕستەی(١ ، ٢ ، ٣ )دا فێرخواز بە سیستەمی زمانی دایك (یەکەم)ی کاتی ڕابردووی داڕشتووە، ئەوا بێ هەڵەکردن نیشانەی کاتی کرداری ڕابردووی بەکارهێناوە. ئەم بیرۆکەیە دەگوازێتەوە بۆ فێربوونی زمانی دووەم و لە سیستەمی زمانە نوێیەکەدا جێبەجێیدەکات، بەمەش دەشێت لە چەند ڕستەیەکی وەکو نموونەی (4a، 5a ، 6a )دا سەرکەوتووبێت:

4a- I loved you.

٤ب- من تۆم خۆشویست.

5a- Aral liked apple .

٥ب-ئاراڵ حەزی لە سێو بوو.

6a- He visited Hawler.

٦ب- ئەو سەردانی هەولێری کرد.

لە ڕستەکانی(4a، 5a ، 6a )دا دا فێرخواز تەنیا بەزیادکرنی پاشگری (ed) بۆ کرداری ڕانەبردوو، توانیوێتی ڕستەیەکی ڕێزمانی تەواو دروستبکات، بەڵام زیاردکرنی پاشگری (ed) بۆ هەموو کردارێکی ڕانەبردوو دروستنییە، بۆیە بە پێڕەوکردنی ئەم سیستەمە لەسەر هەموو کردارێك دروستنییە و ڕستەی ناڕێزمانی وەکو نموونەکانی (7a ، 8a ، 9a ) لێدەکەوێتەوە:

*7a- I goed to cinema.

*8a- He buged the car.

*9a- Iam sleeped in the room.

لە نموونەکانی (9a ، 8a ، 7a)دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، هەریەك لەو کردارە ڕانەبردووانە گۆڕینیان بۆ ڕابردوو دەبێت ڕەچاوی تایبەتمەندیان بکرێت، بۆئەوەی ڕستەی دروستی وەکو نموونەکانی (8b ، 7b ، 9b ) لێ بەرهەم بهێنرێت:

7b- I went to cinema. ٧أ- من بۆ سینەما چووم.

8b- He bought the car. ٨أ- ئەو ئوتۆمبیلەکەی کڕی.

9b- I am slept in the room. ٩أ- من لە ژوورەکە نووستم.

یاخود فێرخوازی کورد کاتێك فێری زمانی دووەم (ئینگلیزی) دەبێت، لەو دەنگانەی لە زمانی یەکەم (کوردی)دا نییە، دووچاری گرفت دەبێتەوە، ( لەبەرئەوەی ژینگە و ئەندامانی ئاخاوتنی لەگەڵ ئەم دەنگە نوێیانە نامۆن و لەسەر درکاندنیان ڕانەهاتوون)[١]. بۆیە لە نموونەی ڕستەی(15a ، a14)ی ئەم پارەدا ئەم جۆرە هەڵەیە لای فێرخواز دروستدەبێت.

لە شیکاری هەڵەییدا جۆری پرۆسەی گواستنەوەی زمان لە کۆمەڵە خێزانێکی زمانییەوە بۆ کۆمەڵە خێزانیکی تر جیاوازە، چونکە پرۆسەی گواستنەوەی زمان لە کۆمەڵە خێزانێك، کە هاوخێزانن و لە ڕووی دەنگ و وشە و واتاوە هاوشێوە ی یەکترن بەرانبەر بەو زمانانەی، کە هاوخێزان و هاوشێوەی یەکترنین و لەیەکترەوە دوورن پرۆسەیەکی سەرکەوتوو و ئەرێنی بەخۆوە دەبینێت، بۆیە زمانەکان چەند لەیەکترنزیکبن، ئەوا دەبێتە سەرچاوەیەکی باش و لەبار، تا ژینگەیەکی گونجاو و ساناتر بۆ فێربوونی زمانی دووەم برەخسێنن.

لەم تێڕوانییینەوە پرۆسەی گواستنەوەی زمان دوو جۆری هەیە و بریتین لە :

أ- پرۆسەی گواستنەوەی نەرێنی زمان

ب- پرۆسەی گواستنەوەی ئەرێنی زمان

---

[١]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

A -Wode ,H(1978)
B- Zobl, H (1982)
C-Krashen (1985)
D- Odlin,T( 1989)

## ١-١-١/٣) پرۆسەی گواستنەوەی نەرێنی زمان:

ئەم جۆرەی گواستنەوەی زمان ڕوودەدات، کاتێك جیاوازی لەنێوان زمانی یەکەم و زمانی دووەمدا هەبێت، لەبەرئەوەی فێرخواز چەند تایبەتمەندییەك لە زمانی یەکەم ( دایك)دا هەڵدەگرێت، کە لەگەڵ زمانی دووەمدا ناگونجێت، ئەمیش دەبێتە هۆی دروستبوونی هەڵەی زمانی جۆراوجۆر لە کاتی گەیاندن و ئاخاوتن بە زمانی دووەم، لە لایەکی ترەوە ئەم جیاوازیەش لەسەر چەند بنەمایەکی ڕێزمانی بەدەردەکەوێت، چونکە فێرخوازی زمانی دووەم ئەو وشانەی دەیبینێت و گوێیلێدەبێت، بەلایەوە لە ڕووی (دەنگی و مۆرفۆلۆژی و ڕێزمانی ... تاد) نامۆیە، بۆ نموونە لە سیستەمی زمانی کوردیدا لە ڕووی ڕێکخستنی کەرەستەوە ئاوەڵناو لە دوای ناوەوە دێت، لە نموونە ڕستەی(١٠)دا ئەمە ڕوون دەکەینەوە:

١٠- کچەکە زیرەکە.

لەم نموونەیەدا ( ناو(کچ) + نیشانە(مۆرفیمی) ناسراوی (ەکە) + ئاوەڵناو (زیرەك) ) بە ڕاست و دروستی هاتووە، بەلاَم لە زمانی ئینگلیزیدا سیستەمی زمانەکە بە پێچەوانەوەیە، چونکە نیشانە(مۆرفیمی) ناسراوی(The) + ناو + کردار(is)+ ئاوەڵناو بەدواییەکتردادێن،وەکو نموونەی ڕستەی(١١)ە :

١١أ- کچەکە زیرەکە.

11a-The girl is clever.

بەڵام لە نموونەی ڕستەی (12)دا ئەوە بەدیدەکەین، فێرخوازی زمانی دووەم بە کاریگەری زمانی یەکەمی ناوی(girl) پێش نیشانە(مۆرفیمی) ناسراوی(The)خستووە وەکو:

*12- Girl the clever is.

واتە لە شیکاری هەڵەییدا سەرنجمان دەخاتە سەر ئەو شێواندن و پاش و پێشکردنەی کەرەسەکانی ڕستەی زمانی دووەمی فێرخواز، کە لەهەمان ڕستەی(12)دا دەبینیین چۆن فێرخواز پرۆسەی گواستنەوەی نەرێنی ئەنجامداوە، لە بڕی ئەوەی نیشانە(مۆرفیمی) ناسراوی(The)لە پێشەوەی ناوی (girl) دابنێت، بە پێچەوانەوە فێرخواز بە سیستەمی زمانی یەکەمی کە نموونەی ڕستەی (١٠)یە، ڕستەکەی داڕشتوتەوە و ناوی (girl)ی پێش نیشانە(مۆرفیمی) ناسراوی(The) خستووە. بەمەیش ڕاستی و دروستی سیستەمی ڕستەی نموونەی(١١)ی زمانەکەی شێواندووە و ڕستەیەکی ناڕێزمانی لە زمانی دووەمدا بەرهەم هێناوە.

پرۆسەی گواستنەوەی نەرێنی زمان لە سەر ئاستی دەنگیش ڕوودەدات، چونکە فێرخوازی زمانی دووەم گرفت لەگەڵ چەند دەنگێکی زمانی دووەم (ئینگلیزی) دەبینێت، ئەویش بە هۆی جیاوازی سیستەمی دەنگی زمانەکەیانەوە دێتەئاراوە. کاتێك فێرخواز لە ئاخێوەری زمانی ئینگلیزی، یان لە فێرکەرێکی زمانپاراوی ئینگلیزی گوێی لە دەنگەکانی زمانەکە دەبێت، لە سەرەتادادووچاری گرفت دەبێتەوە، بۆ نموونە دەنگی [ **th** ] لە زمانی ئینگلیزیدا فۆنیمە بە / **ث** / دەخوێندرێتەوە و ئاخێوەری زمانەکە وەکو نموونەی ڕستەی(13a)ە دەیدرکێنێت :

13a- My <u>teeth</u> are white. ١٣ أ- ددانەکانم سپین.

لەبەرئەوەی ئەم فۆنیمە لە زمانی کوردیدا بەردەستنییە، فێرخوازی زمانی دووەم لەکاتی دەربرینیدا ڕووبەرووی ئاستەنگی دەبێتەوە، بۆ نموونە لە وشەی (teeth)دا زۆربەی فێرخوازان هەوڵدەدەن خۆیان لەم جۆرە دەربڕینە رزگاربکەن و بەدەنگی[ **س** ]دەیدرکێنن وەکو نموونەی ڕستەی(١٤):

١٤-مای تیس ئاڕ وایت.

14- My tee**<u>th</u>** are white.

هەروەها فۆنیمی/ **th** / ، کە بە دەنگی/ **ث** / لە زمانی ئینگلیزیدا دەخوێندرێتەوە و دەدرکێنرێت، ئەوا فێرخوازان زۆربەی کات بە دەنگی [ **س**] دەیخوێننەوە و دەیدرکێنن، وەکو نموونەی ڕستەی(15)دا دەستنیشانکراوە :

١٥أ - نور<u>س</u> ئۆف سلێمانی سیتی أز نایس.

15b- Nor**<u>th</u>** of Slimani city is nice.

١٥أ- باکووری شاری سلێمانی جوانە.

فێرخوازانی زمانی دووەم فۆنیمی/ **the** / ، کە لە زمانی یەکەمدا بە دەنگی [ذ ]دەدرکێنرێت، ئەوا بەشێك لە فێرخوازان بە فۆنەتاکتیکی زمانی دایکیان بە دەنگی[ **س**] دەریدەبڕن، وەکو لە نموونەی(١٦):

١٦أ- <u>زە</u> مان از دایت.

16b-<u>The</u> man is died.

لەبەرئەوەی ئەم دەنگانە لە زمانی یەکەمی فێرخوازاندا نییە و ڕاهێنانیان لەسەر نەکردووە، بۆیە لە درکاندنیدا ئەم گۆڕانە فۆنۆلۆژییە ڕوودەدات. ئەم جۆرە گرفتە تەنیا بە زمانی کوردییەوە بەند نییە، (بەڵکو زۆربەی فێرخوازانی زمانی دووەمی جیهان، کاتێك جیاوازی لە نێوان سیستەمی دەنگەیاندا

بەدیدەکرێت ڕووبەڕووی ئەم جۆرە ئاستەنگیانە دەبنەوە، هەر بۆیە زۆربەی لێکۆڵەرەکان ئەوەیان چەسپاندووە، کە نەرێنی گواستنەوەی زمان و هەڵەکردن لە سەر ئاستی (دەنگی و) بە هۆی چوونەناویەکی زمانییەوە ڕوودەدات)[1].

### ٢-١-١/٣ ) پرۆسەی گواستنەوەی ئەرێنی زمان:

ئەم جۆرە گواستنەوەیە کاتێك ڕوودەدات، کە لێکچوون لە نێوان دوو زمان ( زمانی یەکەم و دووەم)دا هەبێت، لەم ڕوانگەیەوە فێرخوازانی زمانی دووەم ئەو بارودوخە زمانییانەی زمانی یەکەم، کە لەگەڵ زمانی دووەم دەگونجێن، گواستنەوەیان بۆ شوێنی گونجاوی زمانی دووەم بۆ دەکات. بەم جۆرەیش دەربڕینی ڕاست و ڕێکخستی تەواوی وشەکان دەبێتە هۆی ئاسانکاری بۆ فێربوونی زمانی دووەم، بەم پێوەدانگە ئەم جۆرە گواستنەوەیە بە گواستنەوەی ئەرێنی زمان ناسراوە. لەسەر ئەم بنەمایە فێرخوازی کوردزمان لە فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا دەتوانێت بە هۆی لێکچوونی یاسا ڕێزمانییەکانیانەوە، کە هاوشێوە و نزیکی یەکن چەند یاسایەکی ڕێزمانی زمانی کوردی بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی بگوازنەوە، بۆ نموونە لە ڕستەی(١٦)دا ئامڕازی (ەکە)ی ناسراوی لە زمانی کوردیدا بەرانبەر بە (the)ی ئینگلیزی لە ڕستەی(17)دا بەکاردەهێنێت وەکو:

١٧أ- کوڕە<u>کە</u> دەڕوات.

17b- <u>The</u> boy is going.

لە ڕستەی(١٧) لە زمانی کوردیدا (<u>ەکە</u>) بۆ ناوێکی تاکی ناسراوی بەکارهێنراوە، بەهەمان شێوە جارێکی تر لەلای فێرخوازانەوە بۆ زمانی ئینگلیزیش (**the** boy) بۆ ناوێکی تاکی ناسراو بەکارهێنراوە، ئەگەرچی لە زمانی کوردی(یەکەم)دا ئامڕازی(**ەکە**) دەکەوێتە کۆتایی ناوەکەوە و بە پێچەوانەوەیش لە زمانی دووەم(ئینگلیزی)دا ئامڕازی (**the**) دەکەوێتە سەرەتای ناوەکە، بەلام بەشێکی زۆری فێرخوازان لە ئاوەزیی خۆیاندا ئەم خاڵەیان بەهەند وەرگرتووە و بەم لێکچوونە سادەیە ئامڕازی ناسراوی بە سانایی بەکاردەهێنن.

---

[1] - بڕوانە :

A-Ellis,R(1985)
B- Dully,H (1973)

هەروەها لەسەر ئاستی دەنگی زۆربەی دەنگەکانی هەر دوو زمانەکە لێکدەچن وەکو دەنگی[ ۆ ، ڵ ، پ ، گ ، ژ ، ڤ ، چ ، ه ، .... تاد ]، لێردەدا چەند نموونەیەك دەخەینەڕوو:

١٨ب- کوڕەکە لە هۆڵەکەیە.

18a-The boy is in the **hall**.

19a- The car sto**pp**ed behind **P**arliament.

١٩ب- ئۆتۆمبیلەکە لە پشت پەرلەمان ڕاوەستا.

20a - My house is inside the bi**g g**arden.

٢٠ب- ماڵەکەم لە ناو باخچە **گە**ورەکەیە.

21a-**Ch**ro writes the letter.

٢١ب- چرۆ نامەکە دەنووسێت.

22a- **V**itamins are necessity for body.

٢٢ب- **ڤ**یتامینەکان بۆ لەش پێویستن.

فێرخوازی زمانی دووەم کاتێك ئەو دەنگانە دەبیستێت و دەیان دەرکێنێت، دووچاری گرفتی کەم دەبێتەوە، بەم پێیە ئەزموونی زمانی یەکەمی دەگوازێتەوە بۆ زمانی دووەمی و هەلی زیاتری فێربوونی بۆ دەرەخسێنێت، بەم جۆرە گواستنەوەیش ئاسانکاری لە پڕۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا دێتەئاراوە.

زانیاری و نموونەی داتاکان ئەوەمان نیشاندەدەن، پڕۆسەی گواستنەوەی زمان کاریگەری بەهێزی لەسەر فێرخوازی زمانی دووەم دەبێت، چونکە ئەم پڕۆسەیە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەزمانی یەکەمەوە. فێرخوازی زمانی دووەم، تا گەیشتن بەم ئاستەیش لە بۆن و ڕەنگی زمانی دایك نەبووتەوە، چونکە لە بازنەی ژینگەی زمانی یەکەمیدا دەرنەچووە و زمانی دووەمیش بە هەمان پێوەدانگ بەکاردەهێنێت.

پڕۆسەی گواستنەوەی زمان بە هەر دوو جۆرەکەیەوە (ئەرێنی و نەرێنی) لەلایەن فێرخوازانەوە شوێنەواری بەکارهێنانی دیارە، بە تایبەتی پڕۆسەی گواستنەوەی نەرێنی، ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، فێرخوازان لەو دیدەوە تێیدەڕوانن، کە خزمەت بە کەموکوڕی و بۆشایی لە زمانی دووەمیان دەکات، یاخود بە بێئاگایانە بەکاریدەهێنن و دەبێتە لەنگی و بارگرانی بەسەر پڕۆسە فێربوونی زمانی دووەمەوە.

هەرچی پڕۆسەی گواستنەوەی ئەرێنییە، ئەوا مەودایەکی کەم و پانتاییەکی تەسك لە خزمەتکردن بۆ فێرخوازانی زمانی دووەم بەردەستدەکات، چونکە سیستەمی زمانی یەکەم (کوردی) و سیستەمی زمانی دووەم(ئینگلیزی) زۆر لەیەکترجیاوازن، تەنانەت لە کۆمەڵەی خێزانی زمانەکانیشدا هاوشێوەنین و لێکدوورن .

## ٢-١/٣ ) پرۆسەی دارِشتن و ئەبستراکتکردن:

ئەم پرۆسەیە پاش پرۆسەی گواستنەوە دێتەئاراوە، لەم پرۆسەیەدا زمانی دایك ئەزموونێکی ڕوونە بۆ ئاسانکردن و گواستنەوەی بۆ زمانی دووەم، جا گواستنەوەکە ئەرێنی بێت، یاخود نەرێنی بێت. فێرخواز لە ئەنجامی کۆزانیاری نوێی لە کاتی بیرکردنەوەی لۆژیکی و شێوازی جۆراوجۆری لە زمانی دووەمیدا دووچاری کێشە دەبێتەوە، ( لەبەرئەوە فێرخواز هەوڵدەدات بەهۆی ئەو ئەزموون و زانیارییانەی، کە پێشتر لە زمانی یەکەم وەریگرتووە لە ڕێگای گواستنەوە و چوونەناویەك و دارِشتنەوە جێبەجێیانبکات)[١]. کاتێك فێرخواز فێری زمانی دووەم دەبێت بە هۆی گواستنەوە و دارِشتنەوەیان دوبارە لە زمانی دایك سوودمەند دەبێت.

کەواتە پرۆسەی دارِشتن و ئەبستراکتکردن بۆ فێربوونی زمانی دووەم گرنگە، بە هۆیەوە فێرخواز دەتوانێت لە ئەنجامی تێبینیکردنی یاسای نموونەیەکی تایبەت یاسا ڕێزمانییەکان بەرهەم بهێنێت، لەم دیدەوە ئۆزبێڵ دەڵێت (( پرۆسەی دارِشتن و ئەبستراکتکردن بە فێربوونی هەڵوێستی دادەنرێت، چونکە دارِشتن و ئەبستراکتکردن لە نێو فێرخوازانی زمانی دووەمدا باوە، واتە فێرخوازی زمانی ئینگلیزی کرداری ڕابردوو بە (ed) کۆتایی پێدێنێت)[٢] بۆ نموونە کرداری ڕانەبردووی(open) و ( walk ) بە ئاسایی دەبنە (open<u>ed</u>)، ( walk<u>ed</u>)[٣]، بەلآم کرداری ڕابردوو یاسای تایبەتی خۆی هەیە و یاسای ڕێزمانی زمانەکە بۆ هەموو کردارێکی ڕانەبردوو ڕێگا بە زیادکرنی پاشگری (ed) نادات[٤]، چونکە هەریەك لەو کردارانە لە کاتی ڕابردوودا تایبەتمەندی خۆیان بەدەر لە پاشگری (ed) نیشاندەدەن[٥] .

لە پرۆسەی دارِشتن و ئەبستراکتکردندا جۆرێکی تر لەدارِشتنەوە لەلایەن فێرخوازانی زمانی دووەم بەدیدەکرێت، کاتێك کرداری یاریدەدەری (do) لە نەرێدا بەکاردەهێنن، وەك لە نموونەی ڕستەکانی (19a)و (20a)دا دیارە :

*23a-Teacher, May I do**n't** play **not** ? ٢٣ب- مامۆستا ناکرێت یاری نەکەم؟

* 24a- Do**n't** you go to **not** travel ? ٢٤ب-ناکرێت گەشت نەکەن؟

---

1- Walker , J . E Sheq T. M . Baurr , A .M (2106: 236)

٢ - دوجلاس براون: (١٩٩٤:١٩٣ )

٣ - بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە ڕستەکانی(4a, 5a ، 6a)لاپەرە(١٢٢ ).

٤ - نموونەی ڕستەکانی (8a , 9a) لاپەرە(١٢٣).

٥ - بڕوانە نموونەی ڕستەکانی( 8b, 9b) لاپەرە(١٢٣ ).

فێرخوازانی زمانی دووەم لە ڕستەکانی(24a،23 a)دا کەوتوونەتە هەڵەی بەکارهێنانی پرۆسەی دارشتن و ئەبستراکتکردنەوە، ئەویش بە پەیرەوکردنی پرۆسەی گواستنەوەی زمانی یەکەم ڕوویداوە، بۆیە وەڵامی دروست لە ڕستەکانی (25 ,26) بە دەردەکەوێت، کە بریتییە لە:

25-Teacher, May I don't play?

26- Don't you go to travel?

دروستی ڕستەکانی (25 ,26) سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ شیکردنەوەی ئەو هەڵەکردنەی فێرخوازانی زمانی دووەم، کە لە ڕستەکانی(23a ،24a) ئەنجامیانداوە، چونکە لە زمانی دووەم(ئینگلیزیدا)دا لە هەر ڕستەیەکدا وشەی نەرێکردنی (do not) بەکارهێنرا ئەوا ڕێگا بە هاتنەناوەوەی وشەیەکی تری(not)ی نەرێکردن نادرێت، واتە لە زمانەکەدا دوو مۆرفیمی نەرێکرن لەیەك ڕستەدا بەکارناهێنرێت، کەواتە ڕستەکانی(23a ،24a) پێچەوانەی یاسای ڕێزمانی زمانی دووەمە. ئەوەیش دەرکەوتووە فێرخوازانی زمانی دووەم ئەم جۆرە نەرێکردنە لە ئەنجامی گواستنەوە و چوونەناویەکی زمانی یەکەم بەکاردەهێنن. هەروها ئەوەیش دەرکەوتووە ڕابردووی زمانەکە کاریگەری لەسەر دارشتنەوە هەیە، چونکە فێرخوازان کاتێك زانیاری ڕابردوویان بە زۆری بەکاربهێنن، ئەوا ئاسانکاری لە فێربوونی زمانیاندا ڕوودەدات ، بەڵام ئەو زانیاریانەی، کە بە زۆری بەکاریانناهێنن، دەبێتە هۆی لە بیرچوون و دورکەوتنەوەی لە دارشتنەوەدا.

(carr) پێیوایە : دارشتن و ئەبستراکتکردن لە ئەنجامی لێکچوون وەکو بنەمایەکی سەرەکی ڕوودەدات و بە پشتبەستن بە چەند هۆکارێك دێتەئاراوە، کە بریتین لە :

١- گشتگیرکردن و وەڵامدانەوە لە ئەنجامی لێکچوونێکی زۆر.

٢- گشتگیرکردن و وەڵامدانەوە لە ئەنجامی لێکچوونێکی کەم.

٣- گشتگیرکردن و وەڵامدانەوەی گونجاو لەلایەنی ئەرکی [١].

بە بۆچوونی(فادیل): (پرۆسەی دارشتن و ئەبستراکتکردن بۆ فێرخوازی زمانی دووەم بەرهەمدارە و هەنگاونانە بۆ بەرەوپێشچوونی زمانی دووەمی، نەوەك شکستی لە فێربووندا. ئەو جۆرە هەڵانەی لە پرۆسەی فێربووندا ڕوودەدەن سروشتین، بەڵکو بە قۆناغی ڕێکوپێککردنی زمانی دووەم دادەنرێت)[٢]. هەر لەو بارەیەوە بەهانە بۆ هەڵەی فێرخوازانی زمانی دووەم دەهێنێتەوە و دەڵێت: (( لە پرۆسەی دارشتن و ئەبستراکتکردندا بۆ نموونە کاتێك فێرخوازی زمانی دووەم (ئینگلیزی) دەم و کاتەکان بەکاردەهێنێت، ئەوا

---

1-Carr E. G.( (1988): 162)
2- Altahir, A (2014: 58)

لە هەموو جۆرەکانی کاتدا یەك جۆر کات، یان دەمکات بەکاردەهێنێت، وەکو کاتی کرداری ڕانەبردووی سادە، یان بەردەوام

( simple present or continuous ) ئەوەیش نیشانەی فێربوونی بەرهەمدارییەتی لە فێربوونی زمانی دووەمدا ))[1].

بەم تێگەشتنە دەتوانیین بڵێین پرۆسەی داڕشتن و ئەبستراکتکردن بۆ فێربوونی زمانی دووەم لەلایەن فێرخوازانی زمانی دووەمەوە بایەخی فێربوون زیاددەکات، چونکە فێرخوازی زمانی دووەم تەنیا پشت بە زانیاری و لێهاتووی زمانی دایك نابەستێت، بەڵکو لەگەڵ پرۆسەی گواستنەوەی زمانیشدا توانای لە تێکهەڵکیشی و داڕشتنەوەی زانیارییەکان لە بۆتەیەکی نوێدا فۆرمێکی زمانیی لە زمانی دووەم پێدەبەخشێت و بەردەوام دەبێت. پرۆسەی داڕشتن و ئەبستراکتکردن دەروازەیەك بۆ ئاوەزیی فێرخواز لە فێربوونی زمانی دووەم فەراهەم دەکات، کە فێرخواز توانای تاکایەتی خۆی تێدا تاقیدەکاتەوە و هەنگاوی فێربوون هەڵدەگرێت و پرۆسەی فێربوونی گواستنەوەی زمان و چەقبەستووی زمانی یەکەم تێکدەشکێنێت. لەم دیدەوەیە **(کاڕ)** لە فێربوونی زمانی دووەمدا هانی فێرخواز دەدات لە سەر پرۆسەی فێربوونی زمان بەردەوامبێت، جا ئەم فێربوونە بە گشتگیرکردن و وەڵامدانەوە لە ئەنجامی لێکچوونێکی (کەم، یان زۆر)بێت، گرنگ ئەوەیە فێرخوازی زمانی دووەم بتوانێت بە شێوەی کارەکی زمانی دووەم بەکاربهێنێت.

لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا هەڵەکردن بنەمایەکی سەرەکییە لە فێربوونی زمانی دووەمی فێرخوازاندا، بۆیە هەڵەکردن لەزمانی دووەمدا واتای زیندووی و بەکارهێنانی زمانەکەیە، دوبارە و چەند پاتکردنەوەی هەڵەیش هەم دیسان نیشانەی بەگەڕخستنی توانای فێرخوازە و ڕێگا خۆشکردنە بۆ گەیشتن بە ئامانجی فێربوون، بۆیە ( لە پرۆسەی داڕشتن و ئەبستراکتکردندا ( پشتگیری لە بەکارهێنانی زمانی دووەم دەکات و هانی فێرخوازدەدات بەردەوامبێت، با ئەو بەکارهێنانەیش بە هەڵەدا بڕوات، سەرئەنجام فێرخواز بە ڕاست و دروستی بەکارهێنانی زمانی دووەم دەگات)[2].

1- Altahir, A (2014: 58)
2- Collier, V.P. (1988).

### ٣-١/٣ ) پرۆسەی ئاسانکردن :

لە پرۆسەکانی فێربوونی پێشوودا، ئەوەمان خستەڕوو، کاتێك فێرخوازی زمانی دووەم لە ئەنجامی فێربووندا دووچاری ئاڵۆزی گواستنەوە دەبێت، جا ئەگەر گواستنەوەکە ئەرێنی بێت، ئەوا بە ڕادەیەکی زۆر ئاسانکاری وەردەگرێت و دەتوانێت بە ئاسانی زمانی دووەم دەربڕێت، بە ڕەوانی فێری زمانی دووەم ببێت. لێرەدا پرۆسەیەکی تر و نوێ لەمەر فێربوونی زمانی دووەمەوە دێتەئاراوە، ئەویش بە پرۆسەی ئاسانکردن(Simplification) ، یاخود ( facilitation) ناسراوە.

پرۆسەی ئاسانکردن ( بە بۆچوونی لێکۆڵەران هاوشێوەی زمانی منداڵە، واتە ئاخاوتنی ڕەمەکی ئاسانکراوە ( (pidgin)[١].

هەر لەم بارەیەوە شومان(Schumann) دەڵێت: (( پرۆسەی ئاسانکردن بریتییە لە ( نەبوونێکی گشتی پێکهاتەی ڕێزمانی و لادانی زمانیی ) ئەمیش لە سەرەتای فێربوونی زمانی دووەمدا بەدیدەکرێت ))[٢].

پرۆسەی ئاسانکردن بە پرۆسەیەکی گرنگ بۆ زمانی دووەم دادەنرێت، چونکە چاککردنەوە و چوونەناوەوە (input)ی زمان ڕۆڵێکی بالآیان بۆ تێگەیشتن و گەشەسەندنی یاسا ڕێزمانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا هەیە. ئەم پرۆسەیەش لە سەرەتای فێربوونی زمانی دووەمدا چەکەرەدەکات، لەبەرئەوەی فێرخوازی زمانی دووەم بۆ دەربڕین بە دوای یاسا و کەرەستە ئاسانەکاندا دەگەڕێت، هەروەها فێرخوازی زمانی دووەم بۆ گەیاندنی پەیام بە دەوروبەر، شێواز و هونەری وشە و گرێ، یان ڕستەیەکی کاڵ و ناتەواوی کورت دەگرێتەبەر، بەمەیش توانای فێربوونی زمانی دووەمی دەردەخات، وەکو لە ڕستەکانی (27 ,28 ، 29)دا ئەم لایانە دەنوێنێت:

27- Pleas, tea .

28- Electric, Class.

29- Child , drown !

فێرخوازی زمانی دووەم لە هەریەك لە ڕستەکانی (27 ,28 ، 29)دا مەبەستێکی لە پەیامەکەیدا هەڵگرتووە، بەپێی ئاستی فێربوونی زمانی توانیویێتی ئەم جۆرە ڕستانە بە دەوروبەر بگەیەنێت. ئاخێوەری ڕەسەنی زمانەکە، یاخود فێرکەریش، بە لێکدانەوەی ئەو وشە سەرەکیانەی، کە فێرخواز لە

---

1- Gass , SelinkerLarry ؛Susan ، (2008 : 14)
2-Schumann, J . ( 1978 :83)

ڕستەیەکی کورت و ناتەواودا بەرهەمی هێناوە، دەتوانێت لە واتای ڕستەکە بگات، کە دەشێت مەبەستی لە ڕستەکانی (,30a , 31a ,32a ) بێت:

30a- Please, can you bring a cup of tea.

٣٠ب- تکایە دەتوانیت کوپێك چای بهێنێت.

31a- The electricity has short please, Leave the class.

٣١ب- کارەباکە شۆرتی هەیە، تکایە پۆل چۆلبکەن.

32a- The child was drown in Dukans water!

٣٢ب- منداڵەکە لە ئاوی دوکاندا خنکا!

با لە ڕوانگەی پرۆسەی ئاسانکردنەوە لە نموونەکانی(27 ,28 ، 29) بدوێین:

لە داواکاری و هەواڵگەیاندنی نموونەی (27) فێرخوازی زمانی دووەمدا ئەوە بەدیدەکەین، کە فێرخوازی زمانی دووەم توانای دروستکردن و پێکهێنانی ڕستەیەکی هاوشێوەی ڕستەی (30a)ی نییە، بۆیە لەلایەکەوە بەناچاری و لەلایەکی تریشەوە بە زیرەکی و لێهاتوویی خۆی تەنیا دوو وشەی سەرەکی لە تەواوی مەبەستی ئاوەزیی هەڵبژاردووە، کە وشەکانی (Please , tea)ن، .فێرخواز بەم وشانە توانیویێتی پەیامەکەی بگەیەنێت. هەریەك لە وشەکانی (Please , tea)، دوو وشەی سەرەکی و باوی زمانی دووەمن، بەتایبەتی ئاشنایەتی لەلای فێرخوازانی زمانی دووەم هەیە، چونکە لە سەرەتای دەستپێکی خوێندنی زمانی ئینگلیزیەوە ئەم وشانە بە فێرخواز دەناسرێنرێت و فێردەکرێن. ئەوەی ماوەتەوە بەشە سەرەکییەکانی دروستکردن و بەرهەم هێنانی ڕستەکەیە و دروستکردنی ڕستەی ڕێزمانی تەواوە، بەلاّم فێرخوازی زمانی دووەم خۆی لە قەرەی ڕستەیەکی تەواوی وەکو (30a) نەداوە و خۆی لێدزیوەتەوە.

لە نموونەی (28)دا فێرخوازی زمانی دووەم، لە برِی رستەیەکی هاوشێوەی(31a) دەربرِێت، ئەوا تەنیا وشەکانی(Electric , Class)ی هەڵبژاردووە، ئەم وشانە هەردووکیان ناون و هێچ کەرەستەیەکی تری ڕستەیان لەگەڵدا بە کارنەهێنراوە، واتە توانای زمانی دووەمی فێرخواز لەوە زیاتر برِی نەکردووە، بۆیە پەنای بۆ پرۆسەی ئاسانکردن بردووە.

لە نموونەی (29)دا فێرخوازی زمانی دووەم دوو کەرەستەی بنەڕەتی بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بەکارهێناوە ئەوانیش (Child , drown)ە، ئەوەی ئەم نموونەیە لە نموونەکانی (27) و (28) جیادەکاتەوە، کە ئاماژەدانە بە (Child)وەکو بکەر، (drown) وەکو کردار. بنچینەی هەموو ڕستەیەکیش لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا لە بکەر و کردار، یاخود( گرێی ناوی، گرێی کاردار)ی پێکدێت،

واته فێرخواز لە بەشەکانی ئاخاوتنی زمانی دووەم نزیك بووەتەوە و توانای لێکجیاکردنەوە و بەکارهێنانیانی هەیە، ئەگەرچی بەپێی پێویست و دروستی زمانەکەیش نەیتوانیوە ڕستەیەکی هاوشێوەی نموونەی (32a) دروستبکات.

کە واتە لە گۆشە نیگای ئەم زانیاریانەوە دەتوانیین بڵێین پڕۆسەی ئاسانکردن قۆناغێکی دیاریکراوی سادەی فێربوونی زمانی دووەمی فێرخوازانە، لەم پڕۆسەیەدا فێرخوازی زمانی دووەم بۆگەیاندنی پەیامەکەی هەوڵدەدات، کورترین وشە، یان گرێ، یاخود ڕستەی کورتی کورتکراوەی ناتەواوشبێت بەکاربهێنێت، تا خۆی لە بێدەنگی و داماوی لە زمانی دووەمدا پێدەربازبکات، ئەویش بە گرتنەبەری ستراتیژێکی زیرەکانەدەبێت، کە فێرخواز چەند وشەیەکی سەرەکی بابەتەکە لە ئاوەزیدا هەڵدەبژێرێت و زمانی دووەمی پێدەردەبڕێت.

پڕۆسەکە بۆ فێرخوازانی زمانی دووەم دەبێتە پاڵپشت و یارمەتیدەرێکی باشی پڕۆسەی فێربوونی زمانی نوێ. لە ڕوانگەی ئەم پڕۆسەیەوە هەڵەکردنی فێرخواز بە هەڵەوەرگرتن و شکستی گەورە هەژمارناکرێت، بەڵکو هەنگاوێکە بۆ پەرەسەندن و گەشەکردنی زمانی دووەم.

## ٤-١/٣) پڕۆسەی لاسایکردنەوە:

لە پڕۆسەی لاسایکردنەوەدا، کرۆکی گرنگی پڕۆسەکە بە چەمکی لاسایکردنەوە پشتی بەستووە. چەمکی لاسایکردنەوە لە قوتابخانەی زمانەوانی ڕەفتاریدا بایەخی پێدرابوو، ( بە دیدی قوتابخانەکە لەبەرکرن بە ڕێگای لاسایکرنەوە بنەمای هەموو جۆرە فێربوونێکە، ئەگەرچی پڕۆسەی لاسایکردنەوە لە ساڵانی حەفتاکانی بە جۆرێك فەرامۆشکرا، تا گەیشتە ڕەتکرنەوەی، بەڵام لەگەڵ قوتابخانەی کارەکی درکپێکردندا جارێکی تر بایەخ و گرنگی خۆی بەدەستهێنایەوە)[١]. ئەم پڕۆسەیە بە گۆشەیەکی گرنگی فێربوونی زمانی دووەم دادەنرێت، (ئەویش لە ئەنجامی لەبەرکردن و دوبارە و پاتکردنەوەی چەند وشەیەکی دیاریکراوی ئاخاوتنی فەرمی، کە فێرخواز دەیهێنێتەئاراوە، وەکو هۆکاری هەڵسوکەوتکردنی لە بارودۆخە باوەکانی ژینگەی دەوروبەردا)[٢]. لەم پڕۆسەیەدا چەند دەنگێك، یان وشەیەك دەبنە دەربڕینی باوی فێرخواز، کە بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕی، یان لاوازی زمانی دووەمی بەکاریدەهێنێت، نموونەی ئەم جۆرەیش وەکو:

---

١ - کاروان عومەر(١٣٠: ٢٠١٤)

2-Dulay, H. & Burt, M. (1973:245)

١- دەنگەکانی :

33- Oy , Er , of ….etc

٢- وشەکانی:

34 - Ok , Like , Right , yes , No , one , tow , So, …. etc

نموونەکانی(33 , 34) ئەوە دەردەخەن، فێرخواز بۆ بەردەوامبوونی لە ئاخاوتن و دەربڕین، ئەم شێوازی دەربڕینە زمانییە کورتانە بەکاردەهێنێت، تا سەرنجی دوروبەر بۆ خۆی ڕابکێشیت و کەموکوڕی کۆزانیاری زمانیی و سیستەمی زمانی دووەمی پەردەپۆشبکات، لەلایەکی تریشەوە هەنگاوێکە بۆ خۆڕاگری فێرخواز و هەلێکی باشە، تا فێربوونی باشتر بەدەستبهێنێت.

ئەوەی ئێمە لە پرۆسەی لاسایکردنەوە تێبینی دەکەین، لە دەربڕینی دەنگەکانی نموونەی (33) و وشەکانی نموونەی(34)دا، بۆ وەلامی ڕستەی پرسیاری ئاخێوەری بەرانبەرە، یان گرنگی پێدانی فێرخوازی زمانی دووەمە و مانەوەیەتی بۆ درێژەپێدانی ئاخێوەر لەو بابەتەی بووە بە کلیلی گفتۆگۆکردنی نێوانیان، لە ئەنجامی کەم تێگەیشتن، یان نەبوونی وەڵامی دروستی پڕ لە واتا و ڕێکخستنی ڕستەیەکی دروستی سینتاکسی، فێرخواز پەنا بۆ دەربرینی ئەم جۆرە نموونانە دەبات و فێرخواز ویستێتی بەم شێوازی ئاخاوتنانە دەوروبەرەکەی ڕازیبکات و شکستی توانای زمانی دووەمی پێبشارێتەوە. بۆ نموونە ئاخێوەری زمانەکە، یان کەسێکی زمانپاراوی زمانی دووەم ڕستەیەکی پرسیاری وەکو (37a, 36a, 35a) لە فێرخواز دەکات:

35a- Do you have brother and sister? ٣٥ب- ئایا خوشك و برات هەیە؟

36a-Are you free? ٣٦ب- ئایا تۆ کاتت هەیە(دەست بەتاڵی)؟

37a- How often do you go to school in a week?

٣٧ب- تۆ هەفتەی چەند جار بۆ قوتابخانە دەچیت؟

وەلامی فێرخوازان:

بۆ وەلامی ئەو جۆرە پرسیارانە فێرخوازانی زمانی دووەم بە وەلامێکی کورتی هەواڵی وەڵام دەدەنەوە، وەك:

38 a - Yes.

39 a - No.

40 a – Yes. Or- No.

لەم جۆرە وەڵامانە(40 a, 39 a ،38 a)دا فێرخواز بۆ خۆدەربازکردن و خۆشارنەوە لە وەڵامێکی درێژ و پڕ واتا و ڕۆنراو لە ڕستەی سینتاکسی لە زمانی دووەمدا لە بری ئەوەی وەڵامی ڕستەی(35a)بە شێوەی نموونەی(38a) بداتەوە، ئەوا دەبوو بە شێوەیەکی گونجاوتر وەڵامی ڕستەی (41a)ی بۆ هەڵبژێرێت.

بۆ وەڵامی ڕستەی(36a) باشتر وابوو، وەڵامی نموونەی(42a) بخرایەتەڕوو، چونکە دروستی وەڵامی پرسیارەکە وادەخوازێت بەلای کەمەوە دەبوایە ڕاناوی ( I) و کرداری یاریدەدەری (am)ی بەکاربهێنایە، واتە وەڵامی (42a)ی ڕۆبنایە. بۆ وەڵامی نموونەی(40a)یش فێرخوازان هەمان پرۆسەی لاسایکردنەویان گرتووەتەبەر، باشتر وابوو وەڵامی(43a)یان بدایەوە، بۆیە وەڵامی گونجاو دروست ئەمانەن:

41a- Yes, I have a brother and sisters. ٤١ ب- بەلێ، من خوشك و برام هەیە.

42a- **No,** I am not. ٤٢ب- نەخێر، من نیمە.

43a-I go to school **two** times in a week.

٤٣ب- من دووجار لە هەفتەیەکدا بۆ قوتابخانە دەچم.

بە تێگەشیتن لە پرۆسەی لاسایکردنەوە دەکرێت بڵێین لەم پرۆسەیەدا فێرخوازی زمانی دووەم خۆی لە وەڵامی زۆر کورت نزیك دەکاتەوە، بە شێوەیەك وەڵامەکەی کورت دەکاتەوە، وەکو تاکە مۆرفیمێك دەریدەبڕێت، کە ڕێگا بەهێچ کەرەستەیەکی تری ڕستەپێکهینان نادات. پرۆسەی لاسایکردنەوە بەشێکە لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم و جۆرە هونەرێکی فێربوونی وەڵادانەوەی پرسیارە، کە فێرخواز وەکو ئاخێوەرێکی زمانی دووەم، یاخود وەکو زمانپاراوێکی زمانی دووەم خۆی دەنوێنێت، واتە بەشە سەرەکییەکانی پرسیاری ئاخێوەر دەپەڕێنێت و بە وشەی( Yes, No)وەڵام دەداتەوە.

پشت بەستن بەم زانیاریانە پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم بۆ فێربوونی زمانی دووەم پرۆسەی گرنگن و هەلی لەبار و گونجاو بۆ پێشخستنی ئاستی فێرخوازان دروستدەکەن، لە هەرقۆناغێکدابێت، فێرخوازان دەتوانن بە هونەری جیاواز و بە زیرەکی تاکایەتی خۆیان بیکەن بە هۆکارێك، تا لەو بارودۆخ و ژینگەیەی پێویستیانە بەکاریانبهێنن. پرۆسەکانی فێربوونی زمان، تا ئەندازەیەکی دیاریکراو هاوتەریب لەگەڵ ئاستی فێرخواز بڕدەکات و دەبێتە کەرەستەیەکی فێربوون، واتە فێرخوازانی زمانی دووەم ناکرێت بۆ تەواوی ستراتیژی نێو پۆل ئەم پرۆسانە لە چوارچێوەیەکی داخراو بەکاربهێنن، چونکە بوونی

جۆرەکانی پڕۆسەکانی فێربوونی زمان ئاماژەن بۆ فرە ڕەهەندی و فرە بیری و فرە تەکنیکی لە ئاوەزیی فێرخوازاندا.

بە دیوێکی تر، تا فێرخواز شارەزایی و لێهاتوویی لە ژینگەی زمانی دووەم نزیکبێتەوە، ئەوا هێزی گەشەسەندنی کێڵگەی زمانی دەوڵەمەند دەبێت و دەکەوێتە بازنەی زمانی دووەمەوە و لە دۆخی سڕبوونی زمانی دووەم دێتەدەرەوە و کاریگەری زمانی یەکەم لەسەری کەم دەبێتەوە و بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت. هەرکاتێك فێرخواز خوی بە جۆریکی دیاریکراوی پڕۆسەی فێربوونی زمانەوە گرت و هۆگری دانەبراوی بوو، ئەنجامەکەی بە شکانەوەی زمانی دووەم کۆتایی پێدێت و فێرخواز لە ژێر تەوژمی زمانی دایکدا دەمینێتەوە و تەمەنی زمانی دووەمی باڵا ناکات و پەرەناسێنێت.

## ٢/٣ ) شیکاری هەڵەیی هەڵەی فێرخوازان:

فێرخوازانی زمانی دووەم بەردەوام بەرانبەر بە تەوژمی دەرکردەی زانست و زانیاری کەڵەکەبووی پێشینەی زمانی دایك و وەرگرتنی زانست و زانیاری نوێ و دەرکردەی ئەو زانیارییە نوێیەی زمانی دووەم، دووچاری تێکەڵ بوونی ستراتیژی جۆراوجۆردەبنەوە. ستراتیژی فێرخوازانی زمانی دووەم بەردەوام ناجێگرە و لە گۆڕانی خێرایدایە، چ بە هۆکاری زمانی یەکەم و چ بە هۆکاری فێرکار و ناو پۆل و بارووردخی ژینگەکەی، یاخود بەو هەگبە زانیارییە دەرەکییەی خۆی لە گەڵ تێپەڕبوونی قۆناغەکانی وەرگرتندا پێدەربازدەبێت. لێکنزیکبوونەوەی ئەم ستراتیژ و هۆکارانە فێرخوازی زمانی دووەم بەرەو هەڵەی جۆراوجۆردەبات.

لە ڕوانگەی شیکاری هەڵەیی و لەبەر ڕۆشنایی ستراتیژ و پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەمدا، هەڵەکانی فێرخوازانی زمانی دووەم بە نموونەی داتای وەرگیراوی خۆیان پەسنی هەڵە و دەستنیشانکردن و خستنەڕو و بەشێك لە چارەسەریان دەخەینەڕوو:

## ١-٢/٣ ) هەڵەی نووسین

نووسین لە پۆلدا شاکارێکی دیار و هونەرێکی باشی فێربوونی زمانی دووەمە. نووسین لە خوێندنەوە و دەربڕینی دەنگ و وشە و ڕستەدا بۆ خستنەڕووی ڕاستی واتای مەبەستدار و جیاکردنەوەی لە واتایەکی تر گرنگە. لە زمانی ئینگلیزیدا زمانی نووسین بایەخێکی گەورەی بە زمانەکە بەخشیووە، بۆیە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی ئەم زمانە لە فێربوونی زمانی دووەمدا گرنگە، هەر هەڵەکردنێکی فێرخواز لە ڕێنووسی زمانەکەدا کاریگەری لەسەر پرۆسەی فێربوونی زمانەکەی دەبێت.

لە ڕوانگەی شیکاری هەڵەییەوە لە داتای نموونەی وەرگیراوی فێرخوازانی قۆناغی سێیەمی بەشی زمانی ئینگلیزی دەکۆڵینەوە، ئایا لە فێربوونی زمانی دووەمدا، تا چ ئاستێك پەیرەوی لایەنی زمانی نووسینیان لە زمانەکەدا بەهەند وەرگرتووە؟

بۆ وەڵامێکی گونجاو نموونەی ئەم ڕستانەی خوارەوە بە فێرخوزانی زمانی دووەم دراوە، بۆئەوەی بەپێی توانا و لێهاتوویی و شارەزایی خۆیان بە زمانی دووەم(ئینگلیز)ی دایبڕێژنەوە:

١- ئاراڵ هات.

٢-ئەو بۆ ماڵەوە هات.

٣- ئارسی بە خێرای بۆماڵەوە هات و ڕۆیشت.

٤- - براکەی ئێمە کوڕێکی زیرەکە.

٥- تۆ و ئەو کچانە لەگەڵ من فێرخوازن.

٦- نالی شاعیری گەورەی کورد شاعیرێکی کلاسیکە.

٧ـ منداڵە هەژارەکە دوێنێ شەو، کە لەسەر شەقام خەوتبوو، نەخۆش کەوت.

٨- ئەسپکە لە پاوانەکە دەلەوەڕێت.

٩- دوو گوڵی سور لەسەر مێزەکەیە.

١٠- سەگەکە تۆپی.

١١- پیاوەکە مرد.

١٢- باران دەبارێت.

دارشتنەوەی ئەم (١٢) ڕستەیەی سەرەوە بۆ زمانی دووەم بەم شێوەیە دەبێت:

1- Aral has come.
2- He/she has come home.
3- Arsi quickly has come back home and left.

4-Our brother is a clever boy.

5- You and those girls are students with me.

6- Nali, the great Kurdish poet, is classic's.

7- The poor Child, who slept in the street last night, felt sick.

8- The horse is grazing in the pasture.

9- There are two red flowers on the table.

10- The dog has died.

11- The man has died.
12- It is raining now.

**لە كۆی نموونەی داتای وەرگیراوی فێرخوازاندا لە ڕوانگەی شیكاری هەڵەییەوە لە هەندێك لە ڕستەكانی فێرخوازی دووەم وردبینەوە و هەڵەی زمانی نووسینیان لە زمانی دووەمدا دەستنیشان دەكەین و دواتر هۆكاری بوونی ئەو جۆرە هەڵانەیش دەخەینەڕوو:**

**بۆ وەڵامی ڕستەی (١) بەم فۆڕمە جیاوازانە دەستپێكی ڕستەكانیان بۆ ناوی (Aral) داڕشتووەتەوە.**

*1a- arroel at came.

*1b- arat came

*1c- arall has coming.

*1d- aral was came

*1e- Arall come

**بۆ وەڵامی ڕستەی (٢)بەم فۆڕمە جیاوازانە دەستپێكی ڕستەكانیان بۆ جێناوی ( She/He) داڕشتووەتەوە.**

*2a-he /she come to the home

*2b- she /he had come home

*2c-he came to home.

*2d-Thet come to home

*2e-we com from in house

*2f-Her / she came home

**2g-she is come to home.

*2h-who is com to home

بۆ وەڵامی ڕستەی (٣)بەم فۆڕمە جیاوازانە دەستپێکی ڕستەکانیان بۆ ناوی(Arsi) داڕشتووەتەوە.

*3a-Arcy came and went at home in a hurry.

*3b -Arsi Which quickly come and go

*3c-archi came home quicly and then wen t.

*3d -Arsey quickly dropped by home

*3e-Aras quickly come to home and the go

*3f-Arsy came to the home fastly , and had gone.

*3g -Arse is come and back to home rapidly

بۆ وەڵامی ڕستەی (٤)بەم فۆڕمە جیاوازانە دەستپێکی ڕستەکانیان بۆ جێناوی(Our) داڕشتووەتەوە.

*4a brotherofus is a clever boy

*4b- my brother is clever boy.

*4c-My brothers' are clever

*4d-We brother is clever

*4e- ours brother is a smart boy

*4f-our brother he is intelligent

*4g- us brother is clever boy.

*4h- we have a brother he is a clever boy.

بۆ وەڵامی ڕستەی (٥)بەم فۆڕمە جیاوازانە دەستپێکی ڕستەکانیان بۆ جێناوی(You) داڕشتووەتەوە.

*5a- U and that girls with me are want to learn

*5b-you and those grils are students like me

*5c- we are volunteer

بۆ وەڵامی ڕستەی (٦)بەم فۆڕمە جیاوازانە دەستپێکی ڕستەکانیان بۆ ناوی(Nali) داڕشتووەتەوە.

*6a-famous Kurdish Poet naly is the classic Poet

*6b- Nale is a great clasical Poet

*6c-kurdish moser poet nail is a classic Poet.

*6d- nalle is Kurdis poem

*6e- a great poet nail is a kurd clasic Poet

*6f- Naly is an important Kudish poet

*6g- big kurd poet is **Nali** a classical poet.

*6h-naley big poit kurdish.

بۆ وەڵامی ڕستەی (٧)بەم فۆڕمە جیاوازانە دەستپێکی ڕستەکانیان بۆ گرێی ناوی (The poor child) داڕشتووەتەوە.

*7a- Thoes peor people that sleept in the street last night, become sick.

*7b- a porerly children yesterday had ill and sleeping in the city.

*7c- the poor children yesterday. at the sleepy in the street will be sick.

*7d- a poor child yesterday , which he sleept , he had getting sick

*7e- The boy who sleep at street last night , fell sick.

*7f- The poor childer was sick

*7g- yesterday the poor chid that sleep on the street . become sick

بۆ وەڵامی ڕستەی (٨)بەم فۆڕمە جیاوازانە دەستپێکی ڕستەکانیان بۆ ناوی ناسراوی (The horse) داڕشتووەتەوە.

*8a- the hourse

*8b- the horse eats in the hild.

*8c- the Horse is eating in the lawn

*8d- A hours gred in the

*8e- the hors is

بۆ وەڵامی ڕستەی (٩)بەم فۆڕمە جیاوازانە دەستپێکی ڕستەکانیان بۆ گرێی ناوی (Two red flowers) دارشتووەتەوە:

*9a- the to red flowers is on the table.

*9b- there is two red flowers under the table

*9c- two red Rose are in the table.

*9d- 2 reds' flower on the table.

*9e- there are tow Red Roses on the table.

*9f- here tow flowors in the tabble.

*9g- tow flowers red on the table.

بۆ وەڵامی ڕستەی (١٠)بەم فۆڕمە جیاوازانە دەستپێکی ڕستەکانیان بۆ ناوی ناسراوی (the dog) دارشتووەتەوە:

*10a- the Dog was die

*10b- A dog murder

*10c- dog was died.

*10d- doj they died.

*10e- dug is deid

بۆ وەڵامی ڕستەی (١١)بەم فۆڕمە جیاوازانە دەستپێکی ڕستەکانیان بۆ ناوی ناسراوی (the man) دارشتووەتەوە:

*11a- A man died

*11b-the min died

*11-c-mann the died

*11d- The men is died.

بۆ وەڵامی ڕستەی (١٢)بەم فۆڕمە جیاوازانە دەستپێکی ڕستەکانیان بۆ ناوی (rain) داڕشتووەتەوە:

*12a- Raing is down.

*12b-thwe rain fall

*12c- its' running

*12d- It is raining

بەتێڕوانیین لەم نموونانە ئەوە بەدیدەکەین فێرخوازانی زمانی دووەم، بە شێوازی جیاواز و لێکدانەوی جیاواز ڕستەکانییان داڕشتووەتەوە، گرنگی زمانی نووسین لە پاڵ بەشەکانی تری فێربوونی زمان لە نێو پۆلدا ئەو بایەخەی بەهەند وەرنەگیراوە، بۆیە بەشێکیان دووچاری هەڵەی زمانی نووسین بوونەتەوە، وەکو لەم خاڵانەدا دەیانخەینەڕوو:

## أ- پیتی گەورە:

لە زمانی ئینگلیزیدا دەستپێکی هەموو ڕستەیەك بە پیتی گەورە(capital)ی ئینگلیزی دەنووسرێت، جا ئەو دەستپێکە ناو، جێناو، ئاوەڵناو، یاخود هەر کەرەستەیەکی بە لوتکەکراوی ڕستەکەبێت، ئەوا پێویستە بە پیتی گەورەی ئینگلیزی بنووسرێت و پیتی دواتری وشەکەیش پێویستە بە فۆڕمی پیتی بچووکی ئینگلیزی بنووسرێت. بەلام لە نموونە وەکو ڕستەکانی:

,6g), (5c) ,(2h,2g,2e,2c,2b,2a) (4h ,4g,4f, 4b,4a) , (3h), ،(1d,1c,1b,1a)

( 11c ,11b) , (10c ,10a) , (9g, 9f,9e) ، (8e ,8a) , ( 6g ,7e ,7c) ، (6e,6a

. ( 12c,12b) ,

لەلایەن فێرخوازانی زمانی دووەمەوە لادان لە یاسایی زمانی نووسینی دووەم(ئینگلیزی)کراوە.

**له داتای بەردەستی ئەم نموونانەدا بەشێك له هەڵەی فێرخوازانی زمانی دووەم له زمانی نووسیندا بەدیدەکەین، بە جۆرێك فێرخوازانی زمانی دووەم پرۆسەی گواستنەوی نەرێنی زمانیان بە ڕێژەی (٤، ٣٩٪) بەکارهێناوە.**

**دەکرێت بەشێك لەم جۆرە هەڵەکردنانەی فێرخواز بۆ ئەم هۆکارانه بگەڕێتەوە:**

**- کاریگەری زمانی یەکەمی فێرخواز لەسەر زمانی دووەمی، چونکە لە زمانی کوردی و بە شێك لەو زمانانەی بە ڕێنووسی ئەلف و بێی عەرەبی دەنووسن ، هیچ جیاوازیەك لە نووسینی پیتی گەورە و بچووکدا نییە و دەستپێکی هەموو ڕستەیەك بە یەك جۆر پیت دەنووسرێت، واتە پیتی گەورە و بچووك لە ڕێنووسی نووسینی زمانەکەدا بوونی نییە.**

**- دەشێت لە فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا، وەکو پێویست بایەخ بەم جۆرە جیاوازییەی شێوازی (ئەلف و بێ) نەدرابێت، لەبەرئەوەی فێرخوازانی کورد هەر لە قۆناغی باخچەی ساوایان و سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی وانەی فێربوونی زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی دووەم دەخوێنن، هەروەها لە بەشی زمانی ئینگلیزیشدا وانەی جۆراوجۆری پەیوەست بە ڕێنووس و شێوازی نووسینی زمانی ئینگلیزی دەخوێندرێت.**

## ب- جیاوازی لە نووسینی ڕێنووسی نێوان ناوی تایبەت و ناوی گشتی:

**لە زمانی ئینگلیزیدا هەموو ناوێکی تایبەت(proper noun)، جا پیتی یەکەمی ڤاوڵ، یان کۆنسنات بێت، ئەوا لە سەرەتای ڕستە، یاخود لە هەر شوێنێکی ڕستەدا بێت، ئەوا بە پیتی گەورە (capital)ی ئینگلیزی دەنووسرێت.**

**بەوردبوونەوە لە نموونەی داتای فێرخوازانی زمانی دووەم، درك بەوەدەکەین، بەشێك لە فێرخوازانی زمانی دووەم ئەم خاڵەیان بەهەند وەرنەگرتووە و کەوتوونەتە هەڵەی ڕێنووس(spelling)وە.**

**وەك:**

**ڕستەکانی** (1d,1c,1b,1a)،(6g , 6e ,6a) , (3c)

**لەم نموونانەدا جیاوازی لە نێوان ناوێکی تایبەت (proper noun) و ناوێکی گشتی ( common-noun) نەکراوە، لەبەرئەوەی لە نموونەی داتاکانی (1d,1c,1b,1a)دا دەبێت بە پیتی گەورە بنووسرێت و بەم جۆرە بێت:**

دەبنە (6g , 6e ,6a)، (3c)هەروەها لە نموونەی ، (1d-Aral,1c-Arall,1b- Arat,1a- Arroel)

.(6g -Kurd, 6e-Kurdish ,6a-Nali) ، (3c-Archi)

لەم جۆرە هەڵەکردنی ڕێنووس(spelling)دا فێرخوازانی زمانی دووەم پرۆسەی گواستنەوەی نەرێنی زمانیان بە ڕێژەی (٢، ٢٨ ٪ ) بەکارهێناوە.

## پ- خاڵبەندی:

لە فێربوونی زمانی دووەمدا، بایەخدان بە خاڵبەندی(punctuaion) پێویستە، بۆ ئەوەی فێرخوازان لە داڕشتن و بەکارهێنانی واتا و گوزارشتی مەبەستدار دوورنەکەونەوە ، بەکارهێنانی خاڵبەندی فێربوونی زمانی نووسین و ڕێنووسی دیاریکراوی زمانەکە بۆ فێرخواز بەرجەستەدەکات. بۆ دەرخستنی توانای فێربوونی فێرخوازان چەند نمونەیەك لە داتای وەرگیراوی فێرخوازان دەخەینەڕوو:

وەك:

*1e-Arall come

*2b- she /he had come home

*3b- Arsi Which quickly come and go

*4c- My brothers' are clever

*5b- you and those grils are students like me

*6b- Nale is a great clasical Poet

*7f- The poor childer was sick

*8c- the Horse is eating in the lawn

*9b- there is two red flowers under the table

*10a- the Dog was die

*11a- A man died

*12d - It is raining

لە ڕوانگەی شیکاری هەڵێیەوە داتای وەرگیراوی ئەم نموونانە (1e, , 2b ,4c 3b , 5b , 6b , 7f , 8c
11a, 9b , 10a , , 12d) و نموونەی ڕستەکانی:

(1e,1d,1c,1b)، (3g,3e, 3d, 3b), (4g ,4e,4d, 4c,4a) , (2h,2f,2e, 2b,2a),
(5c,5b,5a)

( 6 b,6f ,6c,6d,6b,6a) , ( 7g ,7f ,7d) ، (8d ,8c ,8a) , (9b) , (10b ,10a) , ( 11c
11b,11a, ، (12d,12c,12a). دەخەینەڕوو.

لە ئاستی سینتاکسیدا هیچ نموونەیە لەم ڕستانەی فێرخوازانی زمانی دووەم ناچنە نێو چوارچێوەی ڕستەوە، چونکە هەموو ڕستەیەك پێویستە لە کۆتاییدا خاڵێك، یاخود نیشانەی پرسیار، یان هەرنیشانەیەکی تری پەیوەست بەمەبەستی واتای ڕستەکەوەی بۆدابنرێت.

**لەکۆی(٦٠٠)ڕستەی فێرخوازان (٣١٦) هەڵەی خاڵبەندی لە کۆتایی ڕستەدا هەیە: کە دەکاتە ( ٨, ٥١%) .**

**(ببب□)** ڕستە

(**□تر□**)هەڵەی خاڵبەندی

**(ترلھ% )**-ڕێژەی هەڵەی خاڵبەندی لە کۆتایی ڕستەدا

لە هەڵەی خاڵبەندیدا فێرخوازانی زمانی دووەم پرۆسەی گواستنەوەی نەرێنیان بە (٥١%) بەکارهێناوە، واتە لە کۆی (٦٠٠) ڕستە، (٣١٦) هەڵەی خاڵبەندیان تەنیا لە کۆتایی ڕستە ئەنجامداوە. ئەم ڕێژە بەرزە کە لەسەرەوەی (٥١%)ە، ئاماژەیە بۆ بوونی چەندین هەڵەی تری خاڵبەندی و ڕێنووس لە وەڵامی داتای فێرخوازانی دووەم.

## ت- گۆڕین و داڕشتنی شێوازی نووسینی جیاواز بۆ ناوە تایبەتەکان:

بەشێك لە فێرخوازانی زمانی دووەم بەپێی لێکدانەوە و داڕشتنی بیرۆکەی جیاوازی خۆیان هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو ناوە کوردیانە دەکەن ، کە لە نموونەکاندا هاتووە. ئەم جۆرە داڕشتنی شێوە جیاوازانەش لە زمانی نووسیندا دووچاری هەڵەی ڕێنووسی زمانی دووەمیان دەکات و فێرخواز لە فێربوونی زمانەکەدا لەنگی لە تێگەیشتنیدا دروستدەکات.

لە ڕوانگەی شیکاری هەڵەییەوە با هەندێك لە داتای وەرگیراوی شێوازی جیاوازی نموونەکان بخینەڕوو:

لە نموونەی ڕستەکانی (1)دا ناوی (ئاراڵ) بەم شێوە جیاوازانە بەرانبەر بە **(Aral)** ی ئینگلیزی داڕێژراون :

.(1e- Arall ,1d- aral,1c- arall,1b- arat,1a- arroel)

له نموونەی ڕستەکانی (3)دا ناوی (ئارسی) بەم شێوە جیاوازانە بەرانبەر بە **(Arsi)** ی ئینگلیزی داڕێژراون :

.(3g -Arse,3f- Arsy , 3e-Aras , 3d -Arsey , 3-c archi , **<u>3b Arsi </u>**, 3a- Arcy)

له نموونەی ڕستەکانی (6)دا ناوی (نالی) بەم شێوە جیاوازانە بەرانبەر بە **(Nali)** ی ئینگلیزی داڕێژراون:

.( 6g- **<u>Nali</u>** ,  6f- Naly6d-nalis,6c- nalle ,6b- Nale ,6a- naly)

له نموونەی ڕستەکانی (7)دا ناوی (منداڵ) بەم شێوە جیاوازانە بەرانبەر بە **(child)** ی ئینگلیزی داڕێژراوە :

(7g-chid , 7f -childer ,7d-boy , 7d-child ,7b-children,7a-people)، یاخود له هەندیك نموونەی داتای وەرگێراوەکاندا (baby, kid, kide, boy, children, chilldern) بەکارهاتووە.

له نموونەی ڕستەکانی (8)دا وشەی ناوی (ئەسپ) بەم شێوە جیاوازانە بەرانبەر بە **(horse)** ی ئینگلیزی داڕێژراوە : (8e- hors , 8d-hours , 8c- Horse,8b- horse, 8a- hourse).

له نموونەی ڕستەکانی (9)دا ناوی (گوڵ) بەم شێوە جیاوازانە بەرانبەر بە **(flower)** ی ئینگلیزی داڕێژراوە:

.(9c Rose , 9a- flower)

له نموونەی ڕستەکانی (10)دا ناوی (سەگ) بەم شێوە جیاوازانە بەرانبەر بە **(dog)** ی ئینگلیزی داڕێژراون :

. (10e- Dug ,10d-doj,10b- dog , 10a- Dog)

له نموونەی ڕستەکانی (11)دا ناوی (پیاو) بەم شێوە جیاوازانە بەرانبەر بە **(man)** ی ئینگلیزی داڕێژراوە:

. ( 11d-men ,11-c- mann , 11b- min , 11a- man)

لە نموونەی ڕستەکانی (12)دا ناوی (باران) بەم شێوە جیاوازانە بەرانبەر بە (rain) ی ئینگلیزی داڕێژراوە:

. (12c runn , 12b- rain , 12a- Raing)

بەسەرنجدانی داتا وەرگیراوەکان دەگەینە ئەو بڕوایەی جۆرە هەڵەیەکی دیار و ئاشکرا لە لای فێرخوازانی زمانی دووەم بەدیدەکرێت، ئەو هەڵەکردنەیش بە بەشێك لە کەموکوڕی فێربوونی زمانی دووەم دادەنرێت، چونکە لە نموونەی ڕستەکانی(1)دا چەند شێوازێکی جیاوازی ڕێنووس لە زمانی نووسیندا نیشاندەدەن، ئەم جیاوازیانەش لە گۆڕینی پیتی گەورە بۆ بچووك نیشانەی گۆڕینی تایبەتمەندی ناوی (ئاڕاڵ)ە بۆ کەرەستەیەکی تری ڕستە وەکو کردار خۆی دەنوێنێت، لە شێوەیەکی تردا ناوی ئاڕاڵ بە دوو(ڵ)-Arall - نووسراوە.

لە ئێستادا لە بەڕێوبەرایەتی پاسەپۆرتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەر ناوێك پیتی(ڵ)ی تێدابێت، ئەوا بە یەك (L)ی ئینگلیزی دەنووسرێت، تەنیا ئەو ناوانە نەبێت، کە وشەی (الله)ی تێدایە، وەکو (عەبدولاّ، سەعدولاّ، خێروڵا،.........هتد) ئەم ناوانە بە دوو(LL)– دەنووسرێت، وەکو (Abdu**lla**). لە نموونەی داتای (3)دا ئەو فرە جۆری ڕێنووسی زمانی نووسینە، گەیشتۆتە ئاستێك فێرخواز ناوی (Arsi) بۆ (Aras ، archi) گۆڕیوە، واتە ئەم گۆڕانە بە هەڵەی فێربوون لەسەر فێرخواز هەژمار دەکرێت.

لە داتای نموونەی (6)دا ناوی (نالی) شاعیری کورد، کە شاعیرێکی ناودار و ئاشنایە لە دیدی زانستی و ئەکادیمی فێرخوازان، بەڵام لە هەندێك نموونەدا وەکو ناو بە دیاریکراوی نیشانیان نەداوە، وەکو نموونەی (nalai)، هەروەها بە چەند شێوازێکی ڕێنووسی جیاوازی نووسین خراوەتەڕوو.

لە نموونەی (7)دا ناوی (منداڵ) بە چەند شێوازێکی جیاوازی نووسین و تەنانەت بەچەند ناوێکی تر گوزارشتی لێکراوە، واتە تەواوی واتای سەرەکی ناوی (منداڵ)ی لە دەستداوە، وەکو بە( baby, kid ,boy) ی دەربڕاوە، لەم شێوە جیاوازانەدا (kid)واتای بێچوو، یاخود منداڵی بچووك دەدات، (baby) واتای منداڵی ساوا، یان تەمەنی خوار قوتابخانە دەبەخشێت. لەلایەکی ترەوە ناوی (boy) لەلای فێرخواز بە ڕستەکە بەخشراوە، کە واتای منداڵ بە دروستی نادات، بەڵکو لە واتای وشەی ناوی( کوڕ) نزیك دەبێتەوە، نەك ناوی واتای گشتی منداڵ کە (کچ و کوڕ) لەخۆدەگرێت.

لە نموونەکانی (8)دا وشەی ناوی (ئەسپ) بە شێوازای جیاواز بەرانبەر بە (**horse**) بەکارهاتووە، بەڵام فێرخوازانی زمانی دووەم لە نموونەکانی (8)دا باشتر لە واتای ناوە پێدراوە کوردییەکە نزیك بوونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵەی ڕێنووس ڕێگای بۆخۆشکردوون، تا بکەونە هەڵەوە.

له نموونەی ڕستەکانی (9)دا وشەی ناوی (گوڵ) بەرانبەر بە (**flower**) ی ئینگلیزی دەوەستێت، بۆ ئەو مەبەستە فێرخوازانی زمانی دووەم وشەی(Rose, flower) یان بەکارهێناوە، ئەم وشانە لە زمانی دووەمدا هاوواتای یەکترنین و جیاوازن، کەواتە بەرانبەر بە زمانی یەکەمیش واتایان جیاوازە، وشەی (flower) نزیکتر و گونجاوترە لە (rose) بۆ وشەی ناوی (گوڵ)، چونکە ناوی(rose) زیاتر تایبەتە بە جۆرە گوڵێك، کە پێیدەڵێن گوڵی ڕۆز.

له نموونەی ڕستەکانی (10) ، (11)، (12)دا ، فێرخوازان وەکو بە شێك لە ڕستەکانی پێشتر لە بەکارهێنانی پیتی گەور و بچووك بۆ ناوەکانی(rain ,man, dog) هەڵەی ڕێنووسیان ئەنجامداوە.

له نموونەی(10)دا بەرانبەر بە(dog)ی ئینگلیزی وشەکانی(Dug , doj)یان بەکارهێناوە. لە نموونەی(11)دا بەرانبەر بە(man)ی ئینگلیزی وشەکانی(men، mann , min )یان بەکارهێناوە. لە نموونەی(10)دا بەرانبەر بە(rain)ئینگلیزی وشەی(Raing)یان بەکارهێناوە.

لەم جۆرە هەڵەکردنەدا ( ٢٦٪ )ی فێرخوازانی زمانی دووەم هەڵەیان ئەنجامداوە.

کەواتە لە پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەمدا لە هەڵەی ڕێنووسدا بەم ڕێژە جیاوازانە هەڵەی ڕێنووس لەلایەن فێرخوازانەوە بەکارهێنراوە، بریتین لە :

پرۆسەی **گواستەوەی** زمان بە ڕێژەی( ٦، ٣١٪ ).

پرۆسەی گواستنەوەی نەرێنی زمان بە ڕێژەی (١ ، ٣٠ ) .

پرۆسەی گواستنەوەی ئەرێنی زمان بە ڕێژەی (٥ ، ١٪).

پرۆسەی دارشتن و ئەبستراکتکردن (١ ، ٢٪).

پرۆسەی ئاسانکردن (١ ، ١٪).

پرۆسەی لاسایکردنەوە (١ ٪).

## پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم زمان (processes of Second languag Learning)

## نووسین




هێڵکاری(1) Chart

لەڕوانگەی شیکاری هەڵەییەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی هەڵەی زمانی نووسین بەشێکی تری هەڵەی فێرخوازانی زمانی دووەمە، چونکە هەر هەڵەکردنێك لە فێربوونی زمانی نووسیندا، هەڵەکردنە لە گوزارشتکردنی زمانی فێرخوازان. بۆ کەمکردنەوەی هەڵەی زمانی نووسین و شێوازی ڕێنووس لە زمانی دووەمدا، پێویستە لە قۆناغەکانی خوێندن بەگشتی و لە ئاستی زانکۆدا ستراتیژیەکی گشتگیرتر و وردتر دابرێژرێتەوە، فێرخوازان باشتر و بە شێوەی پراکتیکی بۆ فێربوونی زمانی دووەم و کەمکردنەوەی هۆکارەکانی کاریگەری زمانی یەکەم ڕابهێنرێن ، تا دەگەنە ئەو ئاستەی توانای جیاکرنەوەی شێوەی زمانی نووسین لە زمانی یەکەم و زمانی دووەمدا تەواو لەیەکترجیادەکەنەوە و بۆ هەریەکەیان ستراتیژێك لە گوزارشتکرن دەگرنەبەر.

## ٢-٢/٣ ) هەڵەی فۆنۆلۆژی:

فێرخوازانی زمانی دووەم لە پاش قۆناغی فێربوونی زمان ، کە لە قۆناغ، یاخود ئاستی وەرگرتنی زمانی دووەمدا خۆی لە بیستن و خوێندنەوە کۆدەکاتەوە، پێوستە خۆیان لەگەڵ ئەو دەنگانە ڕابهێنن، کە مەبەستیانە لە قۆناغ و ئاستی دەربڕین و نووسیندا، ئەویش دەرکردەیە، گوزارشتی ڕاستەقینەی فێربوونی زمانی دووەمییان لە زمانەکەدا بۆ گوێگر و خوێنەری دەوروبەریان نیشانبدەن.

فۆنیمی زمانی ئاخێوەر(ئینگلیزی)، بەکارهێنان و درکاندنی لەلای فێرخوازانی زمانی دووەمەوە، کارێکی سوك و سانانییە، چونکە دەبێت فۆنیمی زمانەکە، یان بە دەنگی زارەکی، یاخود گوزارشتکرنی ئەو دەنگانە بە شێوەی نووسین بخرێتەڕوو. لەو دەربڕین و خستنەڕووەدا فێرخوازانی زمانی دووەم هەڵەی جۆراوجۆردەکەن، با لە ڕوانگەی شیکاری هەڵییەوە لە بەشێك لە هەڵەکانیان وردبینەوە، بۆ ئەو مەبەستە نموونەی داتای وەرگیراوی فێرخوازان دەخەینەڕوو:

### أ- گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی تر:

لە فێربوونی زمانی دووەمدا فێرخوازان دووچاری گوڕینی دەنگەگان لە شوێنی یەکتردەبنەوە، ئەمیش وادەکات هەڵەی زمانی لە وێناکردنی درکاندندا بێتەئاراوە، ئەویش بە گۆڕانی دەنگێك بە دەنگێکی تر، ئەم دیاردەیەش لەم شوێنە جیاوازانەی وشەدا ڕوودەدات:

**-گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی تر لەسەرەتای وشەدا:**

وەك:

1-**C**hild ------- **g**hild
2-**P**ashew - ----- **b**ashew
3- **P**oet ------- **b**oet

بە ڕوانیین لەم نموونانە گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی تر لەسەرەتای وشەدا، فێرخوازانی بەرەو هەڵەی واتایی لە گوزارشتکردن بۆ وشەی مەبەست و واتای مەبەستدار بردووە، بە جۆرێك شێوەی نووسینی وشەکە و واتاکەی لە شێوەی بنەڕەتی خۆی لایداوە، نەك هەر ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی)، بەڵکو بەکارهێنەرێکی تری دەرەوەی زمانەکەیش درك بەم جۆرە گۆڕانی واتا و شێوەیە دەکات. وەکو لە نموونەی(1)دا لە وشە [Child] دا فۆنیمی / **C** /ی سەرەتای وشەکە گۆڕاوە بۆ فۆنیمی/ **g**/ بووە بە [**g**hild]و واتای وشەی یەکەمی، کە (منداڵ)ە لە دەستداوە و هیچ واتایەك ناگەیەنێت. لە

نموونەی(2)دا لە وشەی [Pashew]، فۆنیمی سەرەتای وشەکە گۆڕاوە بۆ / **b**/ ، بووە بە [**b**ashew]ئەم وشەیە نەك هەر لە زمانی دووەمدا بەڵکو گۆڕانە لە زمانی یەکەمیشدا و هیچ واتایەك بەدەستەوە نادات. هەروەها لە نموونەی(3)ی وشەی [**P**oet]دا فۆنیمی /**p** / گۆڕاوە بۆ / **b**/، ئەو گۆڕانە واتای وشەی بنەڕەتیەکە (یەکەم)، کە شاعیر دەگەیەنێت لە دەستداوە، بگرە لە زمانی دوومیشدا وشە گۆڕاوەکە هیچ واتایەك نادادبەدەستەوە.

**لە گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی تر لەسەرەتای وشەدا،** لە پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەمدا ڕێژەی جیاوازی بەکارهێنانی لەلایەن فێرخوازانی زمانی دووەمەوە بەدیدەکەین، بەجۆرێك کە:

پرۆسەی گواستەوەی نەرێنی بە ڕێژەی( ٢، ٢٣ ٪ ) لە نموونەی(1 ,2، 3) لای فێرخوازانی زمانی دووەمەوە ئەنجامدراوە.

پرۆسەی داڕشتن و ئەبستراکتکردن بە ڕێژەی( ٤ ، ٤ ٪ ) لە نموونەی((1 ,2، 3)لای فێرخوازانی زمانی دووەمەوە ئەنجامدراوە.

پرۆسەکانی تری فێربوونی زمانی دووەم، هیچ کاریگەری و بەکارهێنانێکیان لەسەر فێرخوازانی زمانی دووەم لەم جۆرە گۆڕانی دەنگە دروستنەکردووە، کە ڕێژەیان بریتییە لە:

پرۆسەی ئاسانکردن (٠٪).

پرۆسەی لاسایکردنەوە ( ٠٪).

**ب-گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی تر لە ناوەڕاستی وشەدا:**

**وەك:**

4-Pa**sh**ew ------ Pa**ch**ew

5-Ar**si** ------- Ar**chi**

6- fl**o**wer ------ fl**e**wer

7- d**o**g ----- d**e**g

8-m**an** ------ m**en**

9-t**wo** ------- t**uo**

به تێڕامان لە داتاکان، گۆڕانی فۆنیمێك لە ناوەڕاستی وشەکاندا گۆڕینی واتایی بە دوای خۆییەوە هێناوە، بەڵکو لە هەنێك وشەدا هەر هیچ واتایەکی تر بەدەستەوە نادات: بۆ نموونە :

لە نموونەی(4) و (5)ی[**P**ashew] ، [Arsi] دا دوو ناون پەیوەستن بەواتا و فەرهەنگی دیاریکراوی زمانی یەکەمەوە، بۆیە بە گۆڕینی فۆنیمی / **sh**/ بۆ / **ch**/ لە ناوی (Pa**she**w)دا هیچ پێوست بە زانیاری فەرهەنگی و زمانی لە زمانی دووەمدا ناکات، تا فۆنیمی/ **sh**/ بۆ / **ch**/ بگۆڕدرێت ، یان لە ناوی (Arsi)دا هەمان هەڵەیان دوبارە کردووەتەوە و فۆنیمی/ **s**/ بۆ / **ch**/ گۆڕاوە، لە زمانی دووەمیشدا وشەی لەم جۆرە / **ch** / لە بڕی / **s** /دا بەکارنایەت.

لە نموونەی(6)دا وشەی [fl**o**wer]گوڵ، فۆنیمی / **o**/ گۆڕاوە بۆ / **e** / بەم گۆڕانە وشەی گوڵ واتای لە زمانی دووەمدا لە دەستداوە، بە جۆرێك وشەی [fl**e**wer] ش لە زمانی دووەمدا واتای نییە.
لە نموونەی(7)دا وشەی [d**o**g]سەگ، فۆنیمی / **o**/ بۆ / **e**/ گۆڕاوە، واتە [d**e**g] هیچ واتایەکی لە زمانی دووەمدا نییە.
لە نموونەی(8)دا وشەی [m**a**n]پیاو، ناوێکی گشتی تاکە بە گۆڕینی فۆنیمی / **a**/ بۆ / **e**/ گۆڕاوە، بووە بە[m**e**n] پیاوان، واتە لە ناوێکی تاکە وە گۆڕاوە بۆ ناوێکی کۆ بەوەش واتای خودی وشەکەی لە ڕووی کەس و ژمارەوە گۆڕیوە و کاریگەری لەسەر واتای وشەکە لە نێو ڕستەدا دەبێت.
لە نموونەی(9)دا وشەی [two]دوو- واتای ژمارە دوو دەگەیەنێت، بە گۆڕینی فۆنیمی وشەکە لە ناوەڕاستدا / **w**/ بۆ / **u**/ گۆڕاوە، بەم جۆرە وشەی [two] بووە بە [t**u**w]، واتە لە ژمارەوە گۆڕاوە بۆ وشەیەك، کە لە فەرهەنگی زمانی دوومدا هچ واتایەکی نییە.
لە گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی تر لە ناوەڕاستی وشەدا، لە پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەمدا ڕێژەی جیاوازی بەکارهێنانی لەلایەن فێرخوازانی زمانی دووەمەوە بەدیدەکەین، بەجۆرێك کە:

پرۆسەی گواستەوەی نەرێتی زمان بە ڕێژەی( ٤ ، ٣١ ٪ ) لای فێرخوازانی زمانی دووەمەوە ئەنجامدراوە.

پرۆسەی داڕشتن و ئەبستراکتکردن بە ڕێژەی( ٢ , ١٩٪ ) لای فێرخوازانی زمانی دووەمەوە ئەنجامدراوە.

پرۆسەی ئاسانکردن (٠٪).

پرۆسەی لاسایکردنەوە ( ٠٪).

**پ-گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی تر لە کۆتایی وشەدا:**

وەك:

10- Ara**l** -------- Ara**t**
11-Ars**i** -------- Ars**e** - Ars**y**
12-Nal**i** --------- Nal**e** - Nal**y**
13-Pashe**w** -------- Pashe**u** - Pashe**o**
14-Poe**t** --------- Poe**i** - Poe**l**

بە سەرنجدان لەم داتایانەی فێرخوازان، هەڵەی فێرخوازان لە گۆڕانی واتای مەبەستی دیاریکراوی وشەی زمانی یەکەم بۆ زمانی دووەم دەردەکەوێت، ئەویش لە گۆڕانی فۆنیمی کۆتایی وشەوە سەرچاوەدەگرێت.

لە نموونەی(10)دا وشەی ناوی[Ara**l**] - ئاڕاڵ، کۆتا فۆنیمی ناوەکە لەلای فێرخوازەوە گۆڕاوە بۆ [Ara**t**]، واتە فۆنیمی / **L**/ بۆ / **t**/ گۆڕاوە، بەوەش وشە گۆڕاوەکە وەکو هەموو ناوێکی تایبەت واتایەکی تری جیاواز دەبەخشێت. لە نموونەی(11)دا وشەی ناوی[Ars**i**] ئارسی، کۆتا فۆنیمی ناوەکە لەلای فێرخوازانەوە گۆڕاوە بۆ[Ars**e**] ، [Ars**y**] ، واتە فۆنیمی / **i**/ بۆ / **e**/ ، / **y**/ گۆڕدراوە، بەویش ناوی تایبەتی (Ars**i**) وەکو هەموو ناوێکی تر بەو گۆڕانکاریانەی بەسەریدا هاتووە، واتای تەواو گۆڕداروە و بووە بە ناوێکی تری سەربەخۆی تایبەت وە دەبێت بە خوێندنەوەیەکی نوێ لەگەڵ ژینگەکەدا بگونجێنرێت و بەکاربهێنرێت. وەکو ئەم ناوانەی زمانی کوردی مامەڵەی جیایان بەپێی واتاکەی لەگەڵدا بکرێت (ئاڕا**ڵ**، ئارا**م**، ئارا**س**، ئارا**ز**، ئارا**ن**).

بە تێڕامان لە نموونەی(12)دا لە ناوی [Nal**i**] نالی دا، هەمان هەڵەی فێرخوازانی زمانی دووەم بەدیدەکەین، کە کۆتا فۆنیمیان گۆڕیوە و لێکدانەوەی جیایان بۆ واتای وشەکان بە دوای خۆیاندا هێناوە، وەکو گۆڕینی فۆنیمی / **i**/ بۆ / **e**/ ، / **y**/ ، بوون بە ناوی [Nal**e**] ، [Nal**y**].

ئەم جۆرە گۆڕانە لە نموونەی(13)دا لە ناوی تایبەتی [Pashew]دا بوونی هەیە و کۆتا فۆنیمی ناوەکە لە فۆنیمی / **w**/ بۆ / **u**/ ، / **o**/ گۆڕاوە و بوون بە ناوی [Pashe**u**]،[Pashe**o**] .

لە نموونەی(14) لە وشەی [Poe**t**] شاعیر، فێرخوازانی زمانی دووەم هەڵەی گۆڕینی فۆنیمیان لە کۆتایی وشە ئەنجامداوە، کە فۆنیمی / **t**/ **بۆ** / **i** / ، /**L** / گۆڕدراوە و بوون بە[Poe**i**] ،[Poe**l**] ئەم جۆرە هەڵەکرنە لای فێرخوازن، دەشێت بە هەڵەیەکی گەورە تێبڕوانیین، چونکە وشەی [Poe**t**] ، وشەیەکی باوە و لە قۆناغەکانی پێش زانکۆ و بە تایبەتی لە قۆناغی یەکەم و دووەم و سێیەم لە بابەتەکانی ئەدەبدا دەخوێندرێت و وەکو کەرەستەیەکی سەرەکی بابەتەکان بەکاردەهێنرێت.

لە گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی تر لە کۆتایی وشەدا، لە پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەمدا ڕێژەی جیاوازی بەکارهێنانی لەلایەن فێرخوازانی زمانی دووەمەوە بەدیدەکەین، بەجۆرێك کە:

پرۆسەی گواستەوەی نەرێنی زمان بە ڕێژەی( ٣ ، ٣٠ ٪ ) فێرخوازانی زمانی دووەم ئەنجامدراوە.

پرۆسەی گواستەوەی ئەرێنی زمان بە ڕێژەی( ١ ، ١٦ ٪ ) لای فێرخوازانی زمانی دووەم ئەنجامدراوە.

پرۆسەی داڕشتن و ئەبستراکتکردن بە ڕێژەی( ١ , ١١٪ ) لای فێرخوازانی زمانی دووەمە ئەنجامدراوە.

پرۆسەی ئاسانکردن (٠٪).

پرۆسەی لاسایکردنەوە ( ٠٪).

به تێروانیین و تێگەیشتن لە داتای هەڵەی فۆنۆلۆژی نموونەکانی فێرخوازانی زمانی دووەم، درك بە دووخاڵی گرنگ دەکەین:

أ- لە پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەمدا ڕێژەی جیاوازی بەکارهێنان لە گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی تر بەدیدەکەین، ئەویش بۆ هۆکاری شێوەی جیاوازی بیرکردنەوە و تێڕوانینی فێرخوازەکان بۆ ئەم جۆرە گۆڕانە دەگەڕێتەوە. هۆکاری بەکارنەهێنانی پرۆسەی ئاسانکردن و پرۆسەی لاسایکردنەوەیش، کە ڕێژەی بەکارهێنانیان( ٠٪)ە، بۆ ئەو فۆڕمی ڕاپرسییەی بە فێرخوازانی زمانی دووەمدراوە، بە ڕێنووسی زمانی یەکەم(کوردی) نووسراوە دەگەڕێتەوە ، بۆیە فێرخوازان نەیانتوانیوە، ئاستی تێگەشتنیان بەرزبکەنەوە و سوود لەم دوو پرۆسەیە ببینن و بەکاریبهێنن.

ب- لە ستراتیژی فێرخوازاندا بۆ خستنە ڕووی توانای فێربوونیان، دوو ستراتیژی جیاواز لە یەککاتدا پەیرەو دەکرێت، ئەویش ستراتیژی پێشینەی زمانی دایك و ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەمە، لەم باردودۆخەدا ناتوانن کۆنترۆڵی تەواوی توانای خۆیان بۆ دەربڕینی زمانیی بکەن و فۆنیمی دروست و تەواو لە وشەکاندا بخەنەڕوو، بۆیە دووچاری هەڵەی زمانیی دەبنەوە، جا ئەو هەڵەکرنە لە هەر وشەیەکدا بە تاکە فۆنیمێکشدا بێت، ئەوا گۆڕانی واتا و مەبەستی زمانی دووەم لە دەستدەدات و واتا دەگۆڕێت.

هەندێك لە فێرخوازانی زمانی دووەم بەپێی پێویست لە فۆنۆلۆژی زمانی دووەم نەگەیشتوون، کە بایەخی فۆنیمەکان لە گۆڕینی واتای وشەدا گرنگە و یارمەتی دروستی فێربوون و درکاندنی فێرخواز دەدات. لە ڕوانگەی شیکاری هەڵەییەوە، بەم تێگەشتنە بەشێك لە هەڵەی فێرخوازانی زمانی دووەم درك پێدەکەین، کە زیاتر سەرنج دەخەنە سەر یاسای سینتاکسی ڕستەکە و بەشێکی تری کەرەستەی دروستی ڕستەکە فەرامۆشدەکەن و ئەو بایەخەی پێنادەن، بۆیە دووچاری هەڵەی فۆنۆلۆژیان دەکات، وەکو لە نموونەی داتاکانی فێرخوازاندا بە دەردەکەوێت، بەشێك لەو ناوانەی ئەرکی بکەری ڕستەکە دەبینن ناوی تایبەتن و لە داڕژتنەوە و ڕێنووسکردنیاندا ناشێت هەڵەی لەو جۆرەی تێدابکرێت، هەندێك لە نموونەکانی تر وشەی دیار و باوی زۆر دوبارەکراوی زمانی دووەمن، بۆیە هەر هەڵەکردنێك لەو وشانە پرۆسەی فێربوون و ئاستی فێرخوازی زمانی دووەم دەخاتە ژێر پرساری لاوازی فێربوونەوە.

کەواتە کۆی گشتی بەکارهێنانی پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم لە هەڵەی فۆنۆلۆژیدا بریتییە لە :

پرۆسەی **گواستەوەی** زمان بە ڕێژەی( ٦، ٣٣٪ ).

پرۆسەی گواستنەوەی نەرێنی زمان بە ڕێژەی (٣ ، ٢٨٪ ) .

پرۆسەی گواستنەوەی ئەرێنی زمان بە ڕێژەی (٣، ٥٪).

پرۆسەی دارشتن و ئەبستراکتکردن بە ڕێژەی(٩ ، ١٨ ٪ ) بەکارهاتووە.

پرۆسەی ئاسانکردن (٠٪).

پرۆسەی لاسایکردنەوە ( ٠٪).

## پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم زمان (processes of Second languag Learning)

## فۆنۆلۆژی(phonology)




Chart (2)هێڵکاری -

## ٢/٣ -٣) هەڵەی مۆرفۆلۆژی:

مۆرفۆلۆژی لە فێربووی زمانی دووەمدا وەکو ئاستی زمانی یەکەم بایەخی بۆ فێربوونی زمانی دووەم هەیە، تێگەیشتن و فێربوونی زمان بۆ فێرخواز سانا و خێرادەکات، لە دەربڕینی وشە و نووسین و بەرێنووسکردنی دەربڕینی وشەدا ئاستی تێگەیشتنی فێرخواز دیاریدەکات. مۆرفۆلۆژی ئەو ئاستە گرنگەی زمانی دووەمە، تەنیا وکو تاکە ئاستێك خۆی نمایشناکات، بەڵکو بۆ فێرخواز دەبێتە سەنگی ئاستەکانی تریش بە تایبەتی لە ئاستی سینتاکسدا یارمەتی ڕاستی و دروستی ڕستەی فێرخوازانی زمانی دووەم دەدەدات، بە پێچەوانەوەیش هەر کەموکوڕی و ناتەواویەك لەم بەشەی فێربووندا ڕوودات، ئەوا لێڵی و شێوانێکی گەورە بەسەر واتای پەیامی دەربڕاودا دەهێنێت.

لە ڕواگەی تیۆری شیکاری هەڵییەوە لە ئاستی فێربوونی زمانی دووەمی فێرخوازان، بەپێی نموونەی داتای فێرخوازان دەکۆڵینەوە، هەریەك لەو نموونانەی مەبەستمانە لە ڕوانگەی تیۆرەکەوە دەیخەینەڕوو. بەم تێگەیشتنە هەندێك لە نموونەی داتای فێرخوازان وەردەگرین وەك:

١- براکەی ئێمە کوڕێکی زیرەکە.

وەڵامی دروست:

1-Our brother **is** a clever boy.

وەڵامی فێرخوازان:

*1a- Our brother **is** clever boy

*1b- Our bror **is the** clever boy

*1c-we brother **the** boy **is** clever.

*1d- Our brother **are** smart boy

*1e-My brother'**s are** smart boy

*1f- Our brother is **the** smart boy

٢-تۆ و ئەو کچانە لەگەڵ من فێرخوازن.

ولاّمی دروست:

**2-**You and those girl**s are** student**s** with me.

وەڵامی فێرخوازان:

*2a- You and those girl studey like me.

*2b- You and thess girl**s** with me **is** student**s.**

*2c- You and thes girl **are** student with me

*2d- You and those girl**s** **is** student**s** with me.

*2e- You and those girl**s** **are** student with me.

*2f-You and this girl **is** student with me

**٣- نالی شاعیری گەوەری کورد شاعیرێکی کلاسیکە**

**وەڵامی دروست:**

**3-The** great Kurdish poet Nali **is** classic's.

**3- Nal**i , the great Kurdish poet, is classic's.

**وەڵامی فێرخوازان:**

*3a- Nali is a Kurdish and classic poet.

*3b- big kurd poet Nali is a classical poet .

*3c -nali was grend Poet in Kurdish he was poet classic

*3d -Nali was a famous poet who was classic

**٤- منداڵە هەژارەکە دوێنێ شەو، کە لەسەر شەقام خەوتبوو، نەخۆش کەوت.**

**ولامی دروست:**

**4-**The poor child, who slept in the street last night , felt sick.

**وەڵامی فێرخوازان:**

*4a- the Poor child**ren** last yesterday, which slept on the street, was sick **.**

*4b- child**ren**, felt sick who slept in the street last night .

*4c- A Poor child that slept in the street last night , become sick.

*4d- A Poor child slept in street last night , become sick.

*4e- Poor people that slept in the street last night , become sick.

*4f- poor kid who slept on street last night was being sick.

*4g- last night Poor boy who slept on street is sickor got sick

*4h - child **poverty** yesterday night that slept on the street slept, is sick

**٥- ئەسپکە لە پاوانەکە دەلەوەڕێت.**

**وەڵامی دروست:**

***5-The** horse **is** grazing in **the** lawn.

**وەڵامی فێرخوازان:**

*5a- The horses is feeding

*5b-Hors is eating wood.

*5c- A hours gred in the ..

**٦- دوو گوڵی سور لەسەر مێزەکەیە.**

**وەڵامی دروست:**

**6-There are** two red flower**s** on **the** table.

**وەڵامی فێرخوازان:**

*6a- There is two red rose on the table

*6b- we have two red flowers on the table

*6c- the two flowers on the table

*6d- two red flowers **under** the table

*6e- There are two reds flower on the table

*6f- two red flowers are **in** the table

*6g- two red flower is **in** the table

٧- سەگەکە تۆپی.

7-The dog has died.

وەڵامی فێرخوازان:

*7a- A dog murder

*7b- dog was died.

*7c-The dog is dead

٨- پیاوەکە مرد.

وەڵامی دروست:

8-**The** man has died.

وەڵامی فێرخوازان:

*8a- A man died

*8b- man the died

*8c- The man is deid

لە ڕوانگەی شیکاری هەڵەییەوە با هەڵەی مۆرفۆلۆژی داتای وەرگیراوی نموونەی فێرخوازانی زمانی دووەم بدوێین. سەرەتا بەدەستنیشانکردنی هەڵەکان دەستپێدەکەین، بە مەبەستی ئەوەی بە شیکاری هەڵەکان بگەین و دواتریش هۆکاری ئەو هەڵەکردنانەی فێرخوازان دەخەینەڕوو، وەکو چارەسەرێك بۆ ڕێگرتن ، یاخود کەمکردنەوەی ڕوودانی ئەو جۆرە هەڵەکردنە. بەم بیرکرنەوەیە لە داتای وەرگیراوی نموونەی ڕستەکانی ( 1تا 8)ی فێرخوازان دەکۆڵینەوە.

لە نموونەکانی ڕستەکانی (1a, 1b , 1c, 1d , 1e , lf ) دا فێرخوازان هەڵەی جۆراوجۆری مۆرفۆلۆژیان ئەنجامداوە.

لە ڕستەی(1a)دا ١ فێرخواز کرداری یاریدەدەری(is)ی بەکارهێناوە، ئەم کردارە بۆ بوونی ڕستەکە شیاوە، بەڵام بۆ تەواوکردنی نیشانەی تاکی ڕستەکە پێویستی بە ئامرازی (a)ی پێش ئاوەڵناوی (clever) هەیە، بۆیە گۆڕین و کەموکوری لە واتای پەیامی فێرخواز دروستکردووە.

لە نموونەی داتای (1b)دا فێرخواز ئامرازی (the)ی ناسراوی لە پێش ناوی(boy) زیادکردووە، لە بری ئەوەی ئامرازی (a) بۆ ئاوەڵناوی (clever)دابنێت، ئەویش بۆ کاریگەری ڕستەی یەکەمی زمانی دایک دەگەڕێتەوە، بەو گۆڕانکاریەش کاری لەواتای ڕستەکە کردووە.

لە ڕستەی(1c)دا فێرخواز هەڵەی(1b)ی کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی تر، ئەویش وێڕای هەڵەی(1b)، ئامرازی(the)ی ناساندنی هێناوەتە پێش ناوی(boy) و کرداری یاریدەدەری (is) لە دوای ناوەکەوە داناوە، کە ڕاستەوخۆ سیستەم و کاریگەری زمانی یەکەمی جێبەجێکردووە. لە هەڵەیەکی تردا، جێناوی سەربەخۆی(our)ی گۆڕیوە بۆ جێناوی سەربەخۆی(we).

لە ڕستەی(1d)دا فێرخواز کرداری یاریدەدەری(are)ی کۆی لە بری کرداری یاریدەدەری (is)ی تاك بەکارهێناوە، ئەگەر لە ئاستی مۆرفۆلۆژییەوە لە ڕستەکە بڕوانیین واتای لاسەنگ و ناتەواوی بەواتای ناوی(brother) گەیاندووە، ئەویش بە کاریگەری جێناوی سەربەخۆی(our) بووە، چونکە فێرخواز لەسەر بنەمای زمانی دایك لە وشەکانی ڕوانیوە.

لە ڕستەی(1e)دا فێرخواز کرداری یاریدەدەری(are)ی کۆی لە بری کرداری یاریدەدەری (is)ی تاك بەکارهێناوە، ئەویش بە هۆکاری ناساندن و بە کۆکردنی ناوی(brother)بووە، بە زیادکردنی (s) کۆ ڕوویداوە.

لە ڕستەی(1f)دا فێرخواز بێئاگایانە و دوور لە سیستەمی زمانی دووەم و بە کاریگەری زمانی یەکەم و شێوازی خستنەسەری ئامرازی ناسیاری (the) بۆ ئاوەڵناوەکە، ناوی(boy) ناساندووە، واتە ناوی(boy) لە کۆتایی ڕستەکە داناوە. لە زمانی دووەمدا ئەم جۆرە ڕستانە دروستکردنە دروستنییە، چونکە ناو ناکەوێتە کۆتایی ڕستەوە.

لە نموونەی ڕستەکانی (2f , 2e , 2d , 2c, 2b , 2a) دا بەپێی سیستەمی زمانی دووەم ، پێوسیتە فێرخوازان لەداڕشتنەوەی وشەکاندا ڕەچاوی ناوی(girl) بکەن لە ڕووی (ڕەگەز ، کەس، ژمارە)وە، چونکە ناوی(girl) کەرەستەی کۆنترۆڵکراوی سەرەکی وشەداڕێژی تەواوی ئاستی ڕستەکەیە لە زمانی ئینگلیزیدا.

لە ڕستەی(2a)دا فێرخواز ناوی(girl)ی بە ناوێکی تاك ناساندووە و نیشانەی(S)ی کۆی دانەناوە، بەمەیش خۆی خستۆتە هەڵەی گونجاندنی ڕێزمانی کەرەستەکانی ڕستەوە، بۆیە لە کەرەستەی دواتر، کە پێویستی بە کرداری یاریدەدەری(are)ی کۆ هەیە، خۆی لێلاداوە و واتاکەی وشەی تەواو نەکردووە .

لە ڕستەی(2b)دا فێرخواز ناوی(girl)ی بە ناوێکی کۆ ناساندووە و نیشانەی(S)ی کۆی بۆ زیادکردووە، بەلاّم زانیاری فێربوونی زمانی دووەمی نەیتوانیوە لەوە زیاتر بڕبکات و لە کەرەستەی دواتر بە کاریگەری جێناوی سەربەخۆی (من)ی زمانی دایك، کەوتۆتە هەڵەوە و لە بڕی (are)ی کۆ، نیشانەی (is)ی تاکی داناوە.

لە ڕستەی(2c)دا فێرخواز ناوی کۆی(**girls**)ی بە (girl)واتە بە ناوێکی تاك ناساندووە، ئەگەرچی نیشانەی(are)ی کۆی بۆ کەرەستەی دواتر زیادکردووە، بەلاّم بەم زیادکرنەیش نەیتوانیوە قەرەبووی هەڵەکەی بکاتەوە، لەبەرئەوەی لە پێش ناوەکەوە جێناوی نیشانەی(this)ی بەکارهێناوە.

لە ڕستەی(2d)دا فێرخواز بە دروستی پەیبە ناوی کۆی(**girls**) بردووە، بەلاّم لە نێوان وشەی(**girls**) و (students)دا پێویستی بە کرداری یاریدەدەر(are)ی کۆ هەیە، کەچی فێرخواز بە کاریگەری زمانی یەکەمی لە دروستی پێکهاتەکەی وشە گەردانکردن لە زمانی دووەم دوور کەوتۆتەوە و واتای شێواندووە.

لە ڕستەی(2e)دا فێرخواز، تا ئاستێکی باش لەگەڵ وشەکانی (those, girls, **are**)دا وشە گەردانکردنی بۆ وشەکان کردووە و لە مەبەستی داواکراو نزیك بووەتەوە، بەلاّم تەواوی واتای دیاریکراو پێویستی بە ناوی(student**s**)ی کۆ هەیە، بەڵام فێرخواز ئەو ناوەی بە (student)  تاك بەکارهێناوە.

لە ڕستەی (2f)دا فێرخواز تەواوی وشەدارێژی وشەکانی(this , girl ,student) بە هەڵە بەکارهێناوە، هەموو وشەکانی لە شێوازی دەربڕینی تاکدا خستۆتەڕوو.

لە وەڵامی داتای نموونەکانی ڕستەکانی(3)ی فێرخوازان وردبینەوە، ئەوا درك بە هەڵەی جیاوازیان دەکەین، لە ڕستەی(3a) و (3b)دا فێرخواز نیشانەی (is)ی تاکی لە دوای ناوی (Nali) داناوە و بە تاك دەستنیشانیکردووە، بەلاّم ئەم شێوازی خستنەڕووە، هەڵە و کەموکوڕی دانەنانی نیشانەی ناساندنی(the)ی زمانی ئینگلیزی پڕناکاتەوە، کە ناوی(Nali)یش دەبێت بەهەمان نیشانە گوزارشتی لێبکرێت و بناسێنرێت.

لە ڕستەی(3c) و (3d) دا سەرباری هەمان هەڵە و کەموکوڕی ڕستەی(3a) و (3b)، لە دانەنانی نیشانەی ناساندنی (the)دا، کرداری یاریدەدری نیشانەی(is)ی تاکیش لابراوە و ئاماژەی بە کرداری(was)ی ڕابردوو بۆ کراوە، واتە لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە بەپێی سیستەمی زمانی دووەم شێوازێکی وشەگەردانکردنی

لەو جۆرە ناتوانێت واتای دیاریکراوی خۆی بە دەستەوە بدات، ئەویش لە ئەنجامی هەڵە و نەبوونی زانیاری زمانی دووەمی فێرخواز و کاریگەری زمانی یەکەمی هاتووەتەئاراوە.

ئەگەر نموونەی داتای ڕستەکانی(4) تەماشابکەین، هەریەك لەو نموونانە لە ڕووی هەڵەی مۆرفۆلۆژییەوە لەیەکتڕجیاوازن، فێرخوازان تێگەیشتنیان بۆ وەڵامی دروستی زمانی دووەم لەنگی و کەموکوڕی تێدایە. لە ڕستەی(4a)و (4b)دا، هەڵەی هاوبەشی فێرخوازان لە ناساندنی ناوی(child) بە زیادکرنی پاشگری(**ren**)ی کۆ(child**ren**)دایە، بەڵام ئەم ئاستی هەڵەکردنەکە لە تەواوکردنی مورفۆلۆژیانەی وشەکە بە دانەنانی نیشانەی ناساندنی(the) لە ڕستەی (4b)لەیەکتڕجیادەبنەوە و هەڵەی فێرخوازی ڕستەی (4b) گەورەتردەبێت. جۆرە هەڵەیەکی تری فێرخوزانی زمانی دووەم لە ڕستەی (4c) و (4d)دا دەردەکەوێت، کە هەر دووکیان لە برِی دانانی نیشانەی ناساندنی(the) لە پێش(poor child) ئەوا ئامرازی نیشانەی تاکی (A)یان داناوە، لە ڕاستیدا ئەم ئامرازە لێرەدا بۆ شایی هەڵەیی پڕناکاتەوە، هەروەها لە ڕستەی(4c)هێچ نیشانەیەکی ناساندنی(the) لە تەواوی ڕستەکەدا نابینرێت، خۆ لەگەڵ ناوی بەشی یەکەمی ڕستەکە(poor child) بەکارنەهێراوە، ئەوا لە بەشی دووەمی ڕستەکەیش (street) هیچ نیشانەیەك نە بۆ وشەکە نە بۆ هیچ مەبەستێکی تر نابینرێت. واتای ئەوە دەگەیەنێت فێرخواز لە گرنگی ئەم نیشانەیە بێئاگایە.

لە ڕستەی(4e)دا فێرخواز برِوای وایە خۆی لەم جۆرە هەڵەکردن و کەموکوڕیانەی گرێیەکی وەکو( The poor child) بە وشەی (people) دەربازدەکات، بەلاّم کێشەی نەزانین و هەڵەکردنەکەی بەو گۆڕانە چارەسەرنابێت، چونکە لێرەدا وشەی (people)یش پێویستی بە نیشانەی ناساندنی(the) هەیە.

لە ڕستەکانی(4f) و (4g)دا هەڵەی فێرخوازانی زمانی دووەم بە خۆلادانیان لە وشەی ( The poor child) و گۆڕینی بۆ(Poor kid) و (Poor boy) هەڵەکەیان ناشاردرێتەوە، چونکە هەر کامێکیان بێت، دەبێت نیشانەی ناساندنی(the) لەگەڵدابێت، هەروەها لە هەڵەیەکی تری(4g)دا، دەبوایە فێرخواز ئاوەڵکرداری(last nightd)بە ئامرازی (the) بناساندایە، سەرباری ئەو هەڵەیەش لە بەشی دوومی ڕستەکەدا، وا پێویستی دەکرد ئاوەڵکرداری کات و شوێنی بە ئامرازی ناسیاری بناساندایە، بەلاّم هیچ کەرەستە و ئامرازێکی نەخستووەتەڕوو.

لە ڕستەی (4h)دا فێرخوازی زمانی دووەم، لە سەر بنەمای سیستەمی زمانی یەکەمی گرێی ناوی( The poor child) دارِشتووە و کردوویەتی بە (child the poverty) و لە سیستەمی وشەگەردانکرنی زمانی دووەم دوورکەوتووتەوە، بەمیش کەوتۆتە هەڵەی مۆرفۆلۆژی زمانی دووەمەوە.

لە ڕستەی(5)دا فێرخوازانی زمانی دووەم داتای جۆراوجۆر دەخەنەڕوو، هەریەك لەو ڕستانە لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە لە یەكترجیاوازن، واتە لە جۆری هەڵەكانیش لە یەكترناچن و جیاوازیان تێدا بەدیدەكرێت.

لە ڕستەی(5a)دا فێرخواز بۆ وشەگەردانكردن و ناساندنی ناوی ناسراوی ئەسپەكە( The horses)نیشانەی ناسراوی تاكی بەكارهێناوە، بەڵام ئەو نیشانەیە لە كۆكردنەوەی ناوەكە و خستنەڕووی بە كۆ هەڵەی وشەگەردانكردنی لە زمانی دووەم دروستكردووە.

لە ڕستەی(5b)دا فێرخواز هیچ نیشانەیەكی ناسراوی بۆ ناوەكە دانەناوە و بەم ناوە(Hors) لە وشەگەردانكراوی مەبەستدار لایداوە. لە ڕستەی(5c)دا فێرخواز ئامرازی (A)ی تاكی لە بری نیشانەی ناسراوی تاكی (The)بەكارهێناوە.

لە هەموو نموونەی داتاكانی ڕستەی (5)دا، كە خراوتنەڕوو، فێرخوازانی زمانی دووەم بە هیچ جۆرێك سەرنج بۆ نیشانەی ناسراوی (The) لە وشەی گەردانكراوی (the lawn) نابەن، ئەویش لە ڕوانگەی تیۆری شیكاری هەڵییەوە یەكێكە لە هەڵە بەرچاوەكانی ئەم داتایانە، هەڵەكەیش بۆ كەمتەرخەمی فێرخوازان لە زمانی دووەم دەگەڕێتەوە، چونكە لە نموونەی پێدراوی زمانی یەكەمدا هاوشێوەی زمانی دووەم ئەو نیشانەیەی تێداخراوەتەڕوو.

لە ڕستەی(6)دا فێرخوازانی زمانی دووەم بۆ وشەی گەردانكراو لە زمانی دووەمدا داتای جۆراوجۆر بە داڕشتنەوەی خۆیان بۆ نموونەی پێدراوی زمانی یەكەم دەخەنەڕوو، بۆیە لە ڕوانگەی تیۆری شیكاری هەڵییەوە لە هەڵەكانییان دەدوێین.

لە ڕستەی(6a)دا فێرخوازانی زمانی دووەم بۆ داڕشتنەوە لە گرێی (There is two red rose)دا، هەوڵ و توانایەكی باشی زانستیان لە زمانی دووەمدا خستووەتەڕوو، بەڵام لە بەكارهێنانی كرداری یاریدەدەری(are)كۆ و (s)ی تاكدا توانایان سەركەوتنی بەدەست نەهێناوە و كەوتوونەتە هەڵەی مۆرفۆلۆژییەوە، چونكە لە بری ئەوان (is)ی تاك و ناوهێنانی ناوەكە بەتاك دووچاری هەڵەی داڕشتنەوەی ڕستەی كردوونەتەوە.

لە ڕستەی(6b)دا فێرخواز هەردوو نیشانەی(There are)ی تەرككردووە و لایداوە لە بری ئەوە جێناوی سەربەخۆی(we)بەكارهێناوە، بەمیش كەوتووەتە هەڵەی مۆرفۆلۆژییەوە. لە ڕستەكانی (6c) و (6d)دا فێرخوازان هەردوو نیشانەی(There are)یان لابردووە، بەلام لەگەڵ ئەوەیشدا نیشانەی(s)ی كۆیان خستۆتەسەر ناوەكە.

له ڕستەی(6e)دا فێرخواز(s)ی کۆ خستووەتە سەر ئاوەڵناو(reds) نەك ناو، ئەم هەڵەکردنەیش بەشێکە لە هەڵەی وشەگەردانکرن لە زمانی دووەمدا.

له ڕستەکانی (6c) و (6d)دا فێرخوازان لە ڕستەکانیاندا هەردوو نیشانەی (There are) لە شوێنی پێویستی خۆی لاداوە و تەرککردووە، لە هەمان کاتیشدا ناوی کۆیان بە تاك(flower) خستووەتەڕوو، ئەوەی ڕستەی (6c) باشتر لە ڕستەی(6d) نیشاندەدات بەکارهێنانی کرداری یاریدەدەری(are)ە ، ئەگەرچی لە شوێنی پێویستیش نییە، کەواتە هەردوو داتای وەرگیراو لە هەڵەی مۆرفۆلۆژیدا هاوبەشیان هەیە.

له ڕستەی(6e)دا فێرخواز تەواوی واتای وشەکان بۆ ڕستەکە بەتاك خستووەتەڕوو، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئەوەبکات لە سەرەتادا وشەی(two)ی بەکارهێناوە، کە لە زمانی دووەم و یەکەمیشدا ئاماژە بۆ کۆدەکات، واتە واپێویستدەکات وشە، یان گرێیەکە لە و بارانەدا بخرێتەسەر باری ئاماژەکردن بە کۆ، بۆیە فێرخواز کەوتووەتە هەڵەی مۆرفۆلۆژییەوە.

به تێڕامان لە داتای وەرگیراوی ڕستەکانی (7) و (8)دا، لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، هاوشێوەی هەڵەی لەیەکچووی فێرخوازان دوبارە و چەند پاتبووەتەوە، فێرخوازان لە ڕستەکانی (7a) و (8a)دا بۆ ناساندنی ناوی ناسراوی(The dog) سەگەکە و (The man)پیاوەکە ئامرازی (A)ی تاکیان لە بڕی نیشانەی ناسراوی تاکی (The)بەکارهێناوە، بەمەش کەوتوونەتە هەڵەی وشەگەردانکرنەوە.

له ڕستەی(7b)دا فێرخواز هیچ نیشانەیکی ناسراوی و تاکی بۆ ناوەکە ئاماژە پێنەکردووە، بۆیە لە داڕشتنەوەی وشەکەدا سەرکەوتوونەبووە.

له ڕستەی(8b)دا فێرخواز لە بڕی ئەوەی نیشانەی ناسراوی تاکی (The) لەسەر ناوی(man)بەکاربهێنێت و بیناسێت، ئەوا نیشانەکەی خستووەتە سەر کردارەکە.

کەواتە لە ڕوانگەی تیۆری شیکاری هەڵییەوە هەڵەی مۆرفۆلۆژی یەکێکە لەو هەڵەباوانەی فێرخوازانی زمانی دووەم، کە ناتوانن لە قۆناغ و ئاستی فێربوونی زمانی ئێستایاندا بە سانایی و بەخێرای دەسەڵاتیان بەسەریدا بشکێت و بەسەریدا دەربازبن، بۆیە لە شیکردنەوەی داتای وەرگیراوی فێرخوازاندا ئەوە بەدیدەکەین، بەشێك لە هەڵەکانی فێرخوازانی زمانی دووەم پەیوەستن بە هەڵەی فێربوونیان و کەمتەرخەمییان لە زمانی دووەمدا، کە فێرخوازان وەکو پێویست لەم ڕوانگەیەوە نە لەنێو پۆل و نە لەتێگەیشتنی خودییەوە لە ئاستەکە نەگەیشتوون.

بەشێکی تر لە هەڵەی مۆرفۆلۆژی فێرخوازانی زمانی دووەم پەیوەستن بە خودگیری زمانی یەکەمەوە، چونکە هەندێك لە فێرخوازنی زمانی دووەم لەسەر سیستەمی داڕشتن و گەردانکردنی زمانی دایکیان وشەکانی زمانی دووەم دادەڕێژنەوە.

بەم پێوەدانگە پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم لەلایەن فێرخوازانی زمانی دووەمەوە بە ڕێژەی جیاواز بەکارهاتوون، بەم ڕێژانە:

پرۆسەی گواستەوەی زمان بە ڕێژەی( ١ ، ٥٣ ٪ ) لای فێرخوازانی زمانی دووەم ئەنجامدراوە.

- گواستنەوەی نەرێنی زمان بە ڕێژەی(٠ ، ٤١ ٪ ).

- گواستنەوەی ئەرێنی زمان بە ڕێژەی(١ ، ١٢ ٪ ).

پرۆسەی داڕشتن و ئەبستراکتکردن بە ڕێژەی( ٢ , ٥٪ ).

پرۆسەی ئاسانکردن (٠٪).

پرۆسەی لاسایکردنەوە ( ٠٪).

پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم زمان (processes of Second languag Learning)

**مۆرفۆلۆژی (Morphology)**




**هێڵکاری(3) Chart**

## ٤-٢/٣ ) هەڵەی سینتاکسی:

لە ڕوانگەی شیکاری هەڵەییەوە، هەڵەی نموونەی ئەم جۆرەی فێرخوازانی زمانی دووەم ، بەشێکی بۆ قاڵب و سیستەمی جیاوازی نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزی دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی بەشێك لە فێرخوازان بە ڕۆنانی سیستەمی زمانی یەکەم، ڕستەی زمانی دووەم ڕۆدەنێن و دایدەڕێژێنەوە. بەشێکی تریشیان بۆ هەڵەی کەموکوڕی فێرخواز دەگەڕێتەوە.

لە ڕوانگەی تیۆری شیکاری هەڵەییەوە لە داتای نموونەی وەرگیراوی فێرخوازان دەکۆڵینەوە، تا لەو نموونانەوە شوێنی هەڵە و جۆر و بەشێك لە چارەسەریان بخەینەڕوو:

### أ- پێشکەوتنی بەرکار پێش کردار :

*1- He at **home come**.
*2- Arsi **quickly** at home **is come back and left**

*3- You and those girls **with me , are student**.

*4- Neil **the great Kurdish poet** Classic **is.**

*5- The poor child **in the street last night slept**.

*6- The hourse **in the hild eats**

***7-** There are two red flowers **on the table.**

بە تێڕوانین لە داتای نموونەکانی فێرخوازان، تێبینی هەڵە لە سیستەمی ڕێزمانی بەکارهێنانیان دەکەین، ئەو هەڵانەی فێرخوازانی زمانی دووەم بۆ کاریگەری ژینگەی فێربوونیان دەگەڕێتەوە، چونکە دروستکرنی ڕستە پێویستە لەسەر بنەمای زمانەکە( ئینگلیزی) شوێنی کەرستەکانی نێوان بەرکار و کردار دابڕێژێت، هەر لادانێك لە سیستەمی زمانی دووەم، پاش و پێشخستنی کەرەستەکان دێنێتە ئاراوە، واتە هەڵەی زمانی لە فێربوونی زمانەکە نیشاندەدات. لە نموونەی ڕستەکانی (1 تا 7)دا فێرخوازان بە تێنەگەیشتن لە سیستەمی زمانی دووەم و بەشێك لە کاریگەری زمانی یەکەم شوێنی ڕیزکرنی کەرەستەکانی کردار و بەرکاریان پێش و پاش کردووە.

لە نموونەی ڕستەی(1)دا پێویستە بە سیستەمی زمانی دووەم کرداری (**come**) لە پێش بەرکاری (**home**)بێت، بەڵام فێرخواز ئەم سیستەمەی تێکشکاندووە و کەوتووەتە هەڵەی بەکارهێنانی سیستەمی زمانی یەکەمەوە، ئەم هەڵەکردنەش بۆ بەکارهێنانی سیستەمی زمانی دایك دەگەڕێتەوە.

لە ڕستەی(2)دا کردارەکانی (is come back and left) پێویستە لە ڕیزبەندی ڕێزمانی زمانی دووەمدا بکەونە پێش (quickly)، بەڵام بە کاریگەری سیستەمی زمانی یەکەم پاش و پێش بەم کەرەستانەی زمانەکە کراوە. ئەم گۆڕانکارییەی فێرخواز سیستەمی زمانی دووەمی فەرامۆشکردووە و لەسەر سیستەمی زمانی دایکی داڕشتووەتەوە.

لە ڕستەکانی تردا ئەم دیاردەی پێشکەوتنی بەرکار بۆ پێش کردار بەدیدەکەین، وەکو لە ڕستەی (3)دا کرداری(**are** student) و بەرکاری(with me). لە ڕستەی(4)دا کرداری یاریدەدەری(is) و بەرکاری(the great Kurdish). لە ڕستەی(5)دا کرداری (slept) و بەرکاری(in the street last night). لە ڕستەی(6)دا کرداری(eats) و بەرکاری (in the hild)دا، لە هەموو ئەو ڕستانەدا هەمان هەڵەی سینتاکسی ڕستەی(1) و ڕستەی(2) یان دوبارەکردوەتەوە ودووچاری هەڵەی پێشکەوتنی بەرکار بۆ پێش کردار بوون ، ئەم جۆرە هەڵانەش جگە لە هەڵە و لاوازی فێربوونی زمانی دووەمی فێرخواز، ڕێك گواستنەوەی سیستەمی زمانی یەکەمی فێرخوازە بۆ ڕێکخستنی ڕستە لە زمانی دووەمیدا.

واتە :

پرۆسەی گواستنەوەی زمان بە ڕێژەی(٨٤ ٪ ) لای فێرخوازانی زمانی دووەم ئەنجامدراوە.

-گواستنەوەی نەرێنی زمان بە ڕێژەی(١ ، ٧٢٪ ) .

- گواستنەوەی ئەرێنی زمان گەیشتووەتە ڕێژەی(٤ ،١٢ ٪ ).

پرۆسەی داڕشتن و ئەبستراکتکردن بە ڕێژەی( ٢ , ٠٪ ).

پرۆسەی ئاسانکردن (٠٪).

پرۆسەی لاسایکردنەوە ( ٠٪).

ئەوەی جێگای سەرەنجە لەم جۆرە هەڵەکردنەدا تەواوی فێرخوازان، کە ژمارەیان(٥٠) فێرخوازە لە ڕستەی(7)دا سیستەمی زمانی دووەمیان لە ڕیزکردنی کردار و بەرکاردا وەکو سیستەمی زمانی ئینگلیزی جێبەجێکردووە و لە هەڵەی پێش و پاشکردنی کردار و بەرکاردا دوورکەوتوونەتەوە.

واتە لە کۆی گشتی داتای نموونەی ڕستەکانی( 1تا 7)ی فێرخوازان ئەوا (١٦ ٪ )یان بە سیستەم و بیرکردنەوەی زمانی دووەم ڕستەکانییان ڕۆناوە.

به تێگەیشتنمان لە ڕوانگەی شیکاری هەڵەییەوە، پێشکەوتنی بەرکار بۆ پێش کردار، هەڵەی سیستەمی ڕستەیی بەدوای خۆیدا دێنێت و فێرخوازانی زمانی دووەم لە لایەك بە لاوازی تێگەیشتن و فێربوونی زمانی دووەمیان و لە لایەکی تریشەوە بە کاریگەری زمانی دایك، واتە زمانی کوردی سیستەمەکەی پێکدێت لە (بکەر (کارا)+ بەرکار+ کردار) S+O+V دووچاری ئەم جۆرە هەڵەکردنەبووەتنەوە. ئەم جۆرە هەڵەکردنەش مەرج نییە لە هەموو ڕستەیەکدا دوبارە و پات ببێتەوە، بەڵکو لە ڕستەی(7)دا تەواوی فێرخوازن لەم جۆرە هەڵەکردنە دوورکەوتوونەتەوە و سیستەمی زمانی ئینگلیزی, کە سیستەمەکەی پێکدێت لە (بکەر + کار + بەرکار) S + V + O وەکو خۆی جێبەجێیانکردووە.

## ب- ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستە بە ناتەواوی :

ئاخێوەری هەر زمانێك لە سیستەمی زمانی دایکیدا بۆ ڕێکخستنی کەرەستەکانی پێکهێنانی ڕستە بیرمەند و لێهاتو و شارەزا و سەرکەوتووە، بە جۆرێك لە بواری زانستی زمانییدا مەرج نییە لەو جەنجاڵی و وردەکارییەی زمانەکەیدا بە دانایی و پڕ بە برشتی ئەکادیمی بیربکاتەوە ، بەڵام ئەندازیاریانە هەموو کەرەسەکانی زمانیی خۆی چۆنی بخوازێت، ئەوا دایدەڕێژێتەوە ، واتە کام کەرەستەی زمانی مەبەستبێت دەتوانێت بە لوتکەکردنی بکات، بێ ئەوەی هیچ هەڵەیەك بکات، بەڵام فێرخوازی زمانی دووەم زۆربەی کات ناتوانێت بە ڕێگای ژینگەی نێو پۆلەوە بەو ئاستەی زمانی یەکەم(دایك)ی بگات، بۆیە لە بەکارهێنان و ڕێکخستی کەرەستەکانی زمانی دووەمیدا هەڵەدەکات. بۆ ئەو مەبەستە لە داتای نموونەی وەرگیراوی فێرخوازانی زمانی دووەم دەکۆڵینەوە.

وەك:

*1- Aral is **cames**

*2- she **come** home.

*3- Arsi quickly come has **back left** home

*4- **We** brother is clever.

*5- You and **this girl** learners with us

*6- **big** kurd poet Nali is a classical poet

*7-**nali** poet

*8- The **poor** child last night in the **street** slept.

*9- hors eating

*10-That horse eated.

*11-tow **flowers red** on the table.

***12-man the** died

*__13-A__ dog is died

***14- man died**

*15-It **rain**s

بە ڕوانینین لە تەواوی داتای وەرگیراوی فێرخوازان، کە ژمارەیان(٥٠) فێرخوازە، نموونەی ڕستەکانی(1 تا 15)مان زۆر بینی و سەرنجمانی بۆ هەڵەی جۆراوجۆر ڕاکێشاوە، لەم ڕوانگەیەوە با لە کۆی نموونەی ڕستەکانی (1 تا 15) بکۆڵینەوە.

لە ڕستەی(1)دا فێرخواز دوو کرداری (is)، (cames ) وەکو نیشانەی تاك بە ڕانبەر بە ناوی (Aral) بەکارهێناوە و ڕستەکەی بە کاتی ڕابردووە ناساندووە، بەڵام بۆئەوەی ڕستەکە لەکاتی ڕابردوو گوزارشتبکات، ئەوا دروستی ڕستەکە لەوەدایە، تەنیا پێویستی بە کردارێکە، ئەویش بریتییە لە کرداری (has) دواتر بۆ تەواوکردنی ڕستەکە پێویستی بە کرداری(come)هەیە، نەك کرداری(cames )، بۆیە فێرخواز کەوتووەتە هەڵەی بەکارهێنانی کەرەستەکانی ڕستەوە.

لە ڕستەی(2)دا فێرخواز نیشانەی کاتی کردارەکەی بە (come)دەربڕیوە و تا ئێرە دروستە، بەڵام ئەم ڕیزکرن و دەربڕینە بۆ تەواوکردنی واتا و دروستی ڕێزمانی ڕستەکە بەس نییە، بەڵکو وەکو ڕستەی(1) پێویستی بە کرداری (has)ی نیشانەی ڕابردووە هەیە.

لە ڕستەی(3)دا فێرخوازی زمانەکە، دووچاری هەڵەی سیستەمی ڕستەیی دەبێتەوە، ئەویش بەشێکیان بۆ کاریگەری زمانی یەکەم دەگەڕێتەوە، وەکو دەبینیین فێرخواز ئاوەڵکرداری (quickly) پێشی کرداری ڕستەکە خستووە، لە هەڵەیەکی تریدا کەمی زانیاری خۆیەتی لە سیسەمی زمانی دووەمی، چونکە کرداری(come)و (has)ی پاش و پێشکردووە و دواتر وشەی (back)ی لە نێوان (has) و (left ) بەکارهێناوە، دوا وشەی ڕستەکەش بریتییە لە (home)، لە زمانی ئینگلیزیدا دروستی ئەم جۆرە ڕستەیە لەوەدایە کرداری(come) و وشەی (back) بەدوای یەکەدابێن بۆ ئەوەی واتای( come back)، واتە (گەڕانەوە) ببەخشێت، دواتر ئامرازی لێکدەری(and)یان، نیشانەی (,) دابنرێت بۆ ئەوی ڕستەی دووەم

ڕێگای پێبدرێت و وشەی((left) بە دوای خۆیدا بهێنێت و واتای دروستی ڕستەکە لە ڕێزکردنی سیستەمی زمانەکەوە بەرهەم بهێنێت.

لە ڕستەی(4)دا فێرخواز دەستپێکی ڕستەکەی هەڵەیە، چونکە بە جێناوی سەربەخۆی(we) دەریبڕیوە، خۆی لە خۆیدا هەڵەیەکی زمانی دووەمە، چونکە لە بەرانبەریدا لە زمانی یەکەمدا (من- my) بەکارهاتووە، دواتر فێرخواز ناوی (brother) بە تاك دەربڕیوە و نیشانەی کرداری (is)ی تاکی داناوە و دروستە، بەڵام پاشان دەکەوێتەوە هەڵەی دەستپێکی ڕستەکەوە کە جێناوی(we)یە ، بۆیە لە پێش ئاوەڵناوی (clever) نیشانەی تاکی(a) دانانێت دووچاری هەڵەی دەکاتەوە.

لە ڕستەی(5)دا فێرخوازی زمانی دووەم درکی بە جیاوازی جێناوەکانی نیشانە نەکردووە، بۆیە لە بڕی جێناوی نیشانەی دووری کۆ (those)، جێناوی نیشانەی نزیکی تاك (**this**)ی بەکارهێناوە، ئەم هەڵەکردنە ڕاستەخۆ پەیوەستە بە نەزانیین و کەم شارەزایی فێرخواز، لەبەرئەوەی لە زمانی یەکەمیشدا هەمان جیاوازی لە نێوان جێناوەکانی نیشانەدا هەیە. لە هەڵەیەکی تری ئەم ڕستەیەدا فێرخواز لە کۆتایی ڕستەکەدا جێناوی خۆیی خۆمی تاکی(my) بۆ جێناوی کۆی(us) گۆڕیوە، ئەو هەڵەکردنەش بە کاریگەری وشەی پێش خۆی، کە نیشانەی کۆی وەرگرتوە(learners) ڕوویداوە.

لە ڕستەی(6)دا فێرخوازی زمانی دووەم، چۆنیەتی سیستەمی ڕستەیی تێکشکاندووە، هەروەها لە گرێی ناوی (نالی شاعیری گەورەی کورد) دەشێت بە (The great Kurdish poet Nali، یان ( Nali, the great Kurdish poet) بخرێتەڕوو، تاوەکو بەشێکی سەرەکی لە واتا و مەبەستی گرێ ناوییە کوردیەکە بگەیەنێت، بەڵام فێرخواز هیچ کام لەم دوو جۆرەی پەیڕەونەکردووە، بەڵکو دەستپێکی ڕستەکەی بە پیتی بچووك و بە ئاوەڵناوی (**big**) بەبێ ناساندنی ئامرازی(the)خستووەتەڕوو، ئەم هەڵەکردنەی فێرخوازی زمانی دووەم بۆ خودی تێگەیشتنی خۆی دەگەڕێتەوە، چونکە نە لە زمانی یەکەم و نە لە زمانی دووەمدا ئەم جۆرە گرێیە بوونی نییە. لەلایەکی ترەوە، فێرخواز دووجار وشەی شاعیر(poet)ی بەکارهێناوە، بێ ئەوەی پێویستی ڕستەکە وابخوازێت، ئەمیش بۆ هەڵەی خودی فێرخواز لە زمانی دووەمدا دەگەڕێتەوە.

لە ڕستەی(7)دا فێرخواز پەنای بۆ خۆدەربازکرن لە ڕۆنانی ڕستەکە بەگشتی بردووە، ئەویش لە تەرککردن و لابردنی تەواوی پێکهاتەی کەرەستەکانی نێو ڕستەکە بەدیدەکرێت. فێرخوازی زمانی دووەم تەنیا دوو وشەی سەرەکی لە ڕستەکەدا بەکارهێناوە، ئەوانیش بریتین لە ناوی ( nali) و ناوی(poet)، مەبەستی فێرخواز ئەوەیە بە وشەی( nali) بکەر و بە وشەی (poet) کرداری ڕستەکە بگەیەنێت، لە ڕاستیدا وشەی (poet) لەم ڕستەیەدا ئەرکی کرداری ڕستەکە ناگەیەنێت، بەڵکو کرداری (is) ئەرکی ڕستەکەی لە ئەستۆگرتووە و بۆیە( nali poet) تەنیا وەکو گرێیەکی ناوی دەرکەوتووە.

لە ڕستەی(8)دا لە ڕوانگەی شیکاری هەڵەییەوە فێرخوازانی زمانی دووەم بەرانبەر بە کۆی ڕستەکانی تری نموونەی داتا وەرگیراوەکان زۆرترین هەڵەیان لە ڕستەی(8)دا ئەنجامداوە. لەم نموونەیەدا فێرخواز جگە لەوەی کەرەستەی تری ڕستەکەی بە ئارەزووی خۆی لاداوە، شوێنی کەرەستە پێویستەکانی نێو ڕستەکەشی گۆڕیوە، چونکە بە سیستەمی زمانی دووەم دەبێت ئاوەڵکرداری کاتی (**last night** ) بکەوێتە کۆتایی بەشی یەکەمی ڕستەکەوە، واتە لە پێش ئاوەڵکرداری کات، پێویستە ئاوەڵکرداری شوێنی (in the street) دابنرێت، لەویش گرنگتر سیستەمی (S V O)زمانی دووەم، ڕێگا بەوە نادات کرداری(slept) بکەوێتە کۆتای ڕستەکەوە. ئەم جۆرە هەڵەکرنەی فێرخواز بەشێکی زۆری بۆ کەمتەرخەمی و نەزانین و نەبوونی شارەزایی لە فێربوون و سیستەمی زمانی دووەمیدا دەگەڕێتەوە، بەشێکی تری بۆ پەنابردن، یان سودوەرگرتنی لە سیستەمی ڕستەی زمانی یەکەم دەگەڕێتەوە.

لە ڕستەی(9)دا فێرخواز وەکو نموونەی ڕستەی(7) تەواوی ڕستەکەی کورتکردووەتەوە، ئەوەی ڕستەی (9)، لە ڕستەی(7 ) لەیەکترجیادەکاتەوە، بوونی دوو کەرەستەی سەرەکی بکەری(***hors***) و (eating)ە، کە هەردوو کەرەستەکە واتا و گوزارشتی گونجاو لە ڕۆنانی کورتکراوەی ڕستەکەوە وەردەگرن.

لە ڕستەی(10)دا زۆری فێرخوازانی زمانی دووەم بەراورد بە نموونەی ڕستەکانی تر، خۆیان لە وەڵامی ئەم ڕستەیە لاداوە و هیچ وەڵامیان نەداوەتەوە، یاخود بە شێوەی کەموکوڕی و نیوەچڵی و هەڵە خستویانەتەڕوو. لەم ڕستەیەدا فێرخواز ڕستەکەی بەلاوازی و بە ناتەواوی نیوەچڵی داڕشتووەتەوە، چونکە چ لە سەرەتا و چ لە هەر شوێنێکی ڕستەکەدا پێویستی بە جێناوی نیشانەی(That) نییە، بەڵکو لە بڕی ئەو پێویستە نیشانەی ناسیاوی (The)دابنرێت، سەرباری ئەو هەڵەیەش فێرخواز کەرەستەی (لە پاوانەکەدا) (in the lawn) لاداوە، واتە جێگای ئاوەڵکرداری شوێنی ونکردووە، هەروەها فێرخواز کرداری ڕانەبردووی ئێستای(ing)گۆڕیوە بۆ کاتی ڕابردوو بە نیشانەی (ed)، لە ڕاستیدا ئەم کردارە یەکێکە لەو کردارە ناوێزانەی، ئەگەر بکرێتە کاتی ڕابردوویش ئەوا نیشانەی (ed) وەرناگرێت، بەڵکو دەبێتە ( **ate**) بۆیە ئەم جۆرە هەڵەکردنە بۆ لاوازی فێربوونی زمانی دووەمی فێرخواز لە داڕشتنەوەی ڕستە بە زمانی دووەم دەگەڕێتەوە.

لە ڕستەی(11)دا فێرخوازی زمانەکە بە ویستی خۆی، یاخود لە نەزانین و تێگەیشتنی لە زمانی دووەمدا چەند کەرەستەیەکی ڕستەکەی پەڕاندووە و لایداوە، وەکو لە سەرەتای ڕستەکەدا پێویستی بە ( There are) هەیە و لادراوە و بوونی نییە، ڕاستی و دروستی ڕستەکە پێویستی بە (There are)هەیە، چونکە فۆڕمی کۆ بە بەر ناوی گوڵ(flower)دا دەکات، بەواتایەکی تر زیادکرنی(S)ی نیشانەی کۆ بۆ سەر ناوەکە و بوون بە (flowerS)بەس نییە. کێشەیەکی تر ڕستەکە خۆی لە هەڵەی پێش و پاشکردنی نێوان (**flowers**) و (**red**) دەبینێتەوە، لە سیستەمی زمانی دووەمدا ئاوەڵناو لە پێش ناو دێت، واتە ڕێك

پێچەوانەی سیستەمی زمانی دووەمە و جێبەجێکردنی سیستەمی زمانی کوردییە، کە ناو پێش ئاوەڵناو دەکەوێت، بۆیە فێرخواز کەوتووەتە ژێر کاریگەری زمانی دایکی و هەڵەیەکی لەو جۆرەی ئەنجامداوە.

لە ڕستەی(12)دا ناوی(**man**) و نیشانەی ناسیاوی(**the**)پێش و پاش کراون، ئەویش ڕاستەوخۆ بۆ کاریگەری زمانی یەکەم و گرێی ناوی(پیاوەکە) دەگەڕێتەوە، کە نیشانەی ناسیاوی بە کۆتایی ناوەکەوە دەلکێت. لە هەڵەیەکی تری ڕستەکەدا ناتەواوی بۆ کۆتایی پێکهێنانی کردارەکە دەبینرێت، ئەویش پێویستی بە (had) هەیە.

لە ڕستەی(13)دا فێرخواز بە شێك لە هەڵەی فێرخوازی ڕستەی (12)ی دوبارەکردووەتەوە بە تایبەتی بۆ دیاریکردنی کاتی ڕوودانی کردارەکە، هەروەها ناوی (dog) پێوستی بە نیشانەی ناسیاوی(**the**) هەیە نەك ئامرازی(**A**).

لە ڕستەی(14)دا فێرخواز هەمان هونەر و پرۆسەی ڕستەکانی (7) و (9)ی بەکارهێناوە، واتە بەدوای پچرانی کەرەستە و کورتکرنەوەی رۆنانی ڕستەکەدا گەڕاوە، تا مەبەستی خۆی بپێکێت، جارێك بە خۆدزینەوە لە ڕیزکردن و ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستە، جارێکش بە مەبەستی گەیاندنی بەشێك لە واتا، تەواوکردنی واتای تەواو بۆ گوێگر و خوێنەر بجێبهێلێت. بە سەرنجدانی ڕستەی ڕستەی(14) زیاتر لە ڕستەی(9) نزیکترە نەك لە ڕستەی(7)، چونکە ڕستەکانی (14) و (9) لە دوو کەرەستەی بکەر و کرداردا هاوبەشن و واتایان باشتر بەرجەستەکردووە و توانای تێگەیشتنیان بەخشیووە.

لە ڕستەی(15)دا هەڵەی فێرخواز لە لابردن و کرتاندنی بەشێکی پێوستی ڕستەکە دەبینیین، ئەگەر لە ڕستەی زمانی یەکەم بڕوانیین لە ڕووی کاتەوە کرداری ڕستەکە لە کاتی ڕانەبردووی ئێستادایە ( باران **دەبارێت**)، فێرخواز پێویستە لە دارشتنەوەی ڕستەکەدا بۆ زمانی دووەم، ڕەچاووی دوو نیشانەی گرنگ بکات، تاوەکو گوزارشتکرنەکەی بە پێی سیستەمی زمانی دووم ڕاست و دروستبێت، یەکیان نیشانە(ing) و ئەوەی تریان نیشانەی (now)ە لە زمانی ئینگلیزیدا، بە هەند وەرنەگرتن و پەیرەونەکردنی ئەم نیشانانە لە ڕستەکەدا فێرخوازی دووچاری هەڵە و کەموکوڕی لە زمانی دووەمدا کردووە.

واتە بە تێگەیشتن و شیکردنەوەی هەڵەکان پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم (لە ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستە بە ناتەواوی)دا بە ڕێژەی جیاواز لای فێرخوزانی زمانی دووەم بەدیدەکرێت، بەم جۆرە:

پرۆسەی **گواستەوەی** زمان بە ڕێژەی(٨٠ ٪ ) لای فێرخوازانی زمانی دووەم ئەنجامدراوە.

-گواستنەوەی نەرێنی زمان بە ڕێژەی بەرز، کە(١ ، ٧٢٪ ) .

-گواستنەوەی ئەرێنی زمان گەیشتووەتە ڕێژەی (٤ ٨، ٪ )، کە ڕێژەیەکی ئیجگار نزمە بەرانبەر بە گواستنەوەی نەرێنی زمان.

پرۆسەی داڕشتن و ئەبستراکتکردن بە ڕێژەی (١٪ ).

پرۆسەی **ئاسانکردن** بە ڕێژەی(٢٠ ٪ ) بەکارهاتووە، لە نموونەی ڕستەکانی(7) و (9) و (14) ئامژەی پێکراوە.

پرۆسەی لاسایکردنەوە (٥, . ٪).

واتە بە پێی تیۆری شیکاری هەڵەیی بە خستنەڕووی هەڵەکانی فێرخوازانی زمانی دووەم لە ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستەدا بە ناتەواوی، بەشێك لە کێشتە و هەڵەکانییان بۆ بەکارهێنانی ستراتیژی هەڵە لە پەیرەوکردنی زمانی دووەمدا دەگەڕێتەوە، ئەم هەلآنە هەموویان بە کەموکوڕی ڕستەیی هەژماردەکرێن، بەشێك لەو هەڵانە گرێداراوە بە بیر و توانای دیاریکراوی فێرخوازانی زمانی دووەمەوە ، کەنەیانتوانیوە لەگەڵ سیستەمی سینتاکسی زمانی دووەمدا هەڵبکەن. بە شێکی تری هەڵەکانیان خولانەوەیە لە نێو سیستەمی زمانی یەکەمدا، بۆیە لە ئەنجامدا دووچاری هەڵەی ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستە بە ناتەواوی بوونەتەوە.

## پ- بەکارهێنانی بەستەرەکان لە سەر بنەمای سیستەمی زمانی یەکەم ، یاخود بە کارهێنانی بە هەڵە:

(بەستەرەکان)[1] لە نێو ڕستەدا وەکو کەرەستەکانی تر ئەرك و شوێنی دیاریکراوی خۆیان هەیە. بەستەرەکان لە زمانی ئینگلیزیدا لە پێش کەرەستەی مەبەستدارەوە دێت، لە ڕستەدا کەرەستەی بەکارهاتوو، جۆری بەستەرەکان هەڵدەبژێرێت.

ئەگەر لە ڕوانگەی شیکاری هەڵییەوە لە هەڵەی بەکارهێنانی بەستەرەکان داتای وەرگیراوی فێرخوازنی زمانی دووەم وردبینەوە، لەو نموونانەوە جۆری هەڵەی بەکارهێنانی بەستەرەکان دەستنیشاندەکەین و شییاندەکەینەوە.

---

[1] - مەبەست لە بەستەرەکان بریتین لە(پێشناو و پاشناو) کان.

وەك:

وەڵامی دروست:

1- He/she has come home.
2- Arsi quickly has come back home and left.
3- Our brother is a clever boy.

4- You and those girls are students with me.

5-Nali, the great Kurdish poet, is classic's.

6- The poor Child, who slept in the street last night, felt sick.

7- The horse is grazing in the pasture.

8- There are two red flowers on the table.

وەڵامی فێرخوازان:

*1a- He is came **on** house
*1b- He is com **a to** home
*1c- she **for** coming hose.
*1d- he is **to** come hom
*1e- we com **from** in house

*2a- Our brother is <u>**the**</u> smart boy
*2b- my brother is <u>**at**</u> clever boy
*2c- Our brother <u>**on**</u> are clever boy.
*2d- Our brother is in clever boy.

*3a- Arsi quickly <u>**to**</u> come back for home and left.
*3b- Arsy is come and back quickly <u>**at**</u> home left.

*4a- You and those girls is <u>**at**</u> students with me.
*4b- You and these girls are students with <u>**for**</u> me.

*5a- The great Kurdish Nali poet <u>**by**</u> classic's.
*5b- nali The great <u>**to**</u> Kurdish poet classic's.

*6a- The poor Child **to** slept in the street last night <u>**of**</u> felt sick.

*6b- Ther poor Children, slept **from** street last night **a** sick.

*7a- The horse feeds **at** field.
*7b- The horse **of** eat in the field.
*7c- The hors eat **since** fieled.

*8a-There are two red flower **in** the table
*8b-There is two red flowers **under** the table.
*8c-There are two red flowers **by** table
*8d-There are flowers **inside** table.

به تێڕوانین لە نموونەی فێرخوازانی زمانی دووەم هەڵەی بەکارهێنانی بەستەرەکان بەدیدەکەین، با لە ڕوانگەی شیکاری هەڵییەوە لە نموونەی ڕستەی (1a)ی فێرخواز بڕوانین، کە بەستەرەکان (**on**)ی بەکارهێناوە، لێرەدا بەستەرێکی لەو شێوە نەگونجاوە، چونکە بوونی لە ڕستەکەدا زیادەیەو و پێویست نییە.

لە نموونەی ڕستەی (1b)دا فێرخواز دوو بەستەری لە پاڵ یەکدا بەکارهێناوە، لە زمانی ئینگلیزیدا نیشانەی نەناسراوی تاك(**a**) و بەستەرەکان (**to**) بەدوای یەکدا نایەن ، بۆیە هەڵەی سینتاکسی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

لە نموونەی ڕستەی (1c)دا بەستەرەی (**for**)ی لەدوای جێناوی سەربەخۆی (she) و لە پێش کرداری (coming) بەکارهێناوە، لە زمانی دووەمدا ، ئەگەر بەستەرەکان لە ڕستەیەکی لەو جۆرەیش بەکاربهێنرێت، ئەوا بەستەری (**for**) ناشێت لەم ڕستەیەدا بەکاربێت، چونکە لە لایەکەوە ئەم بەستەرە شوێنەکەی وەکو کەرەستەیەکی ڕستەکە لێردا نییە و هەڵەیە، لەلایەکی تریشەوە بەستەرەی (**for**) وەکو ئاوەڵکردارێکی کاتی خۆی دەردەخات واتە(**for**- بۆ ماوەی) دەگەیەنێت، وەکو بوترێت: ( بۆ ماوەی ڕۆژێك، هەفتەیەك، ... , ... هتد)، کە دەتوانرێت لەگەڵ زۆربەی دەمکاتەکان بەکاربێت.

لە نموونەی ڕستەی (1d)دا فێرخواز بەستەری (**to**)ی لە پێش کرداری (come) بەکارهێناوە، ئەم بەستەرە بۆ ئەم شوێنە نەگونجاوە، بۆیە فێرخوازی دووچاری هەڵە کردووە.

لە نموونەی ڕستەی (1e)دا فێرخواز بەستەری (**from**)ی لە پێش بەستەری (in)داناوە، لەبەرئەوە فێرخوازی دووچاری هەڵەکردووەتەوە، چونکە لە زمانی دووەم (ئینگلیزی)دا ئەم دوو بەستەرە بەیەکەوە هەڵناکەن و هەریەك لە و بەستەرانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە.

لە نموونەی ڕستەکانی (2)دا فێرخوازانی زمانی دووەم بەستەریان لە ڕستەکاندا بەکارهێناوە، بەم بەکارهێنانەیش تەواوی فێرخوازان کەوتوونەتە هەڵەوە و ڕستەکەیان شێواندووە، دروستی ڕستەکە ئەوەیە هیچ بەستەرێك وەرناگرێت، لە لایەکی ترەوە، لە پێش ئاوەڵناوی (clever) تەنیا پێویستی بە نیشانەی

(a) هەیە، نەك بەستەر، ئەوەی هەڵەکەی گەورەتر کردوون ئەو هەموو بەستەرە جۆراوجۆرانەیە، کە هەریەکێکیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە و لەگەڵ کەرەستەیەکی دیاریکراوی نێو ڕستە و واتای ڕستەکە بەکاردێن.

لە نموونەی ڕستەکانی (3)دا فێرخوازانی زمانی دووەم بەستەرەیان لە ڕستەکاندا بەکارهێناوە و وەکو نموونەی ڕستەکانی (2) کەوتوونەتە هەڵەی زمانی دووەمەوە، چونکە ڕستەکان پێویستیان بە بەستەرەکان نییە.

لە نموونەی ڕستەکانی (4)دا فێرخوازانی زمانی دووەم بەستەرەکانیان، وەکو نموونەی ڕستەکانی(2) و (3) بە هەمان هەڵە دوبارەکردووەتەوە.

لە نموونەی ڕستەکانی (5)دا فێرخوازانی زمانی دووەم بەستەرەکانیان لە ڕستەکاندا بە هەمان هەڵەی ڕستەکانی(2) و (3) و(4) دوبارەکردوەتەوە.

لە نموونەی ڕستەکانی (6)دا فێرخوازانی زمانی دووەم بەستەرەکانیان لە ڕستەکاندا بە هەڵە بەکارهێناوە، فێرخوازان بە ئارەزووی خۆیان و دوور لەسیستەمی زمانی ئینگلیزی بەستەریان بۆ ڕستەکان داناوە، لە نموونەی ڕستەی (6a)دا فێرخواز بەستەری (to)ی لە پێش کرداری (slept) بەکارهێناوە، لە ڕاستیدا لە بری بەستەری (to) پێویستە نیشانەی( , )ی بەیەکەوە بەستنەوەی دوو بەشەکەی ڕستە دابنرێت، هەروەها فێرخواز لە بەشی دووەمی ڕستەکەدا ئامرازی پەیوەندی (of)ی لە پێش ئاوەڵناوی (sick) بە زیادە و بە هەڵە بەکارهێناوە.

لە نموونەی ڕستەی (6b)دا فێرخواز بەستەری (from)ی لە پێش ناوی (street) بە هەڵە بەکارهێناوە و لێرەدا شوێنەکەی دروست نییە، چونکە ئەم بەستەرە (from) بە واتای (لە)دێت، بۆ ڕستەیەکی لەم جۆرە دروستە:

- They went **from** Hawler to Sulaimani. -ئەوان لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی ڕۆیشتن.

هەروەها بەستەری (from)، کاتێك لەگەڵ کرداری (com ،to be) هات، ئەوا ئاماژە بە ڕەگەز، یان خەڵك دەکات، وەکو:

- I am **from** Kurdistsn. -من خەڵکی کوردستانم .

کەواتە پێویستە لە پێش ناوی (street)ی ڕستەکە بەستەری (**in** the)بێت، نەك بەستەری (from).

لە نموونەی ڕستەکانی (7)دا فێرخوازانی زمانی دووەم بەستەری (since, of ,at)یان لە ڕستەکاندا بە هەڵە بەکارهێناوە، با هەڵەی هەریەك لەو نموونانە شیبکەینەوە، لە نموونەی ڕستەی (7a)دا فێرخواز بەستەری (at)ی لە پێش ناوی (field) بە هەڵە لە بڕی بەستەری (in the) بەکارهێناوە، لەبەرئەوەی بەستەری (at) پەیوەستە بەکاتەوە و لە پێش کاتژمێر بەکاردێت، وەکو:

-(at tow o' clock , at mid night , at 7: 00 A,M )

یان لەگەڵ چەند وشەیەکدا بەکاردێت، وەکو:

.(...., ... , at the cinema , at that time ,at war)

ئەم جۆرە هەڵەکردنە بۆ کەم توانایی و نەزانینی فێرخواز لە زمانەکەدا دەگەڕێتەوە، چونکە تایبەتمەندی هەریەك لە بەستەرەکانی لەبەرچاونەگرتووە.

لە نموونەی ڕستەی (7b)دا فێرخواز سەرباری ئەوەی بەستەری (in) لە شوینی خۆی بە دروستی بەکارهێناوە، بەلاّم بە بەکارهێنانی بەستەری (of) لە پێش کرداری (eat) کەوتووەتە هەڵەوە و ڕستەکەی لە باری ئاسایی و دروستی خۆی دورخستووەتەوە، چونکە بەستەری (of) بە واتای( لە)دێت و خاسێتی خاوەنداریەتی بە ناو، یان جێناو دەبەخشێت ، وەکو:

-(one of you, a jar of water )

بۆیە ناکرێت ئەم بەستەرە (of) لە پێش کرداری (eat) بێت.

لە ڕستەی (7c)دا فێرخواز بەستەری (since)ی لە پێش ناوی (field) بە هەڵە لە بری بەستەری (in the) بەکارهێناوە، چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا بەستەری بەکارهێنراوی(since) ئاوەڵکرادرێکە بە واتای( لەوەتەی، لە، لەوەکاتەوە)دێت وە بۆ دەستنیشانکردنی سەرەتای دەستپێکردنی کارێك لە ڕستەدا دێت، لەگەڵ ئەم وشانەدا دەردەکەوێت:

-(.... ,..... , last weekend , 2019 , 6:45 )

وەکو:

- My parents have been on vacation since Monday.

بۆیە هەر هەڵەکردنێکی لەم جۆرە دروستی ڕستەکە دەشێوێنێت و ئاستی فێربوونی فێرخوازی زمانی دووەم بەلاوازی دەردەخات.

لە نموونەی ڕستەکانی (8)دا فێرخوازانی زمانی دووەم چەند بەستەرێکیان لە ( off , too, by, under , in) ڕستەکاندا بە هەڵە بەکارهێناوە، بەلاّم ئەوەی ڕستەکانی (8) لە نموونەی ڕستەکانی تر جیادەکاتەوە، تەواوی ئەو کەرەستانەی بە واتای بەستەر لە ڕستەکاندا بەکارهێناراون لە شوێنی خۆیان بەدروستی بەکارهاتوون، ئەوەی فێرخوازانی زمانی دووەمی دووچاری هەڵەکردووە، بوونی کەرەستەکانی بەستەرکانە، بۆیە لە ڕوانگەی شیکاری هەڵییەوە هەریەك لە نموونەکان شیدەکەینەوە.

لەداتای نموونەی ڕستەی (8a)دا فێرخواز بەستەری (in) ی بە هەڵە لە بڕی بەستەری (**on**) بەکارهێناوە، چونکە بەستەری بەکارهێنراوی (in) لێرەدا واتای (لەناو) دەگەیەنێت، واتە ڕێك پێچەوانەی بەستەری داواکراوی (**on**)ە، کە واتای (لەسەر)دەدات

لەداتای نموونەی ڕستەی (8b)دا فێرخواز بەستەری (under) ی بە هەڵە لە بری بەستەری (**on**) بەکارهێناوە، چونکە وشەی(under) لێرەدا بەواتای ( لەژێر ) دێت، وەکو:

-The dog is under the table.

بۆیە ناکرێت لە ڕستەی داواکاردا فێرخوازی زمانی دووەم بەویستی خۆی، یان لە نەزانینی خۆی بیگۆڕێت و بڵێت: ( دووگوڵی سوور لە ژێر مێزەکەدایە).

لە نموونەی ڕستەی (8c)دا فێرخواز بەستەری (**by**)ی بە هەڵە لە بری بەستەری (**on**) بەکارهێناوە. ئەگەرچی بەستەری (**by**) فرە واتایە و واتای( بە، بەهۆی، لە تەنیشت) دەبەخشێت، بەڵام هیچ کام لەم واتایانە لەگەڵ ڕستەی داواکاردا یەك ناگرنەوە، بەستەری (**by**) زیاتر لەگەڵ هۆیەکانی گواستنەوە بەکاریێت، وەکو:

-I came by (taxi - horse -food –ship).

بۆیە هەڵەی لەم جۆرە ستراتیژی بیرکردنەوەی فێرخوازی زمانی دووەم لە داڕشتنەوەی ڕستەیەکی لەم جۆرە و بەکارهێنانی بەستەری (**by**) بەو هیوایەی، کە یەکێك لە واتاکانی بۆشایی بەستەری بۆ پڕبکاتەوە ئەوادووچاری هەڵەی سینتاکسی دەکات.

لە ڕستەی (8d)دا فێرخواز بەستەری (**inside**)ی بە هەڵە وەکو ڕستەکانی(8c , 8b , 8a,) لە بری بەستەری (**on**) بەکارهێناوە، ئەم بەستەرە لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای ( ناوەوەی ) شتێك دێت، وەکو:

-(I can see inside the bag. )

واتە پێچەوانەی بەستەری (**on**- لەسەر)ە.

بە تێگەیشتن و شیکردنەوەی هەڵەکان دەوانین بڵێین پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم لە ( بەکارهێنانی بەستەرەکان لە سەر بنەمای سیستەمی زمانی یەکەم ، یاخود بە کارهێنانی بە هەڵە)دا بە ڕێژەی جیاواز لای فێرخوزانی زمانی دووەم بەدیدەکرێت، بەم جۆرە:

پرۆسەی گواستەوەی زمان بە ڕێژەی(٣٦٪ ) لای فێرخوازانی زمانی دووەم ئەنجامدراوە.

گواستنەوەی نەرێنی زمان بە ڕێژەی بەرز، کە(٢ ، ٣٢٪ ) .

گواستنەوەی ئەرێنی زمان گەیشتووەتە ڕێژەی (٣ ،٤ ٪ ).

پرۆسەی پرۆسەی ئەپستراکتکردن و داڕشتن(٠٪ ).

پرۆسەی ئاسانکردن بە ڕێژەی( ٢ ٪ ) بەکارهاتووە.

پرۆسەی لاسایکردنەوە ( ٦ . ٪).

به تێڕامان لە داتای وەرگیراوی فێرخوازن لە ڕوانگەی شیکاری هەڵەییەوە، دەتوانین بڵێین بە شێك لە فێرخوازانی زمانی دووەم لە وەرگرتن و بەکارهێنانی بەستەرەکاندا بە سرنج و وردبینییەوە جۆرەکانی بەستەر لە زمانی دووەمدا بە پێی کەرەستەی نێو ڕستەکە هەڵنابژێرن. لە داتای وەرگیراوی فێرخوازانی زمانی دووەمدا ئەوەمان بۆ ڕوون بووە، کە فێرخوازن زمانی یەکەمیان کاریگەری لەسەر بەکارهێنانی جۆرەکانی بەستەر لە زمانی دووەمدا هەیە، لە ڕوویەکی تریشەوە، فێرخوازان پەنا بۆ جۆرە ئامرازێك لە زمانی دووەمدا دەبەن، کە فرە واتایە، بۆ ئەوەی بەشێك لەو کەموکوڕی و کەم زانیاریانەیان لە زمانی دووەمدا بۆ پڕبکاتەوە، لە ئەنجامدا دەکەونە هەڵەی بەکارهێنانی بەستەرەکانەوە ، هەروەها بەشێك لە داتای فێرخوازان هەڵەی بەستەری لە بە کارهێنانیاندا لە شوێنی نەکونجاوی ڕستەدا دەخاتەڕوو لە ئەنجامدا هەڵەی سینتاکسی لە ڕسەکەدا دێتەئاراوە.

کەواتە هەڵەی سینتاکسی لە ڕوانگەی شیکاری هەڵییەوە، کە لەلای فێرخوازانی زمانی دووم ڕوودەدات، بنەمایەکی یەك لایەنەی نییە، بەڵکو هەڵەی سینتاکسی لەسەر هەریەکێك لە پێشکەوتنی بەرکار پێش کردار، ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستە بە ناتەواوی، بەکارهێنانی بەستەرەکان لە سەر سیستەمی زمانی یەکەم، یاخود بە کارهێنانی بە هەڵە ڕادەوەستێت. فێرخوازی زمانی دووەم دەشێت لە ڕستەیەکدا لە هەرسێ جۆرەکە هەڵەبکات، چونکە نموونەی داتاکانی فێرخوازانی زمانی دووم بەڵگەی ئەوەن، فێرخوازن لە ڕۆنان و سیستەمی زمانی دووەمدا زۆر شارەزا و لێهاتوونیین، بەڵکو بە شێکیان لە ئاستێکی لاوازی بەکارهێنانی سیسەمی زمانی دووەمدان و تا ئەم قۆناغەی پێیگەیشتوون لەسەر بنەمای ڕۆنان و سیستەمی زمانی یەکەم ستراتیژی دروستکردنی ڕستەی زمانی دووەم دادەڕێژن.

پڕۆسەکانی فێربوونی زمان بەکارهێنانیان لەسینتاکسدا لەلای فێرخوازانی زمانی دووەم بەگشتی لەم چارتەدا خراوەتەڕوو:

پڕۆسەی **گواستەوەی** زمان بە ڕێژەی( ٦، ٦٦٪ ).

پڕۆسەی گواستنەوەی نەرێنی زمان بە ڕێژەی (٨ ، ٥٨٪ ) .

پڕۆسەی گواستنەوەی ئەرێنی زمان بە ڕێژەی (٣ ، ٨٪).

پڕۆسەی ئەپستراکتکردن و داڕشتن(٦ ، ٦٪ ).

پڕۆسەی **ئاسانکردن** بە ڕێژەی(٦ ، ٢٪ ) بەکارهاتووە.

پڕۆسەی لاسایکرنەوە بە ڕێژەی(١ ، ١٪ ).

(processes of Second languag Learning) پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم زمان

(syntax) سینتاکس




Chart (4)هێڵکاری

## ٢/٣- ٥ ) هەڵەی واتاسازی[1]

ئەم جۆرە هەڵەکردنە بەکارهێنانی وشەی زمانی یەکەمە لە زمانی دووەمدا، بۆ ئەم مەبەستە فێرخوازانی زمانی دووەم بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕی ولاوازی لە زمانی دووەمدا پەنای بۆدەبەن. لە داتای فێرخوازانی زمانی دووەمەوە لە ڕوانگەی شیکاری هەڵییەوە بەشێك لەو هەلأنەی فێرخواز دەخەینەڕو و لێیاندەکۆڵینەوە:

نموونە:

١- ئەسپکە لە پاوانەکە دەلەوەڕێت.

وەڵامی فێرخوازان :

*1a- The horse eats the grass .

*1b-The horse eating the garden

*1c-the horse is eating of the filed.

*1d- Hors eat the grassland

*1e-Hors is eating wood.

*1f- the hors feeding in the hay.

*1g-The horse food on the plant

لە داتای وەرگیراو لە فێرخوازانەوە ئەوە بەدیدەکەین، فێرخوازان لە واتای وشەی(پاوان)ی زمانی کوردی(یەکەم)دا وەکو پێویست نەیانتوانیوە ئەم وشەیە لە زمانی دووەمدا بەکاربهێنن، بۆیە پەنایان بۆ وشەی تر بردووە.

لە نموونەی داتای (1a)دا فێرخواز وشەی (گیا)ی لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم بردووە و لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی(grass) لە بڕی وشەی(پاوان) بەکارهێناوە و دووچاری هەڵەی واتایی کردووە.

[1] -زاراوەی واتاسازی لە زمانی کوردیدا دوو وەچە زاراوە دەگرێتەوە، ئەوانیش بریتین لە سیمانتیك و پراگماتیك، لە شیکردنەوەی کارەکیانەی ئەم تێزەدا، ئەم زاراویە بەرانبەر بە هەردوو زاراوەکە بەکارهاتووە.

له نموونەی داتای (1b)دا فێرخواز وشەی(garden) (باخچە)ی وەکو جێگرەوەیەك بۆ وشەی (lawn) پاوان- بەکارهێناوە، بەڵام بەم بەکارهێنانەیش نەی توانیوە واتای تەواو بەدەستبهێنێت.

له ڕستەی(1c)دا فێرخواز وشەی کێڵگە(filed)ی لە بڕی وشەی واتاداری(lawn) خستووەتەڕوو، فێرخواز لە بەشێك لە واتای وشەی(lawn) نزیك بووەتەوە، بەڵام لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا مەرج نییە وشەی کێڵگە بۆ شوێنی (پاوان) بەکاربێت، چونکە کێڵگە واتایەکی فراوانتری لە زمانی یەکەمدا هەیە، دەشێت شوێنی بە خێوکردنی باڵندە و مەڕ و ماڵات و ئاودێری و کێڵان بگرێتەوە. لە زمانی دووەمیشدا ئەو واتا فراوانەی هەیە، بەڵام واتای (پاوان) تەنیا واتای شوێنی لە وەڕاندنی ئاژەڵ دەگرێتەوە، بۆیە فێرخواز نەی توانیووە بە وشەی کێڵگە (filed) قەرەبووی کەم زانیاری لە زمانی دووەمدا بکاتەوە.

له نموونەی داتای (1d)دا فێرخواز وشەی(grassland) (سەوزایی)ی وەکو جێگرەوەیەك بۆ وشەی (lawn)پاوان- بەکارهێناوە، تارادەیەك باشتر لە نموونەکانی(1a)، (1b)، (1c) لە واتای مەبەستدار بۆ زمانی دووەم هەنگاوی ناوە و بەروپێشچوون و هەڵبژاردنی واتای وشەی بەخۆیەوە بینیوە، چونکە شوێنی سەوزایی دەشێت بۆ لەوەڕاندن بەکاربهێنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەویشدا هێشتا واتای تەواوی نەپێکاوە، چونکە هەموو شوێنێکی سەوزایی بۆ لەوەڕندن ناشێت و ڕێگای پێنادرێت، وەکو باخچەی تایبەت و پارکی گشتی، لەلایەکی ترەوە مەرج نییە شوێنی لەوەڕاندن(پاوەن) تەنیا سەوزایی بگرێتەوە، بەڵکو دەشێت شوێنی( پوش و پەڵاش)ی وشکیش بگرێتەوە، بۆیە فێرخواز بە هەڵبژاردنی ئەم وشەیەش لە هەڵەی واتا بەدەرنەبووە.

له نمونەی ڕستەی(1e) و (1f)دا فێرخوازان دوو وشەی پێچەوانەی یەکتریان بۆ وشەی (lawn)پاوان بەکارهێناوە، چونکە (wood) بە واتای (دارستان) واتە شوێنی سەوزایی و (hay)بە واتای (پوش) شوێنی وشکانی دێن. لەم ڕستانەدا فێرخوازدووچاری هەڵەی لاوازی زانیاری لە واتای وشەکانی زمانی دووەم بووەتنەوە. لە نمونەی ڕستەی(1g)دا، فێرخواز بە دوای وشەیەکی شیاودا لە زمانی دووەم وێڵ بووە، بە جۆرێك ئەو وشەییەی، کە بەکاریهێناوە نە لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووەم، نە لە خودی زمانی دووەمیشەوە سودی پێناگەنێت، چونکە وشەی(plant) ڕووەك لێرەدا بۆ شوێنی لەوەڕاندن گونجاونییە، لە زمانی کوردیشدا ئاخێوەری زمانەکە ناڵێت :

- ئەسپەکە لەناو ڕووەکەکە دەلەوەڕێت.

له زمانی ئینگلیزیشدا ئاخێوەری زمانەکە ناڵێت:

-The horse food on the plant.

بۆیە فێرخوازانی زمانی دووەم نەیانتوانیوە بە بەکارهێنانی واتای وشەی گونجاوی خۆیان لە هەڵەی واتایی لە ئاستی واتاسازیدا دووربخەنەوە.

کەواتە لە پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەمدا هەڵەی واتایی بەم ڕێژە جیاوازانە لەلایەن فێرخوازانی زمانی دووەمەوە بەکارهێنراون، بریتین لە :

پرۆسەی **گواستەوەی** زمان بە ڕێژەی( ٣، ٧٨٪ ).

-پرۆسەی گواستنەوەی نەرێنی زمان بە ڕێژەی (٢ ، ٧٢٪ ) .

-پرۆسەی گواستنەوەی ئەرێنی زمان بە ڕێژەی (١ ، ٦٪).

پرۆسەی **دارشتن و ئەبستراکتکردن** بە ڕێژەی (١ ، ٩٪).

**ئاسانکردن** (٤ ، ٣٪).

**لاسایکردنەوە**(٤ ، ٢٪).

پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم زمان (processes of Second languag  Learning)

واتاسازی(semantic)




Chart (5)هێڵکاری

بەم تێڕوانیینە هەڵەی واتایی لە فێربوونی زمانی دووەمدا لە ئەنجامی کەمی شارەزایی و نەبوونی ئەزموونی فێرخواز لە زمانی دووەمدا ڕوودەدات، ئەویش کاتێك ڕوودەدات فێرخوازانی زمانی دووەم لە هەنێك باروودۆخی دروستکردنی ڕستەدا دووچاری کەمی وشە دەبنەوە و وشەیەکی گونجاو لە زمانی دوومدا نادۆزنەوە، بە ناچاری لە زمانی یەکەمەوە وشە دەبەن و لە زمانی دووەمدا بەکاریدەهێنن، مەرجیش نییە هەموو جارێك لەم هەڵبژاردنەدا سەرکەوتووبن، هەروها هەندێك لە فێرخوازانی زمانی دووەم لە زمانی دووەمدا بە دوای وشەی جێگرەوەدا دەگەڕێن، تا کەم توانایی و نەزانینی خۆیان پێبشارنەوە، ئەم پەنابردن و قەرەبووکردنەوەیە لە زمانی یەکەمدا، نیشانە بۆ لاوازی فێرخوازانی زمانی دووەم.

کەواتە لە ئەنجامی کۆی داتای وەرگیراوی ئاستەکانی فێربوونی زمانی دوومدا درك بەجیاوازی بەکارهێنانی پڕۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم لەلایەن فێرخوازانەوە دەکەین، بۆیە بۆ دەرخستنی بەکارهێنانی زۆرترین پرۆسەی فێربوونی زمان و بەراودکردنی بە ڕێژەی بەکارهێنانی پڕۆسەکانی تر لەلایەن فێرخوازانەوە بە ڕێژەی ژمارە و چارت دەیانخەینەڕوو:

کۆی پڕۆسەی **گواستەوەی** زمان بە ڕێژەی (٥، ٢٣١٪ ).

کۆی پڕۆسەی گواستنەوەی نەرێنی زمان بە ڕێژەی ( ٣ ، ١٥٥٪ ) .

کۆی پڕۆسەی گواستنەوەی ئەرێنی زمان بە ڕێژەی (٦ ، ٣١٪).

کۆی پڕۆسەی **داڕشتن و ئەبستراکتکردن** (٢ ،١٧٪).

کۆی پڕۆسەی **ئاسانکردن** (٧ ، ٩٪).

کۆی پڕۆسەی **لاسایکردنەوە**(١ ، ٤٪).

کەواتە ڕێژەی ژمارە و ئاستی بەرزی چارتەکە پرۆسەی **گواستەوەی** زمان بە پلەی یەکەم لەسەر ئاستەکانی زمان نیشاندەدات، کە لەلایەن فێرخوازانی زمانی دووەمەوە بەکاردەهێنرێت.

لەم داتایانەدا ڕێژەی ژمارە و ئاستی نزمی چارتەکە، پرۆسەی **لاسایکردنەوە** لە کۆتا پلە لە ئاستەکانی زمان نیشاندەدات، کە لەلایەن فێرخوازانی زمانی دووەمەوە، زۆر بەکەمی بەکاردەهێنرێت.

پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم زمان (processes of Second language learninig)

**لە ئاستەکانی زماندا**




Chart (6)هێلکاری

## ٢/٣- ٦) هەڵەی کلتوریی (فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی)

ئەم جۆرە هەڵەکردنە پەیوەستە بە کۆزانیاری کلتوری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ژینگەی وشە لە ئاوەزیی فێرخوازی زمانی دووەمدا، هەر لادانێك لەم کێڵگەیەی زمانی یەکەمدا، پەیامی گەیاندنی فێرخواز دووچاری هەڵە، یان کەموکوڕی و لاوازی لە زمانی دووەمدا دەکات. لە ڕوانگەی شیکاری هەڵەییەوە ڕۆشنایی دەخەینە سەر نموونەی داتای وەرگیراوی فێرخوازانی زمانی دووەم و ستراتیژی بەکارهێنانی ئەم داتایانەی فێرخوازان.

با بڕوانیینە نموونەی پێدراوی فێرخوازان، لە نموونەکانی (١) و (٢)دا، ئەوانیش بریتین لە بۆشایی پڕکردنەوە، هەروەها نموونەی ڕستەکانی(٣ ، ٤ ) , کە واتای تەواو لە ڕستەکە دەبەخشن.

وەك:

١أ- کونەدەپەپوو باڵندەیەکی ...... .

1B-Owl is a/an ............... Bird.

٢أ- پشیلە ...... دەخوات.

2 B -Cats ....... eat.

٣أ-سەگەکە تۆپی.

3 B -The dog has died.

٤أ- پیاوەکە مرد.

4 B -The man has died.

وەڵامی فێرخوازان:

بۆ ڕستەی (١أ)- کونەدەپەپوو باڵندەیەکی ...... .

1a- <u>ugly</u> (ناشرین)

1b- <u>angry</u> ( توڕە)

1c- blight (هیوا بڕ، لە ناوبەر، نەخۆشی)

1d- <u>frightful</u> (ترسناك)

1e- baleful ( شوم )

وەڵامی فێرخوازان:

بۆ ڕستەی (٢أ)- پشیلە ...... دەخوات.

2a- meat ( گۆشت )

2b- mouse ( مشك )

2c- Milk ( شیر )

2d- fish ( ماسی )

2e- food ( خواردن )

وەڵامی فێرخوازان:

بۆ ڕستەی ٣(أ)-سەگەکە تۆپی.

3a- the dog is murder.

3b- the dog is killed.

وەڵامی فێرخوازان:

بۆ ڕستەی (٤أ)-پیاوەکە مرد.

4a- the man passed away.

4b-the man late.

لە هەڵەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا بەشێك لە فێرخوازانی زمانی دووەم، لە ژێرگاریگەری زمانی یەکەمدا بۆشاییەکانیان بە وشەی فەرهەنگی زمانی دایك پڕکردووەتەوە.

لە داتای نموونەی (1a)دا فێرخوازان ئاوەڵناوی(ugly) ناشرین-نیان بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکە بەکارهێناوە. ئاوەڵناوی(ugly) ناشرین- ڕاست پێچەوانەی (beautifully)جوان-ی زمانی ئینگلیزییە، واتە فێرخوازان لە بری ئەوەی بۆشاییەکە بە وشەیەکی گونجاوی وەکو ئاوەڵناوی(beautifully) لەگەڵ ناوی باڵندەی(کوندەپەپوو) شیاوە و دەگونجێت، کە لە فەرهەنگ و دیدی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئینگلیزدا

واتای جوان و خۆشبەختی دەگەیەنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە دیدی فەرهەنگ و بیری کۆمەڵایەتی زمانی یەکەم ڕستەکەیان داڕێشتووەتەوە و دووچاری هەڵەی فەرهەنگی کردوون.

لە نموونەی بۆشایی (1b)دا فێرخوازان ئاوەڵناوی(angry) تووڕە-یان بەکارهێناوە، ئەم ئاوەڵناوە بۆ ئەم بۆ شاییە نەشیاوە، چونکە باڵندەی(کوندەپەپوو) لە فەرهەنگ و کلتوری ئینگلیزدا هێمای ئاشتی و هێمنی دەگەیەنێت.

لە نموونەی بۆشایی (1c)دا فێرخوازان ئاوەڵناوی(blight)- (هیوا بڕ، لە ناوبەر، نەخۆشی)یان بەکارهێناوە، لە ڕاستیدا باڵندەی(کوندەپەپوو) لە کۆمەڵگای ئینگلیزدا هیوا و خۆشی پێوەیە.

لە بۆشایی (1d)دا فێرخوازان ئاوەڵناوی( frightful ) ترسناك-یان بەکارهێناوە، ئەم ئاوەڵناوە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکە دروستنییە، چونکە لە زمانی دووەمدا، باڵندەکە هیچ مەترسی و شوم و تاریکیەك ناگەیەنێت، بە پێچەوانەوە نیشانەی ڕوناکی و کرانەوە و ڕەوانەی ترس و تاریکی دەبەخشێت. کەواتە ئەم هەڵەکردنانەی فێرخوازانی زمانی دووەم، لە ئەنجامی بەکارهێنانی وشەیەکی باوی زمانی دایك(یەکەم)وە سەرچاوەدەگرێت، ئامانجیش لەم بەکارهێنانە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی کەمی زانست و توانای فەرهەنگ و کۆمەڵایەتییەتی لە زمانی دووەمدا.

لە بۆشایی (1e)دا فێرخوازان ئاوەڵناوی (baleful) بە واتای (هیوا بڕ، لە ناوبەر، نەخۆشی)بەکاریانهێناوە، لە ڕاستیدا ئەم مەبەستەی فێرخوازانی زمانی دووەم لەگەڵ بیری ئاخێوەر و فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی یەکناگرنەوە، لەبەرئەوەی ئەم باڵندەیە لە ئاوەزیی ئاخێوەری ئینگلیزدا بەشێك لە هیوا بەخشی و خەرمانی فەراهەمی و لەشساغی و تەندوستی باش بە ئومێدیان دەبەخشێت.

لە بۆشایی (2a)دا فێرخوازان ناوی(meat) و (2b)دا (mouse)یان بەکارهێناوە، فێرخوازانی زمانی دووەم زیرەکانە بۆ شاییەکانییان بەم وشانە پڕکردووەتەوە، چونکە ئەم وشانە لە فەرهەگی کۆمەلأیەتی زمانی دووەم و یەکەمدا لەبار و گونجاون، واتە فێرخوازان خۆیان لەو جەنجاڵی و تەسکی دوو ڕێگای جیاوازی فەرهەنگی دەربازکردووە، جا ئەو بەکارهێنانە بە مەبەستبێت، یاخود بێئاگایانەبێت، ئەوا تێیدا سەرکەوتووبوون.

لە بۆشایی (2c)دا فێرخوازان ناوی(Milk)یان بۆ داڕشتنەوەی ڕستەکە و پڕکردنەوەی بۆ شاییەکە بەکارهێناوە. ئەم وشەیە لە فەرهەنگی زمانی فێرخواز و زمانی دووەمیشدا گونجاوە، بەلأم لە فەرهەنگی زمانی دووەمدا پانتایەکی فراوان و گەورەتری لە پەیوەندی نێوان ( پشیلە و شیر)پاوانکردووە، لەبەرئەوەی لە کۆمەڵی ئینگلیزدا بە خێوکردن و پەروەردەکردنی (پشیلە) دیاردە و لۆژیکێکی ئاسایی هەیە و لە

بەشێکی ماڵەکاندا گیانەوەری( پشیلە ) ڕادەگیرێت، جا بە بێچووی، یاخود بەگەورەیی، شیری تایبەت و خواردنی پێدەدرێت.

لە بۆشایی (2d)دا فێرخوازان ناوی (fish)یان بە فەرهەنگی زمانی دووەم بەکارهێناوە، واتە فێرخوازان لەم هەڵبژاردن و پڕکردنەوەی بۆشاییەدا تەواو و دروست لە فەرهەنگی زمانەکەدا هەڵکیشراون و لە هەڵە و فەرهەنگی زمانی یەکەم دوورکەوتوونەتەوە.

لە بۆشایی (2e)دا فێرخوازان ناوی(food)یان بە وردی و دیاریکراوی بەکارنەهێناوە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی خستووەتەڕوو. دەشێت ئەم بەکارهێنانە بە بەشێك لە هەڵەی فەرهەنگی دابنرێت، یاخود بە لاوازی لە تێگەیشتنی فەرهەنگی زمانی دووەم هەژماربکرێت.

کەواتە لە شیکاری هەڵێیدا دەتوانیین بڵێین لە ڕیزبەندی بەکارهێنانی وشەکانی نموونەی داتای(2)دا، جیاوازی لە ئاستی دروستی و لاوازیاندا بەدیدەکرێت، چونکە نموونەکانی (fish) و (milk) پلەی یەکەم و دووەمیان لە دروستی بەکارهێنانی فەرهەنگی زمانەکەدا وەرگرتووە، نموونەی(meat) و (mouse) پلەی سێەم و (food) پلەی چوارەم.

بە واتایەکی تر لە نموونەکانی(2a) ، (2b) ،(2e)دا کاریگەری زمانی یەکەمی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە.

لە پڕۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەمدا فێرخوازان ئەم جۆرە پڕۆسانە و ئەنجامانەیان بەداتاکان بەخشیووە، وەك:

پڕۆسەی **گواستەوەی** زمان بە ڕێژەی( ٣، ٢٤٪ ).

پڕۆسەی گواستنەوەی نەرێنی زمان بە ڕێژەی (٢ ، ٤٪ ) .

پڕۆسەی گواستنەوەی ئەرێنی زمان بە ڕێژەی (١ ، ٢٠٪).

پڕۆسەی **داڕشتن و ئەبستراکتکردن** (٢ ،. ٪).

پڕۆسەی **ئاسانکردن** (٣ ، ١).

پڕۆسەی **لاسایکرنەوە** بە ڕێژەی(١٠٠٪ ) بەکارهاتووە.

((processes of Second languag  Learning)) پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم زمان

کلتور (culture)




Chart (7)هێڵکاری

کەواتە کۆی گشتی بەکارهێنانی پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم لە هەڵەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا بریتیە لە :

پرۆسەی گواستەوەی زمان بە ڕێژەی( ٣، ٥٩٪ ).

پرۆسەی گواستنەوەی نەرێنی زمان بە ڕێژەی (٢ ، ٤٧٪ ) .

پرۆسەی گواستنەوەی ئەرێنی زمان بە ڕێژەی (١ ، ١٢٪).

پرۆسەی **دارشتن و ئەبستراکتکردن** (٢ ،. ٪).

پرۆسەی **ئاسانکردن** (٣ ، ١).

پرۆسەی لاسایکرنەوە بە ڕێژەی(٥٠٪ ) بەکارهاتووە.

واتە لە پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەمدا فێرخوازان بە ڕێژەکی جیاوازتر و پێچەوانەی بەکارهێنانەکانی تر هەڵبژاردنی پرۆسەکانی زمانییان ئەنجامداوە، چونکە کەمترین بەرکەوتەی پرۆسەی

گواستەوەی زمان و بەتایبەتی پێچەوانەبوونی ڕێژەی نێوان( پرۆسەی گواستنەوەی نەرێنی زمان و پرۆسەی گواستنەوەی ئەرێنی زمان)مان بەرچاودەکەوێت.

ئەوەی زیاتر سەرنجمان ڕادەکێشێت، تەواوی فێرخوازان لە پڕکردنەوەی نموونەی بۆشاییەکانی (1) و (2)دا بە ڕێژەی(١٠٠٪) پرۆسەی لاسایکردنەوەیان پەیڕەوکردووە، هەروها لەکۆی(٥٠ ) فۆڕمی فێرخوازان بە ڕێژەی(٩٨٪)ی فێرخوازان پرۆسەی لاسایکردنەوەیان ئەنجامداوە، واتە تەنیا وشەکانییان بەکارهێناوە و خۆیان لە داڕشتنەوەی ڕستە کوردییەکان بۆ زمانی دووەم(ئینگلیزی) بە دوورگرتووە.

لە نموونەی ڕستەکانی (3)دا فێرخوازان بە دیدی خۆیان و بە تێگەیشتنییان بۆ زمانی دووەم بۆئەوەی وشەی( تۆپی) زمانی دایك لە زمانی دووەمدا جێگایبکەنەوە، هەوڵیانداوە وشەی(murder) و (killed) بە واتای (کوشت)ن دێن، وەکو جێگرەوەیەکی کەموکوڕیان لە کلتوری فەرهەنگ و کۆمەلأیەتی زمانی دووەمدا بەکاربهێنن، لە ڕاستیدا هیچ کامێك لەو وشانەی ڕستەکانی (3a) ، (3b) ناتوانن کەلێنی ئەو لاوزییەی فێرخوازان لە زمانی دووەمدا پڕبکەنەوە، چونکە لە زمانی دووەمدا بەرانبەر وشەی( تۆپی) ئەوا وشەی (مردن) بۆ گیانلەبەری(سەگ) بەکاردێت، ئەویش پەیوەستە بە فەرهەنگ و پێکهاتەی کۆمەلأیەتی لە کۆمەڵی ئینگلیزدا، واتە ئەگەر کرداری (کوشت) لە زمانی یەکەمدا بەکاربهاتبایە، ئەوکات هەر یەك لە کردارەکانی (murder) و (killed) ئەگەری گونجاویان بەرانبەر بە کرداری(کوشت)ی کوردی دروستدەبوو.

لە نموونەی ڕستەی (4)دا فێرخوازان بۆ خۆدەربازکردن و جیاکردنەوەی وشەی کرداری (مرد)نی پیاوەکە، لە ڕستەی(٢)ی سەگەکە (تۆپی). بە کاریگەری فەرهەنگ و لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردی (زمانی یەکەم) هەوڵیانداوە جۆرە ڕێزێك بە جیاکردنەوەی وشەی(مرد)ن لە ( تۆپی)ن بخەنەڕوو، بۆ ئەو مەبەستەش لە ڕستەکانی(4a) ، (4b)دا هەریەك لە وشەکانی (passed away) بە واتای(کۆچی دوایکرد) و (late) بە واتای (خوالێخۆشبوو) بەکارهێنراوە، لە ڕاستیدا بەکارهێنانی ئەم وشانە و جیاکردنەوەی لە فەرهەنگی زمانی دووەم، فێرخوازی زمانی دووەمی دووچاری هەڵەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی کردووە، چونکە لە ڕستەکانی (٣) و (٤)ی زمانی کوردیدا، بەرانبەری لە فەرهەنگی زمانی دوومدا یەك واتایان هەیە و یەك وشەیەیان بۆ بەکاردێت ئەویش وشەی کرداری(died)ە، واتە (مرد)ە بە کاتی ڕابردووە.

کەواتە لە هەڵەی کلتور( فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی)دا فێرخوازان پەیوەستن بە بەکارهێنانی وشە و زانیاری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی پێشینەی زمانی یەکەمیان و بەکارهێنانی لە زمانی دووەمیاندا، ئەویش بۆ پڕکرنەوەی کەموکوڕی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی فێرخوازان لە زمانی دووەمدا دەگەڕێتەوە، بۆئەوی

فێرخوازان تا بتوانن، یان لە ناچاریدا پەنا بۆ فەرهەنگی زمانی یەکەمیان ببەن، لە ئاکامدا فێرخوازان ناتوانن ئەو لاوازیە بشارنەوە و دەکەویننە هەڵەی کلتور( فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی)یەوە.

لە پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەمدا فێرخوازان لە هەڵەی کلتور( فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی)دا، بەکارهێنانی ئەم جۆرە پرۆسانەیان بە ئەنجامەکانی داتاکان بەخشیووە، وەك:

پرۆسەی گواستەوەی زمان بە ڕێژەی( ٣، ٩٤٪ ).

پرۆسەی گواستنەوەی نەرێنی زمان بە ڕێژەی (٢ ، ٩٠٪ ) .

پرۆسەی گواستنەوەی ئەرێنی زمان بە ڕێژەی (١ ، ٤٪).

پرۆسەی دارشتن و ئەبستراکتکردن (١ ، ١٪).

پرۆسەی ئاسانکردن (٤ ، ٠٪).

پرۆسەی لاسایکرنەوە بە ڕێژەی (٢، ٠٪)بەکارهاتووە.

پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم زمان (processes of Second languag  Learning)

کلتور (Culture)




Chart (8)هێڵکاری

کەواتە کۆی گشتی بەکارهێنانی پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم لە هەڵەی کلتور( فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی)دا بریتیە لە :

پرۆسەی **گواستەوەی** زمان بە ڕێژەی( ٣، ٥٩٪ ).

پرۆسەی گواستنەوەی نەرێنی زمان بە ڕێژەی (٢ ، ٤٧٪ ) .

پرۆسەی گواستنەوەی ئەرێنی زمان بە ڕێژەی (١ ، ١٢٪).

پرۆسەی **داڕشتن و ئەبستراکتکردن** (٤ ,٧).

پرۆسەی **ئاسانکردن** (٥ ,٢).

پرۆسەی **لاسایکرنەوە** بە ڕێژەی(٥٠٪ ) بەکارهاتووە.

**پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەم زمان** (processes of Second language learninig)

**کلتور** (Culture)




| | Imitation process | Simplification process | Generalization process | positive transferprocess | negative transferprocess | transferprocess |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Series1 | 50 | 2.5 | 7.4 | 12.1 | 47.2 | 59.3 |

Chart (9)**هێلکاری**

# ئەنجامەکان

## ئەنجامەکان

١- پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم بەبێ ستراتیژ بەدینایەت، وەك لە نامەکەدا پێیگەیشتووین، لە هەر قۆناغێکیشدابێت، دەشێت ستراتیژی فێربوون بگۆڕدرێت.

٢- لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا، باشترین ستراتیژ لە ژینگەی پۆلدا بەکارهێنانی وشەیە لە دەوربەر( سیاق)ی ڕستەدا.

٣- هەموو جۆرەکانی ستراتیژ جەخت لەوەدەکەنەوە، بوون و ڕوودانی هەڵەی زمانیی لە فێرخوازدا، ئاماژەیە بۆ فێربوونی زمانی دووەم.

٤- ڕەگەزی مێ لە فێرخواز و لە فێرکەردا لە ڕەگەزی نێر لە هەڵبژاردن و جێبەجێکردنی ستراتیژی فێربوونی زمانی دووەمدا وردتر و چڕ ترن.

٥- لە ستراتیژەکانی فێربوونی زمانی دووەمدا، ئەوەمان بۆ دەرکەوت، ( ستراتیژی فێربوون) ئەو ستراتیژەیە، کە ئەنجام بەدەستدەهێنێت، جۆرێك لە ئازادی و ئارەزوومەدانە بە فێرخواز دەدات، تاوەکو فێربوونی زمانی دووەمی لا خۆشەویستبێت.

٦- بەشێك لە هەڵەی فێرخوازانی زمانی دووەم بۆ ستراتیژی فێرکەر لە پۆلدا دەگەڕێتەوە، چونکە لە شیکاری هەڵەی فێرخوازندا ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە، لە هەندێك کاتدا زمانی یەکەم بۆ وانەوتنەوە، یان لە کاتی دوبارەکردنەوەی بابەتەکان لە پۆلدا لەلایەن فێرکەرانەوە بەکاردێت.

٧- هەڵەی ڕێزمانی فێرخوازی زمانی دووەم، لەسەر بنەمای شیکاری هەڵەیی، لە ئەنجامی پەیرەوکردنی پێوانەی لەسەر یاسای ڕۆیشتو و گریمانەی هەڵەوە بەرهەم دێت.

٨- لە شیکردنەوەی کارەکیانەی بەشی دووەم و بەشی سێیەمدا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەرکەوت، بەشێکی هەڵەی فێرخوازی زمانی دووەم، بۆ کاریگەری زمانی یەکەم لەسەر زمانی دووەمی فێرخواز دەگەڕێتەوە، بەتایبەت بۆجیاوازی کلتوری ڕۆژهەڵاتی لە ڕۆژئاوایی.

٩- هەندێك لە هەڵەکانی فێرخوازی زمانی دووەم، پەیوەستە بە نەبوونی زانیاری و شارەزایی فێرخواز لە فەرهەنگ و کلتوری زمانی دووەمدا.

١٠- بەشێك لە هەڵەی زارەکی فێرخوازی زمانی دووەم لەسەر بنەمای جۆرەکانی ڕاوەستان دروستدەبێت.

١١- لە شیکاری هەڵەی فێرخواندا درکمان بەوەکرد، لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا هەڵەی فێربوونی فێرخواز بەردەوامی هەیە و دەبێتە بنەمایەك بۆ فێربوونی زمانە نوێیەکە.

١٢- لە پرۆسەکانی فێربوونی زمانی دووەمدا (پرۆسەی گواستنەوەی زمان) بەراورد بە پرۆسەکانی تری فێربوونی زمان، زۆرترین بەکارهێنانی لەلایەن فێرخوازانی زمانی دووەمەوە هەیە.

**١٣- لە داتای وەرگیراوی فێرخوازانی زمانی دووەمدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت، بەشی هەرە زۆری فێرخوازان لە کاتی وەڵامی ڕستەی پرسیاریدا پرۆسەی لاسایکرنەوە بەکاردەهێنن و خۆیان لە وەڵامێکی تەواو و درێژی ڕستەکە دەشارنەوە، بۆیە بە کورترین وشە وەڵام دەدەنەوە.**

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوەکانی کوردی

### نامەی ئەکادیمی:

١- ئالان محمد ئەوڕەحمان( ٢٠١٥)، پەرچە واتا لە بۆتەی کۆزمانەوانیدا، ماستەر، سکوڵی زمان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایيەتيەکان، زانکۆی سلێمانی.

٢- ئاواز حەمە صديق بە گيخانی ( ١٩٩٣)، ریزبوونی کەرەستە لە زمانی کوردی دا، ،نامەی ماجستێر، کولیجی ئاداب، زاکۆی سەلاحەدین.

٣- حەیدەر حاجی خدر (٢٠١٠ )، مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەڵاحەددین.

٤-دڵنیا نوری عبدالله( ٢٠١٥) ، ستراتیژیەتی فێربوونی زمانی دووەم ( خوێندنی بنەرەتی بە نموونە )، نامەی ماستەر ، کۆیژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین.

٥- عەدنان عەبدولاّ عەبدولوەهاب (٢٠١٥ ) ، وەرگرتنی زمانی منداڵ، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٦- طالب حسين علی (١٩٩٨ ) ، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی صلاّحدیین.

٧- هەوار عومەر ئەمین فەقێ (٢٠١٥) ، بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پرۆگرامی خوێندندا (خوێندنی زمانی کوردی وەك نمونە )، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایيەتيەکان، زانکۆی سایمانی.

٨- یارا قادر حمد (٢٠١٤ ) ،گیروگرفتەکانی گوتن و چارەسەکردنیان، نامەی دکتۆرا ، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

## کتێب:

١- ئاسۆ عەبدولڕەحمان کەریم(٢٠١٤)، ڕۆنانی ڕستە لە شێوەزاری فەیلیدا، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

٢- ئاڤێستا کەمال مەحموود (٢٠١٢)، پرۆسە سایکۆلۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا ، سلێمانی.

٣- ئیبراهیم ئەمین باڵدار، وەرگێرانی: د.ئیبراهیم قادر محەمەد ( ٢٠١١ ) ، ئامادەکاریی بۆ فێربوون و خوێندنەوە و نووسین ( لە قۆناغی بنەرەتییدا)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.

٤- بێرنارد کەمریَ، جێرید دایەمەند ، دەوەگ والَن ك. دەیڤید هاریسن. وەرگێرانی کامیل محەمەد قەرەداخی (٢٠٠٧ )، زمان ،چاپخانەی تیشك .

٥- تالیب حوسین عەلی( ٢٠١٤ ) ، زانستی زمان و زمانەوانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەلات - هەولێر ( ٢٠١٤ ).

٦- رەحیم قادر سورخی (٢٠١٣)، مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی، وەك (زمانی زگماکی)، یادکرنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماك، بڵاوکراوەی ئەکادیمای کوردی ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٧- سەلام ناوخۆش (٢٠١٣) زمانی دایك و زاری دایك،یادکرنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماك ، بڵاوکراوەی ئەکادیمای کوردی ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر .

٨- سەلام ناوخۆش( ٢٠١٤) ، فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش، چاپی یەکەم، چاپخانەی هیڤی.

٩- عبدالرحمان عەدیس – یوسف ئەلقەتامی، وەرگێرانی: سەڵاح سەعدی (٢٠١٣ )،سایکۆلۆژیایی پەروەردەیی ( تیۆری پیادەکردنی سەرەکی )، چاپخانەی نارین ، سلێمانی.

١٠- عبدالكريم محمد شطناوي،و :د.ئازاد ئەمین باخەوان-ناصح محەمەد ( ٢٠١١)، گەشەکردنی زمانی منداڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك.

١١- عبدلواحید موشیر دزەیی (٢٠١٤) ، زمانەوانی دەروونی، ناوەندی ئاودێر بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوە.

١٢- عومەر یاسین ئیبراهیم جەباری، دەرونزانی پەروەردەیی( ٢٠١٦) ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٣- کەریم شەریف قەرەچەتانی ( ٢٠٠٨ ) ، سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، چ پەیوەند، سلێمانی.

١٤- محەمەد ئەمین هەورامانی ( ١٩٧٤) ، سەرەتایەك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی ، چاپخانەی مەعاریف ، بەغدا.

١٥- محەمەد رەزا باتنی، وەرگێرانی : ئاکۆ عەبدوڵا کەریم، دەرباەی زمان ( ٢٠١٥)چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە.

١٦- محەمەدی مەحوی (٢٠٠٨) ، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی فۆنەتیك ،بەرگی یەکهەم ، زانکۆی سلێمانی.

١٧- محەمەدی مەحویی ( ٢٠١٠) ، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان مۆرفۆلۆژیی کوردیی ، بەرگی یەکهەم، سلێمانی.

١٨- محەمد مەحوی و نەرمین عومەر (٢٠٠٤) ، مۆدیلی ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.

١٩- محمد معروف فتاح ( ١٩٩١ ) ، زمانەوانی ،کۆلێجی ئاداب ، بەشی زمانی کوردی ،پۆلی چوارەم ،دار الحكمه للطباعه و النشر ، أربيل .

٢٠- محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠) ، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپخانەی موکریانی

٢١- هـ. د. ویدووسن لە ئنگلیزیەوە ,و : د. هۆشەنگ فاروق ( ٢٠٠٨)، سەرەتایەك بۆ زمانەوانی،چاپی یەکەم،چاپخانەی خانی ،دهۆك.

٢٢- یوسف شەریف شەعید (٢٠١١) ، زمانەوانی چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر.

٢٣- یوسف شەریف سەعید (٢٠١٣) ، فێرکردنی زمانی دایك و ناسنامەی نەتەوە، یادکرنەوەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماك ، بڵاوکراوەی ئەکادیمای کوردی ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

## گۆڤار:

١- شاخەوان جەلال فەرەج- ئاڤێستا کەمال مەحمود ( ٢٠١٣) ، ڕێکخستنەوە و چالاککردنەوەی فۆرمە زمانییەکان لە نێوان پرۆسەکانی بەکارهێنای زمانی یەکەم و زمانی دووهەم ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤٣)

٢- شیلان عومەر حسێن ، داخورانی زمانی دایك، بنەماو پەسنکردن، (٢٠١٦)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارە(٥٠)، ئایار، بەشی B.

٣- کاروان عومەر قادر(٢٠١٤ )، درکپێکردنی زمانی ستاندارد و شیانی فێربوونی زمانی دووەم، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارە (٤٥ ).

٤- مهاباد کامیل عەبدڵلا ( ٢٠١٧) ، کۆزانیاری زمانیی لە شیعرەکانی فەریدون عەبدوول دا ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم ، ژمارە(١٣)، کانونی یەکەم .

## سەرچاوەکانی عەرەبی:

### نامەی ئەکادیمی :

١- خالد عبد السلام، (٢٠٠٢)، صعوبات تعلم اللغة العربية لدى تلاميذ السنة الثالثة إبتدائي، مذكرة تخرج لنيل شهادة الماجستر في الارطفونيا جامعة سطيف، الجزائر.

